کورد خاوەنی بیرو ستراتیژی قوە و گۆڕە نییە وەکو دوژمنکانی کە دەوڵەتن و بەسیستم و دەستوور کار دەکەن.
تاکە شتێك وەکو کارتی فشار بەکارهاتبێت، مەسەلەی شوناسی نەتەوەیی کە پشت بەزمان دەبەستێت، ئەمش زۆر کارتیکی قورس نییە، چونکە لەزۆربەی دەوڵەتانی دونیا نەتەوەی دیکە هەن و ئەم داوایەشیان نییە.
تەنها شتێك بە کوردکان بەهێند وەردەگیرێت، ئەویش ئاشنابوونە بە تێگەیشتنی بەرتانیا و هەزە نودەوڵەتیکان و ڕکەوتن لەگەڵ

دەوڵەتانی ناوچەکە وەکو عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا.
کێیسی نەتەوە بەرکەوتن لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی چارسەر دەکرێت، نەك بەهێزی چەکداری و شۆشگێری کلاسیکی
هەکاری سەرکەوتنی کەمالییەکان تاچەند پەیوەندی بەو میراتەوە هەبوو کە لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە بۆیان بەجێ ماباووە؟ بۆچوونی کوردەوە کە ئەوەی حوکمی دەکرد کەمەك سەرەك عەشیرەت بوون و بەردەوامیش ناکەك بوون؟
ستراتیژی سیاسی کەمالییەکان کە عەلمانی بوون، ستراتیژێکی قوڵتر بوو کە وەکو ئیمپراتۆر دیانەوانیە ناوچەکە و مەسەلەی کورد و تەنانەت مەسەلەی ئەرمەنیەکانیش، کەمالییەکان لەوە تێگەیشتبوون کە هیچ هێزێکی نەودەوڵەتی و تەنانەت عێراقیش کوردستان وەکو ناوچەی کوردی ناناسێت، هێزەها پێشتر کوردستان قەوارەیەکی سەربەخۆی دەوڵەتی دانپیانراو نەبووە تاکو دونیا هەوەستی لەسەر وەربگرێت، جگە لەمانەش هەلومەرجی نەوخەیی کوردیش ئاشکرا بوو، دوژمنەکانی دیانزانی کوردکان هەمیشە بەقەوارەی بچووك رازی بوونە و هەناسەیان درێژ نیە لەسەر تەواوی ناوچەکە جەنگ بکەن، بۆیە لەسەر ناوچەیەکی بچووکی جوگرافی ئامادەن کێسکەیان بە زەمەنێکی نادیار دوابخەن، ئەمە مەژوو باسی دەکات و لەشەی چاڵدێران بەمان دەردەکەوێت کە بەچی کورد یەك نین، بە نموونەی مانەوەی خێڵەکی میرنیشنی بابانی و سەران و ئەردەڵانی و بادینی و ئیمارەتی جزیری بەتان و هتد لەمشکی کوردا، شاهیدی ئەو قسەیەن، یەقگینا ئی قاسیلیە لە کتێبی دابەشبوونی سیاسی کوردستان لە 1514 تا 1914 دا، باسی ئەوەی کردووە کە لەشەرفنامەدا هاتووە "دوای جەنگی چاڵدێران لە مانگی ئابی ساڵی 1514 کۆڕاوەی هەگری ئاڵای سوڵتان لە تەبریزەوە بە ڕەم گەیشتەوە، ئیدریس حەکیم شەرەفی ئەوەی پێدرا بەسوڵتان رابگەیەنێ کە میرانی کوردستان چاویان لە ڕەحمەت و چاکەی جیانگیرە تا لەنەویاندا یەکەك بە بگلەربەگی باڵا دیاری بکات و ئەوان ئامادەن هەرش بکەنە سەر فارسەکان و هەر دوای ئەوەش ڕکەوتن مەرکرا لەنەوان سوڵتان سلێمی یەکەم و فەرمانەوا کوردەکان لەنەو ئەرکەکانی هەردوولادا خاڵەك هەبوو سەبارەت بە سەربەخێیی بوونی میرنشینەکان کە تورکەکان پشتگیریان بکەن و لەگەڵ ئێران بجەنگن".
بەڵام دوای چەندین سەدە کە تورکیا و ئێران هەستیان کرد کوردەکان کەشێیان بە دەخوەقێنن، راستەوخۆ ڕکەوتنی ئەرزەرمیان مەرکرد لەدژی کوردەکان، ئەمە یەکێکە لەو هەکارانەی کورد ناتوانێ یەکگرتوو بێت.
کەوابوو دەبە چاو بەمژوودا بخشێنینەوە کە بەچی کورد لەبری جەنگی گەورە جەنگی بچووك و ململانێی لەسەر قەوارەی بچووك کردووە، هەمیشە

دوور بوونە لەیەکتر و رکەوتنی شۆوزار و زمان و کولتوور و قەوارەی ناوچەیی نەبوونە، هەرگیز نزیك نەبوون لەیەکتر، بەیە بەو قەوارە بچوکە ئیکتیفایان کردووە، ئەستاش ئەم دیمانە سیاسیە لەسەر شانەی کوردستان هەستی پێدەکرێت، ئەوتا زانی رژئاوا و زانی قەندیل و زانی سلەمانی و زانی هەولێر و تانانت دهکیش هەیە، بەڵام چونکە لەژێر سایەی حکومەتی پارتیە، هەستی پێناکرێت، ئەوتا شۆوزاری سەرانی لەحکومەت کاری پێدەکرێت، کەچی لە بادینان بەشۆوزاری بادینی کاری حکومەت رایی دەکرێت، ئەمە جگە لەکەمەلەك جیاوازی بابەتی ئیداری دیکە کە هەندێکجار هەست دەکەین کوردەکان بەخۆباتی دیبلەماسی شارەزانین و لەدانوستانکاندا دەدەن و ناتوانن بەرگری لەکەیسی مێژوویی و جوگرافی خۆیان بکەن، لەبەری ئەوە دەست بە هەندەك دەستکەوتی بچووك دەبن کە دواجار دوژمنەکانیان خراپ کەڵکی لەوەردەگرن و بەزیانی کوردەکان تەواو دەبێت، ئەمە ئەو هەقیقەتیە کە کورد خاوەنی بیرو ستراتیژی قوە و گەورە نییە وەکو دوژمنەکانی کە دەوڵەتن و بەسیستم و دەستوور کار دەکەن، تاکە شتەك وەکو کارتی فشار بەکارهاتبێت، مەسەلەی شوناسی نەتەوەییە کە پشت بەزمان دەبەستێت، ئەمەش زەر کارتیکی قورس نییە، چونکە لەزەربەی دەوڵەتانی دونیا نەتەوەی دیکە هەن و ئەم داوایەشیان نییە.

نزیك دەبینەوە لە تێپەڕبوونی سەد ساڵ بەسەر پەیماننامەی لەزاندا. ئەو دەخەی ئەوکاتە کوردی تێدا بوو، تاچەند هاوشێوەی ئەم دەخەی ئێستایە، ئەگەر باشووری کوردستان بە نموونە وەربگرین کە تارادەیەك کیانکی نیمچە سەربەخۆی هەیە؟

کورد پێی وایە کە بابەتکی وەکو رکەوتنی سایکس بیکە مێژوویەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە، کەواتە دەبە وەکو ویستی ئەوان جارکی تر چاوخشاندنەوەی کێشەی کوردی بە بکرێت، ئەمە بینیمان بەر لەگەینی رژەمە عەرەبیەکانی وەکو میسر و لیبیا و تونس و سوریا، ئیدی مەسەلەی کورد دەبەتە کیسی یەکەم، بەڵام دوای تێپەڕبوونی 12 ساڵ بەسەر بەناو بەهاری عەرەبی هێشتا کێشەی لیبیا و تونس بەتەواوی چارسەر نەکراوە، هێشتا بەشایی سیاسی لەبەشێك لەشارە کوردیەکانی سوریا پێ نەکراوەتەوە، کە پێوەندی بە کەتایی سایکس بیکە هاتووە، ئەوکات بەناوی پرۆژەهاتی ناوەاستی گەورە کە بەرنامەکە وابوو کەمێك لەو دەوڵەتانی لەناوچەکەن وەکو تورکیا و ئێران و سوریا و عێراق و ئوردن و سعودیە و میسر و یەمەن ئاوگۆڕ بەسەر جوگرافیاکەیاندا دێت، لەبەرانبەر ئەوشدا کەمێك دەوڵەتچکەی نوێ دروست دەبن، یەکێك لەوانە کوردستان دەبێت، کەچی لەریفراندەمدا بینیمان چۆن پەرچەکردارییان نیشاندا و چۆن کێشەی

کوردیان بچووك كردوو بە گەلانوی بە هەی 688 کە هەزە هاوپەیمانکان بە پاراستنی ناوچەکە لەسالی 1991 دایاننا، ئەم گەلانویە لەخۆا نەبوو کە کوردیان بچووك کردوو و هەرەمەکەشیان خستە بەردەم پرسیاری شەرمهێنی حوکمانیوو کە گوایە گەندەڵ و تاکە حکومەانە لەدونیادا گەندەڵ بێت، ئەمە مانای هەبوو کە بەریتانیەکان لەدوای سالی 1991 بشوویەکی راستوخۆ لەهاوکەشەی سیاسی عەراق و کورد دیار نەبوون، بەڵام لەدوای ریفراندەم و لە17ی ئوکتوبەر چەن بەریتانیەکان گەلانوو و راستوخۆ کەمپانیای نەوتیان گەلاندوو و وەامی ناراستوخۆی کوردەکانیان دایوو، بابەتی کەتایی هاتنی رەکوتننامەی سایکس بیکەش هەر وابوو، چونکە هەریەك لە ئیمپریالیزمی فەرانسی و بەریتانی زانیان ئەم ناوچەیە دوەمەندە و ناکرێت بەدەست پێکهاتەیەکی نەتوویی بێت و هەمیشە بیر لە سەربەخۆیی و شەش بکاتوو، بۆیە بابەتی یەکپارچەیی کوردستان لەرەکوتنەکە پەراوێز خراو کوردستان بەناراستوخۆ دابەشی سەر 4 دوەڵەت کرا، کوابوو ئەو نیمچە قەراوریەی کە باس دەکرێت و بەردەوام کەشەی دارایی هەیە و سنووری دیار نییە و بەردەوام لەنەو قەیرانی جیاوازدا دەژی، مانای ئەویە کە سایکس بیکە هەشتا چالاکە و کارایە، بۆیە تەنها شتەك بە کوردەکان بەهێند وەردەگیرێت، ئەویش تەگەیشتنە لە تەگەیشتنی بەرتانیا و هەزە نەودوەڵەتیەکان و رەکوتن لەگەڵ دوەڵەتانی ناوچەکە وەکو عەراق و ئێران و تورکیا و سوریا.

لەیادی سەد ساڵەی سایکس بیکەدا پرۆفیسەر برندان ئەلەری کە شارەزای کەیسە هاوشوەکانی دونیایە و لەوانەش بەراوردی نەوان باشوری سودان و کوردستانە، لەوە لەو باسیدا کە لەلەندەن پێشکەشی کرد، باسی ئەوەی کرد کە چونکە هەردوو وڵاتەکە واتە عەراق و سودان بەریتانیەکان درووستیان کردووە و لەمیراتی عوسمانلیان سەندوە، کەواتە هەر ئەوانیش دەبە پشکی شەریان هەبێت لەیەکلایی کردنەوەی کەیسەکە بە پەڕەتیف یان نیگەتیف، تاکە جیاوازیان ئەویە کە بە نموونە لەبەشکەی کانتۆنکانی باشوری سودان، بەریتانیەکان سەرپەرشتی ئیدارەکە دەکەن، بەڵام لە کوردستان ئەمە پێچەوانە کراوە و بەریتانیەکان هەمیشە دوورە پەرێزن و ناتوانن لەگەڵ کوردەکان رێبکەون، بۆیە کە ناوی کەیسی دارفەر دێت، لەپاش ئەو باسی کەیسی کوردستان دەکرێت، فەرەکان کە لەساڵی 1898 و دواتریش ساڵی 1961 دابەش کراوە، بۆیە ناوی دار فەریان لێناوە کە واتە خاکی فەرەکان، ئەمما کوردستان بەپێی قسەی پرۆفیسەر برندان ئەلەری واتە خاکی کوردەکان کە ئەمە فارسیە، ئەو زمانی کوردی کردووە بە پاشکۆی زمانی فارسی، هەروەك چەن زەر بیرمەند و حوکمانەکانی

دونیاش هەمان بیروڕایان هەیە، هەروەها مەسەلەی ئیتنی لەلای ئەو پرۆفیسۆرە مەسەلەیەکی لاوەکییە، بۆیە پێیوایە چارەسەر نابێت، چونکە کوردەکان دابەشی سەر چوار پارچەی جوگرافی و چەندین پارچەی شەوزار و سیاسەت و کولتووری جیاواز بوونە، بۆیە خەشیان لەگەڵ خۆیاندا ناکەکن، ئەمانە هەکارن کە ئاوگۆی سیاسی لەناوچەکە چارەسەری ریشەیی مەسەلەی کورد ناکات، ئەم جگە لەو ناکۆکییە سیاسییەی لەنێوان هەردوو پارتە کوردیەکان و پێکدادانەش هەیە، بەشێکی زۆری فەزای سیاسی داپۆشیوە کە شیکارە بیانیەکان لەبەرچاویان گرتووە، ئەوان پێیانوایە ئەم لەباشوری سودانیش هەمان کێشەیە.

درێژەی هەیە..

سمکۆ محەمەد لە تەورێی (کورد لە سیڤڕۆوە بۆ لەزان).. دیمانە: ئاودیر نەسرەدین.. بەشی یەکەم

بەشی یەکەم

شوناسی نەتەوەیی کارتێکی زۆر قورس نییە بۆ داواکردنی سەربەخۆیی

لەم دیمانەیەدا سمکۆ محەمەد نوسەر و ڕۆژنامەنووس کە بەشداری تەوەری (کورد لە سیڤڕۆوە بۆ لەزان)ی کردووە، باس لە سایکۆلۆژیای هێز و قەوارە سیاسیەکانی کوردستان و کێشەکانی هاوشێوەی کورد لە دنیادا دەکات، ڕەهای وەاتانی زلهێز لە یەکلاییکردنەوەی ئەم پرسانە روندەکاتەوە و هاوکات ئاماژە بە شوناسی نەتەوەیی و پرسی زمان دەکات و ئەمەش بە کارتێکی لاواز بە داواکردنی سەربەخۆ بوون ناو دەبات، سمکۆ محەمەد بەچوونی وایە کە خەباتی مەدەنی بەوردبینی و هەمنی و دان بەخۆداگرتن دەکرێت، بەڵام کورد بەخەسڵەت خاوەنی ئەم سایکۆلۆژیایە نییە، هەر لە درێژەی ئەم دیمانەیەدا سمکۆ بیرکردنەوە لە لگۆینی بارەی خەبات لە کوردستانەوە بە ناوەندەکان هەڵدەسەنگێنێت و گرنگی خاوەندارییەتیکردنی سیستمێکی

نمونەیی بۆ دەزی کورد روندکاتەوە.
دیمانە: ئاودیر نەسرەدین
.....
کوردەکان هیچکات لەنێو هاوکێشەی نەودەوڵەتی نەبوون
شوناسی نەتەوەیی کە پشت بەزمان دەبەستێت کارتێکی زۆر قورس نییە بۆ داواکردنی سەربەخۆیی
کێیسی کوردستان و هاوشێوەکانی لەسەر ئاستی نەودەوڵەتی کارتن بەدەست ئیمپریالیزمەوە، لەسەر ئاستی لەکاتیش هەریەکەیان بیانوویەکی نەتەوەیی و قەوارەیی و سیاسی خۆی هەیە
کوردەکان هەمیشە بەقەوارەی بچووك رازی بوون و هەناسەیان درێژ نییە لەسەر تەواوی ناوچەکە جەنگ بکەن، بۆیە لەسەر ناوچەیەکی بچووکی جوگرافی ئامادەن کێسکەیان بە زەمەنێکی نادیار دوابخەن
هەندێکجار هەست دەکەین کوردەکان بەخەباتی دیبلۆماسی شارەزانین و لەدانوستانەکاندا دەدەن و ناتوانن بەرگری لەکێیسی مێژوویی و جوگرافی خۆیان بکەن
سازدانی ئاودێر

هەکارەکانی پەیماننامەی سیڤەر لە نێوان دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی سەرکەوتووی جەنگ لە ساڵی 1920 چی بوون کە لەناویدا بەشێك لە خواستەکانی کورد جێگیر کران؟

وەڵامی ئەم پرسیارە دەبە بەدیکۆمێنتی یاسایی و نەودەوڵەتی بدرێتەوە کە لەبارەی هاوکێیسەکانی کوردەوە بەاوکراونەتەوە، چ بەکتێب بێت یان لەسایتەکانی ئینتەرنێت کەهەیە، سەرەتا دەبە ئەوە راست بکەمەوە کە جەنگ کەتایی نەهاتوە و ئێستاش بەردەوامە، چونکە کارتێکی بەهێزی سیستمی سەرتاپیە کە دەبە بەردەوامی هەبێت، جا چ جەنگی گەرم بێت یان سارد، هەروەها خواستەکانی کورد جێگیر نەکران، چونکە جێگیر کردن واتە دیاریکردنی لەمەیدانی پراکتیکدا، وەختێك بەریتانیا و فەرانسا و ئیتالیا هاتن و رێژەهەڵاتیان داگیر کرد، رەهەندی یەکەمی بابەتەکە ئەوەیە کە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سیاسی و چەکداری کوردی، لەو سەردەمدا ناسراو نەبوو، هەروەها سەربەخۆش نەبوو لەرووی جیەسیاسیەوە، چونکە جە پێی چەکداری و سیاسیان چ لەکوردستانی ئێران و چ لەکوردستانی عێراق سەر بەخودی دەوڵەتە داگیرکەرەکان بوو، ئەمە جگەلەوەی خاوەنی حیزب و بیرۆکەی شکێش نەبوون لەپێناو روخانی حکومەت و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، تەنها شتێك کە هەبوو چەکداری یاخی بوون لەدەوڵەت، بۆیە بەپێزەتیف وەرگرتنی رۆکەوتنی سیڤەر و لەبەرانبەردا بە نیگەتیف

وەرگرتنی ڕەگەزنامەی وڵاتانی کە بووە هۆی نەهامەتی و نەگبەتی بۆ کوردستان، تەنها بەبۆچوونی سیاسی وناو دراوەتەوە کە گوایە مافی کورد لەو پەیماننامەدا جێگیر کراوە، ئێگەرنا خۆ پەیماننامەکە تیژیزە نەکراوە و زلهێزەکانیش لەکاتی خۆیدا بڕیاریانکی کاتی بۆ فشار خستنە سەر تورکیا و عێراق و ئێران بەکاریان هێنا، لەکاتێکدا ئەوە تەنها نووسینی سەر کاغەز بووە، نەك واقیعی و جێگیرو، تاکو بکرێتە دیکۆمێنت و لەدەستووری پاشایەتی و کۆماری دووەتانی ناوچەکە کاری پێبکرێت.

ڕاهێندی دووەمی بابەتەکە ئەوەیە کورد خۆی لایەنێکی سەرەکی براوەی کێبڕکێ و نووسینەوەی پەیمانەکە نەبووە، بۆیە بەبۆ لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخە سیاسیەی کە هێزە نوودووەتیەکان درووستیان کردووە، نەك تێگەیشتنێکی واقیعیانەی مەعریفی و سیاسی بۆ کێس و پەیمانەکە نەکراوە، هەر ئەوەی لە یەکەك لەبەندەکانی سیڤەردا هاتووە، زمانی تورکی فەرمی دەبێت و زمانی کوردیش پارێزی پێبدرێت و بخوێنرێت، ئەمەنز یش باس لەوە دەکات ئەوکات لە لەندەن باس لەوە کراوە کەمینە ناتورکەکان، لەناو چوارچێوەی ئیمبراتۆریەتی عوسمانلی دەبن و دەبە دەرفەتی ئازادیان پێبدرێت کە دواتر لە کۆمەڵەی گەلان چەسپێنرا، بەڵام دواتر ئەم بابەتە کە هەر لەلایەن خودی بڕیتانیای مەزنەوە گەڵا بە دامەزراندنی حکومەتی کوردی و دواتر لەگەڵ مەلیك مەحمود کەوتنە دانوستان و هەر خۆشیان قەوارە بچووکەکەی شێخ مەحمودیان روخاند و خۆنیان رشت، بۆیە سیڤەر تێگەیشتنی واقیعی و زانستی سیاسی بە نەکراوە، لایەنی دووەمی بابەتەکە ئەوەیە کە بەزانستی وەرگرتنی کۆشەی کورد لەمێژووی سەدەی رابردوو تاکو ئەمدواییەش، ئەوەیە کورد خۆی وەکو یەك تەماشای کێسە هاوشێوەکانی خۆی نەکردووە، ئەو کێسانەش بریتین لە کشمیر و فەلەستین و جەبەل تاریق و قرمی ئەکراینا و کەرەباخ و کەتەلۆنیا و سکەتلانداو ناوچە ئەمازیغ نشینەکان کە دابەشی سەر مەغریب و جەزائیر و تونس و لیبیا بوون، ئەمە جگە لە چەند ناوچەیەکی دیکەش، ئەم دیکۆمێنتانە تەنها بۆچوونی من نین، ئەوەتا (هیسەر لەر واگنەر) بەکتێب باسی کردوون، ناو هێنانی ئەم کێسانە بە ئەوەیە کە دەبە بزانین بۆچی ساڵی 1737 پەیماننامەی پاریس هێێ لەسەر ڕەگەوتن لەبارەی کێسی ساحل ئەلعاج و پاشان لەسەر دەستی فرانسیسکەی ئیمبراتۆریەتی ئیسپانیا بەبۆ پشتگیری لەو کێسە کە مافی یاسایی و دەستووری خۆیەتی و دەگەڕێتەوە سەر ئیسپانیا، بۆچی ساڵی 1981 جارێکی تر هەوەدەدرێت بکرێت بۆ ناوچەیەکی ئوتۆنومی و پاشان هێزە نوودووەتیەکان و دەوڵەتە کۆنیالەکان پشیمان دەبنەوە، بۆچی کێسی کشمیر کە جوگرافیایەکی بڕێ و کۆشەی نێوان هیند و پاکستانە و ناوچەیەکی

نیمچە سەربەخۆیە دەیان ساڵە چارەسەر ناکرێت، بۆچی لە ساڵی 1947 داگیر کرا و چەند جارێك لەنێوان هیندستان و پاکستان ڕکەوتنی لەسەر کراوە، کۆچی سالی 1971 جارێکی تر بە هەواسراوی لەنێوان هەردوو دەوڵەتە نەیارەکە مایەوە و ساڵی 2019 بەرکەوتنی چین و ڕۆژئاوا وەکو خێی مایەوە و تا ئێستا چارەسەر نەکراوە، بۆچی فەلەستین کە کێشەیەکی مێژوویی نێوان ئاینی جووکانی ئیسرائیل و عەرەبی فەلەستینە، دەیان جار دانوستان و ڕکەوتنی لەسەر کراوە و پاشان گەڕاوەتەوە دەخی نالەباری سیاسی خێی، بە نموونە ساڵی 1799 بە یەکەمجار فەرەنسیەکان پێشوازیان لە ئیسرائیلیەکان کرد بگەڕێنەوە بۆ ئیسرائیل و دەوڵەتیان بۆ دابمەزرێنن، تاکەتایی چلەکان و ڕکەوتنامەی سایکس بیکێی لەسەر پراکتیك کرا و بەشکی زۆری ناوچەکێی درا بۆئیسرائیل، بۆچی لە ساڵی 1947 بۆ 1967 و پاشان بەپێی بڕیاری 194 و 242 کە نەتەوە یەکگرتووەکان سەرپەرشتیان کرد گوایە بەپێی بڕیارێکی تر ژمارە 181 ببەتە وەاتەك و دەوڵەتکی سەربەخۆ، بەنام دواتر دابەشکرا، لە 28 ی یەلیێی 1995 بڕیەکجاری لەلایەن ئۆروپا و ئامریکا و ڕوسیاو چینەوە وەکو خێی هەشتیانەوە، لەبابەت ناگرا و کێرەباخی ئەرمینیاش کە ململانێی هەردوو دەوڵەتی ئەرمینیا و ئازربایجانی لەسەرە، چەندین جار ڕکەوتنی لەسەر کراوە کە چارەسەری ڕیشەیی بۆ بکرێت، کۆچی ساڵی 1920 لەژێر دەستی بەلشەفیەکان بوو، پاشان لەساڵی 1923 کرا بەدەوڵەتچکەیەکی سەربەخۆ و ناوی نرا کوردستانی سوور، دوای ئەمە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی یاسادانان 1988 خستیانەوە سەر ئەرمینیا، کۆچی ساڵی 1994 دیسان جارێکی تر جەنگی لەسەر کرا و دواجار ساڵی 2020 لەلایەن ئازربایجانەوە بە پاڵپشتی تورکیا داگیر کرایەوە و بوو بەبیاری نەبوونەتی. بۆچی ناوچەی قرمی ئۆکراینا کە دوورگەیەکی سەربەخۆیە و لەساڵی 1783 ڕکەوتنی لەسەر کراوە، تا ساڵی 1920 لەژێر دەستی ڕوسیا بوو، کۆچی ساڵی 1953 وەکو خێی لەژێر کۆنترۆڵی یەکێتی شورەوی مایەوە، پاشان کە سۆڤیەت وەکو سیستم هەرەسی هێنا، دەیان دەوڵەت بوون بەسەربەخۆ، کۆچی ساڵی 1994 جارێکی تر ڕکەوتنی لەسەر کرا و وەکو خێی بەهەواسراوی کێشکێی مایەوە، تاگەیشتە ئەوەی کەیسکە هەبگیرێت و ساڵی 2022 جارێکی تر بەبڕچاوی هەموو دونیاوە لەلایەن ڕوسیاوە داگیر بکرێتەوە و ناوی لەبنڕە دەوڵەتچکەی سەربەخۆ، بێ کەیسی هەواشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر و گرێنەوەی بە لەزان، ئەم کەیسانە بگشتی لەیەك پاکێجی گەورەی سیاسەتی نەودەوڵەتیدا کەکراونەتەوە، هەریەکەیان کەمەك ڕکەوتنی لەسەر کراوە و دواجاریش وەکو خێی ماوەتەوە، سیڤەر لەم کەیسانە نەکەمتر و نە زیاتر بووە، کەوابو مەسەلەکە تەنها کورد

نیە بۆتە کارستە و کارتی سیاسی دەوڵەتە زلهێزەکان، بەکو هەموو ئەو کەیسانەی لە یەکتر دەچن، لەسەر ئاستی نەودەوڵەتی کارتن بەدەست ئیمپریالیزمەوە، لەسەر ئاستی لەکایەش هەریەکەیان بیانوویەکی نەتەوەیی و قەوارەیی و سیاسی خۆی هەیە.
دەوڵەتی عوسمانی دەڵاوی جەنگ بوو، لە حاڵەتی بەرگری و هەوڵی مانەوەدا بوو، بەپێچەوانەی هێزەکانی دیکەوە، بۆچی ئەوان توانیان شکست بە پەیماننامەی سیڤەر بهێنن، بەڵام کورد نەیتوانی خۆی رزگبخات و دەوڵەتەکان قایل بکات؟
پێشتر ئاوڕم بەیان کرد کە کەیسی کوردستان جیاوازی نییە لەگەڵ کەیسەکانی دیکە، بەڵام کە عوسمانلی دەڵا بوو لەبەرانبەر هاوپەیمانی نەودەوڵەتی، لەبەر ئەوە بوو کە هاوپەیمانان خاوەنی هێزی تەکنەلۆژی و سەربازی و ئابووری زیاتر بوون و دەیانویست هێزموونیان لەرژهەڵات جێگیر بکەن کە عوسمانلیەکان زیاتر لە 500 ساڵ حوکمانی رژهەڵاتی ناوەاستیان دەکرد، کە دەڵان و پاشکشەیان کرد، خۆ دەڵاوی بەرانبەر کورد نەبوو، بەرانبەر وڵاتانی دەوروبەری خۆی نەبوو، بۆیە بەپێی سنوورە دەوڵەتیەکەی خۆی کە سنوری لەگەڵ عێراق راستەوخۆیە، تەنها رژهەڵاتی لەدەستدا، ئەگەرنا هێزی مابوو تاکو بەرگری لەسنوورەکانی بکات و زاڵ بێت بەسەر ناوچە کوردیەکان، بە مەسەلەی سیڤەریش ئەوان بەشك بوون لەهاوکشەکە و توانیان لەخزمەت خۆیان بیشکێننەوە، چونکە ئەوان ئیمبراتۆری سەردەمکە بوون و تانزیك مەغریب رژهەڵاتیان داگیر کرد، ئەمە جگە لەبەشکی رژئاوا، لەبەرانبەر ئەوشدا کوردەکان هەرگیز لەنەو هاوکشەی سیاسی نەودەوڵەتی نەبوونە، کەیسەکە تەنها وەکو سازوەرگیراوە، جگە لەمش کوردەکان یەکدەست نەبوونە تاکو زاڵبن بەسەر گوتاری بەرانبەرکەیان کە هێزی سیاسی و دیبلۆماسی و سەربازی دەوڵەتانی وەکو عێراق و ئێران و سوریا و تورکیا بوون، بۆیە وەکو خۆی مایەوە، سەرباری ئەمش دەبە ئەوە لەبەرچاوبگرین کە تەنها کوردستان نەبوو جوگرافیاکەی دابەش کرا، بەڵکو بەشەك عێراقیش بو کرا بەکوت و لەولاوە سوریا بەشکی کرا بە لوبنان و وڵاتەکانی کەنداوی لەبەرهەمهات.

درێژی هەیە..

دەوڵەت، چەمک و تیۆرە کتێبێکی نوێی نووسەر و ڕۆشنبیر سمکۆ محەمەد

پێشەکی

دەوڵەت هەم قەوارەی جوگرافیا و هەم شوناس و هەم سەربەخۆیی ئابوری و هەم مانایەکە بۆ بوون، بۆیە مەسەلەی دەوڵەت بەدرێژایی مێژوو هەم لەرووی مەعریفیەوە بۆتە جێگەی بایەخی میتۆدی کۆمەناسی سیاسی و لەزانکۆکانی جیهاندا دەخوێنرێ، هەم لەرووی تیۆری سیاسیەوە بایەخی پێدەدرێت کە هەریەك لە تۆماس هۆبز و ژان ژاك ڕوسۆ و هیگڵ و مارکس و هتد، بەزانستیانە شیکاریان بۆ کردووە و ڕەخنەشیان لێگرتووە، هەم لەووی جوگرافی و نەتەوەیی و قەوارەییەوە بۆ کۆمەگەیەك، یان ئاینەکان یان نەریتە جیاوازەکان کە لەرووی مێژوییەوە لەرێگەی هێزو سوپاوە وەدەستهاتووە، موناقەشەی ئەوەش کراوە کە مافی هەر نەتەوەیەك، یان کۆمەگەیەکە ئەگەر داوا بکات خاوەن قەوارەیەکی سیاسی و جوگرافی لەو شێوەیە بێت، ئەمەش بۆ کردنەوەی ئەو گرێ سایکۆلۆژیە سیاسییە بێت کە بۆماوەی پشتاوپشتە، چونکە هەر ئەم لایەنەیە کە تائێستاش هەمان کەشوهەوای سیاسی پێوەدیارە کە بەئاسانی بۆ نەتەوەکان بەدەست نایات، بەتایبەتی ئەو نەتەوانەی کە تائێستا فرەستیان بۆ نەخساوە ببن بەدەوڵەت و نوێنەریان هەبێت لە نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ هێزە گەورە و خاوەن دەسەڵاتەکانیش ئاسان نییە دەستبەرداری ئەو هەژموونە جوگرافیە بن کە چێژی لێدەبینن.

ئەم کتێبە لەمانای تێرمەکەوە بگرە تادەگاتە هەموو ستایلەکانی دەوڵەتی موناقەشە کردووە، بەڵام فۆکس خراوەتە سەر دەوڵەتی نەتەوەیی کە پێشتر داواکاریەکی گشتی بوو، لەووی نۆدەوڵەتیشەوە ڕەوایەتی سیاسی وەرگرتبوو، بەڵام ئەم ستایلە زیاتر لەدوای شکستی سۆڤیەت و نەمانی دوو جەمسەری و نەمانی چەمکی ناسیونالیزم بوو بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەت لەلایەن نەتەوەوە، باشترین سەلمێنەریش ئەوەیە کە ویستەکە بۆتە مەسەلەیەکی لاوەکی و چۆتە دەرەوەی ئامانجی نەتەوەکانی ڕژئاوا، تەنها بۆ ئەو نەتەوانە بایەخی ماوە کە گرێی سایکۆلۆژیان هەیە و نەبوونی ئەو قەوارە جوگرافییە بەکەموکورتی سیاسی دەزانن، چونکە نەمانی مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی، جگە لەوەی هیچ بەهایەکی نەماوە دوای ئەوەی ڕژئاوا گەیشتە قۆناغی دەوڵەتی

فرەیی لە مەزهەب و ئاین و نەتەوە و کولتوور، لێرەوە ئەم قەوارەیە بەخاتری ئەوانی دیکە کە لەپەنای نەتەوە بێ دەوڵەتەکانن تاکو نەبنە پەراوێز و جارێکی تر نەتەوەی سەردەست و ژێردەست دروست نەبێت، ناو و شوناسی دەوڵەتی نەتەوەیی گۆڕا، نموونەش ئەوەیە کە داواکاری دەوڵەتی کوردی گۆڕا بێ دەوڵەتی کوردستان، چونکە لەپەنا کورد سریانی و کلدانی و تورکمان و پاشماوەکانی عەرەب، کولتووری غەیرە کوردی لە کوردستان هەن، بۆیە ئەو پێشنیارە قەبوڵ کرا کە دەوڵەت بەناونیشانێکی دیاریکراوی نەتەوەییەوە نەمێنێت، بەڵام شوناسی نەتەوە لەدەست نەدات.

بەهەرحاڵ ئەمە لەم توێژینەوەیەدا موناقەشەی هەموو لایەنە میتۆدی و سیاسی و مێژوویەکانی ئەم چەمکەمان کردووە بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان، بەڵام ئامانجەکە خودی ئەو مانا نوێیەیە کە لەدوای هاتنی چەمکی جیهانگەرایی هاتە ئاراوە، بۆیە مانایەکی دیکەی موناقەشەی نوێ بێ دەوڵەت، لەفەزای ئابوری کراوەدا خێی مانیفێست کردۆتەوە، ئەویش لەجیاتی ئەوەی وەکو جاران دەوڵەتی گەورە کۆمپانیا بەهۆوببات، ئێستا بەپێچەوانەوە بێ رزگاربوونی دەوڵەت لە ئەرکە قورسەکانی، هەروەها بێ گۆڕینی گرێبەستی نێوان هاوڵاتی و دەوڵەت کە دیاریکردنی ئەرك و ماف بوو لەنێو دەستووردا، پێچەوانە بۆتەوە بێ گرێبەستی نێوان هاوڵاتی و کۆمپانیاکان، لەباشترین حاڵەتیشدا هەندێکجار دەوڵەت بێ نەتەوە ژێر دەستەکان دروست دەکرێت، تاکو لەرێگەی ئەو سامانەی کە هەیەتی وەکو کێنیالیالێکی ناڕاستەوخۆ بمێنێتەوە بێ زلهێزەکان، نمونەش هاتنە پێشەوەی بەدەوڵەتبوونی ئەمازیغی و سکۆتلەند و کوردستان و کەتەلۆنیا و قرمی ئۆکراینا و هتد. هەروەها ئەو دەوڵەتچکانەی کە لەنەخشەی رژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناویان هاتووە کە لەرووی جوگرافیاوە، سەر بەدەوڵەتی گەورەی وەکو ئێران و تورکیا و سعودیە و لیبیا و جەزائیر و تەواوی وڵاتانی عەرەبیین و کەیسەکانیان بێ کاتی نادیار داخراون.

ئامانج لەم کتێبە لەسەرەتاوە ئەوەبوو کە کورد بەگشتی ئەم چەمکەی وەکو ویستی سیاسی و وەکو ویستی نەتەوەیی لەسەر زار بوو، بەڵام کە سەرینەگرت بەهەر هۆیەکەوە بووبێت لەکاتی خۆیدا، لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو ئەو نەتەوانەی وەکو کوردن و هەمیشە ستراتیژی سیاسیان بەئاڕاستەی دەوڵەتە، بەڵام ئیرادەی سیاسی سەربەخۆیان نیە، چونکە درەنگ فریای ئەوە کەوتن بچنە نێو هاوکێشەی سیاسی و ببن بە لۆگۆیەك و لەرێگەی ئەو لۆگۆ سیاسیەوە بناسرێن، ئەم بۆچوونەش ئەگەر نیگەتیڤ نەکەوێتەوە، ئەوەیە کە دەوڵەت لەم سەردەمەدا دەسەڵاتە سیاسی و ئابوریەکەی هێندە سنووردار کراوە، تائەو

جێگەیەی کە دەوڵەتی نەتەوەیی بەهای جارانی نەماوە، چ لەناو مەحفەلی نێودەوڵەتی و چ لەئاستی ناوخۆ، چونکە بەگشتی ئەو ویستە گشتیەی جاران هەبوو بۆ دروستکردنی دەوڵەت لەرێگەی ئامانجێکی سیاسی و سەرکردەکانیەوە، ئێستا ئەو دەنگە بەشێوەیەك لەشێوەکان کزبووە، چونکە سیاسەت بەهۆی میدیا و سۆسیال میدیاوە، تارادەیەك شەفاف بووە و بووەتە کردەیەکی ناشیرین و شوناسە جوگرافیاکەشی بەهۆی دەسەڵاتە سیاسیەکەوە ناشیرین بووە، چونکە ویستی خەڵك بەگشتی بۆ خۆشگوزەرانی و پێکەوەژیانی نەتەوە و ئاینەکان زیاترە، ئەمە کاریگەری لەسەر بوونی فکری ناسیونالیزمیش کردووە بەرامبەر بەئەوانی تر، بەوپێیەی کە زۆربەی نەتەوەکان دوای ئەوەی شاهیدی ئەوەبوون سیاسەت رادەستی بازاڕ و ئابوری کرا، ئیدی نەتەوەخوازی بووە ئامانجی لاوەکی بۆ دەوڵەت.
ئێمە لێرەدا تائەو جێگەیەی فریای چەمکە سیاسیەکانی پەیوەست بە تێرمی دەوڵەت کەوتووین، هەروەها دەستکاری هەندێك کۆنتێکست و وشە و بابەتی زمانەوانی بووینە کە لەچاپی پێشووی هەڵەو کەموکورتی تێدابوو، فریای ئەوەش کەوتووین هەموو لایەنەکان موناقەشە بکەین، چ بەپێی لایەنە فەلسەفیەکە بێت چ لایەنە مۆژووییەکە بێت، چ ئەو ستایلە نوێیەی کە پێناسەیەکی نوێی بەچەمکی دەوڵەت بەخشیوە، بەهیوای ئەوەی ئەم کتێبە بتوانێ موناقەشەیەکی فکری بەرهەمبهێنێ و وەکو لێکۆڵینەوەیەکی جددی تەماشای بکرێت و کتێبخانەی کوردیش دەوڵەمەند بکات.

سمکۆ محەمەد
20/2/2022

وێنەی پیاوێکی زمان شکاو..
سمکو محەمەد

مەنالەگەکۆ خەریکۆ تەواو دەبێت
ژیان بێتە کاغەزان بەدەست قورمارچیێکانەوە
پیاوێکی ترساو
وەک ئەوەی بزردێ بریەنی مەسیحەوە موژدەی پێ بێ

چەند یاردەیەک لەولای تاریکییەوە راوەستاوە و
بە ئاسایەکی روناک دەوانە و
دەڵێ هەموو نهێنییەکان سبەی لە سەربانەوە دەیبیستن.
من ئەم قسەیەم لەمێژە بیستووە
لەودەچێ مانیفێستێکی نوێ هاتبێ بۆ ژیان
مانیفێستێک بەماسکەوە
سنووری سووری ژیان ماڵێ
سنووری سووری هەناسە بوتەی بەتاڵێ
سنووری سووری ژیان گەمەی منداڵێ
وادیارە بانگی ئاشکرا هێشتا شکڤەی نەکردووە
ئەمە مانای شاراوەی ئاوایە
هەر روخسارێک دەکەکی پێداچوو بێت
ئەسرینی هەر دەکێک بەخونچەیەکدا چۆقیبێت
چرچو لەچی دەخاتە سەر لەوی خەندەیەک کە مانەلەگی ژیانی بەیوە
پێدەچێ
لەسەرتاوە بەمان نووسرابێ خاک دەبێ لەیەکتری تواێبن
لەقینی یەکتر
تف لەسەبەری کەڵە قەبری داهاتووشیان بکەن
ئەو قەبرانەی بەبچووکی لەسەریان نووسراوە
(خەتان لەگەڵ خەتان ئاشت بکەنەوە)
بەسەرکیش ناهەقیان نییە
تەنها شتێک لەپاش مەرگ خۆش بێ. (لاواندنەوەیە)
هەستم راگرتووە
ئەمە کۆتایی دیمەنە کۆنەکانی مێژووە
دووبارە بوونەوەی تاعون و مالاریایە
ئاماژەکان نوزەیان لەبەراوە و پیاوەکانیش زمانیان
زەین بدە
هەر ستوونەکانی شار نیین دەبن بەقامیش
هەر کەاوی قیتی چیاکان نیین دەبن بەقەڵەمێش
هەر سینگی وشکی ئەم زەویە نییە دەبنە مەیدانی جەنگ
هەر دەریاکان نیین دەبنە جەگەڵەی بەگەن
زایەڵدارەکانیش بە گوێی خەیاندا دەنگدەنەوە و جنۆ بەخەیان
دەدەن
وادیارە ئەرە پێشتر دوورگەی قیسارە بووە
دوورگەی لاماسە و عەشتار و پشیلە
بەیە زمانیش وێنای ناکات
چوون من بیستومە

قیسارە حەزی لە ژیانکانی خۆیەتی بەتەنها بڵێرەتەوە
ئەرە شونی زەنگ لێدانی ئەوارە خوانکی بەدەنگە
بە خانەدانکان
لاماسە بەئاسمانی باخەسیەکاندا دەفڕە
عەشتار چیرکی ئاوارەبوونی ئەرمەن دەگێڕێتەوە
پشیلە بە ئەهرامە داگیرکراوکان دەمیاونێ
قومارچیەکان ئاگایان لەوە نییە
هاکا بیستمان
ئەفسەرکی تۆپە ئاسمانی دوکەڵاوی کردووە و ژیان راوەستا
ئەوان لەبری ئەوەی بە مەزیک مردن پوچڵە بکەنەوە
بیللییەک فڕێدەدەنە سەر مێز و جگەرەی بەئومێدی دادگیرسێنن
دڵێن هەمووی
خەتای خەتابارێک بوو کە نەیهێشت لەسەر زەوی گرەو بکەین
لەرە هیچ ڕەوتێک لەسەر ڕێگەی خۆی ناوات
هیچ هۆشیاریەک ناتوانێ ڕۆژگار بژمێرێت
هیچ هەمەک دڵپە ئاوێک وەنا ناکات
هیچ وەرزکی نوێ لەسەر ڕەخی ئەم تابلۆ تێکشکاوانە نانووسێ
هیچ شتێک جارکی تر بریسکە نادات‌ەوە
هیچ تاقمکی نائومێدیش پێکەوە کێچ ناکەن
هیچ پیاوکی تێکشکاو نابینی
چیرکی پاڵەوانێتی خۆی نانووسێتەوە و نەیکات بەمنەت بەسەر خەڵکەوە
یان پەیقێک نەدرکێنە وکو پەندی پێشینان
نەستەق
لەنەستەقیا … فەلسەفش ناشیرین بکات
دەمەوێ ئەم مانیفەستە بدڕێنم و ئیمانکی تر بخوڵقێنم
شەوو ڕۆژ تەماشای خوارەوەی ئەم زەمینە دەکەم و منەی بەشایەک دەکەم کە خیاڵە
تەماشای چاو بەستراوکان
دومبەڵی ژێر هەنگڵی خوەندکاران
پەیکەری لوتشکاوی سەر شەقامکان
قسەی نەبیستراوی لاڵە پێتکان
بزەی سەر لەوی کوڕکان
تەماشای حەوشەی ژنە بە حەیاکان دەکەم
پلیسێک زمانی لە کڵپچەیا وەناکردووە
سەری بە کەشە دەخورێنە
کەشەی شارێک هەشتا گشتیار سفڕیان بە نەکردووە و

بانگی سەربەخۆیی تیا نەدراوە
لەڕ لەم بەهودەیە هیچ نادەزمەوە
ئەم زمانە بەیە شکا
چوون هەرگیز پەم عەیب نەبووە بەپەچەوانەی خەڵک بەم
هەستم بەژان نەکردووە خۆ بکەمە سەر بریندکانی خەم
هەمیشە شەڵاڵی عارەق بووم
ئاگام لەسەگ بووناکانیش بووە
چاوم لەو پشیلانەش بووە
بەبە تاوان لەسەر شەقامەکان بەسکی برسی دەکوژران
ئەو پشیلانەی پیرەژنیش بەردیان تەدەگرن
من هیچ چارەسەرەکم پە نییە
بەناچار ئەو دەرگایانە ڕەسم دەکەم
کەس ناچێتە بەر سەبەرەکەی
ئەو ئەستێرانە دەژمەرم کە ناویان نییە
لەو شەقامانەی ژەڕەوی زڕابەکان
هەموو ئەمانە بەقەد شقارتەیەک ترسی نەبووە کە بەدەست بەدکارەکەوەیە
ئەوەش دەزانم کە بەکراسکی شینەوە
لەشکری گوندی ناوخە و ناتوتەوە
لەبەر خەمەوە بیر لە بیرەوەرییەوەکانم دەکەمەوە
دەزانم کە ئەوان دەمترسێنن
هەرکەسێک پاکانەی کردبە گرینگ نەبووە
پاکانە بە ئەو کەسە کەمانەیە کە لاپەڕەیەک و شاهیدکیان نییە لە ژیان
نەزان هەقیەتی نەزانە ئەم زەمانە بەرەو کوە دەڕوات
من لەقینی هەموو خەمەکانی تر
خەمی ئەوەمە بەچی خەزان ناوەرن پەکەوە قاوەتییەک بخەن
سنوور لەڕ کەتایی نایات
ڕەگەی ڕەژەەات وشکە و ڕەژئاواش شەدار
ڕەبوارکان بەدرە شەوەیان لەپە کردووە و لەهیچ دەرگەیەکیان نەداوە
ئەوانەی هەمیشە ئەواران هەگزاون بەسەر شاخدا و
درەنگ وەختیش تەماشای خەرەتاویان کردووە
ڕەوتی ژیان ناناسنەوە
چون ئەمجارەیان کە خەرئاوا بوو کەسیان
بەو ڕەگەیەدا ناچنەوە بانە
ئەمجارەیان دەچنەوە گەرمیان

ئەمجارەیان رۆژئاوا درەنگ لێخۆو هەڵدەسە
باکوریش بە نان خواردنی بەیانی خۆشە و نانی شەوانیشی سوەر
من لەکتێبە کۆنەکاندا خوێندووومەتەوە
زمان ناتوانێ باسی نەخوێندەوارەکان نەکات
رەنگە کچێکی نەخوێندەوار ئازادتر بێت
لەو پیاوانەی لەسەردەمی شەشدا بانگەوازیان بۆ ئازادی دەکرد
لاتەریکی خەڵکی ئەرەبە لەدەستووری ناوەندی کۆنیگایاندا دیارە
لەو نهێنی یە دەچێ کە کەس نایزانێ
لەو خەوە دەچێ کە خەڵک لێخەڵا لەی ترساون
لەمەوە تەدەگەی
ئەبەق بوون لەبەنی ناخش و لەنەخشی گرانەتای عەقڵ خراپترە
سەرسام بوونی منداڵەتی لەخەوەتی قەرەجەکان و لەنیشتیمانێکی بە
شۆن دەچێ
وەسوەسەی کەسێک لێ بە کەوزی قژی داغبووی کچێکی شەڤانی نەشارەزا
لەشێ
باشترە لەدزێک کە ناوی جەنگاوەرە
ئەم رستانەم بۆ شیناکرەتەوە
موعجیزەی زەریا ئەوەیە کە لەسەهۆڵ سارد ترە
ترسی دارێکی وشکیش قومارێکە لەنەوان خەی و کلکە تەورێکدا
شەویش ئەوەندەی کە ترسی لەتیشکی خۆرە
ئەوەندە ترسی لە هەور نییە
من هەمیشە دەڵاوکەمە و پرسیاری بۆ وەڵام دەکەم
کاتێک لەترسان خەوم دەزڕێت
ئەوکاتەی دەبینم خەڵک نووستوون
سێرو سەمەرەی دایک و باوکیشم
هەر ئەوبوو کە دەماریان ئاوسا بوو لە ژیان
ئەوان لەداخی ئەبەق بوونی منداڵ و لە ماکینەیەک کە کاری
ئەتککردنی هەرزەکاریی بوو
لەداخی بانگەوازی حکومەت لەدوای نوێژی شەوانی زستان
هەڵاتن بۆ ژەر زەوی دەبینم
خەڵک هەشتا رەگایەکیان نەبەیوە درەنگتر بیانگەنێتە جێ
عەمبارەکی چەیان نەبینیوە بەسکی برسی
هەشتا نەیانزانیوە گەینەوەی گوندێک بەزورەکی شار چەند زەرەر
هەشتا گوێیان لەجیەی دەرگایەک نەبووە
وەختێک پەلیس پاێیان پەوەدەنە و جنەوی پیس بەناموسیان دەدەن
هەشتا تەلەزگەیەکیان نەدیوە جلکیان بگرێت و
نەهێڵە لەسنوورەوە رابکەن بۆ سنوورەکی تر

هشتا دمانچەیەکیان نەبینیوە لەسەر پێ بێ
هشتا نەیانزانیوە پانتۆڵی کورت مەدەلی قاچاخچییەکانێ
یان خۆ پارێزیبێ لە گشتخۆرەکان ی بازاڕ
ئەوان کە ساڵەها یە سەردانی بازاڕدەکەن
هشتا نەیانزانیوە گەمگمی کەتر لە چ مانگێکدایە
غەبەغەبی فەرگەکان و تەنگانەفەسی دانیشتوانی شار
بەتەروپۆ هەنسک و گریانەوە
لە چ مانگێکی ساڵدا دەبنەوە بە کەیسکی لەکچوو و توڵەبوونی خەڵک
کەچی لە کتێبێکی کۆندا نووسرابوو
لەتەنیشت پەنجەرەیەکەوە نامەیەک بەدزییەوە وەکو نوشتە هەڵواسن
دەیان جار کەسانەکان بگەڕێن بە تەنها جارێک بینینی یار
ئازاری ددانتان لەبیر بکەن کە بەمەخەک و ڕانی ماشین و عارەق
دادەمرکایەوە
لەپەناو وەرگرتنی کاغەزێکی یاساغ کە پیاوێکی بەتەمەن
بەمەئموریەت پێتانی دەسپێرێ
ڕۆژانی هەینی.. لەترسا بخۆون و
شەمموانیش لەبەردەم مزگەوتەکان
خەریکی نە ریزکەن بن لەگەڵ بەکاران
لاپەڕەیەکی کراوە باشترە لە کتێبێکی داخراو
زمانم شکاوە
من ئەو پیاوەم کە زمانم شکاوە
هەر ئەوەندەم بە دەنووسرێ
وەنەی ئەو پیاوانەم بەچاوی خەم بینیوە

ئەرمینیا کتێبکی مەژووییە ترسناك.. سمکۆ محەمەد

ئەرمینیا بەوپەیەی هەم خۆیان وەکو نەتەوە و هەم وەکو ئاین کریستیانی لەو ناوچەکە ناساندووە کە بەشی زۆری موسماڵنن، کەواتە ئاینی تاقانە و نەتەوەی تاقانەن، بەپێی جوگرافیاکەی بڕێت، 29,743 کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و دەکاتە (11,484 میل چوارگۆشە، لەباکوری ڕۆژهەڵاتەوە بەرزایی ئەرمینیا شاخی ئارارات، لەرووی مەژووییەوە

بەشێکە لەئەرمینیا کە زۆرترین شوێنەکانی وڵاتەکە گوندنشین و کشتوکاڵییە. دانیشتوانەکەی زیاتر لە10 ملیۆن کەس دەبن کە زۆربەیان ئەرمەنی و کریستیانین و ئەوانی تر ئێزیدی و موسڵمانن، بەڵام کەم ئەزموونن و خەڵکەکەشی هەژارن هەم لەرووی ماددی و هەم لەرووی هۆشیارییەوە، تەنها شتێك هاوکاری کردوون، ئەوەیە کە کریستیانین و کریستیانیش کۆمەڵگەی کراوەن بۆ نێو خۆیان، هەم پێشتر لەنێو سیستمدا ژیاون کە سەر بەسۆڤیەتی کۆن بوون.
ئەرمینیا چوارچێوەی نەخشەی جوگرافیاکەی، دەکەوێتە سنووری تورکیا و ئێران و ئازەربایجان کە زنجیرە چیای ئارارات پێکەوە دەیانبەستێتەوە، لەخوارەوە دەکەوێتە سنووری جۆرجیا، لەساڵی 1918 دەوڵەت بووە، بەڵام سەربەخۆ نەبووە بەهۆی ئەوەی سەر بەسیستمی یەکێتی سۆڤیەت بووە وەکو زۆربەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات.

سیستمی دەوڵەتەکە دیموکراتیە لەرووی سیستمی سیاسیەوە خۆی وانمایش کردووە، بەڵام مامەڵەی سیاسی لەگەڵ کورد و ئێزی ئەو مانایەی نییە کە دیموکراسیخواز بن، لەمێژووی خۆیدا سێ جار جەنگی سەپێنراوی بینیوە بەسەریدا، هەر سێ گێمەکەی بەردەوام بووە و بەرگەی جەنگی گرتووە، بەڵام بەهۆی کەم ئەزموونی سیاسیەوە جەنگەکانی دڵڕاندووە، دووجار بەهۆی جەنگی سۆڤیەت لەگەڵ ئیمبراتۆریەتی عوسمانلی جەنگی کردووە، جارێکیش بەهۆی سەربەخۆیەوە لەدوای ڕوخانی یەکێتی سۆیەت، لەکۆتایی ساڵی 2020 جارێکی تریش لەگەڵ ئازەربایجان شکستی خوارد، ئەم ڕووداوانە شۆکێکی بۆ دروستکردون نەك لەدوژمنەکانیان، بگرە لەدڵسۆز و گەشتیارەکانیشیان ترساون و گومانیان لەهەموو پەیوەندییەك و کەسێکی بیانی هەیە، ئەوان لەدوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەتەوە بوون بەدەوڵەتی سەربەخۆ، جوگرافیای دەوڵەتەکە شاخاویە و بریتییە لەپایتەختێك و سێ قەزا کە لەپارێزگا بچووکترن و ڕووبەرەکانی تری شارچکە و گوندنشینن، سەرباری ئەوەی پشتیان بەشاخەکان بەستووە، بەڵام هۆشتا ترسیان لەسەربەخۆبوونی خۆیان هەیە لەرووی سیاسی و ئابوریشەوە، هۆشتا لەو نەتەوانە دەترسن کە نزیکایەتیان لەگەڵیان هەیە و نەتەوەی کورد بەنموونە، بۆیە لەهەموو کایەکانی ژیانیاندا، لەکتێبکی مێژوویی ترسناك دەچن، نەدەخوێنرێتەوە، نە هەڵدەگیرێت، چونکە ژیانیان پێکردووە لەکێد و شفرەی سیاسی و کولتووری و ئاینی و بەکەس ناکرێتەوە خۆیان نەبێت، واتە قسە و لێدوا نبێ میدیا و گەیدە ناکەن و بەناحەز لەقەڵەمیان دەدەن.
ترسناکی ئەم کتێبە واتە کتێبی ئەرمینیا بەهەموو کایەکانییەوە، تەواوی خەڵکی ئەرمینیای ڕاهێناوە کە لەکێنەوە بەنەتەوەی هایك

هایستان بناسرێن، واتە وەکو کورد خاوەن خاکێکی شاخاوی ترسناك بمێننەوە و هەمیشە لەترسی دوژمنەکانیان خاوەنی ماڵی خۆیان نەبن، هەمیشە ئاوارە و لەدەستدانی ماڵ و کەسوکاریان بن، بەڵام جیاوازی کورد لەگەڵ ئەرمینیا، ئەوەیە کە کورد بەپێی ئەزموونیان ناترسن لەهیچ کەناڵێکی سیاسی دەرەوەی خۆیان.

کۆمەڵگەی ئەرمەنستان سەرباری ئەوەی کۆمپانیای ئامریکی زۆر تێدا کار دەکەن، بەڵام بەگشتی کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵین، ئەوان وەکو پێکهاتە بریتین لەچەند بنەماڵە و ئایین و نەتەوەیەکی جیاواز، لەوانەش ئێزیدی و موسڵمان و سریانی واتە مەسیحی کاسۆلیکی ئەرمەنی وەکو نەتەوە، ترسی ئەم کۆمەڵگە خاوەن دەوڵەتە، وەکو کیانی نەتەوەیی و سیاسی لە ناوچەی قەوقاز و باڵقان، لەوڕوە سەرچاوەی گرتووە کە مێژووی ئەوان بۆیە ترسناکە، هەمیشە بریتی بووە لەترس لە عوسمانلی کۆن و تورکی ئێستا، چونکە هەمیشە لەبەردەم جینۆسایددا بوونە، هەروەکو ئەوەی مێژووەکەیان گەواهی ئەوە دەدات، بۆیە لەکوردیش دەترسن چونکە لەمێژوودا سواردی حەمیدی کە کورد بووە، بەپاڵپشتی ئیمبراتۆریەتی عوسمانلی، بەشداری لە جینۆسایدی ئەرمەنییەکان کردووە، ئەمەش وایکردووە ئەوان ئەم مێژووە ترسناکەیان بیر نەچێتەوە و هەمیشە باسی بکەن و دان بەشوناسە نەتەوەیی و کولتووری و ئاینیەکەی کورددا نانێن کە پەرستگای زەردەشتی لێیە و چیایای ئارارات و روباری ئازادی لێە، ئەوان پێیانوایە پەیوەندی کورد و تورکیا تائێستاش وەکو پەیوەندیەکە کۆنەکەیە لەباشوری کوردستان، بۆیە واتێگەیشتوون کە کورد مەترسیە بۆسەر ئەمنیەتی نەتەوەیی و ئاینی ئەوان، هەر ئەم تێوانینەشە وای کردووە ئێزیدیەکان هان بدەن هاشا لەشوناسی نەتەوەیی کورد بکەن و ئێزیدیاتی بەئایین و نەتەوەی سەربەخۆ بزانن و پشت لەکورد بکەن، وەکو ئەوەی لەسەردانیکردنی ئەرمەنستان هەستی پێدەکرێت، بەڵام بەشێکی ئێزیدیەکان ئەو تێوانینە رەتدەکەنەوە و بەتوندی بەرگری لەشوناسی نەتەوەی کورد دەکەن و باسی مێژووی کۆنی کورد دەکەن لە ئەرمینیا، چ کورد و چ ئێزیدیەکان لەژێر چاودێری چێی ئەمنی حکومەتدا چالاکی دەکەن، بۆ نموونە رێکخراوێکی کوردی ئەرمەنی هەبوون لەیەریڤان و کوردەکانی باشوور هاوکاریان دەکردن، حکومەتی ئەرمینیا بەهۆی جەنگ و داڵمانی ئابورییەوە، بەبیانوی جیاوازەوە رێکخراوەکەی خستەتە ژێر چاودێرییەوە و چالاکی بەرتەسك کردووە و ئەو دەستایەتییە نەماوە.

کۆمەڵگەی داخراو

مەرج نییە کۆمەڵگەی کراوە پێوەرەکەی تەنها ئازادی ژن بێت و کولتووری نەتەوەکەشی بۆوای بە تاك هەبێت، بەڵکو مەرج ئەوەیە کە زۆرینە کۆمەڵگە، کەمینە قەبووڵ بکات و تۆڵەبوونی مێژوو بەسەر ئێستا فەرز نەکات، کریستیانەکانی ئەرمینیا بەهۆی تووندڕەوی ئاینی مەسیحیەوە هەموو دیاردە و شتێك وەکو سیمبولی پیرۆزی ئاینی بەخاچەوە گرێدەدەن، لەزۆربەی ئەدگارەکانی ناو شاری یەریڤان و دەرەوەی یەریڤانیش خاچ و کەنیسە دەبینرێت، ئەم تووندڕەوییە ئاینیە وای کردووە، زۆربەی ئەرمەنیەکان بەوانەشەوە لەسوریاو تورکیا و لوبنان و عێراقەوە کۆچیان کردووە یان چوونەتە ئەرمینیا و ئێستا نیشتەجێی ئەوێن، تاك رەهەندیانە تەماشای ژیان بکەن و جگە لەخۆیان کەسی تر نابینن و هەموو کولتوور و ئاینێکی تر بەدژی خۆیان دەزانن، دڕووست لەکۆمەڵگەی موسڵمانی تووندڕەوی رۆژهەڵات و وڵاتانی عەرەب دەچن، چونکە وەکو عەرەب چۆن هەموشتێکیان بەئاین و مزگەوتەوە گرێدراوە و ناتوانن ببینە کۆمەڵگەیەکی کراوە و خەڵك و کولتوور و نەتەوە و ئاینی دیکە قەبووڵ بکەن، بەهەمان شێوە ئەرمەنیەکانیش هەموو کایەکانی پەروەردە و خوێندن و ژیانیان لەگەڵ ئاین و کەنیسە تێکەڵ کردووە، تەنانەت لەو گروپ و کەمینانەش دەترسن کە لەگەڵیان دەژین، خۆیان لەسەرووی هەموو پێکهاتەکانی دیکەوە دانـاوە، ئەمە بەشێکی پەیوەندی بەجەنگە یەك لەدوای یەکەکانەوە هەیە، بەشەکەی دیکەی پەیوەندی بەعەقڵیەت و داخراوی کۆمەڵگەکەوە هەیە کە تەنها لەفۆرمدا کراوەن، لەجەوهەردا داخراو.

ژیانی حیزبی

چەند حیزب و رێکخراوێك لە ئەرمینیا هەن مومارەسەی سیاسەت دەکەن بێ دەسەڵات وەرگرتنی سیاسەت و ئابووری و دیبلۆماسیەتی دەوڵەت، حیزبی کۆماری نیشتیمانی کە لەسەردەمی سۆڤیەتەوە هەبوونە و لەسەرەتای جیابوونەوەیان لە سۆڤیەتی کۆن و سەربەخۆیان وەرگرتووە، تائێستشا ماون و زۆرینەی کۆمەڵگەکە لایەنگریانن و دەنگیان پێدەدەن بۆ سەرکەوتن لەپارلەمان کە تاسای 2018 لەکۆی 105 کورسی، 47 کورسی هەبوو. بەهۆی ناڕەزایەتییەوە لەلایەن حیزبەکانی ترەوە، بەناچار دەستیان لەپێستی سەرۆك وەزیران هەڵگرت، تاکو ئێستاش ئۆپۆزسیۆنەکەیان کە بنکەی کۆمەڵایەتییان لەشارۆچکە و گوندەکانن، ناڕەزایەتیان هەیە لەحوکمانیکردنی ئەرمینیا، بەڵام بەهۆی بەرتەسك کردنەوەی ئازادی رادەربڕین، زۆرجار چالاکە سیاسیەکان دەستگیر دەکرێن.
ئەرمینیەکان لە ساڵی 1990 وە خۆیان رزگارکردووە و تائێستا حیزبی

کۆماری نیشتیمانی لەسەر حوکمن، هەرچی حیزبی نوێبوونەوەی ئەرمینیا زۆربەی بنکە کۆمەڵایەتیەکەیان لەو بنەماڵە و عەشیرەتانە پێکهاتوون کە سەر بەکەنیسەن و پارێزگاری لە کولتووری کریستیانی کاسۆلیکە دەکەن، ئەوان پێگەیان لەنێو بازرگان و خانەدان و چینی دەوڵەمەندە، حیزبی تاشناك واتە حیزبی یەکێتی شۆڕشی ئەرمینیا و حیزبی کۆمۆنیستی ئەرمینیا، هەموویان پێکەوە لەساڵی 1990 دامەزراون جگە لەحیزبی کۆمۆنیست، حیزبە راستەوەکان زیاتر لەحیزبەکانی دیکە بۆوایان بەوە هەیە ببنە دەوڵەتکی سەرمایەداری پێشکەوتوو، بۆیە تاکە جیاوازییان ئەو پنتەیە، دەنا لە کۆماریەکان پارێزگارترن، هەرئەمەشە وایکردووە کە زۆربەی خەڵکەکەیان لەدەرەوەی وڵات دەژین و چاوەڕێن دۆخی سیاسی ئەرمینیا جێگیر بێت و بگەڕێنەوە، حیزبی کۆمۆنیستی ئەرمەنی کە لەدوای 1991 جارێکی تر خۆیان ڕێکخستەوە و لەپرسەی دەنگداندا بۆ پارلەمان، بەشێکی زۆری دەنگەکانیان هێناو چوونە پارلەمان، بەڵام دواتر بەهۆی جیاوازیانەوە لەگەڵ خۆیان و دەستەوەردانی ئەرمەنیە توندڕەوەکان و ناشیرین کردنی کۆمۆنیستی لەنێو خەڵك، حیزبەکە پارچە پارچە بوون و دابەشبوونە سەر حیزبی کۆماری و ڕاستەوی ئەرمەنی و پارێزگارەکان، ئەگەر بەچاوی سیاسی تەماشای سیاسەتی ئەو حیزبانە بکرێ، پێکەوە لەیەك حیزب دەچن، چونکە یەك ئاراستەی فکریان هەیە بۆ تێواتین لەئەوانی تری سیاسی و یەك ئامانجی سیاسیان هەیە، بۆیە هەموو فکرێکی ئۆپۆزسیۆنی ڕەتدەکەنەوە و لێی دەترسن.

ئەرمەنی لەدووڕەوە

ڕاستە ئەرمەنییەکان بۆ هەموو شتێك پشت بەتوانای خودی خۆیان دەبەستن و لەهەموو سێکتەرەکانیش گرینگتر کشتوکاڵە لەلای ئەرمەنەکان، چونکە زۆربەیان ئینسانی گوندی و کشتوکاڵین و تەنها بەرهەمی کشتوکاڵی و جوتیاری دەزانن، بەڵام جگە لەبەرهەمهێنانی بەرووبوومی کشتوکاڵی خۆیان، وای کردووە توانای ئەوەیان نەبێت لەڕگەی سێکتەرێکی جیاوازترەوە بەرگری لەخۆیان بکەن، بۆیە بەشێکی زۆریان کۆچیان کردووە بۆ ئەوروپای ڕۆژئاوا و تەنانەت بە بانگەوازی دەوڵەتیش ناگەڕێنەوە ئەرمینیا، وەکو خۆیان دەڵێن 3 ئەوەندەی دانیشتوانی ئێستای ئەرمینیا لەدەرەوەی وڵات دەژین، ئەم دیاردەیە بەتایبەتی لەدوای جەنگیان لەگەڵ ئازەربایجان کە ئەرمینیا شکستی خوارد، دیاردەکە هەستی پێدەکرێت کە وەکو کورد چۆن ناوچە کێشە لەسەرەکانی ڕادەستی عێراق کرد، ئەوانیش بەهۆی شارەزا نەبوون لە سیاسەت، ناوچەیەکی بەرینی وەکو چیای ئارارات و ناگۆراو

قەرەباخیان دابەدەستەوە، بەمەش سەرچاوەیەکی زۆری ئابوریان لەدەستدا کە هەم کشتوکاڵیە و هەم کیمیایی پیشەسازی.

کۆمەگەی تاك زمانی

لەترسی لەناوچوونی زمانی خۆیان، بەناچار بەتاك زمانی ئەرمەنی قسە کردن، هەمان ئەو ترسەیە وەکو چۆن پێشتر کورد بەدرێژایی 70 ساڵ کەڵك لەزمانەکانی تر وەرنەگیرا و دەترسا لەزمانە زیندووەکانی تر، بەهەمان شێوە ئەوانیش وابیر دەکەنەوە گوایە لەهەموو لایەکەوە هێرشیان لەسەرە، بۆیە زۆر بەدەگمەن دەبینی کەسێك زمانێکی تری دەرەوەی ئەرمەنی بزانێ و تاك زمان نەبێت، تەنانەت تاکسی و دوکاندار و دامودەزگای حکومەتیش بەتەواوی ئینگلیزی نازانن کە زمانی لێکتێگەیشتنی دونیایە، بەڵادەیەك کایەکانی ژیانیان بەرتەسك کردۆتەوە کە خۆیان ڕێگرن لەپیشکەوتنی خۆیان، ئەگەرچی ئاینەکەیان کە کریستیانیە و ئاینێکی کراوەیە، هەروەها پێشتر سەر بەسیستمی کۆنی سۆڤیەت بوونە، بۆیە لەهەندێك بواردا سیستماتیکن، ئەگەر ئەو دوو فەندە مۆژوویی و سیاسیە نەبوایە کە هاوکاری کردوون بۆ بەمۆدێرن بوونیان، ئەوا وەکو نەتەوە و دەوڵەت فرسەخێکی زۆریان ماوە بگەن بەکاروانی ژیانی نوێ.

پاشماوەی سۆڤیەت

بۆ زۆر دیاردە هەست بەمانەوەی سۆڤیەت دەکرێت، تائێستا لەرووی تەلارسازییەوە جگە لەو دیمەنەی ناو سەنتەری پایتەخت کە یەریڤانە، فۆرمێکی کراوە و جوانە و لەدوای ڕوخانی سۆڤیەتەوە لەلایەن ئامریکاوە هاوکاری کران، تەواوی شار و شوێنەکانی دەوروپشتی شار و شوێنە نیشتەجێیەکان کە خەڵکێکی زۆری تێدا دەژی، هەمان تەلاری سەردەمی سۆڤیەتن، بۆیە زۆر پەریشانن و لەپاشماوەی جەنگێکی نوێ دەچێت و حکومەت نەیتوانیوە دەستی پێبگات و نۆژەنی بکاتەوە، ئەگەر کەسێك بەراستەوخۆ سەردانی ئەو شوێنانە بکات و ناوەساتی سەنتەری شار نەبینێ، وادەزانێ هێشتا جەنگی جیهانی دووهەمە و سۆڤیەت ماوە، چونکە ئەوەندەی من بینیم شوقەکان زۆر ماندوون و خەڵك لەدۆخێکی خراپدا دەژین، بەڵام ئاوو کارەبایان بەردەوامە، لەهەمووشی جوانتر کە ئەوەیان کولتووری سەردەمی سۆڤیەتە، لەناوەراستی هەموو سەتتەرێك ئاو بۆ دوو شت دابین کراوە، یەکەم بۆ ئافور و جوانکردنی شار، دووهەم بۆ ئاو خواردنەوەی خەڵك تاکو خەرجی ئاوخواردنەوەیان لەسەر نەمێنێ، ئەمەش وای کردووە کەس ئاو ناکۆنت لەناو شاردا کە دیاردەیەکی زۆر شارستانیە، سەرباری ئەوەی

وەاتەکە کەشوهەوای خۆشە و داردرەختی هەیە لەچیاکان، لەناو شارەکانیش رووبەرێکی سەزایی باش دەبینرێت و گرینگی بەژینگە دەدەن.

ترس لەمیدیا

لەکۆنەوە میدیای سەر بەحکومەت و رۆژنامەگەری لەیەریقان هەبووە، دەبوایە تەواو لەئازادی بیروڕا تێبگەن و رۆزی لێبگرن، بەڵام پێدەچێت لەو فەزا نوێیە جیهانیە تێنەگەن کەمیدیا بەڵێوەی دەبات، چونکە من لەئەزموونی خۆمدا لەو وەاتە چەندین جار تووشی پۆلیس بووم کە رۆگەیان نەدا کاری میدیایی بکەم، بێ نموونە ویستمان لەگەڵ کەسێکی ئەرمەن قسە بکەین سەبارەت بە ژیان و کولتووری ئەرمەنی، پۆلیس خۆرا گەیشتن و رۆگریان لێکردین و پرسیاری زۆر نالۆژیکیان دەکرد، تاکو ئەرمەنەکان تێیان گەیاندن بابەتە لەبەرژەوەندی ئەرمینیایە، ئەمە جگە لەوەی ئەگەر میدیاکار یان رۆژنامەوانێك سەردانی بەڵێوەبەرایەتی یان مزەخانە یان ئەرشیفخانە و کتێبخانەی گشتی بکات، دەبێ چەند رۆژێك خەریك بێت تاکو مۆڵەت وەردەگرێت، چونکە دەترسن لەوەی زیانیان بەرکەوێت، ئەوان بەڵادەیەك لەمیدیا دەترسن، وەکو ئەوەی بەشێك لەنەهامەتیەکانیان سەرچاوەکەی میدیا بێت، بۆیە چ لەئاستی کۆمەڵایەتی و چ لەئاستی حکومەت، زۆر بەترسەوە مامەڵە دەکەن، بێ نموونە ئێمە سەردانی مەکتەبی رۆژنامەی زاگرۆس مان کرد، لەوێ چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ بەرپرسی ئەو مەکتەبە کرد، کەچی لەدوای ئێمە زۆر تەنگیان بە بەرپرسی مەکتەبەکە و کارمەندەکانی هەڵچنی بوو، هەردوای گەڵانەوەم پەیوەندیان پێوەکردم کە حکومەت پرسیاری کردووە، ئەوکارەمان بۆچی بوو؟. بۆچی وێنەمان گرتووە؟، ئەو فیلم و دیکۆمێنتاری چاوپێکەوتنەمان بۆچی بووە؟، کەی و لەچ کەناڵێك بڵاوەبێتەوە؟. هەموو ئەم پرسیارانە مایەی ئەوەیە کە ئەوان لەمیدیا دەترسن، لەکاتێکدا ئێمە هەم شوناسی فیدراسیۆنی رۆژنامەوانی نوێدەوڵەتیمان پێبوو، هەم فیزای دەوڵەتەکە و زانیاری تەواومان بەدەوڵەت دابوو، هەم لەبەرژەوەندی ئەوان کارەکەمان تەواو دەبوو، بەڵام بۆخۆیان بەهۆکاری ترس لەمیدیا کارەکەیان پێچەوانە کردەوە و پرسیاریان لەبەرامبەر خۆیان دانا.

سیستمی هاتوچۆ

جادەو بانیان تەنها لەناو سەنتەری شار بەمەدەر فراوان دەبینرێت، ئەگەرنا لەجادەی دەرەوەی شار و ئۆتۆبانیان نییە. سیستمی

ترافیکیان لەگەڵ سیستمی ترافیکی هەموو دونیا جیاوازە، بەشێوەیەك رەنگە بە ئەندازەیەکی نمونەیی لەقەڵەم بدرێت، سەرباری هەموو ئەمانە پۆلیسی هاتوچۆ زۆر بەکەمی هەستی پێدەکرێت یان لەسەر شەقامەکان دەبینیرێت، شۆفێری تاکسی لەهەموو دونیا شارەزاترین کەسن بۆ دۆزینەوەی ئەدرەس، بەڵام ئەوان بەهۆی ئەوەی کەمترین شوێنیان هەیە، هەروەها شۆفێرەکانیان تازە لەگوندەوە هاتوون بۆناو شار واتە شارنشین نین، دواتریش جگە لەزمانی ئەرمەنی هیچ زمانێك نازانن، بەدەگمەن نەبێ ئینگلیزی یان فارسی بزانێ، هەروەها تاکسیەکانیان هێما یان رەنگی تاکسیان نییە، هەرکەس بۆخۆی دەتوانێ بەئۆتۆمبێلەکەی خۆی کاری تاکسی بکات.

پەرستگای گارنین

پەرستگای گارنین ئەو پەرستگایەیە بەمانای خوای ژیان دێت و وەکو پاشماوەی ئاینی وەسەنی تەماشا دەکرێت، پەرستگاکە بۆخۆی بریتیە لەشوێنی پەرستنی زەردەشت پێغەمبەر و لەکاتی خۆیدا لەو ناوچەیە خەڵکەکە زەردەشتی بوونە و ئەویان پەرستووە، دیارە ناوچەکە وەکو حوکمڕان پاشای هەبووە، بۆیە شوێنکی دیکە لەتەنیشت پەرستگاکەوە هەیە، ناوی گەرماوی پاشاکانە و ئاسەوارەکانی ماون، لەرووی بیناسازیەوە پەرستگاکە باڵای زۆر بەرزە و لەسەر 20 ستوون راوەستاوە، قادرمەکانی زۆر رکن و بەچوونە نێو پەرستاگە، بۆیە هەموو کەس ناتوانێ سەرکەوێت، تەنها تەلارێکی بەجێماوی دیرکییە، دەنا هیچ شتێك لەنێو پەرستگاکەدا نییە و ژوورێکی چۆڵە، ئەویش بریتیە لەکەمەڵێك ستوون کە بن میچی پەرستگاکەیان راگرتووە، و لەخواروی پەرستگاکەوە دەڵێك هەیە، لەنێو ئەو دەڵەدا روبارێك هەیە ناوی ئازادییە، بەم ناوەش دەردەکەوێت ناوچەکە ناوچەیەکی کوردی بێت، بۆیە هەم پێغەمبەرەکەی و هەم ناوی روبارەکەش کوردییە، بەڵام ئەوان دان بەو راستیەدا نانێن و بەخەیاڵی دەزانن و بەهیچ شێوەیەك باسی کورد ناکەن لەرووی مێژوویەوە.

سیڤان

سیڤان ناوی ناوچەیەکی گەشتیاری درووستکراوە، سیڤان واتە دێری رەش. چونکە لەوێ دێرکی زۆر کۆنی مەسیحی هەیە لەسەر گردێکی بەرزە و مێژووەکەی بۆ 1300 میلادی دەگەڕێتەوە. سیڤان دەکەوێتە سەر شاری غغارکونیك، دانیشتوانەکەی زیاتر لە 25000 کەس دەبن.
لەم شوێنە دەریاچەیەکی لێدروستکراوە کە پشت بەبارانەوو و بەفری زستان دەبەستێت، ئەم دەریاچەیە بەدووهەمین گەورەترین دەریاچە

دەژمێردرێت لەسەر ئاستی هەموو دونیا، رووبەرەکەی 1900 م و پێشتر قوڵایی دەریاچەکە 95 م بوو، ئێستا بەهۆی ئەوەی ئەرمینیا تووشی کەم ئاوی هاتووە وەکو هەر ناوچەیەکی دیکەی ئاسیا، بەناچار ئاویان لەو دەریاچەیەوە راکێشاوە بۆ یەریقانی پایتەختی ئەرمینیا، بۆیە ئاستی قوڵی ئاوەکە دابەزیوە بۆ 88م ناوچەکە بەو هۆیەوە بووە بەگەشتیاری چونکە هەموو گەشتیارێك مەرجە ئەو شوێنە ببینێت و لەو خواردنی دەستکردی خۆیان هەیە دەیفرۆشن، زۆربەی دوکاندار و ریستۆرانتەکانیان ژن بەڕێوەی دەبەن.

چوار رۆیانی تەلەفریك

لەشارۆچکەی دزاغکاتور شارۆچکەیەکی بچووك و فراوانە و چەند کەمپانیایەکی لێیە، بەناو خەڵکەکە پشت بەکشتوکاڵ و هۆزی کاری جوتیاری و شارەزایی خۆیان دەبەستن، بەچواردەوری ناوچەکەدا چەندین شاخی بەرز هەن، شاخەکان تا سنووری جۆرجیا و کازاخستان دیارن، لەوێ تەلەفریکێکی لێدروست کراوە کە 1750 م لەسەر ئاستی دەریا بەرزە، بەگەورەترین تەلەفریکی دونیا حیساب دەکرێت، تەلەفریکەکە چوار رێگای هەیە کە سەردەکەوێت بۆ سەر شاخەکان و لەوێوە زۆرترین شوێنی ئەرمینیا دەبینرێت، ئەم شوێنە کاتی سەردەمکی سۆڤیەت بەشوێنی گەمەی ئۆڵمپیاد ناسراوبوو، لێرە گەمەی خلیسکانی سەر بەفری لێدەکرا، چونکە بەفرێکی زۆری لێدەبارێت، ساڵانە لەسەر دەمی سۆڤیەت لەو شارۆچکەیە ئۆڵمپیاد دەکرا و براوەکان خەڵات دەکران، ئاسەواری کۆنی پێوەدیارە، چونکە تائێستاش وێنەی چەند یاریزانێکی لێیە بەگەورەیی وێنەکانیان هەڵواسراوە، ئەوەی جێگەی تێبینییە کارمەندی ئەو تەلەفریکانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ گەشتیار زۆر ناشارستانییە و وەکو پۆلیس مامەڵە دەکەن، پێدەچێت ئەمەش پەروەردەی کۆنی سۆڤیەت بێت کاریگەری بەسەریانەوە جێهێشتووە.

ئەدگارو ناوبانگ

لەئەرمینیا و بەتایبەتی لە یەریقانی پایتەخت، لەهەموو شەقامەکان پەیکەر دەبینرێت، بۆ نموونە لەنزیك گۆمەپانی کۆماری کە زۆربەی داموەزگای حکومەتی لێیە، پارکێك هەیە، 2 پەیکەر لێیە، پەیکەر کۆنترین شاعیر و کۆنترین مۆزیکزانی ئەرمەن، بەناوەکانی (هۆفهاتیس تۆمانیان ساڵی 1868_1923) و (الکسندەر سبنداریان کە ساڵی 1871_1921)
لەپارکێکی نزیك گۆمەپانی کۆماری پەیکەری سیپان شاهۆمایان هەیە کە سایکۆلۆژیست و کۆمۆنیستێکی ئاکتیف بووە لەسەر دەمی سۆڤیەتی کۆن،

ساڵی 1878 لەدایك بووە، ساڵی 1918 مردووە کە ساڵێك بەسەر سەرکەوتنی شۆشی ئۆکتوبەردا تێپەڕیوە، پایتەخت واتە یەریڤان لزڕبەی شۆنەکان ئەدگار و پەیکەر و نسبی تیا درووستکراوە، ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەوان شانازی بەمێژووی خێیانەوە دەکەن و لەسەرەتای نووسینەوەی جارێکی تری مێژووی خێیانن کە بەشی زۆری بەهۆی جەنگە لەناوچوونە.

ڕۆژنامەی ڕێیا تازە

تاقانە ڕۆژنامەیە کە لەسەردەمی سۆڤیەتەوە بەردەوام و ناو بەناو دەرچووە، ئێستا بەهۆی ئەوەی حکومەتی ئەرمینیا هاوکاری ڕۆژنامەکە ناکەن، نە لەرووی دارایی و نە لەروی لۆجستی، بەناچار هەر چۆنێك بێت ناو بەناو دەردەچێت بەرنووسی لاتینی بەناو شۆوەزاری کرمانجی، ڕۆژنامەکە وەکو مرازێ جەماڵ باسی کرد، چوند کەسێکی کەمن هەوڵدەدەن نەوەستێت، ئەگەرنا بەهۆی نەبوونی دارایەوە نووسەری ئەرمەنی و تەنانەت کوردەکانیش بۆی نانووسن، هەر ئەوەندەی حکومەتی هەرێم ناو بەناو هاوکاری دارایمان دەکەن، ئەگەرنا تەنانەت بەهۆی نەبوونیەوە ڕێیا تازە نوسینگەشی نییە، ئەوەتا لەماڵی مرازێ جەماڵ دەردەچێت، ئەمە جگە لەوەی ئاسان نییە لەئەرمینیا دەستت بگات بەسەرچاوەی زانیاری بێ بڕاوکردنەوەی هەواڵ.

ڕادیۆی یەریڤان

1930ڕادیۆی یەریڤان کە ڕادیۆیەکی جڤاکی و حکومییە و لەسەردەمی ستالینەوە درووستکراوە و ئەوکاتیش بێ گەیاندنی هەواڵی هەمەلایەنی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ناوچەکە دانراوە، چونکە سنووری تورکیا و ئێران و عێراقە، لەکۆنەوە بەرنامەی خۆی پەخش کردووە و نەوەستاوە، گرینگترین هەواڵی جەنگ و ئابوری و سیاسەت و دامودەزگای حکومی و ئەدەب و کولتووری لێ پەخشکراوە و تائێستاش هەمان ستایلە، تاساڵی 1937 کە ستالین لەسەر حوکم بوو، بەرنامەی بەکوردی پەخش کردووە و پاشان ماوەیەك پەخشی کوردی ڕاوەستاوە، 1955 دیسان بێ ماوەی 2 ساڵ کاری کردووە و ساڵی 1970 خەلیل موراد ڕەشید سەرکایەتی کردووە، ساڵی 1981 کە بارزانی دەچێتە ئەرمینیا لەگەڵ ڕادیۆکە و دەسەڵاتدارانی حکومەت گفتوگۆ دەکات و ئەنجومەنێکی هەمەلایەنی کوردی درووست دەکەن بێ کۆشەی کورد لەو ناوچەیە، پاشان بارزانی دەچێتەوە بێ مۆسکۆ لەوێ داوا دەکات ماوەی پەخشی ڕادیۆکە زیاد بکرێت، ئەوەبووە کراوە بە سەعات و نیوێك، لەدوای ڕوخانی سۆڤیەت سەیدا ئەحمەد گوگۆ و پاشان ساڵی 1994

کەرەمێ سەیاد دەبێتە بەرپرسی بەشی کوردی تاساڵی 2016 کەرەمێ سەیاد کێچی دوایی دەکات و ئێستا تیتالی کەرەم کە کۆی کەرەمە، بەرپرسی بەشی کوردییە و پەیوەندی باشی لەگەڵ کوردستانی باشور واتە کوردستانی عێراق هەیە، وەکو خۆی گوتی چەند جارێك هاتۆتە کوردستان سلێمانی و هەولێر و دهۆك، کەسانی سیاسی و ئەدیبی کوردی باشور دەناسێت.
بەپێی قسەی خۆی چەندین جار سەردانی کوردستانی کردووە و لەنزیکەوە بەرپرسی حکومی و حیزبی بینیوە و بەشێکی هەواڵەکانی ئەو رادیۆیەش لەسەر دۆخی ئابوری و سیاسی کوردستانی عێراقە.

لەگەڵ بوونی ئەو پیاوانەی لە رادیۆکە کاریان کردووە، ژنان بێ بەش نەبوونە لەکاری میدیایی، وەکو پەیامنێر و بژەر ناویان لەمژووی ئەو رادیۆیە هەیە کە ئێستاش دەچیتە نێو رادیۆکە، چەندین ژنی میدیاکار دەبینی، بەڵام ئەو ژنانەی لەمژوودا ناویان تۆمار کراوە، بریتین لە گولیزار مانمێ و سیڤارا عەقدەکێ و نەزیف رشید، لەیلا ئەلیاس کە بژەر بوونە، سیما سیامەند و لوسیان موشێ و 3 ژنی تر ناویان هەیە.
سەبارەت بەوەی چۆن گرینگی بەئەدەب دەدەن، تیتاڵ گوتی هەموو ئەو شاعیرانەی لەمژووی کۆندا شیعریان نووسیوە و کتێبیان هەیە، شیعرەکانیان لە رادیۆ دەخوێنرێتەوە لەبەرنامەی ئەدەب و وێژە، هەر لەئەحمەدی خانی یەوە تادەگاتە شاعیری کوردی ئەرمنیا و شاعیرانی دیکەی پارچەکانی تر.
سەبارەت بەدەوری میدیاکاری کورد لەو جەنگانەی بەسەر ئەرمینیادا سەپێنراوە، میدیاکاری کورد لەو جەنگانەدا نەبوون، چونکە ڕێگە نەدراوە لەنزیکەوە زانیاری بەدەست بهێنین.

سەبارەت بەجیاوازی نەتەوەیی و ئێزیدی لەئەرمینیادا زۆر بەزەقی دەبینرێت، تیتاڵ گوتی ئێمە هەموو کوردین، بەڵام گروپێك لە ئێزیدییەکان هەن دژی کورد قسە دەکەن و زۆرجاریش مەراسیم و بۆنە ئایینی و نەتەوەییەکانی کورد تێکدەدەن، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە گوای لەکۆنەوە کوردەکان بەشدار بوونە لە جینۆسایدی ئێزدیدی لەگەڵ عوسمانییەکان، لەمدواییەش کە شەنگال کەوتە بەردەستی داعش، پێشمەرگە بەتاوان بار دەزانن، ئەگەرچی من پێموایە ئەمە خراپ تێگەیشتنە و هەقیقەتی نییە، بەڵام لەپشت ئەم لێدوان و تێواتینە هۆزی دژە کورد هەیە پاڵپشتی دەکات.
سەبارەت بەوەی لەو جەنگانەی لە ئەرمینیا و قەرەباخ رووياندا، چەند ڕۆژنامەنووس و میدیاکار کورژران، تیتاڵ گوتی تا ئێستا 1

ڕۆژنامەنووس کوژراوە، چەند کەسکی تر بریندار بوونە.
سەبارەت بە بەدەستهێنانی زانیاری و هەواڵ، تیتاڵ دەڵێ ئێمە لەڕگەی حکومەتی ئەرمینیاوە زانیاری لەسەر دیاردەکان و سیاسەت و ئابوری لە ئەرمینیا وەردەگرین، ئەویدیکەش لە سایتەکانی باشوری کوردستانەوە وەردەگرین، لێرە زۆر زەحمەتە زانیاری بەدەست بهێنین، چونکە رادیۆکە سەر بەدەسەاتی سیاسی حکومەتی ئەرمینیایە، کارمەندەکان لەژێر فەرمانی سیاسی ئەرمینیا کار دەکەن و ناتوانن لەدەرەوەی ئەو چوارچێوەیە کار بکەن.

جەنگی بەردەوام

لەکۆتایی زستانی 1992 هەموو ڕکخراوە نێودەوڵەتیەکان نەیانتوانی جەنگی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان ڕاگرن، بەهاری 1993 ئەرمینیا توانی ئەو ناوچانە بە کارباخیشەوە بگرێت کە دەکاتە 9% ناوچەکە، هەربۆیە زیاتر لە23000 ئاوارەی ئازەری و 80000 ئەرمەنی ئاوارە بوون، ئەوکات ڕوسیا بەهاوکاری لەگەڵ ئەورۆپا کەوتنە نێوەنگیری و ساڵی 1994 ئیمزا کرا،.
لەکاتێکدا لەجەنگی دووهەمی جیهانی ساڵی 1923 چەند جارێك کارباخ و ناگۆرا کەوتنە بەردەستی ئازەربایجان کە ئەوکاتیش ئیمبراتۆریەتی عوسمانلی پشتگیری دەکردن، ساڵی 1988 تاکو 1994 کە ئەرمینیا ئەو ناوچەیەی بەموڵکی خۆی دەزانی و لەگەڵ لیتوانیا و ئستونیا و لاتیڤیا سەربەخۆییان وەرگرت، ئیدی خەڵك دەنگیان بەوەدا لەژێر سایەی دەوڵەتی ئەرمینیا بمێننەوە، بۆیە زەویەکانی کارباخ و ناگۆرا کەوتنە بەردەستی ئیدارەی سیاسی و ئابوری حکومەتی ئەرمینیا، ئەوەبوو خەڵکی ئازەری و ئەرمەنی تێکەڵ بوون و هاوسەرگیریان کرد، بەڵام کێشەکە زۆری نەخایاند و بەچارەسەر نەکراوی مایەوە و جارێکی تر، لەساڵی 2020 جەنگەکە وەکو کۆنە قین سەریهەڵدایەوە و ئەمجارە هەموو هێزە نێودەوڵەتیەکان پشتیان لەئەرمینیا کرد و بەبەرژەوەندی ئازەربایجان کۆتایی پێهات، ناوچکەی کارباخ و ناگۆرا کەوتنە ژێر کۆنتڕۆڵی ئازەربایجان، ئێمە وەکو تیم ویستمان لەیەریقانەوە بچین بۆ سنووری ئەرمەنستان و ئازەربایجان و لەنزیکەوە ئاسەواری جەنگە و پاشماوەی ژیانی خەڵکی ناوچەکە ببینین، چونکە جەنگەکە لەو ناوچە سنووریانە ڕوویداوە، لەوێ چیرۆکی هەستیار و دڵتەزێن و ترسناك دەیبیستین، وەکو ئەوەی کەناڵە بەناوبانگەکان لەسەردەمی خۆیدا دیکۆمێنتاریان لەسەر کردبوون، بەڵام بەداخەوە حکومەت ڕگەی نەدا و نەمانتوانی بچین و هیچ زانیاریەکیشان پێنەداین، بەڵام لەدوورەوە خەڵکمان بینی کە

دانیشتوی گوندەکانی ئەو ناوچانە بوون.

ژنێك بەناوی ناشتا کوێکی وەکو جەنگاوەر لەبەرەی جەنگەکەیە و چیرۆکی سەرهەڵدانەکەی بۆ گێڕاوەتەوە، زۆر خەمی ئەو ناوچانەی بوو کە لەدەستدراون و یادەوەری لەگەڵ هەبوون، گوتی ناوبەناو نەبێت کە دانوستان یان ئاشتی بۆ ماوەیەکی کەم بەرقەراربووە لەنێوان هەردوو دەوڵەت، بەردەوام ئێمە ژیانمان لەنێو ژەرزەمین بووە و هەمیشە بەکاتی ژیاوین، چونکە هەمیشە چاوەڕێی سەرهەڵدانەوەی جەنگ بووینە دژی ئەرمینیا، بۆیە بەناچار بەشێوەیەکی کاتی ماڵ و حاڵ دروست دەکەین، بەشێکمان لەو ناوچانە ماوین و بەشێکمان لەپایتەختین، منداڵەکانمان دەنێرین بۆ یەریقان تاکو بخوێنن و سەلامەت بن و دووربن لەبیستنی دەنگوباسی ناخۆش و جەنگ و تەقە، بۆ خۆشمان پێگەیەکمان لەسنووری کاراباخە و حکومەت بەپێی توانای خۆی چارەسەری خێراك و دابین کردنی خێمە و پێداویستیەکانی دیکە دەکات، چونکە زەویەکانمان سەرچاوەی هەموو دارایی و ژیانمانە، هەروەها یادەوەریمان هەیە لەگەڵ ئەو شوێنانەی دەستیان بەسەردا گیراوە.

سمکۆ محەمەد

CiTYZEN
ՄԱՍՆԱԳԻՏՈՒԹՅՈՒՆՆԵՐԻ ՄԱՆԿԱԿԱՆ ՔԱՂԱՔ
ԸՆՏՐԻՐ ՔՈ ՄԱՍՆԱԳԻՏՈՒԹՅՈՒՆԸ
Հեռ. 010 620999, www.cityzen.am, ք. Երևան, Աճառյան 35



ناوی کتێب: شار” جەنگی جیاوازییەکان”.. نووسینی: سمکۆ محەمەد

ناوی کتێب: شار” جەنگی جیاوازییەکان”
نووسینی: سمکۆ محەمەد
بەرگ: پەپوولە یوسفی
نەخشەسازی ناوەوە: ناوەندی هۆشیاری مام و زین
تیراژ:٥٠٠ دانە
نەبەتی چاپ: یەکەم ٢٠٢١
نرخ: ٥٠٠٠ دینار

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

https://dengekan.info/wp-content/uploads/2021/06/SimkoMuhamad_Shar.pdf

ئیستاتیکا دیالیکتیکی ئەخلاق و زانست.. سمکۆ محەمەد

"ئەوەی دونیا رزگار دەکات. فەلسەفەی جوانییە" دایستۆفیسکی
"هیچ هەقیقەتێك بەبێ جوانی مانای نییە، هیچ جوانییەکیش بەبێ هەقیقەت نییە". ڕۆمانتیکییەکان

[بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن ....]

[بۆ داگرتنی کتێبەکە کلیکی ئێرە بکەن..
SimkoMuhamad_EstatikaDownload]

سمکۆ محەمەد دیوە نەگوتراوەکانی پشت دەقەکانی ئەحلام مەنسوور ئاشکرا دەکات..

دیمانە: ستار جەباری ـ کەرکووك

ئەم دیمانەیە کە لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووس سمکۆ محەمەد ئەنجام دراوە، تایبەتە بە قسەکردن لەبارەی ئەحلام مەنسوور کە ناوێکی دیاری ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردییە. ئەحلام لە 1/7/1951 لە خانەقین لە دایك بووە و لە 10ی کانوونی دووەمی 2013 لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە. بە بۆنە ی یەکی تەمووزە، لە ساڵوەگەڕی 69 ساڵەی لەدایکبوونی ئەحلام، دیمانەکە کراوە.
یاخیبوون باجی قورسی هەیە، بەتایبەتی لە دنیای کۆمەڵایەتیی کوردیدا باجی قورستری هەیە کە هەم ئاینی و کولتوور و هەم ڕەوشت،

نەخاسمە کارەکتەرە یاخییەکە لە رەگەزی مێ بێت، ئەحلام مەنسوور یان "ژنە یاخییەکەی ئەوەن" نووسەرێکی گەورە بوو لە فەزای ئەدەبی کوردی و لە رۆژنامەگەریدا ناسراو بوو ، هاوکات یاخی و بۆر و سەربەست و جیاواز بوو، چەندان دیوی شاراوەی لە دنیای نووسین و هەوراز و نشێو هەیە لە ژیاندا. پاش مەرگی ئەحلام، زۆر قسەوباسی جۆراوجۆر و هەڵبەستراویان بۆی داتاشی و کار گەیشتووەتە ئەوەی راستی و خەیاڵیان تێکەڵ و پێکەڵ کردووە، بێ نموونە بابەتی "ئەحلام و شیعری ماچی خودایی مامۆستا هەمن موکریانی"، شەفافیی لە هەڵسوکەوتی خۆی و کارەکتەرەکانی ناو بەرهەمەکانی و هەڵکاری دەرکەوتنی ئەحلام لەناو خوێنەرانی نۆرینە زیاتر وەك لە مێینە و عاشقبوون و هاوسەرگیری ئەحلام و کەمەڵك بابەتی تر، بێ یەکلاکردنەوەی راستییەکان، رووی پرسیارەکانمان ئاراستەی نووسەر و رۆژنامەنووس "سمکۆ محەمەد" کرد. چونکە ئەو هاوڕێی نزیکی ئەحلام بووە و راز و نیازی لای سمکۆ بەئەمانەت سپاردووە، بۆیە ئەو دەتوانێ پەردە لەسەر راستییەکان لابدات.

پرسیار: با لەویوة دەستپێبکەین ئایا ئەحلام مەنسوور بۆچی دەینووسی و بۆچی وەك پیاوان نەیدەنووسی؟

سمکۆ محەمەد: لەوەوە دەست پێ دەکەم کە بۆچی نووسەر دەنووسێت و بەتایبەتی بۆچی ژن وەك پیاو نانووسێت، سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین کە نووسین هەدەفە، بۆیە هەموو نووسەرێك بێ سەلماندنی بوونی دەنووسێت، ئەگەر ژن بێت و لە کەمەڵگەیەکی داخراودا بێت و بیەوێ یاخی بێت، پێویستی بەوەیە باجی کەمەڵایەتی بدات تا زیاتر بیسەلمێنێ کە هەیە، چونکە لە کەمەڵگەی داخراودا پلە دووی مرۆڤە، ئەحلام یەکێك بوو لەو ژنانەی لە سەرەتای گەنجێتییەوە باجی خۆی دا و خۆشی سەلماند.

ئەوەی کە مۆژووی نوێ بەمان دەگێڕێتەوە، ئەو ئەدەبە نییە کە لەڕی خەیاڵ و فەنتازیاوە گریمانەی پێشهاتە نادیارەکانی ژیان دەکات، بە پێچەوانەوە ئەوە واقیعە نووسەر ناچار دەکات خەیاڵ بکات بەواقیع، بێ نموونە ئەدەبی مۆدێرن وێنە و چیرۆك و پاڵەوانەکانی نەناسراون وەك ئەوەی لە میتۆلۆجیای یۆنان و هیند و میسر هەن، ئەحلام وەك کارەکتەرێك چونکە خۆی شەفاف بوو و بەوەش ناسرابوو کە هیچ ناشارێتەوە، هەروەها ئەو نەترسانەش بوو تخوبی ئەخلاقی کەمەڵگەی بەجۆهشتبوو، ئاوهاش پاڵەوانی چیرۆکەکانی ناسراو بوون و زۆر فشاری بێ نەبردوون و زیندانی نەکردوون و بەپێچەوانەوە دەستوانای کردوون، ئاخر هەندێك ڕۆمانووس هەن بە ئەنقەست گوایە گرێی دەروونی لەلای خوێنەر دروست دەکەن، پاڵەوانەکانیان لەناو ڕۆمان

دیل و کۆیله دەکەن که ئەمە لایەنێکی نەرێنی هەیە بۆ خوێنەرێك که لەسەر رۆمان یان دەق بنووسێ.
ئەحلام گەرەکی بوو نووسینەوەی مێژوو بە چیرۆکی واقیعی و پاڕەوانی واقیعی بسەلمێنێت، ئەو ژنێك نەبوو لەو ڕیزبەندییەی ژنان وەستابێت تا زمان پاوان بکرێت، بەپێچەوانەی هەموو ئەو کەسانەی تێی گەیشتبوون گوایە فکری فەمێنیستی لە مێشکدا بووە، بۆیا ناکەم ژنانی ناسراو و ناوداری ڕۆژئاواییش لەناو ئەدەبدا بەو فکرە کاریان کردبێت، لە ناو فارسدا فەرووخی فروخزاد و لەناو عەرەبیشدا نەوال سەعداوی و فاتیمە مەرنیسی و لەیلا عوسمان و هتد، خاوەنی ئەو گوتارە نەبوون، کەوابوو ئەوان لەگەڵ تێکشکاندنی بەهای شتەکان نەبوون، بەڵکو لەگەڵ دەق شکاندنی کولتووری و تێکشکاندنی نەریتخوازی بوون، ناسینی من بۆ ئەحلام دنیایەکی زۆر تایبەت بوو کە کاری ڕۆژنامەگەری یەکترناسینەکەی قووڵ کردەوە، لەوێوە کە ئاشنایەتیم بە نووسینەکانی کرد کە ئەوکات من هەرزەکار بووم، تاگەیشتە ئەوەی من پێگەیشتم و ئەو پیر بوو، بەڵام هەمان ڕیتم و ستایلی ئەدەبی هەبوو، بەڵام خەسڵەتی هەمان خەسڵەتی جارانی یاخیبوون بوو، بۆیە من نەمتوانی دوور بکەومەوە لێی وەك هاوڕێ و کەسێکی نزیکی و وەك دادەیەك، کەوابوو ناسینی من تا ئەو جێیە قووڵ بووەوە کە نهێنی ژیانی بەشێکی لەلای من دەدرکاند، وەك خێی بەتاڵ کردنەوە لەو شتانەی بە نووسین ناگوترێ، بەڵام لێرەدا بەکەڵکی خوێنەر نایەت تا لەو پنتەوە ئاشنایی هەبێت ئەوانە بگەڕێمەوە، ئەمە بۆ زەمەن و نووسینەوەی یادەوەری خۆم بەکار دەهێنم، چونکە ناکرێ ئەحلام وەك کەرەستە یان کارتێك بۆ خۆدەرخستن و بازرگانی لە ئەدەبدا بەکار بهێنین، ئەوەچ لە ڕێی کتێب و نووسین و چاوپێکەوتنەکانی لەڕێی یادەوەرییەکانی خۆیەوە شوێنێك هەیە وەك وێستگە بۆ ناسین و ئاشنایەتی بە خوێنەر، نموونەی ئەو نووسینانەی کە وەك ستوون لە هەفتەنامەی ئاڵای ئازادی و ڕێگای کوردستان بۆم بۆاو کردووەتەوە. هەروەها ئەو دەقانەی کە هاوشانی عەتا محەمەدی چیرۆکنووس پێیدا دەچووینەوە.

پرسیار: پرسیارێکی بەردەوام هەیە، ئەویش بۆچی ئەحلام لەناو خوێنەرانی نێرینەدا زیاتر دەرکەوتووە؟

سمکۆ محەمەد: من بە پێچەوانەوە دەیبینم، چونکە ئەوە نووسەری مێینە نییە کە لە ناو ئەدەبی نێرینەدا دەردەکەوێ و بە پێچەوانەوە لەناو مێینە دەرناکەوێ، بەوپێیەی ئەدەب و کایەکانی تر کە سەرجەمیان چالاکی دەرەوەی چالاکییە ئاسایەکانی ڕۆژانەی

ژیانی مرۆڤ، گوتارەکەی بەدەست نەرینەوە بووە و هەر ئەوان ئاراستەیان کردووە، لەحاڵێکدا ئەم تێگەیشتنەش کە ناوی نراوە خودنووسینەوە، لە زۆربەی تێکستەکاندا دیار نییە، ئەمە بەنیسبەت ئەدەبێك کە ناوی ژنانی لێ نراوە، وەرانترە، چونکە خودنووسینەوە ئەو تێگەیشتنەی لەلای ژنان دروست کردووە کە لەجیاتی خودێتی خۆی، جەستەی خۆی نووسیوەتەوە و وەك کاڵایەك و ریسککردن لەو سانسۆرەی کە ڕێ لە بەکاڵابوونی دەگرێت لە ئاستی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، چونکە پیاو بەو شێوەیە تەماشای ئەو جۆرە خودنووسینەوەیە دەکات، بەوپێیەی کە کێدی ئەو نووسینانە لەوێوە ئاشکرا دەبێت، کاتێك واتای ئەو نووسینانە دەبێتە مایەی ڕاکێشانی خوێنەر لەڕێی جەستەوە، ڕوونتر بڵێم ئەو نووسینانەی کە بەزمانێك ئاراستەی پیاو کراوە و لە وێنەی سێکسی بەولاوە هیچی تر نین، بۆیە جگە لە پیاوان، لە دنیای ئەدەبدا ژن نییە بەدەقی ژنێکی تر سەرسام بێت و خوێندنەوە بێ دەقەکە بکات، ئەمە جگەلەوەی کە تەنیا پیاو لە ئەدەبی کوردیدا خوێنەری دەقە بەمانا تیۆرییەکەی، ئەم فەزایەش کارێکی وەهای کردووە کە دەقی کوردی چ شیعر و چ ڕۆمان و چ چیرۆك و هتد مانایەکی نۆمان پێ نەبەخشێ، یان لانیکەم نەتوانێ ریسك بکات و دوور بکەوێتەوە لە دەقی بیانی، ئەمە سەروکارمان لەگەڵ ئاراستەی دووەمی ژنێتی هەیە و بێ دەست بەسەرداگرتنی ناسینی هۆیەکانی هەقیقەت، پیاو دەبێ ژن بێ، دیارنیزمی نیچە هەم ژنە و هەم پیاوە، بوونەوەرێکی دوو ڕەگەزەیە کە بەر لە پەیدابوونی بەرامبەرێتی دووانی ژن و پیاو هەبووە، هەموو ئەو ئەدەبەی کە کورد و فارس و عەرەب و پشتریش ڕۆژئاواییەکان هەیان بووە، کارەکتەرە سەرەکییەکەی مێینە بووە، چونکە گوتاری تەواوی کایەکانی ژیان بەتایبەتی ئەدەب بەدەست پیاوانەوە بووە، بۆیە پیاهەڵدان و کارەکتەری سەرەکی ژن بووە، ئەوەتا شکسپیر لە ڕۆمیۆ جوڵێت و عشتار، لە هەزار و یەك شەوە و کورد و فارس لە خورشید و خاوەر و شیرین و فەرهاد و هتد. ئەحلام بە پێچەوانەی هەموو ئەو ژنانەی کە گوایە ژنانە دەڤوانن کێشەی ژن و یەکسانی، بۆای وابوو یەکسانی ژن و پیاو بریتییە لەوەی کە ژنان ئاگاداری دۆخی دەروونی پیاوانەی خۆیان بن کە بەشێکە لە جەوهەری دیوی ناوەوەی ژن، بۆیە کارەکتەری سەرەکی لەلای ئەحلام کارەکتەرێك بوو ناوی "سافیە" بوو، هەروەها پیاوانیش بەو شێوەیە ئاگاداری دۆخی ژنانەی ناوەوەی خۆیان بن کە لایەنێکی دەروونییە، ئەمە لە فرجینیا وۆلف فڕ بووبوو، ژنان بەو پێیەی کە جێی سەرنجی پیاوانن، هەمیشە ئەدەبەکەشیان ڕۆی نووسەرێکی پیاوانەی پێ دراوە و ئەو مەرجانەشی بەسەردا فەرز کراوە، لەکاتێکدا ئەگەر ژنان وەك پیاوان بیانووسیایە و

خەسڵەتیان وەك پیاوان بووایە، مەزنێتی ژن و جیاوازییەکانیان لە کۆ دەردەکەوت لەگەڵ پیاودا، بۆیە ئەو هەڵاتنە لە شوناسی ژنێتی لەلای ئەو، وەك هەڵاتن لە مرۆڤبوون وابوو، بۆیە ئەم تێواینە جیاوازی هەبوو، چونکە ئەو زووتر گەیشتبوو بەو پشکەوتنەی رۆژئاوا.
ئەگەرچی بزووتنەوەی فەمینیستی بەقینێکی زۆرەوە سەرهەڵدەدات تا پرسی یەکسانیخوازی پیاو و ژن لەدوای سەدەی 20 دەبێ بە ستایلی ژیان، لەناو ئەدەبی رۆژهەاتی و عەرەبی و فارسیش بەو شێوەیە بووە، ئەحلامیش کە سەرەتا چیرۆکی (پرد)ی نووسی و دەنگی دایەوە و گرێیەکی دەروونی بۆ خۆنەر لەناو نۆرینە و مێینەشدا دروست کرد، چونکە کارەکتەری پاڵەوانەکەی ژنێکی یاخی بوو لە ئەخلاقی سەپێنراوی کەمەگە، پاڵەوانێکی یاخی بوو بارگاوی بە سێکس، چیرۆکەکەش بابەتێکی سێکسییە بۆیە پیاو دەیخوێننەوە و سەرسام دەبن پێی، بەو پێیەی کێشەی ژن کە کێشەی کەمەگەیە، بابەتێکی هەمیشە زیندوو بووە و تا ئێستەش زیندووە، نووسینەوەی چەپاندنی سێکسی لە گوتاری پیاوانەدا جێی کراوەتەوە، بەڵام ئەحلام ئەمەی نەکردووە بۆ ئەوەی بناسرێت، یان لەڕێی ئەم جارە بابەتەوە ببێتە کارەکتەرێکی چالاك، بەڵکو زیاتر لەوانی تری مێینە ریسکی کردووە، بۆیە بەمشێوەیە دەستی بۆ ئەدەب بردووە، تا گوتاری پیاوانە هەبسەنگێنێ و دواتر لەڕێی سێکسەوە دەق بشکێنی کە یەکێکە لە پیرۆزییەکانی کەمەگە، تا ئەوکات ژنێکی وەها دەرنەکەوتبوو بەو ستایلە کار بکات، رەخنەگرتنەکەشی هەر لە گوتاری پیاوانەیە کە مامەڵەی خراپ و ناشایستە و نامەدەنییانە لەگەڵ ژن دەکەن کە ئەمە بەرهەمی گوتاری ئاینی و کولتووری داخراوی کەمەگەی عەرەبی بوو بۆ کورد مابووەوە.
پرسی سەرشێوی پیاوان کە دوو مانا و دوو رەهەندی هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە پیاو بەو مژووە ستاندالەی رابردوو ژیانی هێناوە و یەك ستایلی دەقگرتووی ژیانی بینیوە، بۆیە سەرشێوی بۆ پیاوە باکان و ئاغا و سەرۆك و پیاوی ئاینی وەك شێخ و مەلا و هتد، بۆ ماوەیەکی کەنی کولتووری عەرەبییە، ئەمە پلەبەندی ژیان بووە کە شتێك نەبووە بە ناوی یەکسانی، رەهەندەکەی تر پرسی چەپاندنی سێکسی بووە کە پیاو هەمیشە وەك ئەحلام دەێ سەرشێوی ویستێکی غەریزیی بووە کە ژن تاکە هۆکاری دامرکاندنەوەی ئەو غەریزەیە بووە و لە هەمان کاتیشدا مەترسی و قەدەغە ئەخلاقییەکە بووە، جیاکاری نێر و مێ تا ئێستەش بەو فەزا بەناو کراوەیەی هەیە و بەو هەموو یاسایەوە کە لە خزمەت ژنانە، بەو هەموو خۆ بچووککردنەوەیەی پیاو لە بەرانبەر سێکس و دواتر کردنی ژن و سێکس بە پێویستی بازاڕی وەك لەلای چاوبرسی و مۆبازەکان هەستی پێ دەکرێت، تەنانەت لە بەیەکگەیشتنی کۆ و کچیش

بەحەڵی هەمان مانای وەرگرتووە، مارەیی و زۆر قبووڵکردن وەك پاداشتی سێکسی لەلای ژنان و بە ئیفتیخارەوە، یەکێك لە ماناکانی بە کاڵاکردنی ژنە، کەوابوو چارەسەری ئەو جیاکارییە بۆ منیش هیچ یەکسانیخوازی چارەسەری ئیشکالی باری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگەی دواکەوتوو ناکات، ئەحلامیش خاوەنی هەمان تێوانین بوو بۆ ژیان و سێکسێك کە خەڵك بەو چاوە تەماشای دەکرد. ئەگەر مافی هاووڵاتی بەبۆ لەبەرچاوگرتنی رەگەز نەبێتە ستایلی ژیان، ئەم تێواننە تا ئەبەد بەردەوام دەبێت و گرێی دەروونییەکەش ناکرێتەوە، بەڵام ئەگەر وای دابنێین ئەحلام بۆهیمی و خەیاڵی بووە، نەخێر کەسێکی زۆر واقیعی بوو تا ئاستی بۆابوون بە نووسینەوەی چیرۆکی ژیان وەك خۆی و هەندێك جاریش نائاگایانە دەبوو بە کەسێکی ئیدیالیستی، تەنانەت لەگەڵ عەتا محەمەدی چیرۆکنووس هەمیشە ئەو کێشەیەیان هەبوو کە ئەحلام بە ستایلی کلاسیکی دەینووسی و بۆای بە واقیعیبوون هەبوو، نەك دروستکردنی خەیاڵ و پاڵەوانی وەهمی و پشتبەستن بە نەریتی نوێخوازی.

پرسیار: ئایە ئەحلام داهێنەر بوو یان لە ژنە پێشەنگەکان؟

سمکۆ محەمەد: لەبارەی چەمکی داهێنان و نووسەری داهێنەر، ئەگەرچی خۆم بۆای تەواوم نییە بە تێرم یان زاراوەی داهێنەر، بەڵام بۆچوونی تایبەتی خۆم هەیە و لە شوێنی تر قسەی رژد و میتۆدیم لەسەر کردووە و بۆاو دەبێتەوە، بەڵام نەمزانیوە ئەحلام وەك تەکنیکی کاری نووسین و ئەدەبی نوێ داهێنەر بووبێت، چونکە زاراوەی داهێنەر قورسە و پڕەنسیپ و مەرجی خۆی هەیە، داهێنان بەرهەمهێنانی چەمکە و خوێقاندنی شتی نەبووە لە توانای کەسیدا، ئەمە دەڵێم پشت بەو تێکستانە دەبەستم کە خۆی نووسیونی، وەك پێشتر باسم کرد ئەحلام کلاسیکییانە و سوننەتییانە دەینووسی، تەنیا ئەوە نەبێت کە هەندێك جار موبالەغەی بە گێڕانەوەی قسەی پاڵەوانەکان و زەمەنی رووداوەکانەوە دەکرد، ئەگەر نا ئەو نە وەك ژن و لەسەریدا بیرکەیەك هەبوو بۆ ئازادی تا بەگشتی هەوڵی بۆ بدرێت، چونکە بۆای بە ویستی تاك هەبوو خۆی رزگار بکات و ئازاد بێت، تا ئەو ئاستەی زۆر سەرسام بوو بەو شیعرەی نەزار قەبانی کە بەژن دەڵێ، ئەمە وەرگێڕانە کوردییەکەیەتی و بەعەرەبییەکەی کێش و سەروای تێدایە و داشتنەکەی جیاوازە، "مەوەستە وەك بزمار، خۆشەویستی یان ناخۆشەویستی هەبژێرە، شوێنێك نییە لە نێوان بەهەشت و ئاگر". تەنانەت ئەم شیعرەی بە زۆربەی خۆزانی برادەرەکانی دەگوت، مەترسە بەرانبەر پیاوەکەت راوەستە، کەوابوو ئەو بەدوای حەزی خۆیەوە

نەبوو لەناو ئەدەبدا، بگرە ئەوەندەی بۆوای بە شتێشی کۆمەڵایەتی هەبوو، بۆیە بۆوای بە واقیعبینی بوو و هیچی تر، من هەرگیز نەمبینیوە یان هەستم نەکردووە ئەحلام بۆ داهێنان بنووسێ، بەکو بۆ ئازادی و پچڕانی زنجیری کۆیلایەتی دەینووسی.

پرسیار: جیاوازی ئەحلام چی بوو لە نێوان ژیانی واقیع و نووسینەکانیدا؟

سمکۆ محەمەد: لەبارەی جیاوازیی نووسەر و ژیانی واقیعی، (هیلیس میلەر) کە نووسەرێکی بەناوبانگی فەنسییە، کتێبێکی بەناونیشانی (اخلاقیات القراءە) هەیە، لەوێ ئەو لە نێوان نووسین وەك دەق و کەسایەتی نووسەر جودا دەکاتەوە، ئەمە لەلای "رۆلان بارت" یش بەهەمانشێوە لەبەرچاو گیراوە کە دەق هیچ پێوەندیی بە ئەخلاق و فەرهەنگی کەسێتییەوە نییە. بەڵام خاڵە بزربووەکەی ئێرە چییە، ئەوەیە کە ئەحلام هیچ خێی لەپەنای دەقدا حەشار نەدەدا، رووداو و چیرۆکەکانی کە لە خەیاڵدانیدا تێماری کردبوون، چۆن بوو وای دەنووسی و لەژیانی رۆژانەشیدا بەهەمانشێوە رەفتاری دەکرد، بۆوای بە کولتوور و ئاین و کەسی پلەباڵا و نزم و ژن و پیاو نەبوو، ئەو هەرزوو کە ماڵی باوکی جێدەهێشت و لە خانەقینەوە دەچێتە بەغدا بۆ خوێندن، بەتەنیا دەژی و ناترسێ لەو هەڵە نەریتخوازییە ئاینییەی کۆمەڵگە، دوای ئەوەش کە دەچێتە فەنسا بۆ خوێندن و گەشت، کراوەتر دەگەڕێتەوە و درێژە بە ژیانی فەردی و نووسین و باری کۆمەڵایەتی خێی دەدات، تا قەناعەت بەوە دێنێ لەگەڵ (شەوقی کەریم) چیرۆکنووس و کەسێتی ناسراوی عەرەبی کە لە بەغدا دەژی، هاوسەرگیری دەکات، شەوقی کەریم جگە لەوەی نووسەر بوو، ئۆپزسیۆنێکی عێراقی بوو، ئەو لەو روانگەیەوە شەوقی دەناسێت و لە هۆتێل شیراتێن نزیك دەبنەوە و هەر لەوێ هاوسەرگیری دەکەن، دوای ئەوەی ماوەیەکی باش بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە پێکەوە دەژین کە پێ بووە لە ناکۆکی و شەوشێی کۆمەڵایەتی، سەرەنجام کە شەوقی لەلایەن بەعسەوە دەگیرێت، ئەحلامیش دەچێت لە گرتووخانە بەیاسایی جودا دەبێتەوە و داوای هیچ مافێکی لێ ناکات، پاشان بە هێی خراپی بارودۆخی زاتی و بابەتی لە عێراق، بەناچار هەدەت بۆ سلێمانی و لەوێ دەست بەژیانێکی نوێ و نووسینی کاری رۆژنامەوانی دەکات، سەرەتاش هات بۆ هەفتەنامەی هاووڵاتی و لەوێ بەکێی دەنگ وەك ئەندامی دەستەی نووسەران هەڵمانبژارد و تا ماوەی نزیك بە هەشت ساڵ مایەوە و دواتر دوور کەوتەوە.

پرسیار: بۆ نووسینی رۆمان لەلای ئەحلام نەبووە ململانێی لە نێوان

مەدەرن و سوننەتیدا؟

سمکۆ محەمەد: مەدیرنیزم و دابڕان لەو رابردووە کە لە ئەوروپاوە هات و ستایلی نووسینی ئەدەبی گۆڕی، پێویستی بە دابڕانێکی فکری هەبوو، واتە دەبوو هەر لەڕێی زمانەوە تا دەگاتە پێکهاتەخوازی و شێوازخوازی و هتد، ئەمە بۆ ئەحلام قورس بوو چونکە زەوینەی فکری نەبوو لە ڕابردوودا خۆی بۆ ئامادە کردبێت، بەڵام چونکە ئەو بەواقیعی مەدەرن بوو و نەدەترسا لەوەی گومان لە نوخوازیبوونی خۆی بکات و گوێی بە قسەی خەڵکیش نەدەدا، بەقەد ئەوەی کە لەڕێی نووسینی ئەدەبییەوە یادەوەرییەکانی منداڵی و هەرزەکاری و تا دابڕانی خۆی لە کەمەگە و خێزانی کوردەواری دەنووسییەوە، بەڵێ لە کتێبی (گرەوی چاوەکانی ئەم)دا کەستی (سافە) واتە سافیناز کە کەستییەکی ژنی یاخی خانەقینی بووە و لەگەڵ پیاودا هەڵسوکەوتی کردووە و قاچاخچێتی و ئەمدیو و ئەودیوی ئێرانی کردووە و بەتەنیا ژیاوە، بەکاری هێناوە کە خۆنەر نەتوانێ سافە بدزێتەوە وەك کارەکتەرێکی واقیعی، تەنانەت بۆ خەڵکی خانەقینیش شاراوەیە، چونکە جوان تەوزیفی کردووە، بۆیە بووە بە پاڵەوانی هەرە دیاری نووسینەوەی ئەو یادەوەرییانەی کە نەیدەتوانی بیانشارێتەوە لە دەرەوەی ئەدەب، هەمیشە لە گۆڕانەوەی چیرۆك و ئیدیامەکانی خانەقین، کەستی سافە کە ناوە ئەسڵییەکەی سافیناز بووە، خۆ دوورخستنەوەشی لە سنووری ژنێتی باو، کاریگەرێتی ئەو ژنە یاخییانە بووە کە لە خانەقین هەبوون و بۆ ئەحلام بەشۆك بوون لە چۆڕ بەخشین کە چیرۆکەکانی دەگۆڕایەوە وەك ئیدیامێکی ناسراو بە قاقاوە دەیگۆڕایەوە، بۆیە ئەو کارەکتەرانەی هەڵدەبژارد، چونکە ئەوان یاخی بووبوون لە نەریت و ئاینی کەمەگە، هەر ئەمەش بوو کە لایەنگری ئەوانی دەکرد، ئەمە لایەنە واقیعبینییەکەی بوو، پیاوێکی تری هەڵاج هەبوو کە هەمیشە نوکتە و چیرۆکەکانی دەگۆڕایەوە و تەوزیفیشی کردووە لە ئەدەبەکەیدا، ئەویتر کە ئەدەب و نووسین و هونەر بوو، پرسی شێوازی گۆڕانەوەی ئەحلام بوو لە کەسی یەکەمی تاکەوە بۆ کەسی دووەم و هەندێك جار کەسی سێیەمی تاك، هونەر لەلای ئەحلام بۆ نووسین دووەمین بیرکردنەوە بوو، چونکە ئەو خەمی دیکەمۆنتارکردنی واقیعەکان بوو زیاتر لەوەی خەمی هونەری هەبێت، بەڵاستی ئەمە لایەنە نەرێنییەکەی نووسینی ئەحلام بوو لە ڕماندا.

پرسیار: ئەی بەرای تۆ نەوەی پاش ئەحلام چۆن دەتوانن شوێن پێی ئەو هەڵبگرن؟

سمکۆ محەمەد: راستییەکەی هیچ ژنێکی یاخی وەك ئەحلام لەناو کورددا

دووبار نابێتەوە، چونکە نواندن و واقیع دوو شتی جیاوازن، من نەوەیەك نابینم بەناوی نەوەی پاش ئەحلام، نە لەناو واقیعگەرایی و نە لەناو خەیاڵ، چونکە ژیانی ئێستە زیاتر بارگاوی کراوە بە گوتاری ئاینی و بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، خوێندکارێکی کچ ئەگەر بیەوێ یاخی بێت، ناتوانێ سەرەتا لەناو کۆمەڵگە تەریك بێت و خۆی رزگار بکات لە سانسۆرەکان، ناتوانێ خۆی لە بەرژەوەندخوازی خوێندن و پلە و پایەی سیاسی و راگەیاندن و خوێندن و پاراستنی جوانییەکانی خۆی وەك کاڵایەك، ناتوانێ خۆی بپارێزێ لە سیاسەت و بەرژەوەندی حزبگەرایی کە نە حزبیان هەیە و نە دەزانن حزب چییە، ناتوانن ببن بە خەیان، ئەحلام ئەو سنوورانەی بڕیبوو، ئەوە باجی قورسی دەوێ و کەسی هاروهاجی گەرەکە، ئەمە جگە لەوەی کە نەوەی ئێستە نەوەی ئایفۆن و کەوانتەر و ماڵ و ماشێنی بەرز و زۆن، نەك نەوەی دەقێکی باڵا و خاوەن کەسایەتی، ئەوان ناتوانن بەتەنیا سەر بکەون بێ شوێنی بەرز، مەگەر بە هێزێکی کۆمەڵایەتی یان ئابووری و پشتێك سەری بکەون.

جیاوازی نێوان نەوەی کۆن و ئێستە ئەوەیە کە پێوەندیی بە زەمەن و بیرکردنەوە لەگەڵ زەمەنی لەدەستچووی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی رابردوو هەیە، چونکە نەوەی ئەم زەمەنە بۆای بە بەها و یادەوەری نووسینەوە و ئەرشیڤکردن نییە، هەر کە دابڕا لە تەکنۆلۆجیا، ئیتر لە زەمەنی بەر لە چەند خولەکێکی پێش خۆی دادەبڕێت، بۆیە ئەم نەوەیە ناتوانێ ئەزموون بە داهێنانەوە دووبارە بکاتەوە، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی خودێتی خەیانیشە، بۆیە هیچ ململانێیەك لە نێوان ئەو دوو نەوەیە نابینم، جا چ جای کەسێتییەکی وەك ئەحلام کە لە نەوەی خۆشی کەس نەیدەتوانی پشبەکێی بکات، راستە کەسانی وەك بەدیعە دارتاش و گەزیزە عومەر و کوردستان موکریانی و نەجیبە ئەحمەد و دکتۆرە عەقیلە رەواندزی و شوکریە رەسوول و شیرین کاف و ئەرخەوان و خەکی تر هەبوون، بەڵام ترس لە داهاتوو، قورستر بوو کە ئێستەش قورسە بەقەد ئەو پێوەرە ئاینی و کولتوورییە.

پرسیار: ئەدەبیاتی ژنان تا چەند رەنگدانەوەی هەیە لە بەرهەمەکانی ئەحلامدا؟

سمکۆ محەمەد: بە بۆای من شتێك نییە بەناوی ئەدەبیاتی ژنان وەك ئەوەی پێشتر چەپی کلاسیکی و کۆمۆنیستە ئیدیالیستەکان، پێیان دەگوت ئەدەبیاتی کرێکاری، پرسی داهێنەریش باسکی گرینگی ناو فکر و فەلسەفەیە، شتێك نەماوە لە دنیا و لە سەرجەم کایەکاندا بەناوی داهێنان، چونکە داهێنان بەواتای بەرهەمهێنانی چەمك، وەك

چەمکەکانی شیتەگەرایی یان ئەخلاق یان ئازادی، مەبەست لەوەیە کە چەمکێك بێت فرەمانا بێت، بۆیە لە ئەدەبیاتیشدا ئەو کێشەیە هەر ماوە، چونکە بابەتەکە لەسەر ستایل و شێوازی نووسینە، هەموو ئەو نووسینانەی لە دنیادا بەهەموو زمان و کولتوورەکان دەنووسرێنەوە، یەك ئامانجی مرۆڤی و یەك کێشەیان هەیە کە کێشەی کێمەڵایەتی و سیاسییە یەخەی مرۆڤی گرتووە، بۆیە نە ئەحلام و نە کەسانی تریش داهێنەر نەبوون تا کەسی داهێنەری وەك ئەلتەرناتیڤی ئەحلام بێتە کایەکەوە، دەکرێ بڵێین کێمەگەی کوردستانی پێویستی بە کەسانی بە بوێر و خاوەن کەسایەتیی خۆیانە، تا لەناو ئەدەبیاتدا بچوون و تێگەیشتنیان لەبارەی ژنەوە هەبێ، لەکاتێکدا ئەدەبیات بەبۆای من کێشەی کێمەڵایەتی چارەسەر ناکات، تەنیا دەتوانێ دیالێگی تێدا بەرهەم بهێنێ لەناو زمان و کولتوور و خوێندەوارداا. ئەمە دەبێ لە ئاستی کێمەڵایەتی رەنگ بداتەوە لە نەوەیەکەوە بێ نەوەیەکی تر مانایەکی جیاواز وەربگرێت، وەك چۆن ئازادی و ئازادییەکانی تاك لە نەوەی رابردوودا بریتی بوو لە سیاسەت و رزگاری نیشتمانی و نەتەوەیی، ئێستە بریتییە لە ئازادی تاك و خۆشگوزەرانی، ڕشنبیری کوردی کێشەی زۆری سایکۆلۆجی تێدایە پێویستی بە ئەدیب نییە بەقەد ئەوەی پێویستی بە زانای سایکۆلۆجی هەیە، چونکە دەبێ ئەو گرێ دەروونییانە خوێندنەوەیان بێ بکرێت و دواجار بکرێت بە لێکدانەوەی ئەکادیمی بخرێنە بەرباس، چونکە نووسین تەنیا ئامانجی ئەوە نییە باسی کێشە بکەیت، بەڵکو ئامانجەکەی تری خوێندنەوەی سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجییە، وەك چۆن هێمیرس و ئەدیبە کلاسیکییەکانی یۆنان و شکسپیری ئینگلیز، هاملێت و گرێی ئۆدیب لە شانۆ و لە سیاسەتدا کە فرۆید و مارکس هەریەك بەشێوەیەك موناقەشەیان کردووە و لە تێزەکانیاندا رەنگی داوەتەوە، دەبینین لێرەدایە نووسین و داهێنان لە نووسیندا چ فەزایەکی لە دەرەوەی فەزای ئاسایی کێمەگەدا خوڵقاندووە و لە کوێدا رەنگی داوەتەوە، بۆیە داهێنان کاتێك دەبێ کە دەسەڵات و سیستەم بهەژێنێ، نەك تەنیا بێ لێکدانەوەی موجامەلەیی کە تەنیا بێ زانکۆکان بەکەڵك دێت بێ تەرقییە و بەرزکردنەوەی پلەی ئەکادیمی.

من داهێنان لە ئاستی جیهانیدا وادەبینم و لە ئاستی لۆکاڵی کوردستانیشدا بە گەورەتر لە خۆی نەك لەناو ژناندا بەکو لەناو پیاوانیشدا، ڕژهەڵاتی ناوەڕاست کێلەی چەندان هێزی دیار و نادیاری کولتووری و ئاینی و سیاسی و فەرهەنگی و هتد، ئەوەندەی من بزانم ئەحلام ئەمانەی وەك داتا دەزانی، بەڵام نەیدەتوانی وردی بکاتەوە و تەوزیفی بکات و لەناو نووسیندا رەنگ بداتەوە، ئەمە

غەدر نییە، بەکو راستییە، ئەم حالەتە بۆ تەواوی ژنەکانی تری ئەدیبیش وایە کە دەنووسن، چونکە ناتوانن قووڵتر ببنەوە لەوەی کە سیاسەت و سیستمی دەسەڵات و پیاو تەماشایان بکەن وەك کاڵا، بەداخەوە ئەوان خۆشیان لە شوێنکدا بەهۆی کێلەبوونیان بەدەستی غەریزەی چەپێنراوی ژنێتییەوە و یان بەدەستی پلە دوویانەوە، بوون بەکێلەی کەمالیات و پارە و ماڵ و موڵکك کە لە کێلەبوونی پیاو و ماڵ و زێڕ و منداڵەوە کێ کراوەتەوە.
داهێنان کۆشەی هەرە گەورەی بەشەرییەتە لەسەر کێی زەوی نەك ژنان و ڕۆشنبیری کوردی، بەڵام ئەگەر بمانەوی کەسێکی تری وەك ئەحلام بەرهەم بهێنینەوە، ئەوا پێویستمان بە شێکی کەمەایەتییە کە دەبێ بگەڕێینەوە سەدەی رابردوو کە هەم ململانێی سیاسی و ئابووری لەو ئاستەی ئێستە نەبوو لە سەرانسەری دنیا، هەم مرۆڤ خۆی نەبوو بە کێلە و ملی نەدابوو بە هەموو ویست و غەریزە بچووکەکانی خۆی، هەم ئیرادەی مرۆڤ لە شوێنکدا بەهای مابوو، ئەحلام کەسێك بوو کەمتر نەبوو لە نەوال سەعداوی و فاتیمە مەرنیسی و فەروخزاد و ئاریانا ڤاڵاجی و دەیان ژنی ناسراوی تری دنیا، بەڵام ئەوان خاوەنی شوناسی نەتەوەیی و خاوەن کەمەگەیەك بوون بەرگری لە کەرامەت و بەهای کولتووری خۆیان دەکەن، لەوێشەوە بەرگری لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی خۆیان دەکەن و کەسایەتییەکانیان دەخەنە بەردەم گەڕپی گەشی ڕاگەیاندنی ڕاستگۆ نەك ڕکلام.
ئەحلام بەهۆی ئەوەی بیرکردنەوەی جیاواز بوو لە زۆربەی حزبە کوردییەکان کە خاوەنی ڕاگەیاندن بوون، پشتگوێ خرا، بەمەش هیچ هیوایەك نەماوە کەسێکی وەك ئەو دروست ببێتەوە، لەناو ڕۆشنبیریی کوردیشدا بەتایبەتی کە گوتارەکەی بەدەست پیاوانەوەیە، ژن هەمیشە لە بەردەم تەشهیر و قسەی ناشیرین و هەڕشە بۆ ناوزڕاندنی، چونکە پیاوانی کورد بەتایبەتی ئەوانەی لەناو ڕاگەیاندنن، تەنیا لەناو چوارچێوەی سێکس تەماشای ژنان دەکەن، بۆیە بوارەکە بۆ ئەوان بەرتەسکترە.

کێتا پرسیارم ئەوەیە بەناوی ئەحلامەوە بابەتێك بۆاو کراوەتەوە گوایە هەمن موکریانی شیعری " ماچی خودایی" بۆ ئەحلام نووسیوە؟

سمکۆ محەمەد: ئەو چیرۆکەم خوێندەوە. هەستم کرد ئەحلام مەنسوور ناناسم و لە دووڕەوە ناسیومە. چیرۆکەکە تەواوی هەڵبەستراوە. ئەحلام بۆی گێڕاومەتەوە کە هەمن لە هۆڵی ڕۆشنبیری لە شاری بەغدا شیعری خوێندووەتەوە. ئەویش دوای تەواوبوونی کێڕەکە. چووەتە سەر شانۆکە و ناو دەمی مام هەمنی ماچ کردووە. لەوێوە برادەرایەتییان

تووندوتۆ دەبێ. بەڵام ئەحلام نە ئەو شیعرەی بەوە دەزانی بۆی نووسراوە و نە هەمن بۆ ئەوی نووسیوە. ئەحلام پێوەندی لەگەڵ کەسێکی تری ئەدیب هەبوو، بۆیە ئەوە هەبەستراوە و لە خۆا نووسراوە و هیچ دیکۆمێنتێك نییە. مەگەر ئەحلام خەڵەفابێت ئەوەیان پێ کردبێت. ئەگەر نا ئەوەم نەبیستووە لەو ژنە. چیرۆکی تری هەیە لەگەڵ شەوقی کەریم کە چیرۆکنووسی عێراقییە و ئەوە کاریگەرترە کە پێشتر ئاماژەم پێ داوە، خەڵك لەخۆیەوە قسە دەکات. نان و پیازی پێوە دەخۆن.
*واتە " ڕۆشتەکانی خوێندنەوە.
.....

پرۆفایلی نووسەر و شاعیر و لێکۆڵەر "سمکۆ محەمەد":

ساڵی 1969 لە گۆڕەکی تەپەی مەلا عەبدوڵا لە شاری کەرکوك لە دایك بووە و نزیکەی 30 ساڵە لە بواری نووسین و ڕۆژنامەوانی کار دەکات چەندین جار کاری ڕۆژنامەوانی کردووە وەکو سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسین و دەستەی نووسەران.لەم گۆڤار و ڕۆژنامانە کاری کردووە بو نموونة" هاوڵاتی، گوڵان، ئاڵای ئازادی، شەقام ، کوردستانی نوێ، ئاسۆ، کوردستان ڕاپەرت. دەنك و ریکای کوردستان و..هتد..و دەیان چاوپێکەوتنی گرنگی لە گەڵ چەندین کەسایەتی سیاسی و ناودار کردووە وئەوەی جێی شانازیە بۆ سمکۆ محەمەد لە شوێنی ناوخۆدا دەیانجار بوونەتە ڕاخنەی گرتووە و دژی براکوژی بووە و ناوی لە هیچ لیستێکی ڕەشدا نییە و خودان چەندین بەرهەمی جۆراو جۆرە
جیا لەوەی خاوەنی 5 دیوانی شیعریە بە کوردی دیوانە شیعرییەکان یەکەم بەناونیشانی" تونێڵەکانی ئەوین ساڵی 1998چاپ وپەخش کراوە و هەناسەیەك لە سەبەردا بەاوکراوەی ڕوژنامەی سی!بەری بەاو کراوەی لقی کەرکوکی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی"یە و دیوانی سێهەم کە بە زمانی عەرەبی یە بەناونیشانی:الموت" واتە مەرگ ساڵی 2010 چاپ وپەخش کراوە.و و دەیان لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر بەرهەمەکانی کراوە ..
و دوو کتیبی فەلسەفی بەناونیشانەکانی " میتۆد و جیاوازی لەسەر فەلسەفەی مارکس و نامەکانی مارکس و ناسیونالیزم و دژەکانی..بەمەش یەکەم نووسەرە لە جیلەکەی خۆی دەستی بە بابەتی ڕاخنەیی و فەلسەفی و کتێبەکانیشی بونەتە سەرچاوەی گرنگ بە تێزی ماستەر و دکتۆرا,,,
کتیبێکی ناوازەشی هەیە دەربارەی ڕاخنە لە سیستمی سیاسی و ڕوشنبیر، کە یەکیتی نوسەرانی کورد لقی کەرکوك ساڵی 2006 چاپیان کردووە.و کتیبێکی لە سەر ئاین و کەمینەکان لە کوردستان.دا هەیە

هەروەها کتیبی رەهەندەکانی مردن و وەهمی دیموکراسی و … بۆشداری لە 6 خولی رۆناژەوانی ئۆوروپی و عەرەبی کردووە . "میسرسالی 2006 هەندا سالی 2003 ئیتالیاسالی 2010 بۆغدا سالی 2004 مۆغریب سالی 2014 ئۆکرانیا سالی 2011… تاکو ئێستا دەیان گۆشەی تایبەت بۆ خۆی هەبووە لە رۆژنامەکانی کوردستان وسەدان شیکار و لێکۆڵینەوەی هەیە لە گۆڤارو رۆژنامەکانی کوردستان..
لە دەیان فیستیڤاڵ بۆشداری کردووە و دەیان کۆڕی تایبەتی بۆ ساز کرتوە لە ناوەو دەرەوەی وڵات..

عەزاب … سمکۆ محەمەد

هێشتا دەستەکانم میوەیان نەگرتبوو
دیوارەکەی ماڵمان کوکوختیەکی بەخێیەوە نەبینیبوو
رووبارەکەی نزیکمان سووڕە ماسیەکی تیانەبوو
من ….
منا۟کی سەرکێش بووم
دەگەڵم بەناو پێچاو پێچی ئەفسانەکانا
چنگێ خوریم دەست نەکەوت لەپرچی داپیرم سپی تر
دەگەڵم بەناو چیرۆکی ماسی گرە گۆلەکانا
یاقوتێکم نەدۆزیەوە جوانتر لەیاقووتەکانی قەبانی
لەناو تابلۆکانی بیکاسۆدا راکشام
جەنەرالەکان تفیان لێدەکردم
لەقەسیدەیەکی (مەعەری) دا پیاسەم کرد
باوکم بینی مینا تاوانبارێك
بەقسەی سوپێهری چەندین فرسەخم بڕی بۆ قلەتریەك
کەچی خەیام زوتر لەودەفرەی خواردبۆوە
دواجار ویستم ژن بناسم
فەروغ وتی (کەسێك وەك هیچ کەس نا)
رەنگە کەسیك رەچەڵەکم بدۆزێتەوە و
سەجەلەم ببا تەوە سەر بابلیەکان و من نەیزانم
ئەو دەبێ خێی گۆل نەکات
ئەو دەبێ خێی ون نەکات
ئەو دەبێ ….

دەبێ چ کەسیك خەیاڵی لەگڵزە شکاوەکەی من کردبێ و
بڵخڵەکەی بگری
نازانم چ کەسیك لەوحەسارەدا چاوەڵم دەکا
بڵسوڵند سەوزایی تیانیە
دەبێ چ کەسڵکی کاڵفام بێ نەزانێ
من سەرژەڵری شوشەییترین نیگاو
وردترین دەنکە هەنار و ناسکترین لاسکە ڕواس و خاوترین هەوری
ئەکەم
گەر تریفەی مانگ ون نەبێ
منا ڵڵکی سەرکێشم و دەڕم
لەپێشمەوە کێاو قوتێکی نابوت و
لە پشتمەوە کەچەڵڵکی توکنی پیس
بەقینەوە لێم ئەڕوانن
من ئەگەڵڵم وگاڵسکەی حەز پاێ ئەنێم
بەنڕو شەقامی غەریزە مردووەکانا
حەسرەتێکە ئەبێ ئەو کێافە بەنە ڕەنگاو ڕەنگە بکەمەوە
دایکم ئەیووت بێتی ئەکەم بەپێپەشمین
دەقی سەرماشی پێ ناشکا
ئەبێ دێ بەدوکەڵی ئەو جگارەیە بدەم
باوکم خێرا مژی لێ ئەداو
بڵی خەفەتی پێ ناشکا
سەرەداوێکم لەهەسارەیەکی تڕەوە بەدی کردووە
بڵنی دێ …
ڕەنگە بازنەی ئەو زەویەی پێ گرێ بدەم
هەمیشە خولی تیا ئەخێم
(سنگیك) ی تیا نیە دەستم لێی گیرێ
ئەمە نێشینی ئەسەف نییە
ئەمە هەڵکێشانی داخ نییە
ئەمە جاوینی خێزگە نییە
ئەمە سەلیقەی عەشقێکە بەڕەبەیان
بەئاوی وەنەوشە خێی دەشواو
ئێواران وەك با هەڵدەکاو
وەك پێستەچی نامەکان ئەخوێنێ
کەسڵك بەلەتە خێنوکڵك گوڵی خێی دێی
کەسڵك ددانی دێستەکەی خێی لەئاوانڵکا هاڵی
کەسڵك لوڵچێ بارناوی زستانی بەدەستەوەیە و
بێ قرچەقرچی هاوین هەڵی گرتووە

کەسێك مێخەك بەندی دایکی دەدزێ بۆ گەردنی دێدارەکەی
وەڵێ هێشتا نەیبینووە
کەسێك ملوانکەی خیانەت و درۆو ساختە ئەهێنێ
کەسێك سەبەتەی خورافەو سیحرو گوناح ئەچنێ
نازانێ چ رەگەزێکە
کەسێك بەسەرکە بزوتێك سەرزاری خێی ئەسوتێنێ
کەسێك رۆحێك لەریشەوە هەڵکەنێ
کەسێك بەرومەتی گۆلاسێکدا هەڵئەێ
کەسێك بەدەم سەمفۆنیاوە چەقێ تیژ ئەکا
کەسێك گۆرانی بۆ دەنکە هەنارێك ئەچڕێ
کەسێك لەمانی ئەگەڕێن
کەسێك لەمانێك دەگەڕێ
من ئێستاکە تێگەیشتم
ئەم داڵانە بەبارمتە گیراوە چاوەڕوانی چییە
ئەم کۆگە پڕ لەئَسقانە بۆ گوێ ناگرێ
ئەم شەگەیە بۆ حیکمەتی لێ ناوەرێ
من ئێستاکە تێگەیشتم
ئایین و جەهەنم و خواکان بۆ لێرەن
لەشکرو شەڕو جەنەڕاڵەکان بۆ لێرەن
شیعرو خەوەت و سۆفیەکان بۆ لێرەن
من ئێستاکە تێگەیشتم
تاڤگەی خوێناوی ئەم میراتییە ترسی لەقەڵەرەشی چ دورگەیەکە
شەهوەتی خوێناوی ئەم میراتییە لەحیزە پیاوی چ تیاترێیەکە
تاڵاوی خوێناوی ئەم میراتییە لەسیخوڕی چ جەللادێکە
دەبێ چ کوێکی بالق نەبوو جاێی ئەم نەگبەتیەی دابێ
کەمن زەین لەیاری مناڵان و هەڵمەقونێی کەروێشك
لەخەندەی قێیشە هەنارو پوشکانی گوێك
لەتوڕەیی با و لەنجەی ئاو ئەدەم
کەمن تونێی هەموو گومانەکانم تەی کرد
تامی میوەجاتی هەموو یەقینەکانم کرد
فاڵم بۆ بەرزی درەختە بۆ بەرەکان گرت
زیکرم بۆهەناسەی بەردە کلێرەکان کرد
بەجلێکی نەدیمانەوە سەمام لەگەڵ با کرد
بەرەو کوێ...
مەگەر دەرفەتێ لەکتێبەکانم بخوازم
هەرحەرفێك رەزا گران و نەزێکە توێی هەڵدەم
هەر دڕێك بۆنی کبریتی تیابێ بیسوتێنم

پەیەك ئاوی جەنگی تیا بێ بیدەنم
شتێك وەك مەوهیبەكانی بودا نەبوو نەیناووسم
رەشبەڵەكی رەزە تڕكان بێ خوێەی ئاوازی ئاو
لەشكری مڕوولە شێخانییەكان
بێ سپێتی شیری گەنم
شێتتی لەقلەكانی ئئاشتی لەمزگەوت و مەیخانەكان
تینونێتی شەربە شكاوەكەی داپیرم
بێ قومە ئاوێكی زەمزەمی
مشتێ گڵی چەوری گەرمیان لەجیاتی وسمە بێ دایكم
بەیتێك لەمەزموورەكانی داوود
بێ كچە یەهودییەكی شەرمن
مشتێ زەرنیخی تفت و تاڵ
بێ بادە لێوان لێوەكەی من
من... بودایی نییم و چاویشم كزنییە
بەئەشئەی چیرێكەكانی شەهرەزاد
شادەمارەكانم سڕبوون
لەشارێكم تەنها قامیشی تیا ئەوێ
بەتەنها لەكۆانەكانی ئارەزوو دەگەڕم
ئەویندارێكم نەبینی بوخچەیەك عاتیفەی پێ بێت
لاولاوێكم نەبینی گۆنای پەنجەرەیەك ماچ بكات
خەفە مۆوكم نەبینی لەباڵای شاتوویەك ئاڵا بێ
كتڕكی باڵ شینم نەبینی لەسەر شستەیەك چینە بكات
تەنها ژنێك بەهەو رووم هات
ئەویش كوڕ بوو

شیعر: كتێبەكان … سمكێ محەمەد

كتێبی رەش
رەشتی ئەم كتێبە لەتونی حەمام دەچوو
چیرۆكی كۆمیدیەكە بێ پاشایەكی هەوەسباز
بیرمدێ بەفیتی رۆژنامەنووسێك چەكیان كردن و تفەنگچكی پیریان پێدان
لەگەڵ پژمینی هەر پیرەمێردێك دەتەقی

قەترەیەك ئاویان لەماڵەكانتان حەرام كرد و ناردیانن بۆ سەرابستان
لەترسی یەكتریش دەستتان بەپەڕەمەنگەنات دەشكێری
بیرمەند وێنەكانتان دەبرد بۆ تیاترۆ و شەوانی سوور
شەوانی ڤێللا و پارە و ویسكی و تەلیفۆن و مەسج
كوڕە وكچەكانتان شێت دەبوون بەشاشەی تەلەڤزیۆن
واشێت بووبن دڵیان بەسەكسی بەكەمەڵیش ئاو نەخواتەوە
وەختێك خەیان دەبینی
گریانیان بۆ قسەكانی "نیچە" دەهات
كە مردنیش لەسەر گۆڕەكانیان نووسرا
"كل نفس ڕائقە العشق"
هەر ئەم كتێبەیە
ئەو نوسەرانەی كرد بەپاڵەوان
كە پەندی پێشینانیان دەدزی و دەیانكرد بەشیعر
كاپتنێكی فاشل بۆ كەشتیە شكاوەكەتان ناردرا تا نوقم بن
هەر كەسێك بۆ ماڵی حەبیبە سەفەری كردبا
دەیانگەڕانەوە ماڵی پاشا
كەسێك یاخی بوایە و سەری بلەقاندایە بۆ لاوكێ كەپاڵەوانەكەی خائینە
دەیانخەسان و دەیانكرد بەمەیموونێكی برسی
بیرمەند ڕەش دەبوون وەكو ڕەشەبا هەڵدەگەڕان

كتێبی زەرد

زەردێتی ئەم كتێبە لەزەردوویی منداڵ دەچوو
چیرۆكی ڕاوچیەكی درزنە بۆ سوپاسالارێكی گەل
بیرمەند لەترسی تۆپەی ڕۆژئاوا كەرۆژێك لەرۆژان مرواریتان لێدزی بوو
مینا ئاڵاكەی سەلاحەدین زەرد ببوون كەهەرچی كچە كورد بوو بەخەمەوە قەیرەی كردن
دەستان دەبرد بۆ لەتە مانگێك و دەتانبرد بۆمەزاری پیاوچاكێك
كەباپیرتان سەنگەری لێگرتبوو
دوو تەختەداری ڕاست و چەپ بەبزمار لەسەر پشتی باوكتان دادەكوتی
پیاوەتی خۆتان لەسەر ڕۆحی سپی كچاندا تاقیدەكردەوە
مۆمێكی گەشتان لەسەر دەستی خۆتان و ژنەكانتان دەكوژانەوە
شاخە گایەكتان لەهیندەوە هێنا و لەبەردەم ماڵەكانتان كردتان بەمۆنۆمێنت

ئەسپەکی دارینتان زینکرد بۆ ئەو بوکەی بەر لەمارەکردنی
بەخوێنی خۆی نوسی تف و نەفرەت لەئاسمان
هەموو جومعانی پایزەك چاوەڕێی ئایەتێکی نوێ بوون
زەرد هەڵدەگەڕان لەشەرما

کتێبی سەوز
سەوزێتی ئەم کتێبە لەداری کوفر دەچوو
چیرۆکی قاچاخچییەکە بۆ مەلای کوێرە گوندێك
بیرمدۆ کەسێك هاتبوو پێی دەگووتن ئاین لەهەموو شتێك باشترە
هەمووتانی کرد بەئیبراهیمی پاڵەوان و پەیەکی سەوزی لەملتان
ئاڵان و کردتانی بەبرای فیرعەون
دێی سارای پێ زویر کردن و ئیسماعیل و ئیسحاق لەبری هابیل و قابیل
تان پێکەوە ناشت
لەخەوتانا مریەم ئەمجارەیان کچێکی ببوو و مەسیحی دەرکرد
لەمەلەکوت
محەمەدیش لەبیابانێك بۆکەس
مامۆستایەکی بۆهێنان
زانستی لەهەموو منارەکانتان سەندەوە و هەرچییان ئەزبەر کردبوو
بیریان چووەوە
ژنەکانتانی فێرکرد لەگەڵ سەگێکدا بەمەجاز قسە بکەن
هاوڕێتی سەگ لەتامی پیاو خۆشترە
فێری کردن شەرم نەکەن و لەرادیۆکاندا ناوتان بگۆڕن بۆ ناوی
جانەوەر
هێندە باوەی پێکردن بە هەوای درێ
چل ساڵی رێك تووشی ئەنفلەوەنزای بەراز و مریشك و ئیدز و رەبۆ و
دەکوتێ بوون
بۆ ئەوەی لەسەر سنوور دەست بۆ دراوسێکانتان پان بکەنەوە
بەریز دەرمانی مشك و سیسرکە وەربگرن
سەوز بوون وەکو دارێکی بێبەر

کتێبی سوور
سوورێتی ئەم کتێبە لەخۆرئاوابوون دەچوو
چیرۆکی پیاوێکی کاغەزییە بۆ مەجلیسێکی کەڵ
بیرمدۆ دەنگۆیەکتان بیستبوو کەهەمووتان دەبنە ئیمبراتۆری مەزن

لەکونفەیە کونکدا وەرزی ئازادیتان سێیەوە لەسا
لەچەپەوە یاداشتی گیڤاراتان بۆ مناڵەکانتان دەخوێندەوە و
دەتانبرد بۆ مێزەخانە دزراوەکەی بەغدا
هەر ئەم کتێبە
فڕی کردن ئەستێرەکەی نێوچاوانتان بسڕنەوە و بە راست و چەپ
سەر لووتی خۆتان ڕەش بکەن
لافیتەکانی سەر دیوار بدڕێنن و بەرو پشت هەڵیواسن
لەبابە نوئێل تووڕە بن و لەبری نەفرەت لەزەمەن
وەکو من فێربوون بەسەرخۆشی هەموو سەرە ساڵان
لەداخی بڕقیمەت بوونی زەمەن
سەعاتێك بشکێنن و لەبەردەم بارەگای حیزبەکان تووڕی هەڵدەن و
چەکدارەکانیش تەفیزیتان پێبکەن
دەستی چەپتان دەبڕیەوە کە ڕۆژێك ویستبووتان بەحەرامیی مەمکی ژنێك
بگرن
خۆتان بەدرێ خستەوە کە گوتبووتان ڕۆژێك دێت تارمایی دەڕوێتەوە
دەگریان بۆ ئەو ڕۆژانەی کە بزەیەکتان کردووە و
قاقاتان هەڵگرتبوو بۆ گەورەبوون
پێدەکەنن بەو شەوانەی کە بەدیار عاربانچیەکانەوە گریابوون
لەڕۆژنامەکانیشدا دەتانگووت ژیانی شەو خۆشترە لەڕۆژ
کەچی سوور هەڵگەڕان لەشەرما

کتێبی شین

شینێتی ئەم کتێبە لەگەڵکی مەنگ دەچوو
چیرۆکی ئەستێرەناسێکی خەواڵووە بۆ خۆڵکی خۆڕ
بیرمەڵ تاقمێکتان سەرگردەکانتان دەگرت و ئەوانی دیکەش بەشەرمەوە
دەچوون بۆسەر ڕووبار
ئیرەییتان بەقەولخۆنێکی لاڵش دەبرد کەلەسەر پەیەکی شین
نوسیبووی خیانەت
قامیشتان دەکرد بەدارشەق کە لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا دەچوو
بەچاوتانا
لەرقی نەوەکانتان سمێڵی خۆتان دەتاشی و لەپشتیرەکانا دەخەوتن
لەبری سەرەتای هەر ڕۆگایەك کۆتایی تووڵەڕیەکتان نیشانی یەکتر
دەدا
هەر ئەم کتێبە فڕی کردن
بەخۆایی وێنەی تەلارێك بگۆڕانەوە بەئەشکەوتەکانی جاسەنە و شانەدەر

و هەزارەرد و پەنجەرەکانی سەر قەڵا
بەدەستی خۆتان گەرای مار و دوپشك و تیمساحتان خستە نێو کتێبخانەکان
بەمشت خۆتان دەبرد بۆ ئەو پیاوانەی لەهەندەرانەوە بەدیاری کلو کلدانیان بۆ ژنەکانتان هێناوە
ڕژنەبوو شیرینی نەبەن بۆ ئەو ژووڕەی کە لەمەرزەکاندا قاچاخچیەکان سڵکسی تیادەکەن
شەو نەبوو مل کەچ نەکەن بۆ ئەو داهێانەی کە لەبری پیاوماقوڵەکانتان
تەزبیحاتیان دەکرد
کەئاوێشتان دەدایەوە کیسرا و جەنگیزخان و هێلاکۆ لەسەر سینگتان خەریکی قومار کردن بوون
کاتێکیش وەخەبەر دەهاتن
کەچی وەکو لاشەیەکی مەیوو و شین بوون

کتێبی سپی
سپێتی ئەم کتێبە لە کفنی مردوو دەچوو
چیرۆکی شاعیرێکی سەرخۆشە بۆ گۆرانیبێژە ساختەچییەکان
بیرمەڕ ڕژێك نیوەی لەشتان ساردو نیوەکەی دیکە ترسابوو
بەجهانی شیعرەوە ماتۆ دەبوون کە بەگزی و درۆ چۆژتان لێدەبینی
ئەم جهانە سپی ناکردنەوە لەگوناە
خەونی ئاجۆو باجۆتان دەبینی و یەکترتان دەتۆقاند
بەزۆر لەبنمیچی ماڵەکانتان وێنەیەکی سوریالیتان دەکێشا
زگی حەیرانتان دەدێی و قاچی چەمەریتان دەشکاند
پیاوتان خەمێك و ژنتان حەیشەری ببوو
منارەکانیشتان لەترسان لەبەردەم دادگا بۆ تەرازووەکان هەدەلەرزین
بۆنی شیری خاوتان دەگۆڕی بۆ بۆنی کلۆرفیل و زەعفەران
تاپێتان کرا جلی سپیتان دێی و بوختانتان بۆ فریشتە هەبەست
سپی بوون وەکو ئاڵای دەستی دیلەکانی شەڕ

کتێبی خاکی
خاکێتی ئەم کتێبە لەبیابانی عەرعەر دەچوو
چیرۆکی گەیدەیەکی چاوچنۆکە بۆ خانەخوێکانی

بیرمدێ لەهەر چرکەساتێکدا مستەکێەتان ئامادەبوو بۆقەپۆزی برادەرەکانتان
لەدایکێکی تەپوتۆزاویدا گەورەبوون و رەنگی جەنگاوەرتان گرت
لەگەڵ سەربازەکان دەیانبردن بۆ کەرنەڤاڵ و بستێك زەویشتان پێنادرا
لەسەر شانی هەر پیاوێکی ترسنۆك خاێکتان بینیبا بەسەرهەنگ ناوتان دەبرد
نەخشەی خاکیان پێکردن بەریکلامی سەر دیواری باڵەخانەکان و
بەنرخی قاڵی پێیان فرۆشنەوە
هەر ئەم کتێبە فڕی کردن
دەدەنگ بن و لەجیاتی شیعری ڕۆمانسی دروشمی قێ بێنەوە
ئێستاش لەبەرچاومە کراسی ژێرەوەی ژنەکانتان دەبرد بۆ خۆشنووسێك
لەسەری بنووسێ (خوایە وەتەن ئاوا نەکەی)
باخەڵتان پڕ دەکرد لەدەمەقاچێن و بەچاوی یەکتردا دەتانتەقاند
خاکی دەبوون وەك بیابان

کتێبی مار
مارێتێ ئەم کتێبە لەخومخانە دەچوو
یادەوەری قەشەیەکی هەڵگەڕاوەیە بۆراهیبەکانی
بیرمدێ مارهەڵکەنێکیان کرد بەدەم سپیتان کەساختەی لەخۆاش دەکرد
مژوویەکیان لێدەکردنە ماێ کەسێمەرییەکان نوسیویانەتەوە
ڕێی ماڵەکانی لێونکرد و دەچوون بۆ ژێر دیوارێکی تەپیو
بەپێکێك شەراب سکی راهیبەکانتان لەقەشە ئاوس دەکرد
لەبری مارەیی نێ مسقاێ کبریت و دەفتەرێك سیغاری ژاکاوتان دەنووسی
لەبری خەناوکەی مێخەکی تەوقی عەزازیلیان دەخستە گەردنتان
مار هەدەگەڕان وەك سەرمابردەیەك

پێاو … سمکێ محەمەد

پێاوەکەم بۆ تێ
من خاکم نیە

کاوەکەشم هەر بۆتۆ سەرم پووەنیە
کەسێك لەپاوەکەی خۆیدا بمرێ
بەکاوەکەی خۆیەوە دەنۆژرێ
سەردەمێکی نوێ هاتووە ئەزیزم
دەڕۆن سەری بێ کاو ئاشووبە
پێی پەتیش نەگبەتی
غایلەیەك بەسەرما هاتووە
خەم شێلو ناکەم
دەست بەکاوەکەی خەمەوە دەگرم و بەدوای کاوی باربردوودا راناکەم
تۆ چاو لەمن نەکەی
بەرخم زرووفی تۆ جیایە
هەموو خەڵك وادەڵێن
فرسەخێکی دیکەمان گەرەکە نازانم بۆچی
مادام لەژێر هەر کاوێکا ئاشووبێك هەیە
لەژێر هەر پاوێکیشا خاکێك هەیە
بی ترس و بێ دوو دڵی
هەموو ئەو کتێبانە دەسوتێنم کەتۆ لەلات پیرۆزە
لە ژێر سێبەری کاوەکەمدا هەڵدەم
تۆ نەکەی گوێ لەسەر سینگت بچنی
من بەنیازم شوێنێك بێ پاوەکانم چێ کەم
لەهیچ کونجێك جێگەیان نیە
باش بزانە تۆ هیچت لەمن زیاتر نیە
لەمناڵیەوە پاوێکی تەگنیان لەپێکردووم
تێش سەرپێشکی رەش
من هەرزەکاریم لەپستاڵکدا خنکان
تێش لەچێشتخانەدا کوشتت
تۆ ئەمانەت نەزانیوە
تا ئێستا تاکێك لەپاوەکانم بەتەنها دەوا
خەشم نازانم بێ
سێبەری بەوەژنێکی قەشمەچی بەتەنیشتمدا تێدەپەڕ و
ئاوریشم دەگەڵ
وادەزانم لەکەسێك دەچێ ناوی نازانم
یان رۆژهەڵاتم لێ گەڵاوە
یان زەینم کوێر بووە
تۆ بڵێ …
من بیرم نەماوە .. تۆ بڵێ
ماڵەکەتان بێ لەشوێنی خۆی نەماوە

ئەو پیاوانە کێن لەبەردەرگای ئێوە
بەتەفیزیەوە جگەرە دەکێشن
کوەکان بێ تێنی دەنگیان گێڕاوە
ئێستا کێ پێڕاو بێ کێ دادەنێ
کێ کێاو بێ کێ دادەنەوێنێ
من پیێاوەکەم تاکێکی لەپێمدایە و تاکەکەی تری بەدەستمەوەیە
کێاوەکەشم رەشە بابردوویەتی و سێبەرەکەی بەسەرمەوەیە
ئێستا بەپێی پەتی و سەری رووت دەگەڕێم
ئەنگوستیلەیەکم دێزیوەتەوە
لەمیراتی دوو عاشق دەچێ
بیستوومە میراتی هەر سەرێك بێ ژێر پێی میرێکە
میر کە زەوق گرتی شەراب دەنێشێ
زەوقیشی نەبوو پاشقول لەسەرخێشەکان دەگرێ
وەختیك بەژنەکانی خێی ناوێرێ
لەداخانا جنێو بەژنێکی سك پێ دەدات
ئەو ژنەی نیوەی لەشی لەمار دەچێت و
نیوەکەی تری ئاوریشمی تەنێ
بەهەر کێانێکی قەرەباغدا دەێم
لەمناێان دەپرسم جگە لەخێتان چیتان بینیووە
پێاوم پێ نیشان دەدەن
کاتێکیش رووم تێدەکەن
پێاوەکانیان فێ دەدەن
وەختێکیش پشتم تێدەکەن
کێاوەکانیان نیشان دەدەن
بەهەر چێایەیەکی رەشدا دەێم
لێم دەبێتە حەسار و ژنێکی سپی تێدایە و دەیناسم
دەمەوێ رەشماێ لەگەرمیان هەێدەم
سێبەرەکەی دەچێتەوە کوێستانی سارد
ناوێرم هەنگاوێك رێ بکەم
دەستێك و قاچێکم جێدەمێنێ
دوو پاساری پێکەوە بانگم دەکەن
فەرموو ئەم پێاوە
سەیرکە ئەم کێاوە
شیعریان تێدایە دایکمان بێی نوسیووی
بێدەنگی وەك شێت دەستێت دەوەشینێت و دیوارە رەنگاو رەنگەکان
دەسێتەوە
ئەم هەواێە دایکم بێ شێخیکی داوێن پیسی بردبوو

خوشکەکانم بۆ گۆستان و
باوکیشم لەنێو گۆەوە بەدیاریەوە گریابوو
ڕۆژنامەکانیش تۆی هەدەدەن
لێرە نەناوی من هەیە نە ناوی تۆ
نەپۆاوی من هەیە و نەئاوریشمی لەشی تۆ
تەنها حەسارێك هەیە لەدووری شار
پەنجەرەیەکی شۆ و شکاو
پارچەیەك قوماشی شۆ
تۆنی دەنگێکی باریك
دەمانچەیەکی بۆ یەدەگ
لەو حەسارەدا نۆژراون کە من شەپۆلی جەماوی ژنێکی تێدا دەبینم
هەتا فریا دەکەوم کەمێك لەخۆم دابڕم
ڕۆژهەڵات بەپەلە خۆی دەکات بەماڵەکەمدا
نەزمێکی تر سەرم لێدەدات
کوڵك دەبێتە هاوڕێم و داوای جگەرەم لێدەکات
نوسراوی سەر پێستی ڕوویەکی پێیە
باوکی بۆ ژنی دڵێکی نوسیوە و
دایکیشی بۆ چەمێکی تر هەڵاتووە
پێم دەڵێ لەیادەوەری خۆتدا بۆم هەڵگرە
لەو کاتەدا نیگام دەخلیسکێ بۆ دارستانێك کەتەنها دار بی تیدا بەر دەگرێ
وەختێکیش لەخەو رادەبم
پۆاوەکانم لەژێرسەرمە و کڵاوەکەشم لەژێر پێم

ڕۆژەکان دەنۆژم … سمکۆ محەمەد

هەموو سەرکۆشییەك لە شەودا دەکرێ
تەنانەت یاری تاروت ی میسریش کە بەدەستی پیس دەکرا
سزای کۆیلەکان بوو
من لە کۆنەوە ئەوەم بیستووە کە سزا ئەوە نییە لەتۆەی تاوانێك
کەسێك بکوژی
ئەوەیە لە ژیان و عیشق دوور بخرێیتەوە
ئەمە جیاوازی نێوان گۆڵك و زانایەکە

دەستبەرداربوونی هەستانەوە لەکەوتندا
وەکو جۆشتنی مەسیحە بەسەر خاچەوە
ئەو خاچەی لە قینی بێگانەیی خەمان بۆ خەمان
منداڵێکی دیکەی جوانی بەرهەمهێنا
بەڵام نەیتوانی لێرە لەلای ئێمە بمێنێتەوە
وەکو پیاوێکی شتکستخواردووە بەدەستی ژنەکەی
ئەوکاتەی دەگەڕێتەوە لاشەی پان و پۆی
دەدا بەردەگا کۆمدراوەکەی ماڵەوە
ئەمە ئەو ترسەیە کە لە روخساری هەموومان دەبینرێت و دانی پێدانانێین
وەکو ئەوەیە لەداخان سێبەری خۆت جێبهێڵی
وەکو ئەوەیە لە دڵی تاریکیدا فاڵ بگرییەوە
وەکو ئەوە وایە گەوهەرێك بە یاری شەتەنج بدۆڕێنی
یان هاوشێوەی براکەت لەدووڕەوە وەکو شەیتان کە نزیك دەبێتەوە لە عەدەن
تەماشای باخچەکەی ماڵی پاشا دەکا
هەستم بەوە کردووە هەموو شتێك عاجباتی بووە
تەنهایی لە نوقمی شەودا خۆشترە
وەکو دەوڵەمەندەکان بترسی
ڕۆژیش لە ئاوەدانیدا لە خۆبایی بی
سەرکەوتن لە بینی ڕێگای دوور و گەیشتن بە لوتکەی چیا خۆشترە
وەختَێك تێکەڵی خەڵك دەبی
دەزانی کە بۆچی باڵا بەشەکان چارەنووسی ڕۆژهەڵات دەنووسنەوە
چونکە مرۆڤ لە بەرپرسیارێتی زەمیندا درۆزنە
ئەوان زانیویانە یەك کێشان بۆ سەگی بەڕا هەیە
ئەوەشیان زانیوە یەك دۆزەخ هەیە
هەر ئەمەیە تاقمێك لە ریزی سوپا و تاقمێکی دیکەش جوامێری دەفرۆشنەوە
لێرەوەیە خەونی بردنەوە بەبێ برسێتی نییە
مرۆڤیش لە شەودا بەدوای ئەفسانەی خۆیەتی
باوەیشی بە یەك کەسە بۆ هەتا هەتایە
ئەم فەلسەفەیە وەکو چەرمی پاساری بۆ بەستە
ترپە ترپی دڵی زیندانەکان سەلماندوویانە
ئەوان دەزانن هەمیشە کارێکتەری شانۆن
کەچی غافڵگیرن لەوەی لەدوای ئازاد بوونیشیان زیندانێکی گەورەتر
لەبری ئێسك گۆشتت دەخوا
باوکم دەیگوت هەموو ئینسانێك خاوەنی بیرکەی ئاشتیە

کەچی هەمیشە سەرقاڵی پاڵەوانێتی و بردنەوەی جەنگە
ئەوان وەك دڵوانە رەنگیان پەڕیوە
کەچی روخساریشیان ماکیاژ دەکەن و بەیەکتر دەڕێن دەمناسییەوە ؟
ئەوان هەڵپەیانە لەم مەفتەنەوە بچن بۆ نێو بەفر
کەچی شەڕیانە لەسەر کونجی شارێك یان گەڕەکێك یان کانزاکی گەرم
لەسەر وێنەی پاشا
بەدیار ژیلەمۆشەوە نوزەیات بێ
ژیان قورسە ناخۆنرێتەوە کە تیشکی هەتاو دەیگرێتەوە
گوڵێتی مرۆڤ بەم فەلسەفەی شەوانەوە خوی گرتووە
خۆشەویستیش لە شەودا سەختترە
کچان لەشەودا دەبن بە قەرەج و ترسیان لە جنۆوی دایکیان نامێنێ
کوانیش لەشەودا بێباکترن و ترسیان لە ئاسکی قورسی باوکیان نییە
شەوگەڕەکان لە خۆا نییە لەشەودا شیعر دەنووسن و گۆرانی دەڵێن
تەنانەت دزەکانیش لەشەودا جوامێرترن
شەو بێباکی و جوابی لوتبەرزی رژێە
من بڕوام بەوەیە کە ژیان بە ترسەوە خۆشە
بۆم بە قسەی ئەوانە ناشکێ کە چاویان ناتروکێ
وام لەخۆم کردووە هەموو رۆژەکانم وەکو یەکبن و شەویش قەرەجێکی
ئازاد
لەو رقەوەیە .. یەك یەك دەیانناژم
بەقەد ژیانی گوڵێك چۆڵ لەهیچ دەبینم و شەوەکان دەنووسمەوە
ئەگەر موسافیرێك بومایە، بیرم لە ژنی دونیا دەکردەوە
شەش رۆژ جارێکیش دەچوومە مەجلیسی ئەو پیاوانەی لە جەنگ
دەگەڕێنەوە
ئەزموونی تەنهاییم فێری کردم کە ژیان بریتییە لە ترس
لەوانەی خۆشت دەوێن
بڕواناکەم لەهیچ گەڕەکەوە گوزەرم کردبێ و عاشقم نەبینیبێ
کەچی هێندە سارد و ترسانك بوونە وەکو ئەوەی سەهۆڵاویان پێداکرابێ
بڕواناکەم هەموو کەس ئەم هەستەی هەبێ
شتێك هەیە لەسەر کاغەز نانوسرێتەوە
وەکو چاکەی فەیلەسوف و پەیامبەرەکان
وەکو ناوی ئەو موسافیرەی کەشتییەکە جێیهێشت
شکڵی هیچ پادشایەك نییە وەکو ئازابوونی ئاو بنوسرێتەوە
ئەوان بۆیان دەنووسنەوە و روبار دەڕوا
ئەوان لە شکڵی پاڵەوانەکانی شەوەوە دزی لە ژیان دەکەن
ترسنۆکەکانیش لەسەر سفرەی خوان گۆرانی دەڵێت
ژنیش وەکو شەیتان دەبینن

دەماری شەوو ڕۆژ لێرەوە دەبینرێ
لێرکا بەمەی زانیبوو بۆیە خەمی کچە قەرەجەکانی بوو
وەکو پاوڵێش دەڕۆ ئەنارشیستەکان لە شەودا گەنجینە دەدزن و
لەسەر جامخانەی شارەکان دەنووسن پۆیستمان بە مۆشکە
مەولانا لە خۆا نییە بەسەما ئەندازەی بەرامبەرەکەی دەکێشێ
ڕۆژەکانم بەم فەلسەفانەوە دەنۆژم
بۆیارم داوە بە بۆدەنگی هەموو شتێك ڕەت بکەمەوە

پەراوێزخستن و پەراوێزخراو ئەدەب و ڕۆشنبیری بە نموونە … سمکۆ محەمەد

لەرووی زمانەوانییەوە، پەراوێز واتە پشتگوێ خستن و گرینگی پێنەدان وەکو ماتریالێکی لاوەکی و دەرکراو لەبازنەیەکی دیاریکراو، یان دوورخستنەوە و کوژاندنەوەی ڕۆشنایی لەسەر ئەو شتە، یان ئەو کەسە لەو چوارچێوەیەی کە مافی هەیە خۆی نمایش بکات، لە ئاستی دەوڵەت و نەتەوە و شار و کولتوور و ئایین و ڕۆشنبیریشەوە، کردەیەکە لەژێر کۆنتڕۆڵی گروپێك لە دژی گرووپێکی دیکە، یان لەدژی کەسێك دەکرێت، یان کردەیەکە بێ سنووردار کردنی چالاکی کەسێك لە سنووردار کردنی فراوانتر، ئەم زاراوەیە لەهەموو دونیادا موناقەشەی فکری لەسەر دەکرێ، هەندێکجار گەیشتۆتە ئاستەی کە ئامانجی پشت پەراوێزخستنەکەش ئاشکرا دەکرێت.
کەسی پەراوێزخراو کێیە؟، کێ و چۆن کارێکتەری چالاك لەهەموو کایە و سێکتەرەکان پەراوێزدەخرێت؟، یان چۆن دەوڵەت یان شار یان کولتوور پەراوێز دەخرێت لەلایەن دەوڵەت و شار و کولتووری ناسراوە بەهێزەکانەوە؟، کارێکتەری پەراوێزخراو ئەو کەسەیە کە بەهۆی تواناکانی یەوە یان بە هۆکاری ئەوەی گوتارە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکەی و توانا پیشەییەکانییەوە ڕۆشنایی لەسەر لادەبرێت و کارێك دەکرێت کە خۆنەر و موتابەعە کارەکانیشیان بۆوایا نبە تواناکانیان لاوازبێت میشیل مارسۆن یەکێك لە توێژەرانی ئەم بوارەیە و توێژینەوەیەکی هەیە لەسەر هەموو ئەو کارێکتەرە

چالاکانەی ئیتالیا و ئامریکا و هتد، ئادیتا ئەدبکومار .
سەبارەت بەقەوارەی دەوڵەت و شار و کولتوور و ئایین و هتد، دیسان هەمان پڕچەوانە کردنەوەی هاوکێشەیەکە، لەرگەی گشتەوە یەکێك لەوانە پەراوێز دەخەن، تا ئەو جێگەیەی کە نزیك دەخرێتەوە لە سێنەوەی لەسەر نەخشەی دونیا، ئەم بابەتە هێندە دیاردەیەکی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی و سیاسی یە کە بۆتە دیاردەیەکی هەستپێکراو لە دونیادا مشتومڕی جددی لەسەر دەکرێت، ئادیتا ئەبکومار تۆژەری ئەم بابەتانەیە و پێیوایە (مەسەلەی پەراوێزخستنی وڵاتانی دەست و پێ سپی و نا بەرهەمهێن لەلایەن ولاتانی پیشەسازییەوە، گەیشتە ئاستێك کە فەرهەنگی کۆمەڵایەتی و کولتوورەکەشیان پەراوێز بخرێت، لەوەش واوەتر ئەوەیە کە قەناعەتیان بە خەڵك بەگشتی و هاونیشتیمانی وڵاتەکانیش بەتایبەتی دروووست کردووە کە لەنێو خۆشیان بابەتێکی چینایەتی بخوڕنن و یەکتری پەراوێزبخەن، تاکو گروپێك ئینتیما بێ ئەو کردەیە بکات و ئەوانی تر پەراوێز بخەن و ببنە قوربانی بێ ئەوانەی دێنە پێشەوە و دەبن بە چینی سەردەست).
داریوشی شایگان بیرمەندێکی فارسە و لە فەرانسە دەژیا. ساڵی 2018 کۆچی کردووە. کۆمەڵێك کتێبی هەیە لە بارەی شارستانییەتەکان و شوناس و ڕۆشنبیر و هتد. لە کتێبی ئاسیا لەبەرامبەر خۆرئاوادا، باس لە ئێران وەکو دەوڵەت و کۆمەڵگەی ئێرانی دەکات کە لەسایەی دێخی نە ئەمیان نە ئەویاندا بێ هەموو کایەکان لەپەراوێزدا دەژین، مەبەست لە (نەئەمیان و نە ئەویان)، ئەوەیە کۆمەڵگەیەکی نە دیموکراسی و نە دژە دیموکراسییە و نە لایەنگیری کۆمۆنیستە و نە سەرماسەداری وەکو مالیزیاو تایلاند و تایوان و سەنگافور و هتد، چونکە بەهۆکاری سیاسەتی خێ بەدوورخستن لە مەحفەلی نێودەوڵەتی، هەموو کارەکانی ناناسرێن، بەردەوام بوونی ئەم حاڵەتە وەکو پرنسیپێکی کولتووری و ئایینی و زمان، هیچ ئیمتیازێکی نەداوە بە کارێکتەری ڕۆشنبیری فارسی زمان لەتەواوی دونیادا، لەمەش خراپتر ئەوەیە کە خۆیان بوون بە کەرەستەیەك بێ بە کەنارخستنی بەشێك لە ئایین و کەلتوور و شارە دورە دەستەکانیان، لەوانەش بە ئیدیۆم کردنی زاراوەی لادێی و نەزان و هتد، پەراوێزبوونی کۆریای باکور یان وڵاتانی ئامریکای لاتینی و هتد.
ئەم بابەتە لەکوردستان بەهۆی تاکەهەندی بیرکردنەوەوە بێ شارەکان و کارێکتەرە چالاکەکان، مەسەلەکە بچوك کراوەتەوە و لەزەینی خۆیان و خەڵکدا، لەجوغزی زانکدا ڕەهەندی زیاتری پێدراوە، بۆیە بەئاشکرا شار و شارچکەکانی تر، کراون بە قوربانی شارێك تاکو پێشەوایەتی فەرهەنگکی شارستانی پێبدرێت و ببێت بە خاوەنی ئەو شوناسە، بێ ئەوەی خۆشیان بەو وەهمەوە بیکەن بە واقیع و بڕۆن

شارەکەمان بونیادنەری ڕۆشنبیریيە و لەسەرووی شارەکانی دیکەوەیە، لەکاتێکی شارستانشینی و کارێکتەری ڕۆشنبیری هیچ پەیوەندییەکی بە دێخی کەمەایەتی و جوگرافیاوە نییە، یان ئەوەی هیچ پەیوەندیی بە پەروەردەی شارێکەوە نییە کە وەکو کارگەیەك چاوی لێبکرێت و ئەو بەرهەم و مارکەیە بەرهەمبهێنێت، ئێکتافیپاز لە کۆرە گوندێك گەورە بووە، کەچی کارێکتەرێکی ناسراوی ئەدەبیاتە لەدونیادا، نموونەی پەراوێزخستنی چەند کارێکتەری ناسراوی ناو ئەدەب، سەلێمنەری ئەو راستییەن، کە ئەلبێر کامۆ نۆبڵی ئەدەبی وەرگرت و لەراستیدا مافی نیکەز کازانتزاکی بوو وەریبگرێ، بە ئەرنجامی ئەوەبوو کە کامۆ لەگەڵ شەپۆلە سیاسییەکە دەڕیشت و دەیزانی لەنێو ئەو مەحفەلە گەمە بکات و بە ڕەمانی (مرۆڤی یاخی)، نۆبڵی وەرگرت کە دژایەتی کردنی بزووتنەوەی چەپ بوو، لەکاتێکدا دێخەکە لەخزمەتی ئەدەبی واقیعی و سۆسیالیستی بوو لەدونیادا،
ئەمەش بۆ مەحفەلی سیاسی و ئەدەبی جیهانی کەرەستەیەکی بە نرخ بوو، بۆیە ئەو خەڵاتەکە بە ئەلبێر کامۆ دراوە، لە ڕۆژهەڵاتیش نەجیب مەحفوز لەجیاتی محمود دەروێش خەڵاتەکەی وەرگرت، هەروەها لەجیاتی (یەشار کەمال) کە لاگیری بزووتنەوەی چەپ بوو، (ئۆرهان پامك) خەڵاتەکەی وەرگرت، چونکە لاگیری مەسەلەی نەتەوە پەرستی تورکی و سەرمایەداری بوو، مارکیز لە وتارێکدا باس لەوە دەکات کە بۆرخیس لەبەرامبەر سەردانی لاوگێستۆ پینۆشیت کردووە و لەوێ وتارێکی نا سەرکەتووانەی پێشکەش کردووە، گوتوویەتی (من ئەوە نیم سەرکی ئەجەنتین ئەو شەرەفەم پێببەخشرێت، لەکاتێکدا لە چیلی و لە ئەرجەنتین و ئۆرگوای، هەوێ بۆ ڕزگارکردنی ئازادی دەدرێت)، لەکاتێکدا دوو نووسەری ئینگلیز هەبوون بۆ کێبەرکێ لەگەڵ بۆرخیس بۆ وەرگرتنی جائزە، ئەوانیش ئاژاوەیان دروست کردوو و وەریان نەگرت، مارکیز دەڵێ، نەزانی کارەکە ئەوەبوو کە شۆنی وەبەرهێنانەکە بۆ پوڵ لەبار نەبوو، نەزانییەکی تر ئەوەبوو کە زۆربەی پیسەکان دەیانگوت سەرمایەداری وەزیفەیەتی بۆ بەدەستهێنانی زۆر و زیو لە ئەفەریقا، بۆیە جائزە مژینی خوێنی خوێنی کێلەکان بوو، نەزانی سەهەم ئەوەبە کە جەنگی جیهانی هاتە پێشەوە، بۆیە ئەوانەی کە لایەنگری هیتلەر بوون، تاکو جەنگ مابوو وەریان نەگرت، دوای ئەوە چرچل وەریگرت، ئەویش بەو هۆیە بوو کە کۆنتاکتی هەبوو لەگەڵ زانکۆکان و یەکێتی سۆڤیەت، ساڵی 1958 بۆریس باسترناك وەکو شاعیرێك دەبوو نۆبڵ وەربگرێت، بەڵام بەهۆکاری ئەوەی نۆبڵ ئیعتیبارێکی سۆڤیاتییە، بۆیە ڕەتی کردووە و بە ئیستفزازی زانی، دواتر درا بە میخاییل شۆلۆخۆف). لە وەاتی میسر ڕەجا نەقاش کە پێشنیار کردنی بۆ خەڵاتی باشترین نووسری عەرەبی ڕەتکردووە و بۆ

بەها تاهیری بەلایەق زانی، کەچی دواتر درا بە نەبیل سەعد ئەردەش، بۆیە بەگشتی ڕۆشنبیر و نووسەرەکانی ئەو سەردەمە دوایان کرد دەوڵەت دەستوەربداتە ئەو کارە، کەچی ڕۆمانووسێك بەناوی ئیدریس عەلی بە ئاشکرا گوتبووی (من زیاتر لە سی ساڵە زۆر پێویستیم بە خەلاتی هاندان هەبوو، چونکە بردنەوەم هەموو ژیانمی دەگۆڕی) ئەمە باشترین دانپێدانانە لەلایەن نووسەرێکەوە کە موستەهەق بووە و وەرینەگرتووە، لەکاتێکدا قسەیەك هەیە دەڵێت (نووسەرە ناشایستەکان زۆرتر بوون لەو نووسەرانەی کە شاستە بوون بۆ خەڵات) کەشارێك دەکرێت بە پایتەختی ڕۆشنبیری و هەموو شوناس و توانای کارێکتەرەکان بەگشتی دەدرێت بە خەڵکی شارەکە، ئەمە بەخاتری ئەوە نییە بۆردێك لە شارەزایانی فەرهەنگی ئەو هەرێمە بیری لێبکەنەوە و هەڵەنەکەن، تاکو ئەو کارتە ببەخشن، بەپێچەوانەوە بۆ ئەوەیە کە شەرعییەت بدرێت بە هەوڵێر وەکو شارێك خاوەنی شوناسی سێنتەری بڕیاری سیاسی و ئابووری و دیبلۆماسی بێت، ماناشارەوەکەشی ئەوەیە کە بڕیار لەسەر ئەوە دراوە هەوڵێر سیمایەکی سیاسی و ئابووری هەیە، سڵمانیش سیماکەی ڕۆشنبیری یە و هیچی تر، لەهەردوو بارەکەدا غەدر لە توانای خەڵکی هەوڵێر و کەرکوك و ئەوانی تر کراوە وەکو فەرهەنگ، بۆ سیاسەتیش غەدر لە توانا و بەشداریکردنی خەڵك کراوە لە سیاسەت و ئابووری و سکتەرەکانی تر، لەحاڵێکدا ئەمە بڕیارێکی ڕەهای ناجێرە، شار و سەنتەر و کەنار خاوەنی ئەو جێرە شوناسە ڕۆشنبیرییە نیین، چونکە ئێکتافیوپاز لە کۆرە گوندێك بوو، ڕەسوڵهەمزەتەف خاوەنی کتێبی داغستانی منە کە لە دوو بەرگ پێکهاتووە و فەلسەفە و کولتووری وڵاتێکی بەخوێنەری فرە زبان ئاشنا کردووە، لە کەنار شارێکی داغستان دەژیا، عەرەبی شەممێ خاوەمی چەندین ڕۆمانە لە ئەرمینیا لەکەنارێك دەژیا، نالی خێ خەڵکی سڵمانی نەبوو، بەڵکو خەڵکی شارەزوور بوو، شێخ ڕەزای تاڵەبانی خەڵکی گەرمیان بوو، سافی هیرانی خەڵکی هیران بوو حاجی قادری کۆیی و مەلای گەورە خەڵکی کۆیە بوون، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر بەو پێوەرەبێت، هەموو ئەو شارچکانە سەنتەرن؟، کەواتە کێ و چ شوێنێك کەنارە.

ئەم جەنگی شار و خێ بەسەرنتەرکردن و بەکەنار خستنەی لە نەوەدەکانەوە بووە بە باوی فەرهەنگی و شانازیشی پێوەدەکرا، دوو ڕەهەندی وەرگرتووە، یەکەم کوشتنی توانای ئەوانی تر و بەخشینی بە توانای کەسانی تری ناشایستە، دووهەم خوڵقاندنی دۆخێکی چینایەتی و دەسەنەخوارکردنی پێگەی هونەری و کولتووری و ڕۆشنبیری کەمەك خەڵك لەپێناو جەنگێکی نادیار، یان جەنگێکی نموونەیی، ئەمەش بە پاڵپشتی سیاسەتێکی دیاریکراو کرا بەواقیع لە زەینی خەڵکدا، لەکاتێکدا ئەم سیاسەتە هێندەی زیان بوو بە نەتەنەوە و خەڵك، هێندە قازانج

نەبوو بە نەتەوەیەك و شارێك.
لەم سوچەوە دەمەوێ ئەو دیاردەیە وەکو دووجار پەراوێزخراو بخوێنمەوە، ئەمە تەنوانینێکی ئەخلاقییە بەرامبەر بەئەویتری وێنەی خۆت، پرسیارەکە ئەوەیە خاوەنی ئەم بیرکەیە خاوەنی چ شارستانییەتێکی مێژوویە لە ناوچەکە؟، ئایا ئەم پەراوێزخستنە چ نەفعێکی فەرهەنگی هەیە بۆ نەوەیەکی دیکە تاکو شانازی پێوە بکات؟، جە لەوەی لەمدواییەدا نەوەیەك بەنمیچە پەروەردەیەکی نوکتەبازییەوە کە لەکارەکانی عەلادین سەجادی وەرگیرابوو، بەبێ هیچ بەهایەکی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، بەناوی کرانەوەی کۆمەڵایەتی و بەناوی خاوەندارێتی کۆمەڵك کارێکتەری رۆشنبیری یەوە، هەروەها بەچاوی سووك تەماشای شارگەلی دیکەی کوردستانیان و دانیشتوانەکانیان دەکرد، تەنها بەهۆی ئەوەی کارێکتەری دیاری فەرهەنگی لە شارێك هەیە، یان تەنها بەهۆی ئەوەی سیاسەتی شارەکەی دژایەتی ئەو سیاسەتە دەکات کە لەشارێکی تر و یان لەشارێکە چارەنووسی دیار نییە، ئەم دیاردەیە جەنگێکی دەروونی بوو نەك توانا لە سێکتەرەکانی دیکە، هەروەها پەرچەکرداریش بوو دژی جوگرافیایەکی دیکە بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە ئەو جوگرافیایەش بریتییە لەپارچەیەکی گرینگ لە جوگرافیا گەورەکەی خۆی کە هەگری ئەو شوناسەیە، لەبیربردن و رگەنەدان بەلەدایکبوونی پرسیارێکی وەها، بابەتێکی سەتحی و ئاسایی نەبوو بەسەر زارەکی پەخش کرابێت، بەکو تەوگلانی هەموو تواناکان و هەموو کارێکتەرە رۆشنبیر و نا رۆشنبیرەکانیش بوو، تاکو بەگشتی ببنە شاهید بەسەر دۆخێکەوە لەزەمنێکی دیاریکراو، ئامانجەکەش بێ خزمەتی ئەدەب و مەعریفە نەبوو، بەکو بێ خزمەتکردنی سیاسەتێکی دیاریکراو بوو، بۆیە خوێندنەوە و موتابەعەکردنی تەشکیلی و شانۆ و فیلم و دراما و هتد، گۆڕا بێ پەیداکردنی پوو بەهەر نرخێك بێت.

بەشێکی زۆری دەرهێنەر و کارێکتەرە سەرەکییەکانی فیلم و درامای کوردی، خەڵکی شاری کەرکوك بوون، ئەوان خاوەنی سێ زمانی زیندوو بوون، تەنها لەبەر ئەوەی خاوەنی شوناسی جوگرافیای خۆیان نەبوون، هەمو توانا و پاداشتەکانیان بێ شارێکی تر گەرایەوە، ئەم پەراوێزخستنە

1: سعاد العنزی. المهمشون فی الادب. مجله العرب الکویتیه. 2013
2: دارویش شایگان. ئاسیا لەبەرامبەر خۆرئاوادا. وەرگێران بێ کوردی. شەرش جوانرۆیی. مامەند رۆژە. وەزارەتی رۆشنبیری. خانەی وەرگێران. 2004
3: ئادیتا ئەبکومار. مفهوم الاقصاو. ترجمه بپینه ابراهیم.

4: هیپم حسین. کاتب سوری. ادب الهوامش. مجله العرب 2018 \
5: احمد ندا. أدب المهمشین بین النخبه والصعالیك. مجله مقالید 2011 مغرب
6: مجله افاق عربیه. العدد 6 1983
7: مجله اخر ساعه. 2009

بەردەوامبوونی پەراوێزخستن قەیرانی بەها. کێشەی بنچینەیی ئینسان … سمکۆ محەمەد

لەمانای زاراوەکەوە دەست پێدەکەم کە بۆچی پەیوەندیی بە پەراوێزخستنەوە هەیە، بەها بەواتای قیم دێت بەعەرەبی، وشەیەکی لاتینییە بە بنەما فەلسەفیەکەی، لەریشەوە لەوشەی بنەما رەفتاریەکانەوە هاتووە کە کۆمەڵگە وەکو پێوەر کاری پێدەکات، واتە بەپێی ئەو تەرازووەی بۆ دیاردە و شتەکانی داناوە و بەوەش ئینسان هەڵدەسەنگێنێ، هەبەت پێوەرەکەش بەپێی ئەو بنەمایانەی کە بەهەند وەرگیراون، یان بە لاگیری و یان بە عەقڵی کۆمەڵ نوێنەرایەتی کراون، بەپێچەوانەوە یان ئەوی تر پەراوێزدەخات و یان خۆی پەراوێزدەخات.
لەنێوان بەهای ئینسانی و بەهای باڵا کە چەند پێناسەیەکی هەیە، شتێك نەماوە ناوی بەهای ئینسانی بێت، بەڵام کە دەردەشە لەسەر نموونەی باڵای ئیدیاڵۆژییەکان دەکرێ، هەڵکی سوور دیاری دەکرێت و وەکو موقەدەس تەماشا دەکرێ، ئەمە سەرەتای نەمانی بەهای ئینسانی یە، لەبەرامبەردا سەرهەڵدانی بەهایەکی دیکەی پیرۆز، چونکە ئەم ئینسانە دروستکراوەی ئێستا بەبێ خوداوەندی خۆی و بەبێ نموونەی باڵای خۆی ناتوانێ قسە بکات و ناتوانێ وەامی پرسیارەکانی خودا و هەقیقەت و چاکەکاری بداتەوە و لەپەنایدا بژی، ئەم دۆخە دروستکراوە کە سەنتەرێکی بۆ بەها داناوە، تاکو هەموو شتەکانی تر ە ئینسانیشەوە لەکەنار ئەودا بووەستن، هەزکی باڵایە کە تەکنەلۆژیایە و بۆ نەهێشتنی ئیرادە و بەهاری ئیرادەگەرێتییە، بۆیە ناتوانێ رەخنەی لێبگرێ، لەباشترین حاڵەتیشدا کە رەخنە

دەگرێت لە کواڵیتی دەیگرێ، نەك لەو هۆزە باڵایەی کە ئاراستەی دەکات.
هەبەت وەکو باسم کرد لەدەرەوەی بەهای باڵا، شتێکی دیکەی هاوچەرخ هەیە، ئەویش تەکنەلۆژیایە کە مەودایەکی خستە نێوان کێشە و پێویستییە دیارەکان، ئەمەش دوای ئەوەهات کە عەقلانییەت گرینگی بەم ستایلە بەهایەدا، هەروەها گرینگی ئەم گۆڕانەش بە پلەیەك کە نەیهێشت و دژی هەموو ئاڵۆگۆڕێکی ریشەیی بووەوە کە دواجار ئاراستەشی گۆڕی، ئەم دۆخە کارێکی کرد کە ئەم چەرخەی ئێستا داوا بکات بگەڕێتەوە بۆ تواناکانی ئینسان بە سرووشتی خۆی، بەڵام بە کەرەستەگەلێك کە دیسان بەرهەمی تەکنەلۆژیا و عەقلانیەت بوو، ڕگەی نەداو نموونەیەکی دیکەی باڵای تەکنەلۆژی خوڵقاند، بۆیە سەرەنجام ئەو بەهایانەی نەهێشت کە ئینسان وەکو مەرجی ژیانی شایستە تەماشای دەکرد، سەرەنجام پەراوێزخستنی هەر نەتەوە و کولتوور و ڕشنبیرییەك لەئەنجامی نەهێشتنی ئەو بەهایانەوە سەریهەڵدا.
تاکو ئەوکاتەی ئینسان نەبووبوو بە سەنتەری دەسەڵات لەسەر زەوی و خۆی لێنەگۆڕابوو، بەشێك لەو بەهایانە مابوون کە دێنەواییان دەدایەوە، یان وەڵامێك بوون بۆ قەیرانە سرووشتی و ناسرووشتییەکان، دواتر کەوتە ئەو شوێنەوە کە گوایە هۆشیاری ئامانجە سەرەکییەکەیە بۆ بەسەنتەر بوونی، بەڵام دەرکەوت کە جوانکردنی هۆشیاری لەگەڵ خودی هۆشیاری موزەیەف جیاوازی هەیە، بەو مانایەی کە ویژدانێك بخوڵقێنێ بەختەوەر بوو بەو یەکسانییەی کۆمەڵگەکان کە تائێستاش بەخێیەوە نەیبینیوە، ئەمەش لە پێناو بزرکردنی خودی هۆشیاری بوو کە بەمانا فراوانەکەی نەمانی بەهابوو، لەبەرامبەریشدا ناوهێنانی بۆ سەرهەدانی بەدیارخستنی فکر و وجوود و هەڵپەرستی خودی بوو، ئەمەش وای کرد کە نێوانگیرییەکان لەنێوان شعور و بۆ شعووری بەردەوام نەمێنێ". هربرت ماركوز. الانسان ژو البعد الواحد. ترجمه. جورج گرابیشی. دار الاداب ل112. ئەمەش ویژدانی لە ماندووبوون و مەترسییەکان دوورخستەوە، هەروەها ڕشنبیری گەلانیشی هەمژی کە بووە هۆی هەژاری و گەانەوە بۆ کۆمەڵگەی پیشەسازی بۆ پیشەیی سرووشتی کە ئەمە بە لوغزی هەوەکە دادەنرێ، ئەمە پەراوێزکە لەو پەراوێخستنەی کە ستراتیژ بوو نەك تەکتیك.
نیچە لە کتێبی ئاوابوونی بتەکاندا ئەو ئیرادەیە دابەشی سەر ڕەوشت و توانای هۆشیاری کرد، هەروەها پێیوایە نەخۆش و لێدراوەکان، "وەهنی بەهایی بۆ نوخوازی لە ڕەوشت و هونەر و دین و زانست و مەعریفەدا هەیە، یان لە لەنێوان تێکچوونی جەستەیی و ئەخلاقیدا هەیە، ئەمە هیچ جیاوازییەکی نییە لەنێوان کەسێك ڕەوشتی نییە و کەسێکی تر لەڕووی فیسیۆلۆژییەوە کەمئەندامە، ئەوەش بەسەر

چینەکاندا دابەشدەکات، لەکاتێکدا ئینسان هەوڵی ئەوە دەدات کە لەهەموو رووداوێك مانایەك یان ئەزموونێك بدزێتەوە، کەچی ئەو مانایە بەهۆی نەبوونی ئیرادەوە نائامادەیە و هیچ ئامانجێکی نییە، بۆیە ئینسان بەتەنها دەمێنێتەوە لەو ژیانەی کە هیچ بەهایەکی تیانییە، بەردەوام بوونی جیهانیش بەبێ بەها و بێ مانا و بێ ئامانج، خراپترین حاڵەتە لە نەبوونی بەها". جمال مفرج. ازمه القیم من المازق اخاقلاقیات الی جمالیات الوجود. دار العربیه للعلوم الناشرون. منشورات الاختلاف ص44.

کەچی جیل دەلەز سەبارەت بەنیچە پێی وایە ئیرادەی هێز لەباڵاهاتن و بەدوایەکداهاتنە لە رەگەزی بەرهەمهێنانی جیاوازی چەندێتی و رەگەزی بەرهەمهێنانی جیاوازی چۆنیەتی، لەنێوان هەردوکیاندا یەکێکیان باڵادەست دەبێت و ئەویتر ژێردەست، بەوپێیەی کە چالاکی هەرکامیان لەنێوان ئەرێنی و نەرێنیدایە، هەر لەوێشدا دەلەز ئەوە شیدەکاتەوە کە بۆچی ئەو پرسیارانە بەردەوام دەبن و یەکێکیان دەکات بەچالاك و ئەویتر ناچالاك. لێرەوە مانای بەهای نوێ رەخنەی لێدەگیرێ، چونکە زاراوەگەلی دادپەروەری و ئیستاتیکا و چاکەکاری لەبارەی بکەری نوێیەوە دەستپێدەکات، لەکاتێکدا هیچ کام لەو زاراوانە بەمانا بەهایەکەی کاری پێنەکراوە، بگرە قۆپ کراونەتەوە و کۆتاییان بە هەقیقەتی بەرهەهەندە ئیرادەییەکەی هێناوە، ئەویش ئەوکاتە دەردەکەوێت کە ئیرادە پووچ بۆتەوە و لەبری ئیرادە قۆستنەوەی هەلومەرجەکانە.

بەها شتێکی نەبینراوە چ لەلای کەسی خوێنەوار و چ لەلای کەسی نەخوێنەوار، بەکو شتێکە پەیوەندیی بە ئیدراکی هەستەکییەوە هەیە، ئەگەر کەسێك لەهەر پلەو پایەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و هتد بێ، هەست نەکات شتەکان بەهایان لەدەستچووە، هەست ناکات ژیان چ ئاراستەیەکی وەرگرتووە و چارەنووسی ئینسان بەرەو کوێ مل دەنێ، بۆیە کە نەخۆش دەکەوێ یان دەکەوێتە پلەیەکی خوارتر لە ئابوری و ژیانی کۆمەڵایەتی و هەست دەکات مافی خوراوە، ئەوکات هەست دەکات ئینسان دووچاری نەخۆشی بووە بەلەدەستدانی بەها بێ شتەکان و نەریتی ئینسانی. ئەمە لە قۆناغەکانی رابردووی مێژووش دووبارە بۆتەوە و ئەزموون کراوە، بەڵام ئەزموونەکە جیاوازیی هەیە "فەلسەفە لەسەردەمی رۆشنگەریدا لە رۆژئاوا، رۆکی هێنایە کایەوە کە بانگەوازی بێ دەکرد لەرێگەی دژە سیستمی کەنیساوە، ئەو جەنگەی لەنێوان بانگەشەی ئازادی و تاکگەرایی و مەزهەب و شوناس، تائێستا کە 200 ساڵە بەردەوامی هەیە، ئەم فەلسەفەیە پێیوایە هەموو ئینسانێك لەتەواوی دونیا ئایین پەروەرە، بۆیە ئینسان دەتوانێ سەربەخۆیی خۆی رابگەێنێت لە ئایین، هەروەها بەتەنها بژی، بەڵام

پێچەوانەکەی راست بوو، چونکە ئەوەی ئینسانی ترساند (ئایین و نەریتی ئایینی) بوو لەناو سەنتەری ئایینەکاندا هەم لە پەرستاگاکان و هەم لەنێو کۆمەڵگە خێی کە گوتاری ئایین بەسەریدا زاڵ بوو،، هەروەها لەهەموو کارو کردەوەکانی ژیانە رەنگیدابێوە، جیاوازی بچینەیی نێوان تیۆری ڕۆشنگەری و تیۆری ئوسوڵی لە دونیادا، ئەوەیە کە یەکەمیان جەخت لە هاوبەشی دەکات لەنێوان هەموو بەشەرییەتدا، هەروەها تاکو بەرقەرار بوونی یاسا و دەستوور تاکو ئەرك و مافدیاری دەکات، ئینسانیش بەگشتی بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز و نەژاد و زمان و ڕەنگ و چین و هتد بێ منەت دەبێ بەرامبەر ئەو سەنتەرە ئایینیانە، هەروەها ئەویتر جەختی لەسەر تایبەتمەندێتی ڕەسەنایەتی و ئایینی و زمانەوانی و هتد دەکات، بێ ئەوەی کێشە مەزهەبی و ئایینی و نەتەوەییەکان بەردەوام بن" حسن العودات. النهچه و الحداپه، بين الارتباك و الاخفاق. دار الساقی. بیروت لندن. سنه 2011. ص51. ئەمەش بەپێی قسەی داریوش شایگان بێ (بەهای ڕۆشنگەری بۆخێی بەهایەکی کەونییە، ناتوانێ لە نێو مافە ئیسلامییەکان و مافەکانی هیندۆسییەکان و مافە کۆنفۆشیەکان هەبێ، بەکو لە نێو مافە کەونییەکاندا هەیە، مافیش بەسەر هەمو ئینسانێکدا پراکتیك دەبێ لەهەر شوێنێك بێ، بێیە ئەمە نەیتوانێ تایبەتمەندێتی ڕۆشنبیری و هۆشیاری ئەوانی تر، بێ نموونە گواستنەوەی ئاسی بوون، بێ بە ئوسوڵی بوون و توندڕەوی، کەواتە با ڕۆشنگەری هەر لەو بڕوایەدا بووبێت کە ئینسان جەوهەری دونیایە و سەنتەری دروستکەری چارەنووسە، بەڵام دەرکەوت کە هەڵچوونەکانی هەڵکی ترسناکترە لە تۆفان و تۆپەبوونی سرووشت، بێیە لێرەدا ئینسان نازانێ چارەنووسی خێی بپارێزێ، کاتێك کە لەژێر کاریگەری ئایین و کولتوور تۆپە دەبێ، ئەوەی کە ئێستا دەبینرێت و هەستی پێدەکرێ لە ئاستی سیاسی و ئابوری و تەندروستیدا لەهەموو جیهان، ئەو جیاوازییەیە کە نەیتوانێ ئینسان بەیەك ئاراستەدا ببات، ئەمە ترپکی بابەتی پشتگوێ خستنی بەهایە لەلای ئینسان، هەر ئەم پشتگوێ خستنەش بوو ڕگەی لەوەگرت خێی خێی پەراوێز بخات.

ناوی کتێب : وەهمی دیموکراسی … نووسەر : سمکۆ محەمەد

بابەت : توێژینەوە لە چەمکی دیموکراسی و رەهەندەکانی
نووسەر : سمکۆ محەمەد
پیتچنین و هەڵچن : نووسەر
نەخشەسازی ناوەرۆك و بەرگ : شاخەوان جەعفەر
تیراژ : 1000 دانە
چاپ : چاپی یەکەم،

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن ….

جەنگی نادیار خوێندن پەراوێزێك بۆ بەوانامۆ … سمکۆ محەمەد

جارجار لەکاتێکدا بەناونیشانی فەلسەفە چییە؟. دەڵێت “بابزانین فەلسەفە چییە کە قوناغەکانی جودا کردۆتەوە، ئەو نهێنییە چییە کە فەلسەفەی ئیمپریالیزم لەگەڵ فەلسەفەی چاخەکانی پێشوو جودا دەکاتەوە؟، بۆچی لەیەکەم روانیندا هەست بە کرانەوەیەوەك دەکەین کە لەرابردوودا ئەو ئاراستەیەی نەگرتۆتەوە، بۆچی جارێکی دیکە فەلسەفە دەبێت بەمایەی نەفعی کەمەایەتی؟. هەروەکو مارکس گوتی “ئیدی فەلسەفە کاری وێناکردنی واقیع نییە، بەکو گۆڕینی واقیعی کەمەایەتییە”، لەکاتێکدا مەعریفەی نێو زانکۆکان نەفعەکانی بۆ خودکە کەوای کردووە چاو ببڕێتە سامانی ماتریاڵی، نەك سامانی مەعریفی، بەپێچەوانەی مەعریفەی دەرەوەی زانکۆ، واتە رۆشنبیری خاوەن دەروەستی مەعریفی کە نەفعی گشتی بەگرینگترین تەماشا دەکات.
لەم بەراواردکارییەدا لەنێوان هەردوو ناوەندەکەی خوێندنی کاتی و

خوێندنی بەردەوام، تێدەگەین کە بۆچی دوو ئاراستەیە هەیە بۆ کەسەکە کردنی سەرمایە هەیە، تۆزێك هەیە ئامانجی بیرکردنەوەیە و ئەویتر ئامانجی کەسەکەکردنی سەرمایەیەکە کە هەموو کەسێك دەتوانێ پێی بگات، بۆ نموونە بازرگانەکان و خاوەن موڵکەکانی پێشوو کە تائێستاش بەشێکیان نموونەن، بەشی زۆریان نەخوێندەوار بوون، ڕۆژنامەنووسەکان بەشێکی زۆریان نەخوێندەوار بوون و قۆناغیان گۆڕی، سیاسییەکان زۆربەیان نەخوێندەوار بوون و بەهەموو بۆ ئەزموونیی و هەڵەیەکەوە، شۆڕشیان کرد و ئاراستەی کۆمەڵگەیان گۆڕی، پیاوانی کشتوکاڵی بەهەموو دووریەکەوە لە شارستانییەت، خەرسکانە مامەڵەیان لەتەك سرووشتدا کرد و بەرهەمیان کردە ئامانج، سەنعەتکارەکان هەموویان ئەوانە بوون کە بازاڕیان ئاراستە دەکرد و ستایلی ژیانیان گۆڕی و کاریگەرییان هەبوو لەگواستنەوەی لادێکان بۆ شار و هتد.

ئێستا دێینە سەر ئەو ناوەندەی کە دەبوو لەدوای ئەو هەموو قۆناغ و ئەزموونە کرچ و کاڵانەی کە ڕەخنەی لێگیراوە، هەبەت ناوەندی خوێندنی زانکۆکان بەبۆ ئامانج نیین بۆ بەدەستهێنانی مەعریفە، بەڵام بەبۆ گوڕپێدان و بەبۆ پەروایی بەرامبەر بەمەعریفەیەك کە ئامانجی گۆڕان بێت لە هەموو کایەکاندا، چونکە دەستەبژێرێك جەویان وەرگرتووە و نەوەکان گەورە دەکەن نەك سیستمی پەروەردە، تاکو بیر لە شتێك نەکەنەوە کە خودی مەعریفەیە لەپێناو خۆناسین بەکاربهێنن.

با لەو نموونەیەوە دەست پێبکەین کە بۆچی هەموو خوێندکارێك کە لەزانکۆ دەردەچێت، دەڵێ (خوێندنم تەواو کردووە دەمەوێ ببم بە شتێك)، هەبەت هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە چاوی لەو هەوڵەبێت کە پێشتر، لەدنیاییەوە ئەم قسەیەی کە بۆتە ئیدیەم، خۆسك نییە، بەکو پاڵنەرێکی دیکەی لەپشتە، ئەویش لەوڵوە ئاشکرا دەبێت کە وەختێك دەبینین توژینەوە لەهەموو بابەتەکانی زانکۆ لە بازاڕ و لە نوسینگەکان، لەدەرەوەی ماندووبوونی خوێندکار، وەکو هەر کاڵایەك و پێداویستییەك بە پارە دەفرۆشرێت، لەوەش واوەتر بۆ سەلماندن ئەوەیە کە هیچ خوێندکارێك لێپرسینەوە لە توژینەوەکەی نەکراوە بەمانای ئەکادیمی، هیچ خوێندکارێك دوای تەواوبوون لە زانکۆ، مەعریفەی وەکو چەکێك بەکارنەهێناوە بۆ ڕگریییکانی بەردەم ژیان، بەدەگمەن خوێندکارێك دەبینین دەرکەوێت و بەردەوامی بەو کایەیە بدات کە خوێندوویەتی، هۆکاری ئەمانی ئەوەن کە واگەورە کراون بەو ئیدیەمەی کە دەبۆ خوێندن تەواو بکات، ئەمە جگە لەبۆ مەعریفەیی و خەدەربازکردن لە بەرپرسیارێتی مەعریفی، شتێکی تر نییە، لەکاتێکدا مەعریفە و خوێندن پرسەیەکی بەردەوامە و کۆتایی

نایات، ئینسان لەهەر قۆناغێکی ژیان بێت، پێویستی بە بەردەوامی خوێندن و بەدەستهێنانی مەعریفەیە.
ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەم پێدا ئەوە فاکتەرێکە لە پرسەی بەرهەمهێنانی کارێکتەری سێبوو لەکۆمەڵگەدا، بەڵام فاکتەرێکی دیکەمان هەیە لەدژی ئەوانەی بڕوایان بەوە نییە وەکو داینەمۆیەك کاربکەن بۆ گۆڕانی کۆمەڵگە. ئەویش مەعریفەی دەرەوەی زانکۆ و ناوەندە ڕۆشنبیرییە فەرمییەکانە بە حکومی و ناحکومییەوە، ئەم نەریتی بۆ پەروایی بەرامبەر بە بەرهەمهێنانی مەعریفە، ململانێیەکی بەردەوامە لەگەڵ دژە پەراوێزخەرەکان، ئەم حاڵەتە لە کوردستان نوێیە، بەڵام لەسەدەی هەژدە لە ڕۆژئاوا نەخشییەك بوو، وەکو مالاریا و تاعون یەخەی ڕۆژئاوای بەرنادا، هەتا ساڵی 1848 بەردەوام بوو کە دابڕانی فەلسەفی هاتە کایەوە، بەڵام لەدوای ئەو قۆناغەوە دابڕانێکی مەعریفی هاتە کایەوە، مەبەستم لە هاتنی مارکس و نیچە و فرۆیدە کە بەرپەرچی فەلسەفەی کلاسیکیان دایەوە و ئەلتەرناتیڤیان پێشکەش بە زانکۆ و دەرەوەی زانکۆ کرد.
لەپەنا هەموو ئەو ململانێ و کێشمەکێشی مەعریفییەوە لەنێوان ناوەندەکانی خوێندن و بیرمەندەکانی دەرەوەی زانکۆ، پێشەوییەك لەپێناو بەکارهێنانی فەلسەفە و مەعریفە بەگشتی، وەکو تەوژمێکی تر بنەمای خۆی دانا، ئەویش بیرکە و خەمی گۆڕینی کۆمەڵگە و ململانێی چینەکان بوو، ململانێی نێوان پەراوێزخراوەکان و سەنتەریزمەکان سەلمێنەری ڕاستییەکانە، لە حاڵێکدا ئەم تۆوانینە کە بۆ فەلسەفە خۆقاو ئیدیاڵیزیا خراپ کەڵکی لێوەرگرت، هەوڵێك بوو بۆ ناشیرین کردنی، بەڵام هەم نەتوانرا بۆ بەها بکرێ، هەم لانیکەم توانی فەلسەفە لە کورسییە باڵاکان و بڕوانامە وەکو ئامانج، بگوازێتەوە بۆ زمانی سەر شەقامەکان و قاوەخانەکان، ئێستا پرسیارەکە لەوێیە ئایان بۆچی زانکۆ بە هەموو توانایەکی خۆیانەوە، مەعریفەیان نەکردووە بەچەکێك بۆ گۆڕانکاری لە کایە جیاوازەکان، بۆچی نەبووە بەخەمی مەعریفە، بۆچی ناتوانێ کارێکتەری بیرکەرەوە دروستبکات، جگە لەکارێکتەری پەراوێزخراو. ئەو کارێکتەرەی کە بەبڕوانامەیەك ئیکتیفای زاتی دەکات، چونکە لەپرسەی خوێندنی ئەو چوار ساڵەیدا، یەك ئامانج لە خەیاڵدانی جێکەوتە بووە، ئەویش بۆ بەدەستهێنانی موکیەتی سەرمایەیە، نەك بە مەبەستی خوێندنی بەردەوام، هەڵخرانی هێزێکی گەورە بۆ بەردەم ناوەندەکانی حکومەت و دەسەڵات بەمەبەستی بەدەستهێنانی کاری یەخە سپییەکانی وەکو خۆیان، مەبەستم لە فەرمانبەری مشەخۆر و بەرسڤبەر و ماندوو نەناس، بەو مانایەی کە مادام بڕوانامەیان هەیە ئیدی دەبێ کاریان پێبدرێ، لەکاتێکدا بڕوانامە تەنها بڕوانامەی کارە ئەگەر لەدەرەوەی دەزگاکانی

حکومەتیش بۆ، نەك بۆوانامەی مەعریفە، بۆیە ئەم بیرکردنەوەیە کاریگەری خراپیشی دروستکردووە، بەوەی کە هەر گەنجێك بە کچ و بەکوڕەوە بدوێنی سەبارەت بە خوێدنەوە و مەعریفە، جگە لەوەی خۆیان بە ڕۆشنبیر لەقەڵەم دەدەن، هەروەهاش دەڵێن (ناخوێنین چونك خوێندن هیچ سوودێکی نییە، ئەوەتا شەقامەکان پڕن لە خاوەن بۆوانامە)، لێرەوەیە دەرکەوتەکانی ململانێی نێوان هەردوو ناوەندەی ئەکادیمی زانکۆیی و ناوەندی ڕۆشنبیری دەروەست دەردەکەوێت، ئەو پرسیارەی بەردەوام دەبێ بکرێت، کوا ئەو هێزە گەورەیەی کە لەئەنجامی بەدەستهێنانی بۆوانامەی زانکۆیی تواناکانیان لەوێدایە، بۆچی ساڵانە سەدان کادری خوێندەواری زانکۆیی لەکایەکانی سەیڵۆژی و ئابووری و کشتوکاڵی و بیناسازی و سیاسی و هتد، تەنها کادرە پزیشکیەکان یاسایەکان دەردەکەون و کاریان دەستەکەوێ و مومارەسەی کارەکەیان دەکەن، بۆچی حاڵی کەمەگەیەك ڕۆژبەڕۆژ بەرەو خراپتر دەوات لەرووی مەعریفی و خودناسی و پشکەوتنی کەمەایەتییەوە؟. بۆچی ئەو ناواندانە ناتوانن ئەدیبێك یان سەیڵۆژیستێك یان سیاسییەك یان کاردێکی کشتوکاڵی پشوو بەتوانا بەرهەمبهێنێ، کەچی هەر ئەو کارکتەرانە دەوەت و کەمەگە بەوە دەبەن کە لەدەرەوەی ناوەندی ئەکادیمیا خۆیان پەروەردە کردووە، ئەمە پرسیارکە ڕۆژانە دووبارە زیندوو دەبنەوە.

کتێب: ژانرێ ئەدەبییەکان … سمکۆ محەمەد

ناوی کتێب : ژانرێ ئەدەبییەکان
بابەت : ئەدەبی
نووسەر : سمکۆ محەمەد
تابلۆی بەرگ : کاندینیسکی
پیتچنین و هەڵچن : نووسەر
نەخشەسازی ناوەرك و بەرگ : شاخەوان جەعفەر
تیراژ : 1000 دانێ
چاپ : چاپی یەکەم
نرخ : 3000 دینار

کتێبی ژانره ئەدەبییەکانی سمکۆ محەمەد کە بریتیە لە 104 لاپەڕەو بە قەبارە مام ناوەندی لەسەر ئەرکی خۆی بەچاپی گەیاندووە کەوتە بەردەستی خوێنەران. نووسەر لەم کتێبەیەدا باس لەو چەمکانە دەکات کە پەیوەندی بە ئەدەب و فکرەوە هەیە و لە ساڵانی هەشتاکانەوە هاتووتە نێو دونیای ئەدەبی کوردی، بەڵام وەکو نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا نووسیویەتی (بەهۆی ئەوەی ئەو چەمکانە درووستکراوی ئەمە نییەن و کارمان پێیان نەکردووە وەکو بەشێك لە شڕشی فەرهەنگی، بۆیە بەهەڵە کاریان پێکراوە و بەهەڵە لەنێو توێژینەوەی ئەدەبیدا کاریان پێکراوە، بۆیە منیش جارێکی تر بەپێی ئەو لێژیکەی کە نوخوازی بە گرینگی دەزانێ جارێکی تر پێناسە و شیکردنەوەم بۆ کردووە، یان باشتر بڵێم لەسەریانم نووسیوە).
نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ "قسەکردن لەسەر دەقی دەربار و دەقنووسی کورد، وەکو جۆرێك لەتابۆ دیاریکراوە و بووەتە هۆی سوور، ئەوەش کەجار بەجار رچەشکێنی کردووە و لەسەر شاعیری دەربار شتی نوسیووە، هێندەی لەژێر کاریگەری سیاسەت و ئیدیۆلۆژی بووە، یان سەرچاوەکەی لەکێنە قینەوە بووە، هێندە مەبەستی خزمەتکردن نەبووە بەئەدەبیات و دەرهاویشتەکانی دیکەی، ئەمە لەحاڵکدا شاعیری دەربار لەدەروەی دونیای ئەدەبی کوردی، مۆزوویەکی هەیە و لەوانەش نمونەی بەشێك لەشاعیرەکانمان هێناوەتەوە".

[بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرەبکە.....]

وێنە شیعری نوێ … سمکۆ محەمەد

رەش

شەو هەمیشە رەشپۆشە
خەڵك زۆر بە ناشیرینی باسی قەڵە رەش دەکەن
رەش … ماڵە گەورەی رەنگەکانە
خەڵك خۆیان رەش دەچنەوە
سرووشت بەبێ مار و دوپشك و دڕندەکان درێیەکە لە رەنگەکان
ژیان وای لێهاتووە لەسێبەری رەشی خۆی بترسێ
چونکە رەشە

سەوز
لەنێو باخچەکەماندا خانەخانێکە یەك شك دەبەم
لە قاوەییدا رەنگی بریقەی دێت
من هێندەم خۆشدەوێ . هەندێجار دەبمەوە منداڵە وێکنەکەی جاران
هەرگیز بیری خاڵم ناکەم کە رەنگی سەوزی ئەو قاوەییە
ئەو شا پیاوی ئەم ژیانەیە

سپی
هێند موغرییە بەخەیاڵیش لەسەری بنووی
تامی ژن دەدات.
هێندەش قیزەونە کە هەمان رەنگی هەیە
بێ مردنیش دەشێ و
خیانەتیشی لەسەر دەکرێ و
دەبێتە کراسی پیاوێکی روحانیش

شین
زەمەن پێوەرێکە بێ نەگبەتی و درێزنەکان
کوێرەکانیش دەزانن کە ژیان نوقمی زەمەنە
هەر بێ شکاندن باشە
چوون زەمەنی لەنێو رووداوەکاندا لێخن کردووە
ئاسمانی شین نەبێ کەس هەقیقەتەکەی نەنوسیوەتەوە

سوور
رەنگی شتێکی یاخییە لە ئینسان
هێندە بەکەڵکە کە دژی سەرماو زەقێتەیە
کەچی هێندەش خراپە کە رەمزی جەنگە
لەهەمووی ناشیرینتر
سوور ..
شاهیدی خۆ سوتاندنی جەستەی ژنە

خەمۆشی
خەڵك كە بۆ سەردانی دەچن و لەبن سێبەری كۆلەكاندا دەگرین
لەوبەرەوە گوێم لە پێكەنینێكی بێتامە
وەختێك دەبینم مەنزڵگەیەكی ئارامە
كە ئاوێش دەدەمەوە
بووەتە مەنزڵگەی بوودەڵە و پاڵەوانەكان

ئاژاوەی با … شیعر : سمكۆ محەمەد

لەنێوان بزۆی یار و ژاوەژاوی شار
خەجاڵەتی دەكێشم كە خەریكە عیشقم بیر دەچێتەوە
چون عیشق لەگەڵ دەستاو دەستكردنی پارەدا نەما
یار.. هێندە ئاژاوەچییە
وەكو جاران شەرمن نییە تا ئاشتم كاتەوە
ئەوەی كە یار دەیكات
لەكاری ئاژاوەچییەكان دەچێ .. لەداخی خۆیان سیپاڵی خەڵك قەد دەكەن
لەداخی خۆیان گوێسەوانەی دوژمن سواق دەدەن
داخێ كە بتوانێ بەبێ یار گوێ تەقی هەمووشت بێت
كە بێت بتوانێ لەنێو ئەو حەشاماتەی شار .. شا كەسێك بدزێتەوە
بێواناكەم كەس هەبێ… ژیانیش تێكچژاوە و من ناینناسمەوە
قەناعەتێكی جوانە وەكو كایا بێین ئەی یار (با نەچین بۆ شار.. بزر دەبین)
با نەچین بۆ شار ترسنۆك ، درۆزن ، چاوچنۆك، بۆیژدان ، قاتڵی روح دەبین
هێندە مەغرور دەبین كە نەتوانین نانی جۆ بخۆین و شەوێك لە ماڵێكی قوژبندا بخەوین

لەوانەش خراپتر ئەوەیە کە ترسم لە تۆبوونی یار
لە ترسی حاشاماتی شار قورستر
تازە دەرەنگە..
سا کی تر کە من هشتا لەخەیاڵی ئەودا نیم سەردانم بکات
کەوتە بەر چەقۆی قەسابەکان
ئەو قەسابانەی کە هەمیشە لەخزمەتی ورگ زلەکانن و خەیاڵیان لای قوربانیە
سەیرم پەڵت شتك هشتا لەزەینی خەك ماوە کە ژیان بە پێوەیە
کەچی کۆتایی دڵشادی بە پشتوێنی بەمبۆڕکراو بە دەنگکی نەشاز هاوار دەکات
ژیانکی تر بەوەیە …
بەنام کەس ئەو راستیە نازانی کە تەختی پاشا
لەناوەڕاستی شاردا چەند شەبەقکی تکەوتووە
ئەو کوانەش کە تادونێ حەزیان لە شش بوو وەکو من
ئەمڕۆ بە ئاژاوە دەگەڕێنەوە بەر خوێندن و سەراخی یاری کێن دەکەن
ئەمڕۆ دەگەڕێنەوە بۆلای یار
بۆلای قەڵا سپییەکان و شوێنەواری دەستدرێژی دوژمن
ئەمڕۆ دەگەڕێنەوە بۆلای کێگەی پڕ لەبەرائەتی ئەو جوتیارانەی هەڵخەڵەتێنران بەشار
ئەمڕۆ دەگەڕێنەوە بۆ خواردنەوەی ئاوی ئەو روبار و کانیەی بەلوعەکانی گرتەوە
من بەبینینی ئەم وێنانە غەریبی رابردووی خۆم و ئارەزووی لەشساغی دەکەم
پیاوانی دێتەی میرش. بەشانازی و بەلووتی بەرزەوە لەسەیرانن و ژنەکانیشیان لەژێر چارشێوەوە مەکر دەکەن و پێدەکەنن بەو دوکاندارەی لەداخی بازاڕی نوستووە
لەحیرەتا گەرووم هیشك دەبێ کە دەبینم خەك لەنوێ تازە دەبێتەوە و ئێمەش هەروا کێن دەبین
لافاوی پێکەنین هەساوە بەقەد زریانەکەی ئاسیا گریانی پێیە
کەچی خەك هەر گەرانی بێ ڕۆژئاوا دەکەن
دەمەوێ دوور بکەومەوە لەو شتیەی کە ئاژاوەچییەکان خودوویان پێوەگرتووە
یار ناهێ … شار ناهێ
لەبری تۆبوون… وێنەیەکی کێنی خۆم و یار کە لەرۆژنامەیەکدا بینیمەوە
بەدزیەوە دەیبەخشمە ئاژاوەچییەکان
دەزانم ئەوانیش ماندوون

ئەوان رۆژنامە وەك سفرەی جەنگ تێگەیشتوون
تەنها لە کەلاوەدا پشوویان داوە
تەنها لە بەرباران خۆیان بەتەی بینیوە
لەپێ کەسێك بەخاترجەمیەوە کە ساتمەی دەکرد بەسەر پێپلکەکانەوە
گوێم لێبوو بەمێ دەگوت "نەرم و نیانن… تەنها بێ شەو باشن"
من ئەمە بەتاوانێکی گەورە دەزانم
کەچی خۆیان پێی گەش دەبن و شەنگ دەیانگرێ
هەر ئەو کەسە هات و گوتی ئەمڕۆ یار نایات بێ شار . نۆرەی پیاوە حەریمێك لەجیاتی تۆەبێت..
دێت و ختوکەم دەدات و گەرەکیە بەدەنگی بەرز ببمەوە بە پیاوەکەی جاران
لەبەر پێکەنینی جەنگاوەر و دیلەکان
حەشامات و بینەرەکان
پیاوانی بازاڕ و ژنی میرەکان
کەس نییە وەکو ئەوان لە ئاست خۆیان دابچەکێ
من هێشتا لەهەیوانی کۆشکەکەی باپیرمم و بیر لە یاری کۆن و یاری شار دەکەمەوە
عادەتەن لەجیاتی میر یش
سەری نەوازش بێ ژنەکەم دادەنەوێنم
دیسان ئاوێدانەوەیەك لە ئاژاوەچییەکان دەدەمەوە
لێرە بەسەرهاتی سفرەیەکی خاڵی لەگێشت
قەسابخانەیەك تەنها مێزەر بەسەرەکان دەناسن
گەەکێکی تەماوی لە بۆنی خوێن و پیسی کاسکردبوو
گەەکێکیش لە بۆنی جگەر و هەنا و چێە دوکەڵ
پاسەوانەکانیش وەك سەگی بەەڕا
لەحەژمەتان سیپاڵی یەکتر دەدڕن
سەنگەریان لە و خەیاڵانە گرتووە کە دوژمنی شارە
ئەمەیان میر نییە و چێی شار نییە..
خەتای تووەبونی یارە..
خەتا لەوەیە کە ئەوکاتەی هەموو شتێك وەکو بنەشتی کۆن دەبزکێ
خرمە خرمەی دەستشکاندنی من و رنینەوەی پرچی یار بەدەستی پۆلیسی خەیاڵ لەشاردا
هێندەی خەڵك دڕەق کردووە
فرمێسکێك نابینی بەچاوی کەسەوە
شار چەند ناخۆشە. . هێندەش بە ئاژاوەچییەکانەوە جوانە
یاریش هێندەی شار ئاژاوەچییە…

کایا: ئەحمەد کایا هونەرمەندی ناسراوی کورد لە تورکیا کە یەکێک لەناوازیەکانی دەوڵەتی تورکیا بوو لە پاریس کۆچی کرد.

کتێبی: گوناح و ئیمان … سمکۆ محەمەد

توێژینەوە لەبارەی گرووپە ئیتنییەکانی کوردستان

ناوی کتێب: گوناح و ئیمان
بابەت: توێژینەوە لەبارەی گرووپە ئیتنییەکانی کوردستان
نووسەر: سمکۆ محەمەد

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن .....

تائیستاش نەخشەی کوردستان کە لەبری مۆدیلی عیراق ژیان بەسەر دەبات، نەخشەیەکی ئایینی یە لەرووی سۆسیۆلۆژی جۆرییەوە، ئەم واقیعە تالە کاریگەری نەرینی نەخستوتە سەر ژیانی کۆمەلایەتی، بەلام کاریگەری خستوتە سەر شێوازی ژیان بەگشتی و مومارەسەکردنی ئایین، ئەمە گومانی بۆ هەموو بروادارانیش دروستکردووە کە بۆچی بە یەک شوناسەوە هەموان چون یەک نین، یان بۆچی بە یەک شوناسی نەتەوەییەوە خاوەنی یەک جوگرافیای هاوبەش نین و ئایین و مەزهەب جودای کردووین.

کوردستان بەبێ کێشەی نەتەوەی، کێشەی ئایینی و مەزهەبی زیاترە، ئەویش بەهۆی تێگەیشتنی گشتەوەیە وەکو گشتیکی زال بەسەر ئەوانی ترەوە، نەدرکاندنی نهێنی بۆ تۆیژەر و نووسەر و رۆژنامەنووس لەلایەن پیاوانی باوەردار بە ئایینەکانی دەرەوەی ئیسلام، ئەو خوێندنەوەیەی بۆ دەکری کە ترسێک هەیە لەوانی تر، ئەمە جگە لەوەی ترسێک هەیە لەو گومانەی کە لەهەناوی هەر بروادارێک و پێکهاتەیەکی کوردی لەرووی ئایینەوە هەیە. ئەم کتێبە تۆیژینەوەی ئەو بابەتە پر لە نهێنییانەیە کە تائیستا یەکێک بووە لە ڕێگرییەکانی بەردەم ئازادی عەقیدە و بۆ هەموان کە بەتاقەت پرۆکێنیەوە بەرهەم هاتووە.

نووسەر

سێبەرەکەت پەیت کە ... سمکۆ محەمەد

لەهیچ شوێنێك ئۆقرە ناگرم
زمان لەوەتەی هەیە وەکو خێی بەدەم ئازارەوە تەجەللا دەکات

پرسیارێکم هەیە جەوهەری لە سێبەرەکەیەتی
بەئەسپایی بێ
هیچ بیانویەك نەماوە بێ ژیان .. بێ گوتن .. بێ ئاوەدانی
تەنانەت بێ تەنهاییش.
لەوە تێگەیشتووم کە گریانی بەکۆ/ مردوو ناگەڕێتەوە
یەك جار سەر لەقاندن/ هەتا سەرە
ژیان وەکو ئاو وایە/ کە ڕێگا دەبڕێت/ چاڵ دروست دەکا
چاڵی وردوو و درشت
پرسیاری دژوار ئەوەیە کە وڵامی نەزانی
ژیان وەکو مۆرانەیە/ هەموو شتێك دەخوات/ تەنها خەمی ماڵ نەبێ
من دەوڵەمەندترین ماڵم لە مۆرانە
لەترسی مۆرانە گەرکمە بێم / بەڵام هیچ جێناهێڵم
باڵندەکان بەر لەوەی بفڕن / پەڕی خۆیان جێدەهێڵن
ئینسان بەرلەوەی بڕوات/ لەسەر بەردێك دانیشێ و سێبەرێك جێبهێڵێ
کەچی دەماغ بەرزەکان هەموو شەوێك ئاهەنگ دەگێڕن/ لەتازیەی خۆشیان
ناوەستن
من ئێستا وەکو جاران نیم/ خەو بەوەوە دەبینم کە ئیتر هیچ خەون
نەبینم/ هیچ خەیاڵێك نەکەم/ هیچ ئومێدێك هەڵنەچنم لەسەربانی
وشەکانم
من ئێستاکە تیلماسکێك ی دێکاویم بەسەر پشتی خۆمەوە
لەشێوەی تودا تەنها ئەلبومێك وێنە شك دەبەم و هیچی تر.
لەبەردەم قەڵافەتی خۆم نەبێ/ سەرم دانانەوێنم/ هیچ شتێك لەسەر من
نانیشتەوە
مادام خەونم نەماوە/ واناکەم لەخەیاڵمدا شتێك ون بێ
واناکەم لە داخی نەفرینی خەڵك و تڕانی خۆشەویستەکەم/ تۆڵە بخەمە
ماڵانی دیکەوە/ واناکەم لەترسی سێبوونی جەستە و شەژانی مۆشك و
دڵی تەزیوم/ ئاگام لە جوانی گەردوون نەمێنێ، من هیچ واناکەم
ترسی ئەوەم نەماوە کەچی ڕووەدات بەر لەڕیشتنی خۆشەویستی
بەڵام لەدوای ڕیشتنت دەترسم کە نە من ماوم/ نە تۆ
من سەیری خۆمە
بۆیە نە سەیری تۆ/ نە سەیری کەس دەکەم
پێمخوشە لەپشانگایەك خۆم نمایش بکەم/ چونکە کەس لەترسی سێبەری
ئەوی تر/ سەیری خۆی ناکا
تکایەکی ترم هەیە/ وەختێك کە تارماییەکەت بەلامدا تێدەپەڕێت/
ڕونـاکییەکی باغەیی لەخەیاڵمدا بمێنێ/ تینـویەتیم بەسـێبەری تۆ
بشکێت
ترسی ئەوەم هەیە بەم هەموو بێدەنگییەوە/ وەکو شووشەی مەی بەدەستی

سەرخۆشکەوە بم/ لەبۆ ئۆقرەییدا لەدەستت بکەومە خوارەوە
تۆ ئەوە باش دەزانی/ من هیچ موکڵك شك نابەم / جگە لەمانە
ماڵکی بچووك و چەند کتێبکی بچووك و دڵکی بچووك و خولیایەکی بچووك و یادەوەرییەکی بچووك و دونیایەکی بچووك و بۆوایەکی بچووك و دیزەیەکی بچووك و مشتێ رازیانەی بچووك و چوارچێوەیەکی بچووك و نیگارکی هەزەقاوی بچووك زیاتر
کە ژیان ئیتر ئەمانەی ناوێ.
ئەگەر دەتەوێ ئەمانەش زایە دەکەم
ئەگەر ناتوانی سەرم لێبدەی/ وەکو من بۆ بەام بێ سێبەر
ژیان غەریبی کردم/ ناچارم رۆگای نەفرەتی هەبژێرم
ئەگەر وەکو ئاسیاییەکان لە رۆژگیراندا نمایشی خۆم بکەم و خۆم بدوێنم
هیچ نەبێ خۆم نەناس ناکەم/ پرسیاری ناماقوڵ ناکەم لەمێژووی خۆم
ئەگەر وەکو شامیەکان بچمەوە بن هەنگڵی چەتەکان و ریشم بدەمە دەست ئەوان
واناکەم هەر نەمناسمەوە و لەسێبەرەکەشم تۆەبن
ئەگەر بمەوێ ئاسمان بەشینێتی خۆیەوە بمێنێتەوە
لە گەڵم گوڵی سووریش بەئاڵی خۆیەوە لەناز بکەوێ
سێبەری خوم لە بەرهەتاو جێ ناهەڵم
تەش سێبەرەکەت پەیت بکە و خێت جێبهەڵە

کتێبی: رەخنە لە ئیدیۆلۆژیا … سمکۆ محەمەد

ناوی کتێب : رەخنە لە ئیدیۆلۆژیا. لێکۆینەوە لە چەمکی ئیدیۆلۆژیا و ڕەشنبیری
بابەت : لێکۆینەوە
نووسەر: سمکۆ محەمەد

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرەبکەن ....

کتێبی – ناسیۆنالیزم لە نێوان فکر و سیاسەتدا ... سمکۆ محەمەد

ناسیۆنالیزم لەمڕووداو ئەو نموونەیە نەبووە کە ئێستا لەفۆمکی دیکەدا خۆی دەنوێنێت، سەرباری هەموو ئەو پێناسانەی کە بۆ نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی ژێر دەست دەکرێت و ڕەوایەتی دراوە بە ناسیۆنالیزم و سەرهەدانی بزووتنەوەیەك لەژێر ئەو عینوانەدا خەباتی نەتەوەیەی بکرێت، ئێستا هەم چەمکەکە کەوتە بەر ڕەخنەی فکری و هەم بەکارهێنانی لە ئاستی بزووتنەوەی جەماوەری و سیاسی و چەکداریدا مەترسی تێدایە، دونیاش سێ لەو جوانەوەیە دەکات کە

نەتەوە بەدەوڵەتەکان خەریکن کاری تۆندەوی پەدەکەن، بۆیە بە هەموو لایەك خەریکن تێگەیشتنی نوێی مەدێرنی بۆ دروستدەکەن و ئیستاتیکای سیاسی پەدەدەن، تاکو کێشەی دیکە لەپەنام ئەم چەمکەدا سەرهەڵنەدات...

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن ....

دێوان ... شیعری: سمکۆ محەمەد

(لەگوڵدانا تەنها لەشی ژن دەبینرێت)
(ئادۆنیس)
لەکونی دڕگاکان و
لەدرزی پەنجەرەکانەوە دەمەوانی

ژنان لەنێوان بەرەی فەرمان و
مەکری کراسێ پەڕە پەڕەکەیاندا
گەمەیان لەگەڵ ئیبلیس دەکرد و
بەگوێزانێك بڕی پەیکەرەکانیان دەتاشی و
لەتەبڵەکی جگارەی پیاوەکانیاندا ئارەزووی خۆیان دەبینی
بەدەستێك دەیاننوسی نوور و
بەدەستەکەی دیکە. چەقۆیان لەمانگ دەگرت
دەیانووت سەفای شەو نابێ … رۆژ ئەگەر ماسکی بەحیکمەتە
شریخەیەك کە قوڕقوشمی پێ دتونرایەوە
ون بن لەژێر شەرکاتێ بێ شووماركان دە یووت ..
لەژێر پەرچەمێ بەپیت لکێنراوەکان
لەنێو تاق و کەلەن و قەشتەکان
ئەوێ کە ئیشتیاقی مەلەکووت نیین
ئەو شەمعدانێ کریستالیانێ بێ ناشکێنن
ئەوێ کە لەخواوەندەکانەوە دوورن
لەترانی تاووس بێ دەترسن
ئەوێ کە لەهەناسەی دایکتان و ترسنۆکی باوکتان نەگەیشتوون
لەنێو ئەو دیەڕە ساردو سڕانەدا چی دەکەن
ئەوێ کە لەدەمژەرەکدا بەسەر دەیان قونگ و تەوری رەنگاورەنگدا
باز دەدەن
مەینەتیتان لەژێر باڵی کام باڵندەدا
لەبەیانی کام وەرزد مەمیا کراوێ
ونبن … تاوەس نەبووم
لەگەمژەیی خەم و سالاری پیاوان
گەرنورەکن ئیلاهیانێ لەتیشکی ئاقیق دروست بوون
چاوبەستم کەن
گەر بەسەی چەخماخێ شەکەی باپیرمن
دەمنادەمك هەدەن
نەخشی توەم بسوتێنن
گەر لێ کەشکەلانی فەلەکدا سەمادەکەن
دەمژەرەکەم بشکێنن و وێنەکەم هەگرن بێ هوودنێ
ئەو هوودنەیەی زەندەقی چووێ لەدەان
من … کە دەاوم
حەزناکەم لەسەر کراسەکانتان بنووسم
خانمەکان کە شەو هاتن بەزاری خۆتان پەیڤەك بێ (با) بدرکێنن
ئەوێ کە مەخلوقەکن روحتان زوقمەو دەتان بەستەەك
بێ ئەەن زمانەك بەرلەئەستا فریشتێ بووین

پاشەڵەك مەرجانی سپی و
نەخشێك بووین لەئومێد
بە ئێمەن زینەتی میوەجاتی بەهەشت و مامزگەلەکی بەناز بووین
چاوەکانمان شوشە بەندەك بوون لەئاو
دەخیلە هیچ مەمەن
شتەك بدرکەنن ساتە قەشمەیەکانی روخسارتان گەشاوەترکا
بارەحی منیشی پە مەحف بێت
قەە هەمالن.. قەی سپی
هەرچی سەروەتی رەحم هەیە لەم بستەنن
هەرچی دەبەن لەسە پارچە کەمتر نەبە
لەسەد دەنك
لەسەد رەنگ
لەسەد نمرە
لەسەد پەە
لەسەد ترپە
لەسەد گەشە کەمتر نەبە
تاەانم کەن و بیر لەتاقانەییم مەکەنەوە
کە خەریکی (ئاو) دەیبا
نامەوە لەنووری ئەوەدا بتوەمەوە
حەزدەکەم لەسەر کراسەکانتان بنووسم
خانمەکان کە شەو هاتن توو جوانیتان شتەك بە ئاو بدرکەنن
بە کلوە بەفرەکانی حیکایەت و
جامە شیرەکانی ئەفسانە
کە من نازانم کامیان بوو حەسرەتەکانمیان سووتاند
مەیلی سەزانیەکان بوو لەئینجانەکان تەرا
یامەیلی کیلە پاترا و شەهریار بوو
لەپاکەت و شوشەی سەر شەستەکاندا گەا
بیاتریس
مەم بەدەستەکەی میهر لەم بوورە
ناتوانم وەکو ئامادەم سەوکت لەتەکدا لەت کەم
ناتوانم شەوەك ژوورەکەت ئاوا کەم و ستیانەکەت لەتکەم
بچە چەرچەفەکەت بە بەماەکانەوە بئاەنە
هاشەی دەنگی شەیتانەکان لەگەنات بسەوە
لەوانەك لەتەم پەکە
منیش دەنووم بە هەمیشە .....

سمکۆ محمد لەبارەی (مەلەفی چەپ لە ئەمۆی کوردستادا) … ئامادەکاری مەلەف : هیوا عومەر

سمکۆ محمد : چەمکی یەکگرتوویی بۆ چەپەکان لەهەموو حاڵەتێکدا
ئەرکێکی سیاسی ئەخلاقییە
گفتوگۆی ڕێگای کوردستان لەگەڵ سمکۆ محمد لەبارەی (مەلەفی چەپ لە ئەمۆی کوردستادا)
ئامادەکاری مەلەف : هیوا عومەر

لەبارەی ئەم مەلەفەوە:

ڕیشەی تێکۆشانی هێزە چەپ و مارکسییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ نزیکەی سەدەیەك لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.
لەناو ئەوم‌ژوەدا سەرەڕای وەستگەی جیاجیا بەڕام لاپەرەکانی تەژییە لەدەستکەوت بۆ هاوڕاتیان کەخێی لە دابینکردنی بەشێك لە مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و یاسایی و سیاسییەکان دەبینێتەوە و توانراوە جێگیر بکرێت لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و دەستوری عێراق لە قۆناغە جیاجیاکانی بەدەستهێنان و بەرزکردنەوەی دەوڵەت. هەندێك لەم دەسکەوتانە پەراوێز خراوە و لاواز کراوە، هەندێکی ماوە.
لەهەڵومەرجی ئەمڕماندا هەنگاوەکانی حکومەت وەك؛ هەنگدانەوەی سروشتی چارەکە سەدەیەکی ئەم حوکمڕانیەو ئەم تایپە لە دەسەڵات (فۆرمێکی جۆرهەڵاتی)لە ئابوری هەیعی بریتییە لە پەیوەکردنی سیاسەتێك بە قازانج و ویستی بانك و کارتێلە مشەخۆرەکانی ژێر چەتری (نیولیبرالیزمی سەرمایەداری)
ئەمەش رەنگی داوەتەوە لەبەرزبونەوەی ڕێژەی بێکاری وهەژاری ولەدەستدانی بەشێك لەومافانەی بەدەستهاتبوون .
ئەوەی دەگوزەرێت لە هەڵومەرجی ئابوری وسیاسی هەرێمی کوردستان چوارچێوەیەکی نوێ بۆ ململانێی چینایەتی وتێکۆشانی جەماوەری هێناوەتە پێشەوە، کە ئەرکی جدیتری خستۆتە بەردەم هێزەکانی چەپ لە

بەرامبەر شکستی بەرەی راستەوی دەسەات.

ماپەری رگای کوردستان بە فکس خستنەسەر ئەو ئەرکانە و رگی هزە چەپ ومارکسییەکان ئەم دسییە دەکاتەوە و لەوبارەیەوە دەپرست:.

(1) کام خوندنەوە پویستە بە دیاریکردنی ئەرك و گی چەپ و مارکسیەکان؛خوندنەوەیەك کە گی چەپ لە پەراوز خراوی دەریبهنن و بیکاتە لیدەر لە ئاراستە کردنی ودواوەکان ؟

(2) هومەرجی ئەمر و شکستی حوکمانی بەرەی راستەوی ، چ بژاردە و پلاتفرمکی مومکین دەخاتە بەردەم هزەچەپ و مارکسیەکان ؟

(3) هزەچەپ و مارکسیەکان کن لەمردا ، دەتوانن لەچوارچوەی بەرنامەیەکی هاوبەشدا کبنەوەوبەربەستەکانی بەردەم کاری ئەوهزانەچین ؟

(4) لەهبژاردنەکانی داهاتوودا، پلاتفرمی چەپ چی بت ؟ بەشدار بن یان نا ؟ تاچەند بەشداریکردن بە لیستکی یەکگرتووی چەپ و بە دەستهنانی نونەرایەتی گا خش دەکا و ئاسانکاری دەبت لە گینی واقیعی سیاسی و ئابوری ؟

سمک محمد نوسەر و رژنامەوان ، لەمیانەی بەشداریکردنی لە (ملەفی چەپ لە ئەمی کوردستاندا) پیوایە "چەپەکان دەبە کەك لەئەزموونی رابردوو وەربگرن کە مادام دەسەاتەکان هندە ناشارستانین کە تەنها چاویان ماتریال دەبین، لەحاکدا ئەو ماتریالە بەشەرییە ئەگەر نەچتە سەرشەقام، لەنوخیدا و لەدەرونی خیدا هەمیشە لەسەر شەقامە، چونکە نازیە لەشوە ژیانی سیاسی و کمەایەتی و ئابوریەك کە تائستا سیستمەکەی پی پناسە ناکر کەوابوو ئستا کاتیەتی بلاتفمی نو بە خشگوزەرانی پشکەش بکەن. "
ئەو پشی وایە : " ململانی فکری لە سەدەی رابردوودا، یەکك لەهکارەکانی پشکەوتن بوو لەرووی کمەایەتییەوە، ململانی چینەکان تازە بەر لەکتایی سەدەی بیستەم ناوی سەرمایەداری بیستبوو،

هبەت وەکو ناو نەك بینینی ژیانی سەرمایەداری، چونکە لەعراق و ناوچەکەش، سیستمی دەرەبەگایەتی وەکو ئەورپای بەخیەوە نەبینیبوو کە ململانکە بەبەشداری خەکیش بوو،، هبەت لە سای 1958 تاکو

1962 خەباتی جوتیاری هەبوو کە حیزبی شیوعی رابەرایەتی دەکرد لە پشدەر و دەشتی هەولێر، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کۆمەڵگەی کوردستانی بەهەموو پێکهاتەکانیەوە سیستمی دەرەبەگایەتی بینیوە، چونکە سیستم ئەوەبوو کە لە ئەوروپا بوو نەك ئەوەی ڕژهەڵات . ” سمکۆ محەمەد لە بارەی زەرورەتی پلاتفۆرمی چەپ لەمەدا خوێندنەوەی وایە :” هەر کەس لەبەردەم ئەم پرسیارە ڕاوەستێت و ئەزموونێکی هەبێت لەنێو بزووتنەوەی چەپ، بێ ئەو وێامە حازر بەدەستە کە پلاتفۆرمی چەپەکان لەهەر هەلومەرجێکدا ئامادەیە کە ئایا ریفۆرم بخوازن یان بیانهەوێ ببن بە ئەلتەناتیف، لەهەر دوو حاڵەتەکەدا چەپەکان بیانوویان بەدەستەوەیە نوێنەرایەتی خەڵکی بەشمەینەت و زەحمەتکێش بکەن، چونکە ئەوان نابێت سیاسەت بکەن لەپێناو سیاسەت، یان لە پێناو گۆڕینی هاوکێشەی بەلای خۆیانەوە وەکو حیزب، بەکو ئەرکیان ئەوەیە کە هاوکێشە بەلای بەرژەوەندییەکانی خەڵکی زەحمەتکێش بگۆڕن، چەمکی یەکگرتوویی بێ چەپەکان ئەگەرچی دروشمێکی سوننەتیی و کلاسیکیە، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا ئەرکێکی سیاسی ئەخلاقییە دەبێ کۆمەڵگە یەك بخەن لەپێناو داوا رەواکانی ژیان کە سیستمی نادادپەروەری ڕگرییەتی، دەبێ ئەو هۆشیارییە فۆری خەڵك بکەن کە ژیانێکی شایستەتر هەیە کە گروپێکی کەم لەخەڵك بۆخۆیان فەراهەم کردووە و ئەوانی دیکە کە زۆرینەن لە ژیانێکی سەخت و مەترسی زیاتر دەژین، کەوابوو هەموو هەلومەرجێك بێ چەپەکان لەبارە بتوانن گەمەی خۆیان بکەن و بیقۆزنەوە بە بەرژەوەندی گشتی، دەبێ ئەوە بزانین کە گۆڕینی واقیع تەنها بە فکر و بە سیاسەت ناکرێت، ئەگەر ئیرادەی گشتی لەگەڵ نەبێت ”

دەقی وتووێژەکە :

*** کام خوێندنەوە پێویستە بێ دیاریکردنی ئەرك و ڕۆڵی چەپ ومارکسیەکان؛خوێندنەوەیەك کە ڕۆڵی چەپ لە پەراوێز خراوی دەریبهێنێ وبیکاتە لیدەر لە ئاراستە کردنی ووداوەکان ؟**

سمکۆ محەمەد: بەرلەوەی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە, پێم باشە لەسەر رابردوو و ئێستای هەسوکەوت و سەرهەدانی بزووتنەوەی چەپ لە عێراق و کوردستان قسە بکەم کە دەورانێك ناوی ناەزایەتی بهاتبا، ناوی چەپ و حیزبە کۆمۆنیستەکان دەهات, هەر لەوێشەوە تۆوانینی دەسەڵات و حیزبی کوردی سەبارەت بە بزووتنەوەی ناەزایەتی لە کوردستان, بەشێك لەتۆوانینی خۆم نیشان بدەم, ئەوەی لەپەیوەند بەرابردووی بزووتنەوەی چەپە کە پێشتر سەرمەشقی بزووتنەوەی ناەزایەتی نێو کارخانە و جەماوەری و سەرشەقام و نێو

زانکۆکان بوو، تاڕادەیەکیش بزووتنەوەی جەماوەری کە ئێستا بۆتە ستایل، هێند بە ئیدیۆلۆژیای چەقبەستوویی کرا و نەیتوانی لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنی سیاسەت ڕێگەببڕێت، تاکو ئەو ڕادەیەی کە هەر ناڕەزایەتیەکی ڕاستەقینەش هەبوایە و دوورو نزیك پەیوەندی بەچەپەوە نەبوایە، مۆرکی حیزبی بوونی بەسەردا دەسەپێنرا وەکو دەڵێن حیزب، دەنا شتێك نییە ناوی حیزبی کوردی بێت بە حیزبە چەپەکانیشەوە، چونکە حیزب بەر لەهەر شتێك ڕزگارکردنی تاکە نەك ملکەچ کردنی تاك بۆ گروپە خاوەن شوناسە بچووکەکانی وەکو بنەماڵە و عەشیرەت و هتد کە لەنێو حیزبە بەناو چەپەکان ئەم مانایە زیاترە، بەهەرحاڵ لەبەرئەوەی میکانیزمەکە کلاسیکی و هەڵەیە، بۆیە ئەو چەپانە ناتوانن کەڵك لەفەزای گشتی و ئەو بۆشاییە وەربگرن کە لەکوردستان هەوڵی بۆ دەدرا، لەحاڵێکدا ئەو بۆشاییە سیاسییەی پێشتر لەکوردستان هەبوو لەهەموو ڕوویەکەوە، لەهیچ کونجێکی ئەم سەر زەمینە نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لانیکەم ئیرادەیەك هەبوو بۆ پشتگیری کردنی ئەلتەرناتیفی چەپ بۆ دەسەڵات، پشتگیری مەبەستم پێشوازیکردنی خەڵك بوو نەك پێشوازیکردن لەوەرگرتنی دەسەڵات کە دووجار زەمینەی لەبار بوو، یەکەم دەوڵەت ڕوخابوو و دووهەم بۆشایی سیاسی دروست ببوو کە ئێستاش هەمان بۆشایی هەست پێدەکرێت لە نەبوونی دەستووری عێراقی و کوردستان و دەسەڵاتی حکومەتی، بەڵام بەلەبەر چاوگرتنی ئەو هۆرشەی کە دەکرا و ئێستاش دەکرێتە سەر چەپەکان و کارکردنی ئەحزابی بۆرژوازی ناسیونالیستی و ئیسلامی و هتد، بەلەبەر چاوگرتنی ئەو فەزا سیاسیەی کە ئابووری وڵاتەکەی داتەپاند و ئینسانی کردووە بەکائینێکی بەکاربەر و بێ کار، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هۆرشە گشتگیرەی لەهەموو دونیا دەکرایە سەر بزووتنەوەی چەپ و شکستی سۆڤیەت و هەڵە تێگەیشتنی بزووتنەوەی کرێکاری لەلایەن ئەحزابی بەناو کۆمۆنیستیەوە، شکست بەو تێوانینە هات، ئیدی ئەو لۆژیکەی کە چەپەکان هەیانبوو، جیگەی نەدەبۆوە لەنێو جەماوەری کوردستانی، هەروەها نەهێشتنی کارخانەکان و دوورخستنەوەیان لەکار و نێوەندی کارکردن، سەرباری هەموو ئەمانەش غیابی بزووتنەوەی چەپ لەپرسەی هەبژاردن و بەشداریکردن لەهاوکێشەی سیاسی، هەروەها غیابی لەنێو دونیای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری کە ئۆرگانەکانی بەهەمان ستایلی سیاسی حیزبە بۆرژوازیەکان کاری دەکرد و نەفەسێکی بۆ ئازادی بیروڕا نەهێشتبۆوە کە دەبوو ڕاگەیاندن پانتاییەکی بەهێزی بزووتنەوەی چەپ بوایە، بۆیە گورزێکی کوشندە لەو بزووتنەوە چالاکەدا درا کە دەکرا بەهێزترین بنکەی جەماوەری پەیدابکات، بۆیە بزووتنەوەکانی دیکەی وەکو ناسیونالیستی و لیبڕاڵی و ئیسلامی، جێپێیان بەچەپەکان لە

قکرد و شکستیان پەهنا و ئستاش مەترسییە بۆ سەر ژیانی سیاسی کوردستان، تائەو جگەیەی کە جارکی دیکە ئەگەر بەو شوەیەی ئستا بەردەوامی هەبت، رەنگە نەتوانن شون پی خی قایم بکاتەوە و بگەتەوە نو جەماوەر و بەناچار خی تەسلیمی قەدەری سیاسی بکات و ببت بە پاشکی رەوتی دیکەی بۆ ناونیشان.

سەبارەت بەوەش کە حکومەت و دەسەاتی سیاسی بچی لەدوای دوو دەیە حوکمانیکردنی ئەم ناوچەیە، پەنا دەبەنە بەر روشونی یاسایی، کاردانەوەیەکی ناچاریە، چونکە ئەو حکومەت و دەسەاتەی کە ئستا هەردوو حیزبە سەرەکیەکە لەکوردستاندا قەمەوی دەکەن, نەیانتوانیوە لەو قەوارە کلاسیکیەدا خیان رزگار بکەن و کەمك لەگە رەوتی بەناو دیموکراسی جیهان رگەبگرن, بەو مانایەی نەیانتوانیوە ئرگان و دەزگاکانی حوکمانی سیستماتیك بکەن, نەیانتوانیوە تەنانەت خشیان قەناعەت بەو یاسایە بهنت کە کاری پدەکەن, نەیانتوانیوە کار بۆ دیموکراسی بکەن کە شانازی پوە دەکەن ناونیشانی ئەو چەمکەیان هگرتووە, بەپچەوانەوە زر لی دەترسن, وەختك ئەم قەناعەتەی بۆ دروست نەبووە, ناشتوانۆ پیاوانی پلیس و دەزگا ناوخییەکانی بەفمکی تەواو یاسایی باربهنن, چونکە هەم دەوەتی یاسایی نییە، هەم تراديسنی کمەایەتی بەسەردا زاە، هەم لەرووی سایکلژیاوە کە تاکەکانی هەیانە، هەمان سایکلژیای هچوونی کەسی ئاساییە و دووەم لەکەسی سیاسی، ئەمانە هەمویان رەنگدانەیان هەبوو بەسەر دخەکەدا، هەرلەوەی کە دەبینین پلیس ئەوەندەی پابەندی عورفە کمەایەتی و تراديسینی کلاسیکی حیزبیە و لەو بزووتنەوە چەپە دەترسن, ئەوەندە پابەندی یاسایەك نیین کە ئرگانەکەی لەسەر بونیادنراوە, بیە ناتوانن نەخیان و نەك خەك لەسەر یاسا بنچینەییەکان رابهنن, هەرچی بزووتنەوەی کمنیستی و چەپیشە کە پشتر لەژر فشاری سیاسی دەرەکی و ناوەکی بنکە جەماوەریەکانی لەدەستدا و دوورکەوتنەوە لەخەك و چین و توژە چالاکەکان, لەبری ئەوەی تواناکانیان هگرن بۆ هەلومەرجکی لەبارتر, ئاسی نونەتەوەییان لەبیرکرد و وەك هەر کایەکی تر لەبازاری سیاسەتدا هاجیانکرد, یان نوگەریان کرد بە لەئەلتەرناتیفك کە خودی سیستمی فەرمانەوای جیهانی رەواجی پدەدەن, ئەم ئەلتەرناتیفە هەروەك (خالید قشتینی) کە رشنبیرکی بەرەگەز عەرەبە و یەکە لەچەپەکان بە نموونەیەك دەیشوبهنۆ و دە" ئەم سیستمە ئازادی بەشوەیەك پناسەکرد کە لەشفرشی ئافرەتی لەبەرامبەر ماف و تازەترین مدلی وەرزیداراگرتووە, سیاسیەکانیش نوگەریان لەنوترین مدلی سەیارە و گەندەیەکانی

تردا دەزیەوە". ئەمە بەشێکی بچووك بوو لەو فاکتەرانەی کە پاشەکشەی بەبزووتنەوەی ناسەزایی کوردستان کرد، چونکە هەموو شتێك لەیەك سیاقدا نوسرایەوە و کرا بەمۆدێلێك وەکو هەر مۆدێلێکی دیکەی کاپا کەکێمپانیاکان بەرهەمیدێنن و دواتر بەبەرهەمێکی دیکە بازاڕی سووك دەکەن، سیاسەت و ناسەزایەتی و شێوازە جیاوازەکانی بیرکردنەوە لەکوردستان ئەو ئاراستەیەی وەرگرتووە، ڕۆژانە گوێت لەوە دەبێت کە پێت دەڵێن چۆن لەگەڵ گۆڕینی میتۆدی بیرکردنەوەی مۆدێلی جهان نەگۆڕاویت، چۆن لەسەر هەمان فکر ماویت کە باوی نەماوە، ئەمە بەشێکی گاتەجاڕییە و بەشەکەی دیکەی فشارخستنە سەر سایکۆلۆژیای تاکی چالاکە، بەمەبەستی هەڕەشەونی دەرەونی و روخان و هێزی گەورەی کێنەپەرستانەی لەپشتەوەیە، بۆیە بزووتنەوەی ناسەزایەتی و سیستمی دەسەڵاتداڕێتی لەکوردستان یەك فۆرمیان وەرگرتووە و بەپێی مۆدێل کار بەسیاسەت دەکەن، وەختێك ئینسان ئەم حاڵەتە نەشازە دەبینێ بەردەوام، ئیدی بۆئومێد دەبێت و ناتوانێ بەو هاتنە سەر شەقامە سیناریۆ بۆ داڕێژراوە بۆت گەشەی کەمەڵایەتی و هۆشیاری سیاسی و ڕقی جەماوەری و هتد..

من تەواو دژی ئەو ڕەوتە چەپخواز و نەریتخوازە مارکسییەم وەکو ڕەوتێکی کێنخواز و شوناسخوازی کلاسیکی و ڕۆمانسیانە بۆ چینی کرێکار و جەماوەری ناهۆشیار قسە دەکەن وەکو بابەتێکی ڕۆمانسی، چونکە ئەو سیستمەی ئێستا ڕابەرایەتی ئابوری و فەرهەنگی و مۆدێلی ژیان دەکات، بەو چەپە شوناسخوازە ململانێی لەتەکدا ناکرێت، بگرە ئەو شوناسە هیچ مانا و بەهایەکی سیاسی نەماوە بە بیانووی ئەوەی سیستمی سەرمایەداری دەوخێنن، خەباتی چەپ خەباتی شۆشگێڕانە نییە بۆ سەعات کار و مافی کرێکار و یەکسانی و مەسەلەی ژن و هتد، ئەمە کێکی لێوەرگیرا و بووبەنەریتی سیستمی سیاسی لە زۆربەی وڵاتانی دونیا، ئێستا سەرمایەداری قەیرانی نوێی بەرهەمهێناوە کە بریتیین لە مەسەلەی جەنگ و ئاوارەبوون و کۆچ و ماددەی هۆشبەر و سەرقاڵکردنی خەڵك بە مەسەلەی خەباتی پارلەمانی و هتد، چەپەکان لەسەریانە ئەو هەژموونە سڕ بکەن و کاریگەرییان هەبێت خەڵك مل بەو جۆرە سیاسەتە نەدات، ئەگەر زۆدەڕۆیی نەبێت کرێکار ئێستا بەشێکە لەو نیرۆ سیاسی و کەمەڵایەتییەی کە سەرمایەداری لەرێگەی کەمپانیاکانییەوە پشتی پێدەبەستێت و ئەو شوناسەی کێنی نەماوە، تەنانەت بۆکاریشی نەکردووە بە کێشەی سیاسی و لەگەڵ خاوەن کاری کەمپانیاکان گرێداوە و هەندێکجار بووە بە هۆی لەناوبردن و ناشیرین کردنی ئازادی و ماف و دیموکراسیش، چونکە کرێکار چ وەك تاك و چ وەکو گروپی هێزی کار ئەو تموحەی جارانی نەماوە چەرخی

کارخانه بووەستێنێت و سیستم لێی بترسێت، ئێستا رەوتێکی دیکە پەیدا بووە بەناوی چەپەوە کە ئەوەش بەبۆای من موزەیەفە و پارادۆکسێکی نەشازە، چونکە ململانێ لەگەڵ دەسەڵاتداران لەسەر بنچینەی دەسەڵات گرتنەدەست دەکات کە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەی دەیوخێنێت یان دەبێتە کۆمبارسی سیناریۆی فلمێکی سیاسی کە ئامانجەکەی بۆ کرێکاران هیچ دیار نییە، هەبەت بە پاشتی چینی کرێکار ئەم سیناریۆیە بەڕێوە دەچێت و بە زمانێکی ڕۆمانسییانە گوتاری خۆیان پێشکەش دەکەن و کاریگەریشی هەیە، بۆیە من دژی ئەو ڕەوتەشم، بەڵام ئەلتەرناتیڤی من ئەوەیە کە بگەڕێینەوە شوناسی کرێکار وەربگرینەوە، ئەویش لە ڕێگای کاری دەستی و هێزی کار و یەکسانی بوون لە ڕەوتی ژیان و خۆشگوزەرانی و گەشانەوەی چەمکی ئەخلاق کە تەکنەلۆژیا نەیهێشتووە دوورخستنەوەی کێشەی کولتووری زاڵ و خۆسەپێن بەسەر ئەوانی تر بەناوی ڕەسەنایەتییەوە و هتد، هەموو ئەمانەی باسی دەکەم دەکرێت وەکو ئەلتەرناتیڤی نوێ لەبەرچاو بگیرێت و کاری پێبکرێت.

بەهەر حاڵ بۆئەوەی لە باسەکە زۆر دوور نەکەومەوە دەبێ باسی ئەوە بکەم کە خوێندنەوە و ململانێی فکری لە سەدەی ڕابردوودا، یەکێك لەهۆکارەکانی پێشکەوتن بوو لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ململانێی چینەکان تازە بەر لەکۆتایی سەدەی بیستەم ناوی سەرمایەداری بیستبوو، هەبەت وەکو ناو نەك بینینی ژیانی سەرمایەداری، چونکە لەعێراق و ناوچەکەش، سیستمی دەرەبەگایەتی وەکو ئەورپای بەخۆیەوە نەبینیبوو کە ململانێکە بەبەشداری خەڵکیش بوو،، هەبەت لە ساڵی 1958 تاکو 1962 خەباتی جوتیاری هەبوو کە حیزبی شیوعی ڕابەرایەتی دەکرد لە پشدەر و دەشتی هەولێر، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کۆمەڵگەی کوردستانی بەهەموو پێکهاتەکانیەوە سیستمی دەرەبەگایەتی بینیوە، چونکە سیستم ئەوەبوو کە لە ئەوروپا بوو نەك ئەوەی ڕۆژهەڵات، ئیدی نەك تەنها سیاسیەکان، ئەوەتا فەیلەسوف و ڕۆشنبیر و کۆمەڵناسەکانیش باسی دەکەن کە ململانێکە زۆر توند بووە تاکو سەرمایەداری سەردەکەوێت، کەوابوو لەلای ئێمە تەنها ناوی سیستمی دەرەبەگایەتی بیسترابوو، بەڵام وەکو ڕۆشنبیری خۆڕا ئەو فکرانەی بەرهەمهاتبوون گەیشتن، بەڵام دیسان ئەمەش کێشەی تێدابوو، بۆ نموونە ئەو چەمکانەی کە هاتبوونە نێو ئەدەبیات و ڕۆشنبیری کوردی و تەنانەت عەرەبیشەوە، بەهەڵە وەرگیرابوون لەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کەکیان لەو ماتریالە بەشەرییە وەرگرت، بەپێچەوانەشەوە ڕۆشنبیران کەکیان لەو ڕەوتە سیاسیە وەرگرت، پێداویستی ئەو شەپۆلە بۆ فراوانکردنی ناەزایەتی

بەرامبەر بەسیستم، بەتایبەتی دیکتاتۆریەت لەهەوڵی نەهێشتنی نەتەوە و مانەوەی نەتەوە بوو لەدژی نیگەتیفی کۆمەڵایەتی و دواکەوتن لەبری پێشکەوتن و هتد، باشترین نموونە بۆ خراپ تێگەیشتن لە چەمکەی سیاسیەکان کە لەم دواییەدا هەستم پێکرد، بەکارهێنانی چەمکی ناسیونالیزم لەجیاتی راسیزم کە لە لەدوای 2010 لە ئەروپا سەریهەڵدا، ئەم هەڵەیە بەدەیان جار لە نوسینی بەناو ڕۆشنبیرە کوردەکانم بینییوە.

• هەڵومەرجی ئەمڕۆ و شکستی حوکمڕانی بەرەی راستەوی ، چ بژاردەو پلاتفۆرمێکی مومکین دەخاتە بەردەم هێزەچەپ ومارکسییەکان؟

سمکۆ محەمەد: من بۆ ئەم پرسیارە بە دوو خاڵ وەڵام دەدەمەوە، خاڵی یەکەم لەبەرئەوەی کوردستان کارگەی تێدانییە بەرهەمی هەبێت و کرێکارەکانیشی هێندە هۆشیاری چینایەتیان نییە کە بەرگری لەخۆیان خزمەتی کاری خۆیان بکەن لەو کارگانەی کە گشتی بوون و فرۆشران بەکەرتی تایبەت، ئەمە جۆرێك لەقەیرانی دروستکرد و خەڵکیش لەقەیرانی دارایی تێناگەن تاکو بیکەن بەناەزایەتی و بچنە سەر شەقام.

خاڵی دووەم ئەوەیە بەلەربەرچاوگرتنی دژخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەزهەبی و پێکهاتە جیاوازەکان، لەکوردستان و ململانێی حکومەتی هەرێم لەگەڵ عێراقی هەوەشاوە و وڵاتانی وەکو تورکیا و ئێران کە دەستیان هەبووە لە تێکدانی دۆخەکە، بۆیە بەو شێوەیەی سەدەکانی رابردوو کێشەی نەتەوە و ئاین و کولتوور لەکوردستان نەهێشتووە و کەمینە بەو ئەندازەیە ستەمی لەسەر نەماوە تاکو ڕێگەی سەر شەقام بگرنە بەر، تەنها ئەوەنەبێ کە دەسەڵاتی سیاسی بۆخۆی باڵانسکی بۆ دروستکردووە و هەر کاتێك بیهەوێ کەکی لێوەردەگرێ، بۆیە ناەزایەتی جەماوەری ترسکی دیکەی دروستکردووە کە تەنها فۆمکە لەناوەکدا قینی سیاسی لەپشتەوەیە، لەپاشان کوردستان خاوەن قەوارەی دەوڵەت نییە تاکو بتوانێ سنووورەکان بگرێت و کۆنتڕۆڵی بکات و دەستی دەرەکی نەتوانێ چالاکی تێدابکەن، بۆیە ترسەکەی تاڵادەیەك شەرعیەتی هەیە کە هەندجار ئەمە دەکرێتە بیانوو تاکو ترس لە پلاتفۆرمی سیاسی هەبێت لەلایەن دەسەڵاتەوە، ئەو هێزانەش کە بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە هاتوونەتە سەر شەقام، ڕەنگە بەم بیانووە ستەمیان لەسەر بێت کە مەترسییان ئەوان ترسی زیاترە چونکە پشتیان بە گوتاری فەندەمینتالیزمی عەرەبی بەستووە، بەڵام لەشوێنکدا ناهەقن، ئەویش ئەوەیە کە ئەلتەرناتیفەکە لەهەناوی خەڵکەوە سەرچاوەی نەگرتووە، ئەسەن خەڵك وەکو چەمکە سەربەخۆکەی بوونی

نییە، بەڵام لەبری ئەمە خەڵکی جەراوجەرمان هەیە، مەبەستم لەوەیە کە خەڵکی حیزبی و ئیدئۆلۆژی و مەزهەبگەرایی و ئینتیمای سیاسیین، بۆیە هەندجار ئەلتەرناتیفەکە مەترسیدارترە لەوەی دەسەڵات هەیەتی، بۆ نموونە ئەلتەرناتیفی ئیسلامی تووندەو کە زۆرینەی کەمەگە پێکدەهێنن، هەرگیز بەراورد ناکرێ لەگەڵ سیستەمی دەسەڵات کە دیموکراسیش نییە، هەرکاتێکیش دەسەڵات لە عێراق و لە کوردستان گەرەکی بێت دەتوانن لەرێگەی دەوڵەتانی دراوسێ و زلهێزەکانی دونیاوە، کۆنتڕۆڵی بکەن و یاساش بیکەنە سەنگی محەك و شەرعیەتیش وەرگرن، ئەوەی کە لەپێشدا باسم کرد کە لەرێژاوا هەبوو و تاکو ئەمدواییەش بەردەوامی هەبوو، وەکو مۆدێلێك رووبکردە رێژەهەڵات و بوو بەجێگای قەبوڵکردن، چونکە پێژەیەکی سیاسی نەخشە بۆداڕێژراوی دەیان ساڵەی لەپشتەوەبوو بۆ گۆڕینی نەخشەی سیاسی و جوگرافی و ئابوری لەناوچەکە، هاتنی هێزی ئیسلامی بۆ هەر یەك لەو دەوڵەتانەی کە دەسەڵاتەکەیان لەرێگەی بزووتنەوەی جەماوەرییەوە روخێنران، زەمینەی خۆی هەبوو بۆیە لەرووی دەرەکییەوە کرا بەئەلتەرناتیڤ، ئەم داتایە لەبەردەستی هەموو کەسێکدایە، چونکە کەرەستەکانی گەیاندنی وەکو ئینتەرنێت و شاشەی تەلەفزیۆن و مۆبایل و هتد، هەموو کەسێك دەتوانێ بەهرەمەندبێت لێی و هۆشیاری و ڕۆشنبیری وەربگرێت، ئەوەی کە لەکوردستانیش خەریکە دەکرێت بەمۆدێل، ڕەنگە بەرمەبنای ئەوەبێت کە خەریکی چاکسازین لەژێر فشاری دەرەکی و ئەو فەزا سیاسییەی کە ناوچەکەی گرتۆتەوە و رووداوەکیانی دیکەش هەلومەرجەکەی قووترکردەوە، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە پلاتفۆرمەوە هەیە بۆ چەپەکان، مەسەلەی پشتگوێ خستنی کێشەی نەتەوە ومەزهەبە بەوویەکدا کە بابەتی چەپ زیندووەکاتەوە، چونکە ئێمە لێرە لەگەڵ کێشەیەکدا دەرگکیرین کە قەوارەیەك و ئینتیمای سیاسی لە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد زیاترە، بۆ ڕێپێوانی جەماوەری لە پێناو خۆشگوزەرانی لەلایەن چەپەکانەوە وەکو پلاتفۆرمێك باشترە لەمەسەلەی نەتەوە کە لەریشەوە هەڵناکەنرێت, ڕەنگە لەمبارەیەوە تێمەت بەخشینەوەی تابوری پێنجەم و دەستی دەرەکی و دوژمنی ئەزموون و هتد بوو بۆ هەڵسوراوانی بزووتنەوەی چەپ ئامادە کرابێت, بەڵام ئەمە نابێت ببێتە بەربەست لەبەردەم بزووتنەوەی چەپ ئەگەر بەڕاست کارەکە دەکەن.

ئەم هەلومەرجە ئێستا ڕەخساوەی کە پێشووتر حیزبی کوردی کەکی لێوەرنەدەگرت, قەناعەتی تەواوی بۆ دەسەڵات دروست کردبوو کە کۆتایی مێژووی کوردە, وەختێك کە ئەگەر ئارەزووی هەبووبێت و زانیبێتی بەمەنفەعەتی خۆی دەسوڕێ, لەبەرامبەر تێکچوونی لەگەڵ

وڵاتێکی دراوسێ بەتایبەتی تورکیا کە دواتر دەرکەوت ئێران مەترسیدارترە, هێزی شیعەگەرایی کە زۆرترین خەڵکی عێراقن و دەستووریان بەدەستەوەیە و کورد بەهز هاتۆتە پێش, لەچوارچێوەی سیستمی دیموکراسی و ئازادی رادەربڕینیش جێگەی هیچ شتێکی دی نابێتەوە, ئەم وەهمە لەلای کەسانێکی بەناو ڕۆشنبیر و سیاسیش واقیعیەتی وەرگرتووە, بەم پێودانگەبێت پاڵادکسی دەسەڵات و حکومەتی کوردی لەشوێنکدا باشتر دەبینرێ کە کەڵك لەو مۆژووە وەرناگرێت, وەختێك کە چاك دەزانێ ئەو فێڵەمە سیاسیەی کە ناوی لێنراوە سیاسەتی عەلەنی و مۆدێرن و ئاشتی خوازی، هەنگاوێکی دیکەی هەڵگرتووە و لەژێر عینوانی یاسادا تابۆی لەسەر لاچووە و چەپیش جێگەی نابێتەوە بۆیە ئەلتەرناتیفی نییە. کەوابوو چەپەکان دەبێ کەڵك لەئەزموونی ڕابردوو وەربگرن کە مادام دەسەڵاتەکان هێندە ناشارستانین کە تەنها چاویان ماتریال دەبینێ، لەحاڵێکدا ئەو ماتریالە بەشەرییە ئەگەر نەچێتە سەرشەقام، لەنێوخۆیدا و لەدەروونی خۆیدا هەمیشە لەسەر شەقامە، چونکە ناڕازییە لەشێوە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەك کە تائێستا سیستمەکەی پێی پێناسە ناکرێ کەوابوو ئێستا کاتییەتی بلاتفۆمی نوێ بۆ خۆشگوزەرانی پێشکەش بکەن.

• هێزەچەپ ومارکسییەکان کێن لەمڕۆدا ، دەتوانن لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی هاوبەشدا کێبنەوەو بەربەستەکانی بەردەم کاری ئەوهێزانە چین ؟

سمکۆ محەمەد: بائەوە لەبیر نەکەین کە لەبەردەممانداا مۆژوویەك هەیە پێمان دەڵێت" لەهەر سەردەمێك و قۆناغێکدا، سیستمە دەسەڵاتدارەکان شێوەیەك مامەڵەیان کردوە لەتەك ئینساندا و دواتریش لەگەڵ چەپەکاندا" کەڵك وەرگرتن لەم نەسیحەتە فکریە لەوێدایە کە قۆناغەکانی کۆمەڵگەی بەشەری راستیەکی هاشا هەڵنەگرە. هاتنی سیستمی سەرمایەداری و ئێستاش سیستمێکی نوێی پێست سەرمایەداری بەردەوامی بەم شێوە سیاسەتە دەدات.
ئەمەش کارێکی کردووە کە ئینسان ناڕازی بێت لەو دەسەڵاتە تۆتالیتارانە و ناچاربێت چەپانە هەڵسوکەوت بکات. ئەوەی کە من جەختی لەسەردەکەمەوە ئەوە نیە کە عاشقی ئەو فکرە بم، چونکە فکر عیشقی لەگەڵ ناکرێ تێگەیشتنی هەڵەش قەبوڵ ناکات، یان ئەوەی تەنها بیسەلمێنم کەسێکی چەپ و ئۆپۆزسیۆنیم، یان ئەوەی بیسەلمێنم کە دژی دەسەڵاتم و هیچی تر، یان کۆمەڵێك کەس هەبن لەکوردستان مودمن بن بەفکری مارکسی، بۆیە دەروشانە باس لەچەپگەرایی دەکەن، یان ئەوەی

کەسێکی خو دەرخەربم و خەم وەکو ئەستێرەیەکی میدیایی بنوێنم، یان ئەوەی تەنها بۆ خۆ جیاکردنەوە لەکەسانی تر بانگەوازی ئەو فکرە بکەم، زۆر بەپێچەوانەوە بەڵکو هۆکارەکەی ئەوەیە کە جەوهەری بیری چەپ و چەپگەرایی و مارکسیزم، بەرلەوەی هەر شتێك بێت مەسەلەی هیومانیزمە، واتە مرۆدۆستییە، مەسەلەی پەراوێزخستنی شکستەکانی ئەو سیستمەیە کە تاکو بیناقاقای ناعەدالەتیە، تائەو رادەیەی کە خودی ئەو دروشمانەی هەیدەدات بەوای پێ نییە، هەر لەمافی مرۆڤەوە بگرە، تادەگاتە دیموکراسی و بازاڕی ئازاد کە لەدوای شکستی سۆڤیەتەوە هاتە ئاراوە، مەسەلەی ژنان کە من بەمەسەلەی کۆمەڵگەی دەزانم و تەواوی ئەو جیاوازییە چینایەتیانەی کە بەچاو دەبینرێت و هەستی پێدەکرێ، مارکس کە دامەزرێنەری ئەم فکرەیە، هات و رەخنەی لەو دیالیکتیکە گرت کە هیگڵ ئیدیعای بۆ دەکرد و گوتی "ئەمە کارمان ئەوەیە دیالیکتیك بیخەینە سەر پێی خۆی کە ئەمە کاری فەلسەفەیە و پێشتر فەلسەفە ئەم وەزیفەیەی وەرنەگرتبوو. بۆیە ئەمە ئەوەمان زیاد کرد کە فەلسەفە کاری گۆڕینی واقیعە. نەك ڕەسم کردنی کارەکانی ڕابردوو".

ئەمەی ئێستا بووەتە مایەی سەرهەڵدانی چەندین هێزی ئۆپۆزسیۆنی لە عێراق و کوردستان، ڕەنگە دەستبردن بۆ خۆقاندنی کەشوهەوایەك کە بزووتنەوەی چەپ و موناقەشە لەسەر بزووتنەوەکانی تر بکرێت بۆ هەڵخراندنی خەڵك لەدژی دەسەڵات و ستەمکاری، بیرکە نییە بەڵکو کەڵك وەرگرتنە لە هەلومەرجی سیاسی ناجێگیر، کۆتایی هێنان بەناعەدالەتی و کێشەی میللی و جیاوازی چینایەتی، هەر بیانوویەکی تر مانای سیاسەتە و مانایەکی تری نییە بۆ خۆشبەختی ئینسان. بەڵام ئەوەی کە بەڵێن ئیدیەلۆژیاش لەم سەرو بەندەدا خراپ کەڵکی لەفەلسەفە وەرگرتووە و کردویەتی بەجۆرێك لەئاین و بەتایبەتیش ئەو حیزبە کۆمۆنیستیانەی کە کلاسیکیانە مامەڵەیان لەتەك فکری مارکس و چەپگەراییدا کرد.

ڕاستییەکی تێدایە، ئەوەش ئەوەیە کە حیزب و ڕەوتە شیوعیە تەقلیدیەکان وەك فەلسەفە وەریان نەگرت و وەکو هەلومەرجیش وەریان نەگرت بگرە وەکو هەر حیزبێکی سیاسی کلاسیکی سەرمایەداری وەریان گرت، چونکە وەکو بزووتنەوەیەکی ناەزایەتی وەریان نەگرت کە دەبێ مەچەکی کرێکار سەنگی محەکی ئەو سیاسەتە بێت، بەهەر حاڵ دژواری ئەو ئیشکالیەتانە بوونەوە کە نەیانتوانی هەلومەرجەکان بگۆڕن بۆ بارێکی تر، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا ئەوە چەپەکانن تەوانینی جیاواز دەبینن بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات و کۆتایی هێنان بەجۆرەکانی ستەم و هێنانە کایەی خۆشگوزەرانی بۆ هەموو ئینسان

بەیەکسانی، چونکە من پەموایە گەینی ئەم دونیایە ئاسان نییە هەموو کولتور و زمان و جوگرافیا بەشەشکی یەکجارەکی بگەن، بەڵام خۆ لانیکەم دەتوانین لەرگەی هێزی جەماوەری و بەرابەری چەپەکان، ژیانێکی لەبار بۆ گشت ئینسان دەستەبەر بکەین، بۆ ئەوەی هیچ نەبێ وەڵام بەو یۆتۆپیایە بدەینەوە کە سەرمایەداری و پایەکانی گومانیان لەلای خەڵك دروستکردووە، یان هیچ نەبێ ئەو ئەلتەرناتیڤە بیسەلمێنێ کە ئەو سیستمە مرۆڤدۆستانەیە، بۆیە جەختکردنەوە لەسیاسەتێك کە مافی چەپەکان سەرکەوتنی تیا بەدەست بهێنن ئەو بیانوانەیە کەهێنامنەوە.

ماوەیەکە قسە زۆر لەسەر ئۆپۆزسیۆن دەکرێ لەبەرامبەر دەسەڵاتدارێتی کوردستاندا، بەڵام جیاوازی ئەو ئۆپۆزسیۆنە چەپەی کە من باسی دەکەم و دووڕە لەوەی کە لەکوردستان هەیە، لەوەدایە ئۆپۆزسیۆنێك کە ئاوڕ لەرابردوودا نەداتەوە، یان بەعاتیفە تەماشای سیاسەت بکات و گەمە بەسزی کەمەگە بکات، یان ئەوەی ئەلتەرناتیڤی سیاسی نەبێت و تەنها رەخنە بگرێت و رەخنەکەش دەسەڵات کەکی لەوەربگرێ، یان ئەوەی کە لەژێر عینوانێکدا خۆی پێناسە نەکات، یان ئەوەی تەنها لەفڕەمدا خۆی پیشان بدات، هیچ بەجیاوازی نابینم لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی تر کەئاراستەی سیاسیان تەنها گەیشتنە بەدەسەڵات، یان ململانێیە لەسەر دەستکەوتەکان کە پشکی هەرە گەورەی موڵکی خەڵکە بەر لەوەی موڵکی هەر حیزبێك بێت، لایەنێکی تری نەبوونی ئۆپۆزسیۆن و چەپی راستەقینە، یان تەماشاکەر بێت و هیچی تر، بەکو ئەوەیە کە ئەوکاتەی سیستمی تەواوفق (رژکەوتن) دێتە ئاراوە، هەر ئەوکاتە هێزێك پێك بێنێت و سواری سەرملی رەوتە توڕەکە بێت و نەترسێت لە لێمەی سیاسی، چونکە خۆ بەخاوەن نەکردنی ناڕەزایەتی خەڵك، مەترسیەکەی لەوڕوە دەستپێدەکات کە خەڵکی تر بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە ئیحتیوای تەواوی ئەو هێزە بەشەریەش دەکات کە دەیهەوێ ببێتە هێزێکی بەقودرەتی جەماوەری رووبەووی دەسەڵات ببێتەوە، بۆیە بەم هەڵسوکەوتەی رگە لەهێزی راستەقینەی ئۆپۆزسیۆنیش دەگرێت.

بەمانایەکی تر ئەگەر باشترین سیستم دیموکراسی بێت بۆ دەوڵەتێکی فرەیی لەئیتنیك و مەزهەب و قەوارەی سیاسی لەعێراق و کوردستان کە ئێمە بەچاوی خۆمان دەیبینین. وە باشترین میکانیزمیش هەبژاردن بێت. ئەو هەبژاردنەی کە لەکوردستان و عێراقدا حیزبی سیاسی ئەزمونێکی لەبارە بۆ ناوچەکە. گەندەڵی سیاسی لەئاستی لوتکەدا بێت و گەندەڵی ئیداری هەموو کەسێکی ئەو وڵاتە نەك سیاسی و

ئۆپۆزسیۆنەکان هەستی پێدەکەن و لەبەرامبەریشدا تریبۆنێك نەبێت قسەی تێدا بکرێت. ئەگەر قسەشت کرد ئەمنیەتت بکەوێتە خەتەرەوە. ئیتر چاوەڕێی چی دەکرێت لەو سیستمەی کە ئێستا عێراق و کوردستانی بەهەواسراوی هێشتۆتەوە و پێناسە ناکرێت، ئەمە جگەلەوەی کە دونیا بینییەك دروستبووە و خەریکە شەرعیەت وەردەگرێ و لەدەرەوەی کوردستانیش پاڵپشتی دەکرێت، بوونی ئیسلامیەکانە و پێناسەی ئۆپۆزسیۆنیان وەرگرتووە، ئەمانە لەحیزبە ئیدیۆلۆژیستەکانی مارکسی تۆندڕەو خراپترن، چونکە سەرکەوتنی ئیسلامیەکان، یان لانیکەم گەشەکردنیان و چوونیان بۆ پارلەمان و دەستگرتن بەوەزارەتەکانەوە، هیچ لەکێشەی چینایەتی ناگێ، هیچ لەکێشەی ستەمی میللی و مافی پێکهاتەکانی تر و پێکەوەژیان و هاوڵاتیبوون ناگێ، چونکە ئەوان تاکو ئەو جێگەیە بۆیان بەئۆپۆزسیۆن بوون هەیە کە ئیسلام وەکو تاکە مەرجەعێکی فکری یاسایی لەسەر تەخت بێت، نەك وەکو هێزێکی یەکسانیخوازی وەکو مارکسیەکان، کەوابوو دەبێت رەوتی چەپ خۆی وەکو ئەلتەرناتیف پێشنیار بکات.

ئێستا عێراق هەر لەبەردەم ئاوگێکی تری سیاسیە کە کوردەکان دەیاون تێیدا، بەڵام کێبەرکێکە چونکە ئۆپۆزسیۆنێکی ناکامڵ دەیکات و لەراستیدا ئۆپۆزسیۆن نییە، بۆیە تەواوی کێشە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، بەشێوەیەك وەلانراوە کە هەر دەمێی هەڵبژاردن لەکوردستان دەکرێ و بۆ عێراق نییە و دەرەنجامەکانیش هەر بەو ستایلە لەخەڵك گەیانراوە، ئەم سیناریۆ سیاسیە کە لەنێوان بەشێك لەهێزە سیاسیەکاندا دەیبینین، کەسێکی نەشارەزاش هەستی پێدەکات کە بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆن جگە لە سیناریۆی سیاسی هیچی تر نییە بۆیە خەڵك دڵنیا نییە، تاکو بەرامبەر بەدەسەڵات راوەستێت، تەنها ئەوەنەبێت کە بەفۆرم و بەکێنە قین مامەڵە لەتەك چەمکی ئۆپۆزسیۆن دەکرێت. بەبۆای من ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە کە هەگری چەمکی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بنبڕکردنی گەندەڵی بێت، دەبێ لەهەمو هێزەکان خەڵك ناچار بکات پەیوەندی پێوەبکەن، یان ئەوەی نەخشەی هەبێت بۆ تەواوی کوردستان و عێراق، نەك پرۆژەیەك بۆ شارێك بێت و هیچی تر، بۆیە باشتر وایە چەپەکان بیر لەوە بکەنەوە کەئەو چەمکە بازرگانی پێوەدەکرێ، یان ئەوەی لەپەنای ئەم چەمکەدا کێبەرکێی تر پێبکەن و فکری چەپیش قەتیس بکەن لەگروپێکدا. نەشازی ئەم حاڵەتە بۆ چەپەکان، کاریگەری دەخاتە سەر خەڵکی ناڕازی و چەپەکانیش، هەروەها زۆر دوور نیە هێزە کۆنەپەرستەکان کەڵکی لێوەربگرن.

- **لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، پلاتفۆرمی چەپ چی بێت ؟بەشدار بن**

یان نا ؟ تاچەند بەشداریکردن بە لیستێکی یەکگرتووی چەپ و بە دەستهێنانی نوێنەرایەتی ڕۆگا خۆش دەکا وئاسانکاری دەبێت لە گۆڕینی واقیعی سیاسی و ئابوری ؟

سمکۆ محەمەد: هەر کەس لەبەردەم ئەم پرسیارە ڕاوەستێت و ئەزموونێکی هەبێت لەنێو بزووتنەوەی چەپ، بێ ئەو وێنە حازر بەدەستە کە پلاتفۆرمی چەپەکان لەهەر هەلومەرجێکدا ئامادەیە کە ئایا ریفۆرم بخوازن یان بیانهەوێ ببن بە ئەلتەناتیف، لەهەر دوو حاڵەتەکەدا چەپەکان بیانوویان بەدەستەوەیە نوێنەرایەتی خەڵکی بەشمەینەت و زەحمەتکێش بکەن، چونکە ئەوان نابێت سیاسەت بکەن لەپێناو سیاسەت، یان لە پێناو گۆڕینی هاوکێشەی بەلای خێرایانەوە وەکو حیزب، بەڵکو ئەرکیان ئەوەیە کە هاوکێشە بەلای بەرژەوەندییەکانی خەڵکی زەحمەتکێش بگۆڕن، پلاتفۆرمی چەپەکان بەهەموو بیرۆباوەڕێکی جیاواز ئەگەر ناسیونالیست بن یان کۆمۆنیست یان نیشتیمان پەروەر یان هەر جۆرە چەپێکی سوونەتی یان مۆدێرن بن، دەبێ ئەوە بزانن کە ژیان لەپێش سیاسەتەوەیە بۆ گروپ و دەستەبژێری سیاسی، چەمکی یەکگرتوویی بۆ چەپەکان ئەگەرچی دروشمێکی سوونەتیی و کلاسیکیە، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا ئەرکێکی سیاسی ئەخلاقییە دەبێ کۆمەڵگە یەك بخەن لەپێناو داوا ڕەواکانی ژیان کە سیستمی نادادپەروەری ڕێگرییەتی، دەبێ ئەو هۆشیارییە فێری خەڵك بکەن کە ژیانێکی شایستەتر هەیە کە گروپێکی کەم لەخەڵك بۆخۆیان فەراهەم کردووە و ئەوانی دیکە کە زۆرینەن لە ژیانێکی سەخت و مەترسی زیاتر دەژین، کەوابوو هەموو هەلومەرجێك بۆ چەپەکان لەبارە بتوانن گەمەی خۆیان بکەن و بیقۆزنەوە بە بەرژەوەندی گشتی، دەبێ ئەوە بزانین کە گۆڕینی واقیع تەنها بە فکر و بە سیاسەت ناکرێت، ئەگەر ئیرادەی گشتی لەگەڵ تەریب نەکرابێت و هاوکێشە نەگۆڕێت بەلای خەڵکدا، لەهەر حاڵەتێکی نەخوازراویش دەبێ ئەوە بزانن کە هەمیشە خەڵك لەگەڵ سیاسەت و لەگەڵ واقیعدا نییە بەو مانایەی کە چەپەکان دەیزانن، ئەوان لەگەڵ هۆزدان دەبێ ئەمە لەخەمی گۆڕینی هۆزدابین نەك واقیع، چونکە جاری واهەیە واقیع لەخزمەتی گشتی نییە، خۆپیشاندانەکانی سەروەختی بەهاری عەرەبی یان خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی ئێران، ئەوەی سەلماند کە واقیع هەندێك جار سیناریۆی دروستکراوە، دەبێ واقیعێك بێت بە ئیرادەی خەڵك دروستکرابێت نەك بە ئیرادەی سیاسی دەرەکی. ئێستا لەهەموو کات لەبارەترە چەپەکان ئەم هەقیقەتە لەبەرچاو بگرن ئەگەر بزووتنەوەی ڕاستەقینەی چەپگەرایی وجوودی هەیە.

حەزەکانم ... سمکۆ محەمەد

شەکەت بووم هێندە خەمی جهان بەشانم هەڵگرم
هێندە نەخشەی جهان بنوسمەوە
هێندە ناوی وڵاتان ئەزبەر بکەم
هێندە سنووورەکان بەزڕ بپارێزم
کەچی ڕۆژێك جهان منی هەڵنەگرت و لەنەخشەیەکیدا جێگەی نەکردمەوە
شوێنك نەبوو بۆ حەوانەوەم و سنووورێك نەبوو بمپارێزێ
لەوەتەی هەم خەو بەم خەزانەوە دەبینم
حەزم لێیە بەسکی برسییەوە گەرانییەك بڕۆم شیعری تیا نەبێت
حەزم لێیە هەموو خەڵك بە گەمژەیی ببینم.. تاکو کەس تێنەگات چیم دەوێ
حەزم لێیە ژیان هەمیشە تاریك بێت، تا جیاوازی ڕەگەزی نرخی هەبێت
حەزم لێیە مەڵەکان گورگان خواردوو بن.. ئەو کاتەی گوند کاول دەبێت
حەزم لێیە کچە قەیرەکان شوو نەکەن و هەمیشە خەو بە کوانی غوربەتەوە ببینن
حەزم لێیە ڕەنگەکان تێکەڵ بکەم .. کاتێك شەڕگە لە پەلکەزێنە دەگرێ
حەزم لێیە پێبکەنم.. کاتێك ریزی پیاوانی ماتەم گرێ لەبەردەم ڕەشماڵەکاندا ڕەش دەچنەوە
حەزم لێیە کاتێك رابکەم.. ئەوکاتەی ئێوە ماندووبوون و هەرتك ئەژنۆی شکاندوون
حەزی من حەزێکی سەپێنراوە
حەزم لێیە ئێواران دڕەنگ بڕۆمەوە.. تاکو نانەواخانەکە نەمینێ و هەست بکەم هەموو دونیا برسییەتی
حەزم لێیە هەموو ڕۆژێك بچمە دەم ڕوبارێی نزیك گوندەکەمان .. تاکو لەخنکان تێبگەم
حەزم لەهەموو شتێکی کۆنە
لە پایسکیلێك کە پایدانەکەی شکاوە و دڕەنگ دەمگەڵنێتە مەکتەب
حەزم لەو کچەیە کە لەخۆا خۆشمدەویست و ئەو بێئاگا بوو لەو سۆزە
حەزم لە چایخانەی نزیك ئەو دارستانەیە کە سێبەری داڕەکانی بۆ خاوەنەکەی نەبوو

ئەو چاخانەیەی لە قسەی وشك زیاتر شتێك هیچی لێ فێرنەبووم
حەزم لەو جۆرە ئازادیەیە ئەگەر هەموان سەرخۆش نەبووینایە بۆوامان پێی نەبوو
حەزم لە پیاسەی شەوانە بە هەناسەی کۆن کە زیندەوەر لەترسی ترس بەخەبەر نەبوون
حەزم لەو سینەمایەیە کە روناکی نەدەما. ئیدی تاریکی بۆنی ژیانی خەیاڵاوی لێدەهات و گەنجەکان خۆیان راحەت دەکرد
حەزم لە سواری ئەو کەرانەیە .. وەختێك خۆم لە خوێندن دەدزییەوە و هاوڕێکانم پێدەکەنین
حەزم لە هەموو شتێکی قڕە
بەڵام لەترسی تۆ ناوێرم

هاوینی 2015

ئینترپۆلۆژیا لە جهانبینی مارکس … سمکۆ محەمەد

چەمکی ئینترپۆلۆژیا.. گەڕانێك بەدوای شوناسی مرۆڤ …

شیتەڵکردنی رەگوڕیشە و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی بەشەری لەگۆشەنیگای ئینترپۆلۆژیاوە, پرسێکە دەردەشەیەکی فەلسەفی و مۆژوویی زۆر زیاتر لەگەڵ خۆیدا بەکۆش دەکات. هەر لەم سەروبەندەدا مرۆڤ وەك کائینێك کەلەسەنتەری عەقڵدا خۆی بینیوەتەوە, خۆی بەخاوەن شتەکان زانیوە, شوناسی سەربەخۆییش بۆتە بەشێکی دانەڕاو لەو پرسە یەکلانەکراوەیە, بەدەلیلی ئەوەی مرۆڤ ئەو کائینەیە کەهەر لەسەرەتای هاتنیەوە سروشتێکی تایبەتی هەبووە, لەگەڵ کارپێکردنی هەستەکانیدا سروشتێکی لەخۆی نیشانداوە جیا لەسروشتی ئاژەڵ, هەبەت ئەم هەوڵەی مرۆڤ سیفەتێکی وەرگرتووە کەلەدەسەڵاتی خواوەندێتیەوە نزیکە, دەسەڵاتێك کەهەم رەهەندێکی کۆمەڵاتی هەیە, لەپەیوەندیەکانی خۆی و تایەفە و گروپە کۆمەڵایەتیەکانەوە بگرە, تادەگاتە پێکهێنانی جۆرەکانی خێزان کەلەئەزەلەوە چالاکترین یەکەی کۆمەڵایەتی بووە, هەم کائینێکی نامۆ بووە بەرامبەر رووداوەکان و

ململانێکان, هەم بەجۆرێکی دیکە ترس بووە لەنەمان و لەبەینچوونی رەگەزەکان.

دیارە لەرووبەکی تردنەوەکانی مرۆڤ رەهەندێکی ئابوریشی هەبووە کەلەکارپێکردنی ئەو سامانە سروشتیەی لەبەردەستیدابووە رەنگی داوەتەوە, دواجاریش ئەم سیفەتە کەلەفەرهەنگ و کولتوردا, وەك بەشێك لەسوننەتەکانی ژیان خزاوەتە نێو میتۆلۆژیاوە, بۆتە بەشێك لەمۆژووی گەشەی بەشەر, بەمەش ئەرکێکی دەست لێنەدراوی کردووە بەئامرازی چالاکی خوێقاندن و گەشەو هەدان و هەرچی زیاتر بەرهەمهێنان لەووی مەتریالی بەشەری و دەستکاری کردنی هەندێك لەیاساکانی سروشت کەتەواوی مەخلوقات و کائینەکانی سەرزەمینی بەیەکەوە گرێداوە.

لێرەوە ئەم کائینە واتە مرۆڤ " بووە بەیەکێك لەسەر مەشقی رۆەو و پەرەگرتنی ژیارەکان و گەشەی کردوو بوو بەسەرداری ئەو رەگەزە ئاژەڵیانەی کەلەخۆیەوە نزیکن"1
ئەم پرسە کەبەگوێرەی پێودانگ و پێوانەکانی کۆمەڵگەی پەرەگرتوو, بەئینترۆپۆلۆژیا ناسراوە, پێشتر شێوازو ناوەڕۆکی ئاڵۆزی هەبووە, کۆشەی سەرەکی ئەم چەمکە مەترسی ئەو گومان و دووددڵی و رارایی بوو کەفرەخودایی فرەهزری بۆ دەسەڵات بەجۆرێشت بوو لەخودو خودادا باوەڕێکی ئاڵۆزی وەلاوە نابوو, سوقرات لەهزرێکی ئەخلاقی و ریشەییدا ئەم پێوانەو یاسایەی تێکشکاند کەپێشتر لەسەردەمی گریکیەکاندا شاعیری بەناو بانگ (زینۆفانس 570_ 480 پ.ز) یەکەم کەس بووە دژی ئەو بیرکەیە وەستا کە خوا مرۆڤی لەسەر فۆرمی خۆی دروست کردووە, بەپێچەوانەوە مرۆڤ لەسەر شێوەی خۆی وێنەی خواوەندی وێنا کردووە, ئەم تێگەیشتنە هەڵاو زەنایەکی زۆری لەیێنانی کێندا نایەوە, بەڵام دواجار سوقرات زانستیانە تر ئەم چەمکەی موناقەشەکرد و کردی بەکۆجیتۆیەك و بەمرۆڤی گوت " ئەی ئەوکائینەی لەسەنتەری دەسەڵاتدا راوەستاوی وەخەبەربێ و بەرلەهەر شتێك خۆت بناسە" 2 ئەم کۆجیتۆیەی سوقرات سەبارەت بەگەردوون و خوودناسی, تێکەڵ بەنهێنیەکانی سروشت بوو کەتائێستاش کاری پێدەکرێت, هەڵبژاردنی ژیانی تەنهایش لەلایەن مرۆڤەوە لەو گومانەوە سەریهەڵداوە کەناتوانێ کۆشە ئاڵۆزەکان یەکلایی بکاتەوە, جەنگ لەپێناو ئەم ئامانجە بێ هودەیەش لەغەریزەی مانەوەدایە و تەواوبوون و داستانەکان و پاڵەوانێتی بێانەوەی ژیان لەجوغزێکی دیاریکراودا باشترین سەلمێنەری ئەم بۆچوونەیە.

بەلەبەر چاوگرتنی ئەو نەرجسیەتەی کەمرۆڤ بۆخۆی هەیبووە, فەلسەفە کردی بەئەرکی سەرشانی مرۆڤ. هەر بۆیە "شانازی بەچەکی

خودیەزدانیەوە کردووە, چونکی یەکێک بووە لەو فاکتەرە یارمەتیدەرانەی بۆ تێکشکاندنی هەر پەوەندیەك کەبەجهانی ئاژەڵەوە بەستوویەتی" 3 هەروەك چۆن فرۆیدیش لەرووی دەرونشیکاری موناقەشەی ئەم پرسەی کردووە و دەڵێ" مرۆڤ ئەو کائینەیە کەبەر لەئاژەڵ هیچ نەبووە" 4 مەبەستی فرۆید ئەوەیە کەمرۆڤ لەئاژەڵ چاکتر نەبووە, بەڵکو لەهەمان سەڵاوی ئاژەڵانەوە هاتووە, هەروەك چۆن نزیکایەتی هەیە لەگەڵ بنچینە فکریەکەی (ئەرستۆ تالیس) کەدەڵێ " مرۆڤ کائینێکی لۆژیکیە بەڵام کەتائێستا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی نیشانەکان و هاوشێوەکانی نێوان خۆی و ئاژەڵ بسڕێتەوە, جارێك لەپێکهاتەی جەستەیی و بایۆلۆژیەکانەوە, جارێکی تر لەپێکهاتەی سایکۆلۆژیدا نیشانەکانی دەرکەوتووە". بۆیە (هۆسرڵ) لەو خاڵەدا دەگاتە قەناعەت لەگەڵ ئەرستۆ کەمرۆڤ ناوەڕۆك و هۆکاری بنەڕەتی و بوونە. کەوابوو هەرمەبەستێك لەپشت گەڵانەوەبێت بۆسەلماندنی بوون ئیدیالیستی یان ماتریالیستی, ناتوانێ بەبێ بوونی بابەتەکان و بێ پشتگیری مۆژوویی و بەبێ ئینتڕپۆلۆژیا مانایەکی سەربەخۆ یاخود پێناسێکی سەربەخۆی پێبدات, چونکی فەرامۆش کردنی هەریەکێك لەو مەعقولیەت و لامەعقولیەتە بوونی گەردون و بنچینەکەیەتی, پێشمەرجیش ئەوەیە کەهەموو تاکێك دەتوانێ خۆی ساغ بکاتەوە لەگەڵ دەوروبەر و کۆمەڵ و سروشت و بنچینە ئیدیالیستی و ماتریالیستیەکان.

شتێك کە (فیورباخ 1804_ 1872) بە خوێندنەوەی سروشتی مرۆڤ پشتی پێ بەستووە, ئەو دژایەتی کردنەیەتی لەگەڵ رەگەزی ئاژەڵ و بەشت بوون و نامۆ بوون و ئەو ئاینزایەی کەلەمرۆڤایەتیدا دەبێتە شت, هەبەت ئەو دابڕانە مەعریفیەی کەمارکس لەفکری فیورباخ سەبارەت بەجەوهەری سروشت و بوون نیشانیدا, جارێك لەدەوڵەمەندکردنی ئەم چەمکەیە, دیارە مارکس لەخوێندنەوەیەکی ماتریالیدا بگەشەی هێزە کۆمەڵایەتیەکان دەیگەیەنێتەوە کەبەلای ئەوەوە مرۆڤ بوونەوەرێکی سروشتیە, ئەمەش خۆی لەخۆیدا شتێکی هێشتا ناتەواوە سەبارەت بەچەمکی مرۆڤ" 5 ئەم تێگەیشتنە لایەنێکی گرنگ لەهەقیقەت دەپێکێ, چونکی " مرۆڤ جگە لەخوڕقاندن و سەلماندنی بوون شتێکی دیکەی لەتوانادا نیە, لەبەر ئەوەی لەرگەی حاڵەتە خودی و بابەتیەکانەوە هەڵدەستێ بەئەنجامدانی گۆڕینی شتەکان"6 مادام مرۆڤ لەو رگەیەداو لەگەڵ رەوتی پەرەسەندنی مۆژووداو لەپڕۆسەیەکی درێژخایەندا خۆی بەرهەمهێناوە, کەواتە توانای ئەوەی هەبووە بیسەلمێنێت کەبونەوەرێکە دەبێت لەسەنتەری عەقڵدا بوەستێ.

بەشێکی زۆری ئەم تایبەتمەندێتیەش, دەگەڕێتەوە بۆئەو جیاوازیەی

کەلەنوان خۆی و ئاژەڵدا بینیویەتی, کەواتە شایستەی دەسەڵات و خاوەندارێتیە, بۆنمونە بەکارهێنانی عەقڵ بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و راوەستان لەسنتەر, خاڵی سەرەتاییە لەو جیاوازیانەی کەلەگەڵ کائینەکانی تردا هەیەتی, ئەوهەقەشی بەخێداوە ببێتە سەرداری هەموو شتەکانی دەوروبەری کەبەناوی عەقلانیەتەوە بۆتە کۆکی ئەو ململانێیەی کەمڕۆوو لەگەڵ خێدا هێناویەتی, هەر لەرەشەوە مۆکایەتی تایبەتی سەرەتای پەیدابوونی تموحەکانی مرۆڤ بووە.

ئینترپۆلۆژیا… میتۆدێك بۆ هۆشیاری نەتەوەکان

ئازادبوونی مرۆڤ لەنهێنیە گەردونیەکان و وەهمی دەسەڵاتخوازی تەنها کارێکی جەستەیی نیە, بەکو کردەیەکی زەینی و فکریشە کەلەمیتۆدۆلۆژیاکاندا هاتووەو بەشێك لەوهەقیقەتە مڕۆوییە پێکدێنێ (میتۆدی ئازادبوونی مرۆڤ, جەخت لەسەر پێشەکیە فەلسەفیەکان دەکاتەوە و ناتوانێ ببێتە میتۆدێکی سەربەخۆ جگەلەئازادییەکی وەهمی) هیگڵیش لەمبارەیەوە مرۆڤ هاندەدات ببێتە خودیکی هۆشیار, لەبری ئەوەی هۆشیاریەکی خودی و ئینسانی پەیدا بکات و مرۆڤ ببێتە کائینکی هەقیقی, مەبەست لەمرۆڤی هەقیقی ئەوەیە کەلەدونیایەکی هەقیقی و مەوزوعیدا بژی و ئاراستەیەك بۆدونیا دیاری دەکات, دەبێتە کائینێك کەدونیا لەسەر سەری راوەستاوە.

بۆیە هیگڵ دەیتوانی جارێکی تر کۆنتڕۆڵی هەموو سنورەکان بکات, ئەوسنورانەی کەلەوجوددا دروستکراون بونیان هەیە, ئەو پێی وابوو ئەوەی کەلەهەستی خراپ و ئینسانی هەقیقیدا هەیە, بۆتە میتۆدی ئازادی, ئازاد بوون لەوەهم و تۆڕامان و خۆبەدەستەوەدان, هەموو ئەمانە قسەگەلکن بۆئازادی و چەمکی ئینترپۆلۆژیا کەهۆشتا وەزیفەی تایبەتی خۆی وەرنەگرتووە لەنێو فکردا, بەکو ئەو باوەڕانەی لەنێو فەلسەفەدا وەبەرهێناوە کەلەکۆمەناسی و ئینترپۆلۆژیادا بونیاتەکەیان پێکهێناوە, ستایلی مایەکی سۆسۆلۆژیای میللەتانیش, باسکی سەراسەریە لەمیتۆدەکانی مارکسدا و یەکێك لەشاگە بنچینەییەکانی مڕۆوییی بیری سیاسیە.

مارکس لەدەستنوسە فەلسەفیەکانیدا سەبارەت بە ئۆبژێکتی فیورباخ دەڵێ" ئیتر کاری ئێمە تەنها رەسم کردنی خەتی زەینی نیە لەنێوان ئێستاو ڕابردوودا, بەکو تەواوکردنی فکری ڕابردووە و تەرجەمەکردنیەتی بۆسەر ژیانی واقیعی و کۆمەڵایەتی کەبەشەریەت

لەسەرەتای هاتنیەوە دەستی پێکردووەو لەخاڵی سفرەوە دەستی پێناکات, بەڵکو هەدەستێ بەتەواو کردنی کارەکانەکانی پێشووی, بەڵام بەهۆشیاریەکی نوێوە"7 دەیارە دەسەڵات و دەوڵەتی سیاسی لەهەموو شوێنکدا وابیردەکاتەوە کەعەقڵ جگیر بووە, بەڵام رووبەڕی دژایەتی ئەرکداری ئیدیاڵ و گریمانەو واقیعەکانی خێ دەبێتەوە, کەواتە لەهەموو شوێنکدا و لەناخی لەناوچونی دەوڵەتی سیاسیدا هەقیقەتی کۆمەڵایەتی گەشەدەکات " هەبەت مارکس لەهەسەنگاندنی دەوڵەت, واقیعی ئابوری لەبارچو دەگرێت و بەیەکڵ لەئامرازەکانی چینی فەرمانەوا تەماشا دەکات, ئەم تێوانینەش لەوێوە سەرچاوەی گرتبوو کەتا ئەوکات موناقەشە لەسەر ئازادکردنی ئینسان بوو لەخودەوە بگشت, واتە ئازادکردنی کۆمەگە لەملمانێی چینەکاندا, چونکە تائەوکات نەبووبو بەبەشڵك لەئینترپاڵژیای فەرهەنگی, هەروەك چۆن ئیترپاڵژیا ناسی نەبێتە ئازادی خوود, ئەم دانپیانانە تایبەتمەندیەك لەشێوازی کۆمەڵایەتی و کێبەرکێی بەردەوام لەنێوان (هێزی شتەکان) و هێزی شەرعیدا بەرجەستە دەکات, ئەمەش ئەوەدەگەێنێ کەهاتنی هەندێك لەرەوتە فکریە سیاسیەکان لەسەدەی هەژدەهەمدا سەریهەڵدا و بەشڵك بۆوایان بەیفێمی کۆمەگە هەبوو لەرێگای خودی دەوڵەتەوە و بیخەنە سەر راستە رێگەیەك, بەتایبەت (مارکس و ئەنگڵس) کەهەردوکیان تەبابوون لەسەر نەخشەیەك بۆئینترپاڵژیای ئابوری, لەگەڵ رەشنکردنەوەی ئەم چەمکە لەشێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیەوەی و ئینترپاڵژیای سیاسی کەبەچاوی ئیعتبارەوە وەرگیراوە, بۆوانە (بۆچونەکانی جۆرج بالاندیە) لەکتێبی (ئینترپاڵژیا السیاسە).

شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی لەتایبەتمەندیەکانی شارستانیەتێك جیا لەشارستانیەتی خۆراوایە و ئەم ئەگەرە بوونی هەیە کەوەرچەرخانی مێژوویی بەپێی گروپە مرۆییە جۆراوجۆرەکان چەندین هێی تێپەاندووە نەك یەك هێ، لەلایەکی تەوە وابیردێتەوە کەتایبەتمەندی شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی پەیەوی کێلەتیە, بەندە و بەکرێگیراوان لەچینی خاوەن ئامرازی بەرهەمهێنان نەبووە, بەڵکو پەیەوی زەحمەتکێشان لەدەوڵەتە, ئەگەر ئەم راڤەکردنەی شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی دروست بێت, پێکهاتەی کۆمەایەتی لەرێگەی ململانێی چینایەتی بەواتای خۆراوایی ئەوە دەستنیشان ناکرێت, بەڵکو تایەتمەندی ئەو ئەوەیە کەهەموو کۆمەگا لەژێر سێبەری چەوساندنەوەی دەوڵەت یان چینی بۆرکراتدایە". ریمۆن ئارون. قۆناغە بنەماییەکانی هزر لەکۆمەناسیدا.
بەرگی یەکەم. وەرگێانی. عەبدولڵا رەسوڵی. ل250. هەرئەم فکرەیەش

وای کردوو وارەکخرا کەلەگەڵ کۆمەڵگای رۆژهەڵات و دیارده مۆژوویيەکاندا بەتەوه کەهەندێکیان لەو ریواتانەدا وسف کرابوون کەگەشتیارەکان دەیانگێڕایەوه" 8 ئەڵێرەوه ئەم چەمکە لەدیدی مارکسدا لەرووی مۆژوویيەوه سەرچاوه دەگرێ کەلەکێنی یەکەمەوه هاتووه, دیارە باری کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگەیە لەسەر بنچینەی سۆسیالیستێکی سەروەتی پێکهاتبوو, کێنی یەکەم ئەو کۆمەڵە خەڵکە بوون کەلەشاری (ژوار) وەکی کۆمەڵەیەکی یاخی هەڵکەوتبوون لەدەسەڵاتی کێسای (لەتەر) خۆیان جیاکردبۆوه, پاش دەساڵ لەئەزیەت کێشان لەژێر دەسەڵاتی ئەم سیستمەدا, ئەمانە کەخەڵکانێکی هەژار بوون و تەنها بەیارمەتی (کواکر) ی مرۆ دۆستەکانی لەندەن وئەمریکا توانیان بگەنە شوێنی خۆیان و قەشەیەکیان بەناوی (بەملەر) دەستنیشان کردو لەپایزی ساڵی 1817 گەیشتنە فلادلفیا, هەر کەگەیشتە ئەوێ 7 پارچە زەویان کێی کەبەهای هەر پارچەیەك 6000 دۆلار بوو کەدەبوو بدرێتەوه, بەڵام بەهەر کەسێك چەند دۆلارێکیان هەبوو, ئیدی تەخت و پوخت ئەو بەپارەیەیان خستە خزمەتی کشتوکاڵ و دانەوێڵەو ئامرازەکانی گەشەسەندن و پێداویستیە خزمەتگوزاریەکانەوه, هەرلەوێش بەعەدالەت پارچە زەویەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کرد"9 ئەم حیکایەتە مۆژوویيە بەمارکس دەبێتە زەمینەیەکی لەبارتر بۆکارکردن لەسەر چەمکی ئینترپۆلۆژیای ئابوری, ئەمە جگە لەفەلسەفەی ئەبیکەرسی یۆنانی و تیۆرەکەی داروین کەلەباری زانستی و مۆژوویيەوه گەشەی مرۆڤ و ئاوگێڕە بایلۆژیەکاندا.

رەگوریشەی خێڵ و خێزانە سەرەتاییەکان و قۆناغی پیش مۆژوویی بەشەریەت لە(اصل الانواع) . دا تیۆریزە کراوه, ئەگەرچی بەپێی بۆچوونی هەندێك لەزاناکانی بواری زیندەوەرە گەردیلەکان و بەماوەکاندا لەم دواییەدا هاتبوو کە داروینیزمی نوێ ناوبانگی دەرکرد و جۆرێك شکانەوه بوو لەچەمکی سەرهەدانی بەشەریەت و زیندەوەرەکاندا, بەڵام داروین پێی وابوو کە هەبژاردنی سروشت لەلایەن مرۆڤەوه ئەوه ئەگەنێ کەداکۆکی کردنی زیندەوەرەکان لەپێناو مانەوەدا ئەوه دەخوازێ کەئەندامەکانی یان کارەکانی پەرەدەستێنێ تاکو لەو ژینگەیەدا خێی بگونجێنێ, سروستیش بەهێزەکان هەڵدەبژێرێت بەمانەوه, بۆیە لەم دژایەتی کردنەدا هەندێك لەناو دەچن و هەندێکیشیان تاجێگایەك لەشێوەیەکی تردا باشتر دەگونجێن و بەردەوام دەبن.

مرۆڤی نامۆ… مرۆڤ ئامۆری

کاتێك چەمکی نامۆیی موناقەشە دەکەین مەرجە هەردوو بارە دەرونیە

تەندروستەکەو بارە ئاسایيەکەی کەھۆشياريە لەبەرچاو بگرين, مەبەستمە بۆم نامۆگەری لەسروشتی مرۆڤدا شتێکی ئەزەليە کەوا مدانەوەی شتە نەنيەکانی پێنيە, مردن بەشێك لەونەنيانە پێکدەھێنێت, بەام نامۆگەری بەمانا فەلسەفيەکەی لەدەرەوەی (جوگرافيا و زمان و سايکۆلۆژيادايە) ھەربەم شێوەيەش نامبوون بۆدابەزاندنی چالاکی خۆبزوێنەرو ئازادی مرۆڤ بوو بەئامرازێك, ئيدی زيانی نەوعی بووە ھۆی ئەوەی مرۆڤ تەنھا وەکو ئامرگەلێکی لێبێت "سروشت وەك چۆن ئامرەکانی زيان بەکار دەستەبەر دەکات, بەمانای ئەوەی کاری شايستە بێت ئەو شتانەی کەکاريان لەسەر دەکرێت ناتوانرێ زيانی تێدای ھەبێت, بەمانايەکی تر ھەندێ جار ئامرەکان زيانيش دەستەبەر دەکەن, واتە ئامرگەلێك کەبێ زامن کردنی زيانی مەتريالی خودی کرێکار پێويستە" 10 ئيتر ئەم چەمکە کەوتە نێو بەھا فەلسەفيەکانی وەك دەروونناسی, دواتر بوو بەتيۆرەيەکی رەخنەيی لەکۆمەڵگەو دواجاريش پێکەوە لکاندنی بەماتريالێزمی ديالکتيکەوە, ھەروەك چۆن ئەم زەرورەتە لەقۆناغخانەی فرانکفۆرت ديراسە کراو لەسەردەستی (تيۆدۆر ئادۆرنۆ و ھۆرکھايمەر و دواتريش ماركۆزە و فڕۆم ھتد) وەك تيۆرێکی رەخەييی لەکۆمەڵگەو سيستەمە فەرمانڕەواييەکەی, بەام وەك (ويلھەم رايش) ئاماژەی پێدەکات, ئەوەی کە فرێد کاری لەسەر کردووە تەنيا ئاشکرا کردنی شتە نێگەتيڤکانی کۆمەڵگەو دەرھاويشتەکانی دەسەاتی باوکسالاری و نەخۆشيە دەرونيەکانە, بێيە ناکرێ بەراورد بکرێ لەگەڵ فەلسەفەی ماركسيزم, چونکی ئەم فەلسەفەيە بۆگۆڕينی ئەودونيايەيە کەچينەکانی لەبەرانبەر يەکتردا راگرتووە, بەمەش ماركس پشت بەو مەتريالە بەشەرييە دەبەستێ کەلەبزوتنەوەيەکی جەماوەريدا خۆی دەنوێنێ, ئەم چەمکەشی لەوپێناسەيە دەرکرد کەتەنيا نەخۆشيەکی دەرونيە و بەس, بەڵگەش بۆئەم راستيە ئەوەيە کەمرۆڤ بوونەوەرێکی بەرھەمھێنەرە, بەام کاتێك لەبەرھەمی کارو چالاکيەکانی بۆبەش دەکرێ, تەنھا وەك ئامرێك چاوی لێدەکرێ, دووچاری نامبوونێکی ڕۆحی و جەستەيی دەبێت, ئەمە لەباری ماتريالييەوە, لەباری فەرھەنگيشەوە ئەوکاتە خۆی بەنامێ دەبينێ کەوەك تاك لەگەڵ فەرھەنگی کۆمەڵگەدا نايەتەوەو دادەبڕێ و ناوييەوێ لەبێتەی شتەباوەکان بمێنێتەوە کەلەگەڵ بيرو بۆچونی کۆمەڵگەدا تەريب بێت, لەلايەکی ترەوە مرۆڤ کاتێك دەوانێ لەدونيايەکدا سامانێکی لەبن نەھاتووی تێدايە و بەھرەمەند نيە تيايدا, ھەروەك چۆن وەزی خۆی لەرگای مەرجە ھەقيقيەکانەوە دەخاتەگەڵو بەشێوەيەك لەشێوەکان دەيگوازێتەوە بۆناو واقيعێك کەلەبەرانبەر واقيعێکی تردا ناکۆکی ھەيە و دەيەوێت لەناوی بەرێت, ئاوەھاش دەيەوێت لەدەرەوەی شتە داسەپاو و سنورداراەکان ھەبسوێت,

ئەمەش پێچەوانەی ئەو دەربڕینەیە کەخوود بەئەندازەی گەورەیی گەردوون گومانی لەخۆی هەیە, لەڕاستیدا ئەمە پرسێکی فەلسەفیە, رەنگە بشێ بڵێن ئەوەی مرۆڤ وەك سەنتەری عەقڵ خودێتی خۆی بەئەندازەی جەوهەرێکی گەورەتر لەوقەوارەیە ببینێ, بەڵام دواجار هەرئەم تێڕوانینە گشتگیرتر دبێت و لەبارەکانی دیکەشدا دژ دەوەستێتەوە, لێرەوەیە خوێندنەوەکەی مارکس بۆنامەگەرایی پێچەوانەی خوێندنەوەکەی جامیعەی فرانکفۆرتە, چونکی یەکەم کارێك کەپێی هەساوە لەووی دەرونیەوە لەقوتابخانەی فرانکفۆرت لەسەر ئیشکیالیاتەکانی تیۆری و رەخنەیی کۆمەگە نوسینی گەشەسەندنی عەقیدەیی ئاینی مەسیحی بوو کەبەناونیشانی "میتۆدو وەزیفەی سایکۆلۆژیای کۆمەایەتی و شیکردنەوەکانی نوسیویەتی تەندروست نەبووە, ئەو میکانیزمەی کەبێ ئینسجام کردن و شیکردنەوەی دەرووی میتۆدی مارکسی بەکاری هێناوە گونجاو نیە" 10
هەر لەو سەروبەندەدا کەقسە لەسەر دوالیزمیەتی چاکەو خراپە دەکات, ئەو چیرۆکانەش کەبۆنمونە هێناویەتیەوە دەڵێ" پێویستە لەسەرخوا بەڵێنەکانی بباتەسەر هەروەك چۆن مرۆڤ بەڵێنەکانی خۆی دەباتە سەر" 11 لەوێ لەو بیرۆکەیەدا باس لەوەدەکات کەمەسیحیەت ئەگەر پێشتر وەك خاوەن کێشەیەکی مرۆڤایەتی سەریهەڵداو بەمەبەستی ئەوەی عەدالەتێك بەسەرجەم مرۆڤایەتی بەرهەم بێنێت کەدواتر بەسەر ژیانی واقیعی تەرجەمە کرایەوە بوو بەسیستەمێکی دەسەڵاتداریتی, هەروەك چۆن کێشمەکیشمی کاسۆلیك و پڕۆتستانت و پَشتریش حوکمڕانیەتی ئیمبراتۆریەتی ڕۆم و ئیماندارە مەسیحیەکان لەئارادابوو, ئەمە لەکاتێکدا واقیعیەتی دوالیزمی ژیان و بەریەك کەوتنی دژەکان و چارەسەرکردنی لەنێو مژوو بەتەواوی لەنێو باوەداڕە تیۆریستەکان خەیاڵێکی دروست کراوە کەرەخنەگرەکانی مژوو پێکیان هێنابوو, ئەوەش کەلەنێوان خواو ئینسانەکاندا پەیوەندیەك هەیە ئەگەرچی ناتوانین بڵێین وەهمە, بەڵام لەڕاستیدا لەفەرامۆشکردنی واقعێك بەولاوە هیچی تر نیە.

شیکارکردنی میژوو لەسەردەمی مەسیحەوە جۆرێك لەتەسك بینی مژووی بەشەریەت بوو کەمارکس ئاماژەی پێداوە, ئەوفاکتەرانە تێکەڵ بەدیالکتیکی مژوویی بوون و لەگەل ئەزمونەکانی ژیاندا لەرووی نەوعی و باری کۆمەایەتی و مژوویشەوە تێکەڵ بەیەکتر بوون "12 لەبەشی یەکەمی کتێبی سەرمایەدا هاتووە " ئەو پانەرانەی دەبینرێن لەرووی فۆرمەوە لەژیاندا بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆسروشتی مرۆڤ "13 لەلایەکی دیکەوە سەبارەت بەپێویستیە دەرونی و غەریزیەکانیش هاتووە" ئەوە تێربوونی پێویستیە بنچینەییەکانە وادەکات بەرەو

پەیستیە نوێیەکان بچین, لەهەمان کاتیشدا بابەتی بەکارهاتوو لەڕگای شتەبەکارهێناوو پاڵنەرەکانەوە بەکاردەهێنرێت, تەنانەت خودی ئینسانیش لەڕگای تێربوونی پەیستیەکانیەوە بەرهەمدێن و ئیشکالیاتە نوێیەکانیشی هەر لەنو ئەم پەیستیانەدایە کەپەیستی نوێ دەخوڵقێنن"14 ئەگەرچی ئەریك فرۆم پێی وایە چەمکی سایکۆلۆژیا و مەتریالیزم پێکەوە وەسفدەکەن, بەبڕوانکی هێشیارانە نەك بەوەسفێك بنچینەی مێژوو, بەڵکو بەپێچەوانەوە وەکو هێزێکی تری شاراوەیە"15

هەرچی بڕچوونی مارکسیشە" ئەو هێزە لەغەریزە بنچینەییەکانی ئینسانە لەناو چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی چینایەتی دایە کەفۆرم دەیەوێت ئەم ئاسەوارە دەرونیە واتە ئامێژگاریە ئاشکرا بکات کەحیکایەتی بنچینەیی و تایبەتمەندیەکانی سڕکسی نین, ئیدی ئەوکاتە دەکرێت بڵێین ڕگا چارەی برسێتی ئاسانە ئەویش بەدەست هێنانی بژێوی و پەیدا کردنی نانە, بەڵام سڕکس کەئیشکالیەتێکەو چارەسەر ناکرێ, پەیوەندی بەمێژووی سڕکس و دەسەڵاتەوە هەیە" 16 ئەوەش کەلەبارەی فەلسەفەوە ماهیەتی خودی مرۆڤی دیاری کردووە, بریتیە لەکێی ئەو تایبەتمەندیە دەرونیانەی کە (غەریزەی پاراستنی خود غەریزەی موکایەتی تاك و غەریزەی دەسەڵات و هتد) لەجەستەی ئینساندا کۆما بووە…

_____

سەرچاوەکان

1: دەسنوسە فەلسەفیەکانی کارل مارکس . بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ئێران. وەرگێڕانی بۆ کوردی. ب ئارام

2: هەمان سەرچاوەی پێشوو

3: گۆڤاری سەردەم ژمارە 9 دەسیەیەك دەربارەی مارکس ساڵی 2000

4: منگق مارکس. نوسینی یندریش زلنی . منشورات الابحاپ اشتراکیه ل159

5: نامەفەلسەیەکانی مارکس بۆ ئارنۆلد سەبارەت بەدەوڵەت ساڵی 1842

6: هەمان سەرچاوەی پێشوو

7: الانتروبولوجیا السیاسیه. جرج بالاندیه. ت. علی المصری. الموسسه الجامعیه للدراسات والنشر والتوزیع ل22

8: الاصل العائله و الملکیه خاصه والدوله. فریدریك انکلس.ترجمه و الگبع. دار التقدم . موسکو

9: ئانتی دهرینگ باسێك لەسەر سۆسیالیزم (ئەنگلس) ل80

10: گۆڤاری سەردەم ژمارە 14 ل8

11: مدرسه فرانکفورت نشاتها ومغزاها وجهه نچر ماركسيه . د فيل سليتر ت. خەليل كلفت
12: سەرمايه بەشى يەكەم (كارل ماركس) ت. محمد عيتانى ل10
13: هەمان سەرچاوەى پێشوو
14: مرۆڤ لەروانگەى ماركسەوە . ئەريك فرۆم . وەرگێرانى هەنگاو ساڵى 2000
15: مدرسه فرانكفورت نشاتها ومغزاها وجهه نچر ماركسيه . د فيل سليتر ت. خليل كلفت
16: منگق ماركس. يندريش زلنى. منشورات الابحاپ الاشتراكيه ل198. 209 . 217

تیۆرەکانی مارکس یاسا لەمیتافیزیکاوە بۆ فیزیکا … سمکۆ محەمەد

میتافیزیك زاراوەیەكە سەرەتا لە كتێبەكەی ئەرستۆ وە هاتووە كە بریتییە لە كۆمەڵك كتێب و لە هەمان كاتدا لەنێو یەك كتێبدایە، بەشی یەكەمی زاراوەكە میتا Meta واتە پشت یان دوای یان ئەو دیو . فیزیكا physics واتە سروشت، یان سروشتناسی، هەر دوو بۆگەكە لەیكتر بدەین دەبێتە میتافیزیكا، توێژنەوەكەی ئەرستۆ لەو دوو بۆگە زاراوەییەوە سەریهەڵداوە، لەگەڵ پەیەسەندنی چەمكەكە بۆ بابەتی سرووشت و لێكۆڵینەوە لەسەر دیاردە بەرهەستەكان، بووە بە چەمك و وەسف بۆ لێكۆڵینەوە لە بوون و پاشكۆكانی دەوروبەر، واتە ئەو گاتیگۆرییانەی كە گوزارشت لە خەسڵەتە سەرەكییەكانی ئەم بوونە پێ نهێنی و سیحرە دەكەن، وەكو جەوهەر و رواڵەت كە بە خەسڵەتی جەوهەری و گۆڕان لە شتەكان ناسراوە، واتە چەمكەكە باس لە بوون و پەیوەندییە رووحیەكان و خودا و سیفەتەكانی دەكات، بەو پێیەش بۆت میتافیزیك واتە توێژینەوە لە بوون وەكو یەكەیەكی پێ مانا كە واقیع تەنها دیوە ماتریالییەكەی ناسیوە یان بینیوە، بۆیە بابەتەكە گشتییە و زنجیرەیەك پرسیاری دیكەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە، لەوانەش مەعریفە و ئەزموونی ژیان و جوانی و ئەخلاق و هتد.

پێناسەیکی دیکە هەیە کە پێیوایە زاراوەی میتافیزیك واتە گەیانە بەدوای جەوهەری شتەکان کە لەلایەن ئینسانەوە درکیان پێکراوە، یان بگەیان بە دوای خواوەند، لەووی تیۆلۆژیشەوە (خودا ناسی) ئەمە هەوڵدانێکە بۆ سەلماندنی بوونی خودا کە نمونەی باڵای ئینسانە و بە لاهوتیەت ناسراوە.

سەرهەڵدانی چەمکەکانی وەك ئاین وخودا لەمێژوودا کەمرۆڤ بۆخۆی تەماری کردوون و بەرهەمی هێناون, لەسەرەتاوە بە میتافیزیاوە گرێدرا، بەلام دواتر دەرکەوت کە ئەم چەمکە لێکدژی لە نێوان رەوتە فکرییەکاندا دروست کردووە، هەروەك قۆناغێکی قسەیەکی باوی هەیە لەمبارەیەوە و دەڵێت " گەر دوو کەست بینی لەسەر بابەتێك موناقەشە دەکەن و لەیەکتریش تێناگەن، ئەوا بزانە کە سەبارەت بە چەمکی میتافیزیکا گفتوگۆیانە". لەلایەکی ترەوە تێڕامانە میتافیزیکییەکان بێ سروشت و مرۆڤ, بەشێك لەکولتورە هاوبەشەکانی سەرەتای کۆمەڵگەی بەشەری پێکهێناوە و کاری لەسەر کردووە, ئەم کولتورانە کەلەیەك کاتدا جیاواز و لەیەك کاتدا هاوبەشن, زەرورەتی مێژوویان لەکوێدا بووە؟ لەکوێدا بۆتە یاساو دەسەڵاتەکان قەڵەمڕەوی خۆیان تیا بەکارهێناوە؟ مەیلی یاسادانان و ملکەچی وەسیەتەکانی باب مەزنی و دەسەڵاتگەری و حوکمڕانی کردن و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە لەسەر بنیچینەی مەرجەعیەت, بەشێکی تری ئەو کولتورە مێژووییەیە کەیاسای جێراوجێری لێبەرهەمهاتووە و تەمار کراوە, مێژووش بەمەداچووەتەوە کەدواجار بووەتە گوتارێك و یاسای لێ داتاشراوە, هەموو ئەو چیرۆکانەش کەلەنێو دەقی ئایینە جیاوەکاندا هاتووە, ئەو ڕشنبیریەیە کەلەسەرزاری پێغەمبەرەکانەوە بیستومانەو ئەوەمان پێدەڵێن کەدواتر بووەتە ئیدیۆلۆژیا لەژێر ناوی خودا پەرستی و ئاین پەرستی, خاوەن تیئۆرە یاساییەکان دەڵێن" بەبوونی یاسا و بەپێچەوانەوە نەبوونی یاسا شتێك لەئیدیۆلۆژیا ناگڕێ" ئەمە قسەی د.دینیس لویدە, لەشۆنکی تردا دەڵێت"باشترین تیئۆرێك لەشکڵی یاسایەك پیشنیار کرابێت بۆ کۆمەڵگەی بەشەری یاساکەی کارل مارکسە, ئەو گوتی یاسا تەنها سیستمێکە بۆسەرکوتکردنی خەڵك و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی چینی سەرمایەداری" (1)
لەاستیدا مەسەلەی یاسا کەمێژوویەکی دوور و درێژی هەیە لەسەرەتای دروستبوونیەوە کەلەئەسیناوە دەستپێدەکات و شیشەڵن یەکێکە لەدونیای ڕۆژئاوا قسەی لەسەر بونیادنانی یاسا کردووە و لەرژهەاتیش کەسێکی وەکو حامورابی, تەماشایەکی ترە بۆبینینی شتەکان وەك دامەزراوەیەکی جەماوەری و داهێنەری یاسا لەناوچەی ڕۆژهەاتی ناوەڕاست, ئریانووس لەسەدەی سێهەممدا بەناوبانگترین

یاساناسی ڕۆمانی بوو دەیگووت" قەیسەر تەنها دەستوری گەرەکە, لەوکاتەدا چالاکی سیاسیش هێجگار بەرتەسك بوو, ئەوە بوو دواتر لەسەدەی چوارەم ڕۆمانستان کرا بەدوو پارچەوە, ڕۆمانی ڕۆژهەڵات و ڕۆمانی ڕۆژئاوا, دوای تێپەڕبوونی سەد ساڵیش واتە ساڵی 410 لەلایەن ئەلاریك شای گۆتەوە, ڕۆژئاوا داگیرکراو هەم لەمڕووەدا تێمارکرا و هەم لەمڕووی بیری سیاسیشدا ئەنجامێکی یەکلایی کەرەوەی هەبوو, دوای کۆبەرکێەك لەنێوان ئایینی مەسیحی و جوولەکە واتە (ئیسرائیلیەکان), لەسەدەی چوارەمدا گۆڕانکاریەکی گرنگ ڕوویدا, مەسیحایەتی کرا بەئایینی ڕەسمی دەوڵەتی ڕۆمانی, ئیتر ڕۆما نەك هەر ڕگەی دەدا بەدینی مەسیحی بەکو پشتگیریشی دەکرد، ئەمە بێتوانینی مارکس مەسەلەیەکی بنەچەیی بوو تاکو لەگەیەوە تێڕەیەك لەسەر ئەو یاسایە دابنێ کە لەسەر بنچینەی ئایینی مەسیحی هاتە ئاراوە، یاساش کە لەسەر بنچینەی ئایین بوو، هەبەت هەموو ئەو پێوەرە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و میتافیزیکیانە زاڵ دەکات بەسەر گوتاری دادوەری دەوڵەت، بێیە مەسەلەی موناقەشەکردن لەسەر ئەوەی ئایین چ ڕۆڵێکی لەسەر بونیاتنانی بنچینەکانی دەوڵەت و پێگە و پایەیەکی بەهێزی سەقفی سیستمی دەوڵەت مەسەلەیەکی گرینگ بوو بێیە کاری زیاتر لەسەر کراوە وەکو سەر خان و ژێر خانیش.

ئاین و میتافیزیکا

بەرلەوەی ئاین بنچینەیەك بێ فەلسەفە دابمەزرێنێ, تێڕامانە میتافیزیکیەکان بەجێگای یاسا وەڵامی پرسیارە هەمەجێەکانی وەکو وەزیفەیەك وەرگرتبوو, ئەم تێگەیشتن و خوێندنەوەیە بێ میتافیزیکا، کارێکی کرد کەئاین دەمارگیریەکی بەکۆمەڵ دروست بکات و دیاردەکان بەو تێڕوانینە تەماشا بکرێت, بەتایبەت ئەو ئاینانەی کە بەهێز قەڵەمڕەویان وەدەستهێناوە لەمڕووداو, بەم جۆرە هەندێك جار ناهەقی دەخەینە پاڵ بەشێك لەئاینەکان و دەیانلکێنین بەخوداوەندەوە, چونکە باوەڕی دیکە هەن جگە لەئاینی تر مەسەلەی خودا بونی هەیە تێیدا، لەکاتێکدا ئاینەکانی وەکی (بوزی و تاوی و کۆنفۆشیۆسی) لەدەرەوەی دەسەڵات و نموونەی باڵادا تێڕامانەکانی پشکەش کردووە دوورە لەگوتاری رادیکاڵی و تونڕەوی لەشێوەی خوداپەرستی و رەنگدانەوەی بەسەر گوتاری کۆمەڵایەتی.

دەرکەوتنی یاسا گەلێك لەدەرەوەی دەقە ئاینیەکان, لەوسەردەمانەدا هاتە ئاراوە کە حوکمڕانێتی فیرعەونی و ئیمبراتۆریەتی ئاشوری و بابلیەکان و دواتریش دەرکەوتنی دەوڵەت وەکو قەوارە گەشەیان کرد, لەگەڵ گەشەی عەقڵی مرۆڤدا شێوەیەکی زاستی بەخۆوەگرت کە پێشتر

تەنها ڕووەسمەکی مۆدێلی بووە و هیچی تر, ئاینیش وەکو دەقێکی شەرعی بەبەڵێنبردنی کۆمەڵگە و دەسەڵاتدارێتی و حوکمڕانی کردنی خەڵك, لایەنێکی تری مۆژوویی یاسایی کەلەکۆمەڵگا کۆنەکاندا سیستمی فرەخودایی و جۆرێك لەکاریزمای خوێقاند وەکو پەیامبەری بەخێیەوە بینی بوو, گوتارێکی فەرز کرد بەسەر کۆمەڵگەدا کە جێگەیەکی بۆ جیاوازیەکانی دیکەی ئایین و ئاینزایی نەهێشتەوە، هەرچی بابەتی فرەخودایییە کە لەیۆنانی کۆندا بۆوایان پێی هەبوو (خودای جوانی و ئاشتی و جەنگ و خوای شەراب و هتد) تێگەیشتنی ئەو سەردەمە بوو, بەڕام (سوقرات) وەکو شارەزا و ڕۆشنبیرێکی ئەسینا ئەم بۆچوونەی بەهەڵە لەقەڵەمداو خەڵکی ئەسیناش بەڕاستیان دەزانی کە دواتر بوو بەئەفسانەو فەلسەفەی کلاسیکی و ئەزموونی لێوەرگیرا. هەڵبەت بەپێی سەرچاوە مۆژوویییەکان کۆمەڵگە کۆنەکان بەبۆچوونی کۆمەڵناسێکی وەکو (پییەر بۆردیار) کۆمەڵگەی ترادیسیۆنە مۆژوویییەکان نەبوو, ئەوەش کە هەبوو تەنها ئەفسانە بوو, دواتریش بوو بەفکر و فەلسەفەی سایکۆلۆژیا کەك لەئەفسانەیەك وەردەگرێت کەسەرچاوەکەی زمانێکی خوازراوە. ئەم نموونەیە لەفرەخودایی لەمۆژوو و کولتوری دەوڵەتی میزۆپۆتامیاشدا هەمان بیرکردنەوە بوو بۆ لاهووت.

هەرچی کاریزمایە واتە (بەبت کردن) بتێك کەلەژیاندا دەپەرسترێت بۆ زەمەنێك درێژەی کێشا. ئەگەرچی بەپێی قسەی مۆژوونووس و ئینترۆپۆلۆژیستەکان کاریزما هەر هەبووە و لەسەردەمی ئیمبراتۆرەکانەوە لەرێگای هێزەوە بەدەست هاتووە، بەڕام دواتر لەدەسەڵاتدارێتی و سایکۆلۆژیەتی ئەسکەندەری گەورەو لەسەدەکانی ئەم دواییەشدا دەرکەوتنی کەسانی وەکی ناپلیۆن و هیتلەر و مسۆلینی و ستالین و دواین کەسیش سەدام حوسێن رەنگی دایەوە و نموونەی کاریزمای نوێی سەردەمی پێ ئاشناکردین. ئەم جارە بیرکردنەوە جیاوازانەیە کەلەئاینەکانی تر سەبارەت بەفەرهەنگ, یاسا, سیاسەت و هتد. کە لەسەردەمی خێیدا ڕۆشنبیریەکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بووەو دواتریش وەکی یاسایەك چاوی لێکراوە, نموونەیەکی زیندووی مۆژووی نوێیە کەخودی مۆژوو دەتوانێ بەسەر ئەو گوتارەدا زاڵ بێت کە ئەگەر خراپیش کەکی لەئاین وەرگرتبێت، ئەوا راستەوخێ نەیتوانی بەشکی گەورە لەفەزای ئاین بخزێنێتە نێو گوتاری سیاسییەوە، تەنها ئەوە نەبێ کە هەندێ بە هەڵخاندنی هێزی کۆمەڵایەتی و کۆمەك پێکردن بۆ بەهێزکردنی دەسەڵات کەکی لەئاین وەرگرتووە، هەر ئەمەشە موناقەشەی ئێمە لەسەر ئاین و خوداو ئیدیۆلۆژیا و یاسا.

لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەم دوو بۆچونی جیاواز لەبیرکردنەوەی (ئەریك فرۆم) هوە دەست پێبکەم کە لەبەردەم ئەو چەمکانەدایە, فرۆم لەلایەك پێی وایە, مرۆڤ ئازادە لەهەڵبژاردنی نموونەی باڵا و لەلایەکی تر پێی وایە مرۆڤ ناچارە باوەڕی بەنموونەی باڵا هەبێت.
هەڵبەت مەبەستی من لەوەیە کە باب مەزنی و دروست کردنی بابی ڕۆحی, جۆرێکە لەئایینی خڕشەکی یە بەڵ تێکست و پرنسیپ و ئۆرگان و جومگە ئاینییەکان, لێرەوە پرسیارگەلێکی وەکی ئەوەی کەئایا مرۆڤ لەتوانایدا هەیە بەبێ خوداو بەبێ ئاین بژی؟ ئایا چ جۆرە خودایەك دەپەرستێ؟ چ شتێك ئاین و مۆژوو و شارستانیەت گرێدەدات بەیەکەوە؟ ئایا ئیدیۆلۆژیا بەجێگای خوداو ئاین کاری کردووە؟ ئایا چەمکی ئاین و خودا چۆن بەجێگای یاسا ناکۆکەکانی سەرزەمین و مەرجەعیەت دەور دەبینن؟ ئەم پرسیارانە کە لەخوێندنەوەی ماتریالیزمیدا بێ فکری بەشەر لەمەودای نووسین و چیرۆکە هەڵبەسراوەکانی مۆژوودا مەوجودە, وەڵامیان هەیە و لەبەرامبەر ئەم بۆچونانەی کە نزیکن لە بۆچوونەکانی فرۆمەوە موناقەشە هەڵدەگرن، هەڵبەت بەپێی مارکس وەڵامەکە بەڵێیە، چۆن؟.

مارکس پرسیارێك دەکات، بۆچی دەوڵەت دەتوانێ مەسیحیەت وەکو ئاینی بنچینەیی کۆمەڵگە قەبووڵ بکات و ئەوانی تر نەخۆر و خەڵکیش تاڵادەیەك قەبووڵی بکەن؟، کەواتە خەڵك لەژێر کاریگەری ستەمی دەسەڵاتی دیار و نادیار ئاین پەرستن، ئەگەرنا دەتوانن بەبێ ئایین بژین، هەروەك ئەوەی کە لەئامریکا بەشی زۆری خەڵك بێ ئاینن و هیچ کێشەیەك و کەلێنێك نەبێ ژیات نە بێ دەستووری دەوڵەت نەهاتۆتە پێش، هەربۆیە لەشوێنکی تر دەڵێ کە ئاینی دەوڵەتی ئامان مەسیحییە، مەسەلەکە ئابوورییە و هیچی تر نییە، ئەگەر ئاینکی تریش بوایە هەر وادەبوو، بۆیە ئاین لێرەدا دەسەڵاتە و دەسەڵاتیش ئایین.

مارکس لەبارەی بۆچوونەکانی بڕۆنۆ باویەر کە کتێبی (دەربارەی پرسی جولەکە) نووسی و لەوێدا کێشەی ئایینی مەسیحی و جولەکە شیدەکاتەوە و دەوڵەت و سیاسەت وەکو بەرپرسیاری یەکەم دادەنێت، دەڵێ" دەوڵەتی مەسیحی تەنها مافی تایبەت (ئیمتیاز) دەناسێت، لەم دەوڵەتەدا جولەکەکان مافی تایبەتی جولەکەبوونیان هەیە، ئەوان وەك جولەکە مافیان مافیان هەیە، کەچی مەسیحییەکان لەم مافە بێبەشن، باشە ئەی بۆچی داوای مافێك دەکەن کە مەسیحییان ئەو مافەیان هەیە بەڵام خۆیان نیانە؟. چونکە جولەکەکان بە داواکردنی ئازادی دەیانەوێ دەوڵەتی مەسیحی دەست لە دەمارگیری ئاینی هەڵگرێت، بەڵام ئایا

جولەکەکان خۆیان دەست لە دەمارگیرییە ئاینییەکەیان هەڵدەگرن، ئایا مافی ئەوەیان هەیە داوا لە ئەوانی دیکە بکەن واز لە ئایینەکەی خۆیان بهێنن.؟." . (2).

بە بۆای باویەر دەوڵەتی مەسیحی ناتوانێ بەو سروشتەی خۆیەوە جولەکەکان ئازاد بکات. بۆیە جولەکەکانیش هەمان ڕەفتار دەکەن، ئەمە جەوهەری ئاین کە تێەی لە بەرامبەری لەرگەی دەزگاکانمی ئاینییەوە لەوانی تر دەکات، مەسەلەی مافی تایبەت کە بە حیساب ئیمتیازە، خراپترین ڕەفتاری سیاسی حکومەت و دەسەاتە لەگەڵ کەمینە، ئەم عاەدەتە سیاسیە لەگەڵ داگیرکردنی وڵاتانی ڕۆژهەات، لە حکومەت و ڕەفتاری سیاسیدا ڕەنگیدایەوە و ئیسلام لە بەرامبەر ئەوانی دیکەی ئایین و کولتوور و مەزهەبەکاندا هەمان ڕەفتاری کرد.

ڕگایەکی ڕاستەخ

تبینی یەکەم: ڕەنگە هەندێ جار بەئاگاو بەبێ ئاگا, وەختێ قسە لەسەر ئایین و خودا دەکەین کە دواجار دەبێتە ئیدیۆلۆژیا, بەرگری لەمۆژوو بکەین, مۆژوویەك کە نووسینەوەی لەگەڵ واقیعیی سەردەمەکەدا دوو وێنەی تەواو جیاوازە, ئەمە دەڵێم مەبەستمە ئەو کاریکاتێرە ئاشکرا بکەم کە بۆتە ماێ بەسەر مۆژووی مرۆڤەوە, ئەوەتا "هەموو ڕوداوو و کەسایەتیەکانی ناومۆژوو کە بەدەر دەکەون, جارێك تراژیدیان و جارێکی تر دەبن بەکۆمیدیا و مەسخەرە, لەفەانسەی کۆن سیستمی حوکمرانی بەو شێوەیە بەڕوەچووە کە ئەمە بەشێکە لەنموونەکانی, کەسدێر بەجێی دانتۆن و لویس پلان (1813_1882) بەجێگای ڕبسپێر حوکمرانی دەسەاتیان کردووە, کتێبێکی نوسیوە بەناوی (ڕکخستنی کار) لەوکتێبەدا باس لەوەدەکات ئازادی و تاکگەرایی کە بەشێك لەپێشەنگەکانی شۆشی فەرانسی بانگەوازیان بۆدەکرد, جگە لەدرێەکی گەورە هیچی تر نەبووە, ئەو دەڵێ" تەنها حکومەت و دەوڵەت دەبێت دەست لەکاری ڕکخراوەیی و سەندیکاکان وەربدات و کرێکار هان بدەن بۆ سەرخستنی پڕۆژەکانی کار" پلان لەکاتێکدا ئەم بابەتەی موناقەشە کردووە کە لەساەکانی 1793_1795 تاساەکانی 1847_1851 واتە نزیك بەسەدەیەك سیستمی حوکمانی, سیستمێکی میراتگری جێکەوتە بوو, کۆی برا دەبوو بەحاکم و بەجێگای دەسەاتدارێتی مام دادەنران" (3)

بۆ یەکەم جار مۆژوونوسان لەسەردەمی ڕنیسانس ئەم مۆژووەیان بەپێی قۆناغەکان دابەشدەکرد, ئیتر زاراوەی سەدە ناوەنجیەکانیان وەکو زاراوەیەك, بۆ لێکێنەوەی زانستی بەکارهێنا, کەچی بەرلەوان

مێژووناسان بە ئەوە دەیانناسی کە ڕوداوێك, یان ژیانی سەردارێك بنووسنەوە کەبەشێکی زۆریان پیاوانی کڵێسا بوون دەیانناسیەوە, کەچی ئەوانی مێژوویان وەکی زانست دەنوسیەوە, قەشەو کڵێساییەکان رکیان لێدەبوونەوە, باشترین نموونەشیان (ماکیاڤیلی) بوو لە 1469_1527 موناقەشەی ئەوەی دەکرد سیاسەت و مۆراڵ دووشتی جیاوازن, بەپێچەوانەی کانت کە مۆراڵی دەبەستەوە بەسیاسەت, ئەو قسەی لەبارەی مۆراڵ و سیاسەت کرد کەجیاوازیان هەیە, چونکە ئەو دەستەبژێرە قەڵەمبەدەستانەی ئەوکات مێژوویان دەنووسیەوە, بەنیازبوون لەرێگای مێژووی دروستکراوەوە خەڵك هۆشیار بکەنەوە کە ڕووی راستیەکانیان دەشاردەوە, ئەو کاریکاتێرانەی کە وێنەی دروستی مێژوومان دەدەنێ, لەهەلومەرجێکدا دەرکەوتن کە خەڵك هەقی ئەوەی هەبوو خۆی مێژووی خۆی بنووسێتەوە کە دواجار لەپێدراوە گشتیەکاندا تەنها دەبێتە گۆڕانەوەی رابردوو"(4).

نموونەیەکی تر کەلەسەدەی یازدەدا دەرکەوت و دواتر لەسەدەی هەژدەدا بوو بەدیاردە, ئەوەبوو کە (پێەنسیپ) واتە (بڕوا) گرێدرابوو بەسەدەوە, نەك گرێدانی سەدە بەپێەنسیپەکانەوە, کە ئەمە بەشێکی تری بڕوا بون بوو بەمێژوو، لێرەوە موناقەشە کردن لەسەر ئاین وخوداو دواتریش هاتنی ئیدیۆلۆژیا بەجێگای ئەو چەمکانە کەمن پێم وایە تەنها بەجوڵە خستنی مێژووە, نەك تێگەیشتن لەخودی مێژوو وەکو خۆی, موناقەشە کردنی تیۆر و ئیدیۆلۆژیایە سەبارەت بەئاین وخودا, ئەم بۆچوونە وەکو ئەوە وایە کە بڵێین دەڵێ "بەڕاستی نازانین بڵێین لەناو شارستانیەتەکاندا شتێك هەیە سەرهەڵدەداو شتێکیش هەیە بەرهەمدێت, هەروەك چۆن هەموو شتێك کە لەکەوندا بوونی هەیە نیازی بەسەلماندن نیە" مارکس لەوەڵامدا دەڵێ "بەو پێیەی کەتێگەیشتنی (بڵێدێن) بۆ مێژوو بەو شکڵەیەو ئەوە ڕەتدەکاتەوە دیاردەی پێشکەوتنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەوێوە سەرچاوەیان گرتووە کەلەلای ئاغا بڵێدێن شتێك نیە ناوی مێژوو بێ"(5) .

لەنامەیەکی دیکەیدا مارکس بۆ ج. ب. شفایتزر نووسیویەتی سەبارەت بە بۆچوونەکانی بڵێدێن, دەڵێ" ئەوەی لەنووسینەکانیدا خوێندمەوە پەیوەندی بڵێدێن بە سان سیمۆنەوە وەکو پەیوەندی هێگڵە بۆ فیورباخ, چونکە ویستوویەتی پشت بە پنتێکی دیاری کراو ببەستێت, دواتر دۆزیویەتیەوە کەلەگەڵ ویژدانی مەسیحیەتدا ناگونجێ, بەڵام ئەمە خاڵێکی گرنگە بۆ پێشکەوتنی ڕەخنە, وەکو ئەو شتانە وایە کە هێگڵ لەتاریکیدا جێیهێشت، بۆیە بڵێدێن لەفەیلەسوفەکانی ئەماندا، تەنها کانت دەناسێ هەر لەوێشەوەیە کە خۆشی نازانێ چی،

لەمبارەیەوە دەڵێ " مارکس دەڵێ ئەو کاتەی لەپاریس دەژیام ساڵی 1844 لەگەڵ بڕادۆن یەکترمان ناسی, لەموناقەشەکەماندا تێگەیشتم کە نەیتوانیوە باش هەڵگرێ بخوێنێتەوە, چونکە زمانی ئەڵمانی نەزانیوە بەباشی, ئەوکاتەش کە کتێبی فەلسەفەی هەژاری نووسی و قسە لەسەر شیکردنەوەی ئابووری دەکات و هەوڵ دەدات ڕێگای خۆی بۆ ئابووری دیالیکتیکی پێشکەش بکات و فەلسەفەی کانت بەکار دێنێ, فەلسەفەی هیگێیش وەکو هەکارێك بۆ دیاردەناسی و کۆمەڵناسی و فیورباخیش بۆ گەشەسەندن و تەکاموڵی ئابووری, هەموو ئەوانەش کە دەگەڵیدا نێتەوە بۆ بیروڕا ئەبەدیەکان و دواتر دەگاتە پنتێك کە ئابووری بڕژوازیە, ئەمەش مانای ئەوەیە کە بڕادۆن ناتوانێ چەمکی بەهای ماتریالی بگۆڕێ و بگوازێتەوە، بۆیە لە شیگردنەوەیەکی تێباوی و تیۆرەکانی ریکاردۆدا، کۆی دەکاتەوە و بەمەش بڕادۆن خۆی گەل دەکات, چونکە دەیەوێ بگاتە دەسەڵاتی زانستی, ئەوەش کەوەکو دووفاقیەك تێی کەوتووە, هەرش دەکاتە سەر ئایین و کەنیسە، تەنها بۆ ریفۆمی شارەکەی بووە, ئەو نووسینەش سەبارەت بەکۆدێتا موغازەلەی لویس پۆناپارت دەکات و وای لێدەکات لەگەڵ کرێکارەکاندا ڕێك بکەوێت, ئەم دوو کتابەش خراپترین کتێبی بڕادۆن بوون, ئەوەش کە بروسی قەبوڵ کردووە لەوە هەڵە ترنیە و ئەگەر بەراوردی بکەین بەکتێبەکەی نیکۆلانکێ (تیۆری یاسا مەدەنیەکان) کتێبکی سەرسوڕهێنەرە" (6) لەم موناقەشەیەی مارکس لەتەك شفایتزەر سەبارەت بەبرادۆن تێدەگەین کەنیازمان بەوە هەیە زانستیانەتر چاو لەمژوو بکەین لەاستیدا. "مرۆڤ دەتوانێت لەدوو لایەنەوە بڕوانێتە مژوو, مژووی سروشت کەناسراوە بەسروشت ناسی و مژووی مرۆڤ کەناسراوە بەئینترۆپۆلۆژیا, وە ئەم دوو مژووە بەبێ یەکتر ناکرێن و بەستراون بەیەکەوە, لەبەرئەوەی کەنزیکەی تەواوی ئیدیۆلۆژیا, بریتیە لەتێگەیشتنی شێواو یادابڕانی تەواو لەخودی ئەو شتانەی کەبوون بەئیدیۆلۆژیا, ئەمەش بەخێی یەکێکە لەلایەنەکانی مژوو. کەوابوو ئەمە لەبری ئەوەی چەمکەکان راست کەینەوە, بەپێچەوانەوە هاتووین ناڕاستەوخۆ خەریکین وەکی چۆن هەڵەیەك پشتر کراوە هەر بەو شکڵەش نوێیاندەکەینەوە, بەو مانایەی دەمانەوێ خۆمان رزگار بکەین لەئایین و خودا, براوانە کتێبی اگیاف مارکس .. جاك دریدا. بەپێچەوانەشەوە جارێکی تر خۆمان گیرۆدەی هەمان مەعزەلە دەکەینەوە کەبەشکی زۆری ئیشکالیاتی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی مرۆڤ لەناو مژوودا.

تێبینی دووەم: ڕەخنەگرتن لەچەمکەکانی لاهوت و ئایین و خودا و ئاسمان، دواتر وەرگێڕانیان بۆ سەرزەوی و یاساو سیاسەت, لەوێوە

سەرچاوەدەگرن کە مرۆڤ لەئەنجامی دووچار بوونی بەرامبەر هەرکام لەو چەمکانەدا رووبەرووی پرسیاری جۆراوجۆر دەبێتەوە, لەتواناشیدا هەیە وەڵامیان پێبداتەوە, چونکە بەدەر لەو شێوەکردنەی بە تواناکانی دەکرێ, سەرئەنجام مرۆڤ کائینێکی چالاکە و لەتوانایدا هەیە وەڵامی ماتریالی و سۆسیۆلۆژی و هونەری بەجیا لەوانی دی بداتەوە کە ئیدیۆلۆژیا کردوونی بەئایین و واعیزێك وەکی نموونەیەکی باڵا دەرکەوتووە و هاتووەخودایەتی پێوەکردووە و خراپ کەکی لێوەرگیراوە, بە نموونە "دەتوانین لەبری ئەوەی موناقەشەی ئەو شتانە بکەین کەلەکەوندا هەیە و لەبازنەی خۆیاندا دیالکتیکین, پێویستە موناقەشەی ئەوە بکەین کە چۆن رەخنە گرتن لەئاسمان بگوازینەوە بۆ رەخنەگرتن لەو سیستمانەی کەلەسەر زەوی بەڕێوەدەچن"(7).
یان وردتر بڵێین کەڵك وەرگرتن لەهۆشیاری کۆمەڵایەتی و ئەوانەش کە مۆژوو وەکی چیرۆك بۆمانی دەگێڕنەوە کە ئەمە لەسەر زەوی دەژین و کێشەی ئینسانیش لەسەر زەویە نەك ئاسمان, هەبەت ئەم راستیە لەزانستی فیزیادا ئاسان کراوەتەوە"لەبواری فەلەکناسی و فیزیاو بایلۆژیدا, ئەمانە هیچیان ئەو هەستیاریە گەورەیەیان لەدژی تیرەی پەرەسندن نەشاردەوە, زانایانی فیزیاو فەلەکناسی نەیانتوانی خۆیان لەفەلسەفەی لاهووتی رزگار بکەن" (8). وەختێ رەخنەگرتن لەئاین تەرجەمە دەکرێتە سەر رەخنە لەیاسا, مەبەست لەوەنیە کە ئاین رەتدەکەینەوە, یاخوود ئاین سادە دەکەینەوە, بەڵکو مەبەست لەوەیە کە ئاین بۆ سەردەمی خۆی بەشێك بووە لەسیاسەت و کارگێری لەبوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەوفەرهەنگە گشتیەی کە کۆمەڵگەی ئاڵاستە دەکرد, وەکی یاسای ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگەو سیستمی ئابووری و دەزگا فکری و سیاسیەکان و شەرعیەت پێدانی دەسەڵات کە دەوڵەت هەر یەك لەشوێنی خۆیدا کاری پیِدەکرد و پایەکانی خۆی پێادەگرت.

ئەگەر پێناسەیەکی تر وەربگرین لەبارەی دەوری لاهوت لەدروست کردنی شارستانیەتەکان, ئەوە ئەو دیاردەیە ئاشکرا دەکەین کە مرۆڤ لەتەماشا کردنی بۆ ئاین و فەلسەفە و شرۆڤە کردنی ئەفسانە, دەبینین جۆریك لەتێکەڵاوکردن هەیە لەنێوان ئەو دوو چەمکە, واتە ئەو پێناسەیەی کە ماوەیەکی درێژخایەنی هەیە لەمۆژووداو کاریگەیەکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆی لەسەر خۆی داناوە, بەبۆ ئەوەی ئاگاهانە بێت یان نا, ئەوەش کە پەیوندی بەئەسڵی بابەتەکەوەیە بەلاوە نراوە, ئەمە کە تایبەتمەندیەکانی خۆی لەشێوازی جۆراوجۆردا دەگما کردووە و جارێکی تر لەسەر زەینی خۆی سنووردار کردووە و ناوی ناوە

شارستانیەت, ئیشکالیاتی بۆ فەلسەفەش خوڵقاندووە.

مەبەستی من لەو تێکەڵاویە ئەوەیە گرێدانیەتی پێکەوە کە لە هەموو بارەکاندا شتی وەهای خوڵقاندووە وەکی خورافە و جێرەکانی تری ئەم لایەنە ئەمەلەیەك, زۆر جار لەژیر کاریگەری ئاینەکان و ئاینی مەسیحی بەتایبەتی ئەوە دەرکەوتووە کە ترس پەیوەگرتووی دەماماکە ئیدیۆلۆژیەکانە لەلایەکی تر, هەر ئەوەی کەلەیۆنانی گریکدا کەسایەتی (مادۆس) وەکی رەمزێکی ترسناك چاولێکراوە, هەکەشی ئەوەبوو کەدەسەڵاتی ئەوکات لەو بوارەدا کەدرێژە بەبەرژەوەندیەکانی دەدا, چونکی کەکی لەو ترسە دەبینی کە میتۆلۆژیا لەناو ئایندا پێوپاگەندەی بۆ دەکرد, لەلایەکی تریش واقیع وەکی شتێکی چەسپاو زانیاریەکانی بەهەواسراوی هەشتبوە کە دواتر دەبوو بەفەلسەفە و بەشێك لەشارستانیەتەکان.

ئەگەر ئەوە تەندروست ترین تێگەیشتن بێت کە ترس شارستانیەتی درووست کردووە, بەوپێیەی کە مرۆڤ لەدەرەوەی گروپەکانی تری مەخلوق نەیتوانیوەتی بەتەنها بژی, واتە لەترسی ئاژەڵ و جێرە دڕندەکانی تر هەوڵی جدی ئەوەبووە کە بەکۆمەڵ بژی و دواتر ببێت بەکۆمەڵگە, دەتوانین نمونەی ئەو دورگانە وەربگرین کە تاکو ئێستا ژیانی تێدانیە, وەئەگەر دورگەیەکیش ئاوەدانکرابێتەوە جۆرێکی تری ململانێی نێوان قەبیلەو مەزهەبەکان بووە لەگەڵ موعجیزەکانی سروشتدا کە بەلۆژیکی مرۆڤ، هەکاری ئەو ململانێیە دوالیزمی خێرو شەڕە, جا چ ئەم لۆژیکە زانستی و واقعی بێت, یاخود وەهم وخورافە بێ. "سەدان ساڵ بەر لەئێستا لە قۆناغە هەستیارەکاندا کە زانست بەو رادەیەی وەکی ئێستا تەواو بوارەکانی گرتبێتەوە وەها نەبوو, لەجیاتی نەتەوە پەرستی و مەزهەب پەرستی و جێرەکانی تری پەرستن کە کۆمەڵگەی سەرەتایی پێکدەهێنا, بەجۆرێکی تر شارستانیەتی رەواج پێدەدا وەکی سیستمی کۆیلەداری, ئەو کات رکابەری هێزەکان هەکاری هەمەلایەنەیان نەبوو بۆ ململانێ, بەپێچەوانەوە کێشەی هەرە گەورەی مرۆڤ لەو سەردەمەدا ئەو دژواریە بوو کە بەناچار کێبەرکێی تێدا ئەنجامدەدرا ئەویش نەژاد پەرستی و رەگەزپەرستی بوو کە دواجار مەزهەب هات و بەجێگای ئەمانە کێبەرکێکەی گواستەوە بۆ ناو ئاین و بووبە بەشێك لەشارستانیەت, بەعینوانی ئەوەی کە ئینسان دەبێت بەیەکسان بەشداری ژیان بکات" (9)

لەکەنار هەر میتۆلۆژیایەکەوە جۆرێك لەخوداوەند خوڵقێنران و شکۆدار کران و مرۆڤ کۆیلەیەتی خۆی پێسپارد, ئەم کۆیلایەتیە کەلەئەزەلدا شان و شکۆی سیستمە دەسەڵاتدارەکانی مێژووی پێ

بەهێزکرد و تاجی سەری سوڵتانەکانی ڕەونەقدارتر کرد, لەکەڵ ئاڵوگۆڕی سیستمەکاندا تادەهات لەگەشەو هەڵداندا بوو, نموونەی حوکمڕانی سەردەمی سەمەریەکان باشترین بەڵگەی ئەم تێگەیشتنەیە کە بەمیتۆلۆژیا ناسراوە, دەوڵەت بەجێگای خوداوەند کاری کردووە, لەناو ئەمانەشدا دەزگا کەمەڵایەتییەکان و گروپەکانی تری کۆمەڵ, شتەکانیان وەکی خۆیان بەبچوکی بینیوەو یەك ڕەهەندیان داوەتێ, هەبەت ئەم تێگەیشتنەی کە من مەبەستمە لەگەڵ سیستمەکانی کەوندا ئەگەر بەبیرکردنەوەی فیزیکی تەماشا بکەین, تێگەیشتنێکی دروست نییە و هەڵسەنگاندنیشی لەگەڵتی بەولاوە شتێکی تر نییە, چونکی سیاسەت کردن لەناو ئایندا شتێکە، خودا پەرستیش لەباری فەلسەفەی لاهوتیەوە شتێکی تر پێشکەش دەکات.

تێبینی سێیەم:

بیرکردنەوە لەناکۆکیەکانی نێوان نەتەوەکان و نەهێشتنی نەتەوەی سەردەست و بندەست, یەکێك لەهەوڵەکانی فەلسەفەی مارکس بوو بۆ مرۆناسی و ئەو سیستمەی کە پێشنیاری کرد و شۆڕشی بۆ کرا، هەر ئەم تێزەش بوو کە دواجار هەم لە مەجەستان شۆڕشی نەتەوەیی کرا و دواتریش لینین لەژێر کاریگەری ئەم تێزەی مارکس بوو کە واقیعیانە بیری کردەوە و لەسەر مافی چارەی خۆنوسین لەلایەن نەتەوە ژێر دەستەکانەوە، بە ئازادیی و مافی هەموو نەتەوەکان زانی و کتێبێکی لەو بارەیەوە نووسیوە کە ئێستا وەکو تێکستێکی کراوە و بەرنامەیەکی کارای سیاسی کاری پێدەکرێت و سەرچاوەی ئاکادیمیشە، دوای ئەویش بیرمەندێکی وەکو پۆڵسویزی لەبارەی ناسیونالیزمی سۆسیالیستیەوە کتێبێك دەنووسێت و باس لە خۆشگوزەرانی دجەکات بۆ نەتەوەیەك کە لەسەر دەستی دەستەبژێری ناسیونالیست و لێبی نەتەوەوە مافە سیاسیەکان بەدەست دێت و دواجار خۆشگوزەرانی لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش، ئەم لافیتەیە دەبێتە ویستی گشتی ..

جیاوازی نێوان فەردەکان و شێوەی ئاڵوگۆڕ و گەشەی بەرهەم, واقعیەتێکی مێژوویی و گرنگیەکی ئەو پێکهاتەیەیە کە ناوی خێزانە, لێرەوە میرات و پەیوەندیەکانی دیکەی بەرهەمهێنان وەکی چالاکیەکی مرۆڤ کەلەپۆڵسەیەکی مێژووییدا وێنەیەکی جیاوازمان دەداتێ لەبەرامبەر ژیانی ئاژەڵ.
سەبارەت بەبۆاوون و باوەڕی عەقڵانی لەخۆبەدەستەوەدان بەدەسەاتێك کە لەدواپلەی بەهێزدایە, توانای عەقڵکی ڕەها ئاشکرا دەکات کە ئەمە بۆ خۆی سەرچاوەکەی دەسەاتی مرۆڤ خۆیەتی. ئەزموونی ئاین و سەرهەدانی دەسەاتگەری ئاین کە خوداوەندکراوە

بەسزادەر ئەم ئەزموونە جۆرێك لە پێکهاتەی کەسایەتی مرۆڤ دروست دەکات و هەر ئەمەشە کاریگەری پێزەتیڤ و نێگەتیڤی هەیە لەسەر کۆمەڵگە, ئەوەی کە مرۆڤ ناچار دەکات بەپێی ئاینێك کە دەوڵەت ئیلهامی لێوەرگرتووە, دەبێ بەهەمان شێوە ملکەچی دەسەڵات بێت, نێگەتیڤە. بەڵام ئەوەی کە ئایین وەکی تێگەشتنێکی ڕۆحانیە و پەیوەندی بەنموونەی باڵاوە هەیە کە لەدەرەوەی هێزی ئەقڵی مرۆڤە ئەگەر وەکی واقیع تەماشای بکەین شتێکی پێزەتیڤە.

هەبەت فرۆم پێی وایە ئەو کەسایەتیەی کە ئاینە جۆراو جۆرەکان دروست دەکات لەوان پێکهاتووە و بەرهەمهێنەری بیری مرۆڤە, مرۆڤی مشەخۆرو ئامادە کە لەکردارەکانیاندا لەژیانی واقیعی ڕەنگدەداتەوە و لەهەموو بوارەکاندا دەبینرێ, ئەو مرۆڤەش کە بەبێ ئایین و لەدەرەوەی وەهم, خودا پەرستی وەك حاڵەتی ڕۆحانی تەماشا دەکات و جودای ناکاتەوە و هەردوو نموونەکە تێکەڵ بەیەکتر دەکات

گۆڕینکی ناڕاستەوخۆ ...

مادام بەگشتی بڕوامان بەوە هێناوە کەشتەکان لەئاوگۆڕدان و دیالکتیکین, دەبێ بڕواشمان بەوە هەبێ کە یاساکانیش لەگۆڕاندان, لەیاسای مەدەنیدا پەیوەندیەکانی خاوەندارێتی وەکی ئەنجامی ئیرادەی گشتی ڕادەگەیەنرێت, خودی مافی کەسك وەرگرتن و بەکارهێنانی شت و مەك لەلایەکەوە، واقیعەتیش کە خاوەندارێتی تایبەتی بەتەواوەتی کۆمەڵگەی سەربەخێیە لەلایەکی تریەوە, بەیانکەری ئەو وەهمەیە کە خاوەندارێتی تایبەتی بەتەنیا لەسەر بنەمای ئیرادەی تایبەتی, واتە بەکارهێنانی ئارەزووانەی شتێك ڕاوەستاوە, بەکردەوەش هەر بەوجۆرەی خاوەندارێتی تایبەتن و دەیەوێت خاوەندارییەتیەکەی لەئەنجامدا مافی کەسك وەرگرتنەکەی بکەوێتە دەست ئەوانی تریەوە, هەبەت ئەم مافی بەکارهێنانە ڕێگری ئابوورییەکی تەواوی دیاریکراوی دەبێت کە لەمەبەستی یەکەمدا وێنا کراوە, چونکی لەڕاستیدا ئەو شتە ئەگەر بەتەنیا لەپەیوەند بەئیرادەی ئەوەوە لەبەرچاو بگیرێت، کەواتە لەبنەچەوە هیچ نییە, بەڵکو بەتەنیا ئاوگۆڕو سەربەخێ لەیاسادا وایە کە دەگۆڕێت, بەم شێوەیەش یاساکان دابەشدەبن بەسەر کایەکاندا کە مارکس لەماتریالیزمی دیالکتیکدا سێ یاسای وەکو بنچینە دیاری کردووە.

مارکس لێرەدا پێی وابوو شێوەی بەرهەمهێنان دەتوانێت گەشەی فکری و سیاسی دیاری بکات, هەموو سیستمێکی نوێش هۆکارەکانی لەناوچوونی خۆی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە, هێزە دژەکانیش دەکەونە ململانێ

لەگەیدا کەلەیاساکانیشدا سیستمەکان لەخۆ نوێکردنەوەدا دەبن، ئەمە بەشێك لە ئایدیایە کە بەناوی حەتمیەتی مێژوویی بۆ سەرمایەداری پێشبینی دەکرد.

یەکەم: یاسای دژەکان و ململانێی نێوانەکانیان: ئەم یاسایە ئەوە بەیان دەکات کە دیاردەکان وشتە دژبەیەکەکان پێکەوە نایانکرێت , بەپێچەوانەوە لەناویان دەبات. نموونەی ململانێی چینەکان سەلمێنەری ئەم یاسایەیە
دووەم: یاسای وەگەڕان لەچەندایەتیەوە بۆ چۆنایەتی: ئەم یاسایە پێی وایە لەکۆمەڵگەدا چەندایەتی پێش چۆنایەتی دەکەوێت, نموونەش گۆڕانی شۆڕشەکانە, وەکو سەرمایەداری بۆ سۆسیالیسم , بەڵام سۆسیالیزم بۆ کۆمۆنیزم گۆڕانکی کتوپڕ نابێت، بەپێچەوانەوە لەسەر خۆ دەبێت و مەرجەکەش بەر لە شۆڕش دەبێت کۆمەڵگە هەم هۆشیاربن بە گۆڕانە چەندایەتی و چۆنایەتییە، هەم ئاشنایەتیان هەبێت لە ئاداهاتووی سیاسەتی دەوڵەت بۆ ژیان لەنێو هەموو کایەکاندا، بۆ ئەوەی نموونەی سۆسیالیزمەی شۆڕشی ئۆکتوبەری لینینی بەسەر نەیات کە نیوەی زیاتری کۆمەڵگە نەیاندەزانی شۆڕش چی دەکات و داهاتوو چۆن دەبێت، تەنها ئەوە نەبێت کە لەگەڵ بەلشەفییەکاندا کۆك بوون لەسەر روخانی قەیسەر و هیچی تر.

سێهەم: یاسای نەفی نەفی: واتە رەتکردنەوە, ئەم یاسایە زیاتر پشت بەجهانی ماتریالی دەبەستێت. سەلماندنیشی لەرەتکردنەوەی قۆناغێك بەقۆناغێکی تردا دەردەکەوێت. نموونەش لەناوبردنی قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتایی بۆ کێڵەداری و لەکێڵەداریەوە بۆ دەرەبەگایەتی و دەرەبەگایەتیش بۆ سەرمایەداری. پاشان سۆسیالیزمی.

هەبەت تاکو ئەوجێگایەی کە بنچینەکانی جەوهەری فەلسەفەی ماتریالیزمی دیالکتیك, بەشێوەیەکی زانستیانە رێچکەکانمان بۆ دیاری دەکات, دواتر لەوردەکاریەکاندا یاسا گەلێکی تر بەرهەمدێنێ کە بۆ رێکخستنی کارو باری دەوڵەت و رێکخستن و بارهێنانی خەڵك لەسەر شێوە ژیانێکی سوننەتی بەڕێوەدەچێت و لەم یاسانە پێکدێن.

چوارەم: یاسای کارو زێدەبایی: جگە لەیاسای کار. زێدە بایی سیستمێکی ئاڵوگۆڕە وەکو کاڵا هێزی کار پێشکەش دەکات. لەمەتن و ناواخنی ئەم پێڕۆژە یاساییەکەدا کەڵك و قازانج بەرهەمدێنێ, ئەم یاسایە پانتاییەکی زۆری داگیرکردووە لەنێو سیستمی کاری دەوڵەت کە ئیلهام لەسیستمی سۆسیالیزمی وەرگیراوە و وەك شتێکیش شەرعیەتێکی وەرگرتووە, بەڵام نوسراو یاخود دەقێکی تایبەت و سەربەخۆی

نەوەوەتی نییە، جگە لەیاسای وەبەرهێنانی سەروەتی کە ئێستا بۆتە مۆدێل ی کاری سەرمایەگوزاری دەوڵەت. تایبەتمەندێتی ئەم یاسایە لەشوێنێکەوە بۆشوێنێکی تر و لەکارێکەوە بۆکارێکی تر جیاوازی هەیە, بەکو پێشکەش کردنی میتۆدێکە لەناو یاسای کاردا کە پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە بەهێزی کارو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایە گوزاریەوە, بەم شێوەیەش هێزی کار لەدەرەوەی سرووشتی خۆی, سیستمێکە دەتوانێتەوەو دەبێتە شتێکی نادیار.

پێنجەم: یاسای باج و سنورەکان: ئەم یاسایە بەپێی رێکەوتنێك لەلایەن سنووری جوگرافیای دەوڵەتانەوە کە دیاری کراوە و لەووی بازرگانییەوە ئاووهێری کاڵا و پێداویستیەکانی مرۆڤ دەکرێت و گومرك کردنی کاڵاو شمەك لەرێگاکانی زەوی و ئاوو ئاسمانییەوەیە کە بەشێکن لەداهاتی دەوڵەت. هەندێك جاریش بەپێی رێکەوتنێك لێبوردن بۆ ئاڵوگۆڕەکان دەکرێت کە بەنەفعی دەوڵەت خۆی دەبێت. هەریەکێکیش لەو هێڵانەی دیاری کراوە شێوازی باج ئەستاندنی خۆی هەیە کەرەنگە دەوڵەت لەرێگای کەرتی تایبەتەوە مامەڵە لەتەك ئەم جۆرە هێڵانە بکات.

شەشەم: یاسای ماف و دابین کردنی کۆمەڵایەتی : ئەم یاسا بەرمەبنای پێناسەی هاوڵاتی بوون و لەبەرچاو گرتنی ئەرك و ماف و دابین کردنی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پاراستنی ژینگەیە, بەشێك لەمافە سەرەتاییەکانن کە ماشین و کۆمپانیاکان هۆکاری سەرەکین تیایدا. ئەمە تائەوکاتەی ماشینەکان هەڵدانی بەخێیەوە نەبینیبوو, بەڵام دواتر بەگەشەی تەکنەلۆژیا لەنێو چینەکانیشدا دوو جۆر چینی کرێکاری بەرهەمهێنا. (کرێکاری یەخە رەش و کرێکاری یەخە سپی) کرێکاری یەخە رەش ئەوانەن کە کاری دەستی و تاقەت پۆکێن دەکەن و سەعات کاریشیان زیاترە, هەرچی کرێکاری یەخە سپییە ئەوانە دەگرێتەوە کە تەکنیکین و پسپۆڕی کارن و بە ئامێری پێشکەوتوو و بە کۆمپیوتەر مامەڵە لەتەك کاردا دەکەن و ئەوانەش کە لەنێو سیستمی تەکنۆکراتیدا کاردەکەن و دەبنە مشەخۆری بۆ بەرهەم, دواتر دەبێتە مایەی بۆکاری لەریزی کرێکاراندا. دابین کردنی کۆمەڵایەتیش . ئەومافەیە لەبری سۆسیالیزم جۆرێك لەهاوکاری کردنی ژیانی ژنان و منداڵان دەگرێتەوە کە ئێستا لەرێژاوا بەشێك لە دەوڵەتەکان سۆسیال وەکو سیستم بەکار دەهێنن و بەشێکە لە خۆشگوزەرانی، بەڵام ئەمە نەگبەتی بەدواوەیە چونکە سەرمایەداری لەگەڵ گشەە سەندنی خێیدا، زیاتر لەو سۆسیالە لە تاقەتی ئینسان وەردەگرێت و دەیکات بە کۆیلەی کار و خزمەتی دەوڵەت بەناوی ئیسنانیەتەوە، هێشتا سیحری

ئەم سیاسەتە ئابوورییە ئاشکرا نەبووە لە رۆژئاوا کە لە داهاتوویەکی نزیکدا روونتر دەبێتەوە.

حەوتەم: یاسای پەروەردەو فێرکردن: ئەم یاسایە زانستیانە و لەچوارچێوەی میتۆدو سیستەمێکەوە کاری پێدەکرێت کەحکومەت لەخزمەتی خەبەرهەمدان خزمەتگوزاری دەکات و وەکی دەزگایەك و کەرەسەیەکی سەرەکی بەسوود وەرگرتن لەکولتوور و ئایین و مێژوو تەماشای دەکات و کەمکی لێوەر دەگرێت.

هەشتەم: یاسای دادو باری کەس: ئەم یاسایە بۆ رێکخستنی کێمەگەیە بەپێی دەستورێك جێگیر و دادگایی کردنی تاوانکار و چارەسەرە بنەڕەتیەکانی کێشەکانی کێمەڵ و ...هتد کە ئەولەویەتی بەدامەزراوەی خزمەتگوزاری داوە و هەرچی زیاتر دەستی پێوەدەگرێ. ئەمەش بەبیانووی ئەوەی راگرتنی بەهانسکە لەنێوان ئایدیاکان و مافەکان
نزیەم: یاسای نوسینەوەی دەستوور. ئەم دامەزراوەیە کە لەسەرووی هەموو دەقەکانی بواری کارگێڕی و پارلەمان و خودی دادگاشەوەیە. جارێکی تر دەوڵەت ئارایش دەکاتەوە و رەنگدەداتەوە لەدامەزراندنی پێکهاتەی دەوڵەت و یاسا بنچینەییەکان و سیستمە سیاسیە نێودەوڵەتیەکانی وەکی دیموکراسی و فیدرالی و کۆنفیدرالی و سەربەخێیی و. هتد. بەپێی کولتوورو پەرەنسیپە ئیتنیەکانی هەر کێمەگەیەك" (10).

هەبەت زەربەی شۆوازە جیاجیاکانی ئەم یاسایانە. پێشتر بەپێی یاسای نێو دەقە ئاینیەکان شەرعیەتی پێدرابوو. دواتریش رەمەکان و یۆنانیە کۆنەکان و ئیمبراتۆریەتەکانی رۆژهەڵات لەسەر زەوی کاریان پێدەکرد, بەمەش مارکس لەنێو تیۆرەی سۆسیۆلۆژیادا وەکامی پێدایەوە کە مادام ئینسان بۆخۆی کاری خۆی مەیسەر دەکات, کەواتە سەرجەم یاساکان دەبێت لەبنەڕەتەوە هەوەشتەوە و بەجێگای ئەوان یاسایەك بونیات بنرێت کە لەگەڵ مرۆڤایەتیدا بێتەوە و کێشەی چینایەتی بنەبڕ بکات. هەبەت بەپشت بەستن بەفەلسەفە و میتۆدە زانستیەکانی پێشتر لەباری ئابوری و خوێندنەوەی سۆسیۆ سیاسی سیستمەکانی دەوڵەت. پێشتریش کە مێژوو بەشکی شاردۆتەوە و بەشکی بەیان کردووە، چینەکان هەمیشە لەکێشمەکێشمدا بوون. بەو پێیەی کە ئایدیای یاسا لەباب مەزنی و قەشە سازی و کڵێساوە دەوڵەت بەوە دەچوو. واتە یاسایەك کە لەناواخنەکەی ئاسمان بوو. جگەیەك نەبوو بگەینی, دواتر هاتە سەر زەوی و پێزەتیڤیزم وەك جۆرێك لەبیری مرۆڤ خێدا بوو بەکارنامەی ژیان. بەڵام تائەو جێگایەی کە ژیان لەنابەرابەریدا قەتیس کرابوو. بەسەرهەدانی بیری سۆسیالیزم ئەم

یاسایانه کەوتنه بەر رەخنەی مارکس و خودی ئەو میتۆدەی کە بەر لەمارکسیش بەناکامی پشکەش کرا. ئیتر هەر لەمۆنتیسکیۆوە بگرە تاکو پەیمانی کۆمەڵایەتی لەلای تۆماس هۆبز و ژان ژاك ڕوسۆ و تۆما ئەکوینی و قەشە ئۆگەستین. لەکاتی خۆیدا پشکداریان کردبوو.

رەخنە لەلاهوت.. رەخنە لەئایین و ئاینزاکان

(ئایین ئەفیونی گەلانە) ئەم جوملەیە کەمارکس لەکتێبی رەخنە لەفەلسەفەی هێگڵدا نوسیویەتی, تەنها بوئرەیەك و ڕەهەندێکی وەهای پێدراوە کەواتێبگەین, ئاینەکان بەشێوەیەکی ڕەها دەبنە مایەی نامۆبوونی ئێمە وەکی مرۆڤ, هەبەت ئەم جوملەیە بەرلەئێستا حیزبە سیاسیەکان کە بەناو هەگری فەلسەفەی مارکسی بوون, بەهەڵە بەکار هاتوون, بەکو مارکس لەمبارەیەوە لەرووی ئینترپۆلاژیەوە وەڵامی پێداوەتەوە, پشتریش سەبارەت بەفینۆمینۆلاژیای ڕۆح لەلای هیگڵ ڕەخنە دەگرێت لەپەیوەند بەوەی کە ئاین تەنها فاکتەرێك نیە مرۆڤ لەدەرئەنجامی تەماس گرتن لەتەکیا نامۆبێت, چونکی کایەی ئابوری جۆریکی تری گرنگ یاری دەکات و دەور دەبینێ لەونێوەدا, هەبەت مارکس تەنها بەلەبەرچاوگرتنی ئەو چەند ئاینەی کەناسیونیەتی پێناسەی ئاین دەکات وەکو ئەفیرنێك بێ گەلان، ئەگەر بهاتبا و ئاینی مەزدەکی بناسیبا، ڕەنگە قسەیەکی تری بگوتاباب لەسەر ئاین، تەماشاکەن "مەزدەك جگلەوەی کەمژووی سەرهەدانی نازانرێ، بەڵام ساڵی 449 ڕیفۆرمخوازێکی ئیرانی بووە و بەپاشماوەی زەردەستی و مانی هەژمار دەکرێ، هەموو پرنسیپە خودانا سیەکەی بێ بەشەر لەو کاتەدا، یەکسابونی شتەکان لەبەرامبەر بەیەك، هەموو ئاینەکانی وەکو یەهودی و کریستیانی و ئاینەکانی تر بەمانەپاڵکردنی ژیان لەڕگەی پیاوسالاریەوە لەقەڵەمدەدات و بەئاینێکی یەکسانیخواز نازانێ، مەسەلەی یەکسانی ژن و پیاو و بڵاوەیی موکداریتی و باب مەزنی و هتد، لەدەرەوەی ئایین و خودا پەرستی دەناسێ، مەزدەك بناغەی فکر و فەلسەفەی دوالیزمە کەدەکاتە خێر و شەڕ، بۆیە بانگەوازی ئەوەدەکات مرۆڤ دوور بخرێتەوە لە دوژمنکاری و چاوبرسیبوون و هتد، لەبەرامبەردا ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی و مرۆدۆستی و ژیاندوستی بۆ مەزمی کردە باو لەدونیادا". (11)
ئایا ئەمەش دەبَی ئەفیون بیت کەوەڵامەکەی نەخێرە، ئەڵبەوەیە کەمارکس ڕاستکردووە کەئەفیونی گەلانە ئەو ئاینانەی کەهەم ئەو ناسیونی و هەم ئەوانەش کەتەنها بۆ بچوککردنەوەی کەسایەتی ئینسان و گەڕەورکردنی باب مەزنەکان و دەسەڵاتە و هیچی تر، بەڵام ئاینی تر

هەبوون لەمژودا کەکەتر نەبوونە لەفەلسەفەکەی مارکس.

"ئازاری ئایینی هەم دەربڕینی ئازاری راستەقینە و هەم ناڕەزایەتی بەدژی ئەو ئازارەیە، ئایین ئاهو ناڕەی ئینسانی ستەملێکراو، دڵی جیهانێکی بێ دڵ و روحی جیهانێکی بێ روحە، (ئایین تلیاکی گەلانە) لابردنی ئایین وەك بەختەوەری وەهمی خەڵك، داواکردن و خواستی بەختەوەریی هەکی راستەقینەیە بێ ئەوان، خواستی دوورکەوتنەوە لەوەهم دەربارەی بارودۆخی باڵادەستی، هەمان خواستی دوورکەوتنەوەیە لە بارودۆخی پێویستی بەوەهم هەیە، کەواتە ڕەخنەی ئاین تەوی ڕەخنەی جیهانێکی پێ ئازارە کە ئایین خەرەمانە موقەدەسەکەنیەتی" (12)
ڕەخنە گرتن لە ئایین تەنها مەبەستێکی سەرەکی نییە، بەڵك زۆرتری مانای لە پشتەوەیە، لەوانەش دوورخستنەوەی ئینسان لەوەهم و ترس و گەڵانەوەی ئیرادە بێ خود، نەهێشتنی نامۆبون لە خودێکی هۆشیار لەبەامبەر ئەوانی تر، لەلایەکی تریشەوە دەست واڵاکردنی دەستەبژێری سیاسییە لە تێکەڵ کردنی ئایین بە سیاسەتەوە، هەروەها نەهێشتنی تونددەوییە کە مژوو هەمیشە خۆی دووبارە دەکاتەوە سیستمە سیاسیەکانیش خراپ کەڵکیان لێوەردەگرن، نموونەی دژایەتی کردنی کاسۆلیك و پرۆتستانت و شیعە و سوننە و هیندۆس و سیخ و هتد.
مەبەست لەم بڕچوونانە نیازی یەکەمی هیگڵیە لاوەکان ئەوەبوو لەنێو ئیشکالیاتە ئاینیەکاندا شۆڕشێکی گیانەکی لەبەرچاو بگرن, ئەوان پێیان وابوو شۆڕشێکی سیاسی بەدووی خۆیدا دێنێ لەئایندەدا, هەرئەوەش کەفیورباخ لەبارەی فەلسەفەی تەَامانەوە دەڵێ" فەلسەفەی تاملی واتە (تەمان) هیگڵ لاهوتێکی بەعەقلانی کراوە, بەو مانای کە لاهووت بەتەوانینێکی لاهوتی نەفی دەکاتەوە," ئەمە بەشێك بوو لەدیمانە و روانینی ئەنگڵس و مارکس لەخاڵی یەکلاکەرەوەی نێوان ئیدیالیزم و ماتریالیزم, ئیتر لەچەمکی فەلسەفەدا دیالیکتیك دژە واتای ناوەکی و دەرەکی و چەندایەتی و چۆنایەتی بوونە پایەی ڕاگرتنی ئەو ئەتروحەیە.

میتۆدی ئادەم سمیت و داڤید ریکاردۆ, گەورەترین بەردبوو لەسیستمی سەرمایەداری گیرا, بەومانایەی کەئەلتەرناتیڤی سۆسیالیزم لەنێو کایە پیشەسازییەکاندا, گرێی چینایەتی دەکاتەوە, ئەمەش بەئەزموون دیمانە سیاسیەکان دەوڵەمەند تر دەکات و سازمانە شۆڕشگێڕیەکان ئەزموونێکی تر لەکەمتەمەنی کۆمۆنەی پاریسی 1871 پێی بەخشی, لێرەوە مەبەست لەبەراوردکاریەکان ئەوەیە کە (فرێم) یەکێکە لەو بیرمەندانەی جارێکی تر هاتووە بەهەمان لێژیك کار دەکات و ئاین

بەتاکە فاکتەر دەزانێت, لەکاتێکدا نامێ بوونی ئەمە رەهەندێکی سیاسی هەیە. فرەم دەڵێ "مارکس نەیتوانیوە پێشبینی ئەوەبکات کە نامێبوون دواتر دەبێتە چارەنووسی زۆربەی زۆری خەڵك, بەتایبەتی ئەو کەرتەی کە زۆربەی زۆری کۆمەڵگەیە و زیاتر مامەڵە لەتەك سیمبول یاخوود خەڵك دەکات"(13)

لەگەڵ رەخنەگرتن لەلاهوت و تەرجەمە کردنی بۆ رەخنە لەسیاسەت کەلەمەنزومەیەکدا هەموو کایەکانی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە و بەپێچەوانەشەوەلەهەموو کایەکاندا ئامادەیە, بەو مانایە دێت کە مرۆڤ بەناچار سیاسەت دەکات و دەبێتە کائینێکی سیاسی و ئیدیۆلۆژی وەکی بەشێك لەسیاسەت, سیمبولەکانی وەکی خودا تەماشا دەکرێت بەجۆگای لاهوت و لاهوتیەت, وەختێك ئەمە دەڵێم پشت بەو بیرکردنەوەیە دەبەستم کە مارکس و مارکسیزم وەکی فەلسەفە قسەی لەسەر یەکتا پەرستی نیە, بەقەد ئەوەی قسەی لەسەر خودا دروست کردن و دین پەرستی هەیە، بۆیە کە رەخنە دەگرێ بۆخۆی ئەمە باسێکی تایبەتە و دیسان دەمانباتەوە سەر ئەوەی کە ئایا هەر کار بووە مرۆڤی خۆقاندووە؟ یان چیرۆکی ناو دەقە ئاینیەکان دروستر ترن؟ بەڵام لەتەك ئەمانەشدا خوداپەرستی ئیجتیهادی خودیەو هەر زۆر کردنێکیش لەو باسە جۆگای رەخنەیە و نەفی کردنەوەی خوداش بەپشت بەستن بەمیتۆدی ماتریالیستیانە جۆگای قبوڵ نیە, نموونەیەکی مارکس هەیە دەڵێ "جەنگ لە دژی خودا, جەنگێکە لەدژی بت پەرستی کە مۆژوویەکی هەیە لەگەڵ هاتنی یەکەم بەرەبەیانی دروست بوونی ئینسانەوە و کێشەی گەورەی ئینسانیش بووە"(14). ئەو بتە دروستکراوەی کە پێی دەڵێن خودا هەروەك چۆن لەتەك لەتۆزەکانیدا بۆ ئاین لەتافی لاویدا پێشەکی بۆ شیعرێکی نوسیوە بۆهاوڕێکانی دەڵێ "ئەوانە خودا ناناسن و سوکایەتی بەخواوەندی هەموانەوە دەکەن, بیرۆای هەموانیش بۆیەك خودا دەگۆڕنەوە" (15)

راستە مارکسی لاو لەگەڵ مارکسی کامڵ لەباری فەلسەفیەوە جیاوازیان هەیە, بەڵام ئەم قسەیەی مارکس ئەو دەلالەتەی هەیە خودا ناسین مەسەلەیەکە و زانست مەسەلەیەکی تۆرە کە رەخنەیە لەخورافەو دین پەرستی. هەڵبەت ئەمە چەمکەکانی ئاسمان و ئاین و لاهوتمان گۆڕیەوە بۆ چەمکەکانی زەوی و یاسا و سیاسەت کە لەباری مۆژوویەوە لە هەموو سەردەمێك و شارستانیەتێکدا رۆڵیان هەبووە, بەڵام موناقەشەکە لەنێوان راستکردنەوەی چەمکی (خودای ئاینی و خودای فەلسەفیە) کە لەهەردوو بارەکەدا مرۆڤایەتی توشی گیرەدەیی کردووە, خودای ئاینی ئەو خودایەیە کە لەدەقە ئاینیەکاندا وێنای کراوە,

خودا پەرستیەکەو سیحری خودا بۆ نووسەرەکە دەگێڕێتەوە" بەڵام بەسەرهەڵدانی چەرخی ڕێنیسانس بەتایبەت لەئەوروپا شۆرش گەشەی کردو فکر سەریهەڵدا, ئەوەی کە ناوی لێنرا (کۆزمۆجینیە) (16) (فەلسەفەی ئاینی) نەفی بوون و میتافیزیکا بەجێگای ئەو کاری کردو دواتریش جارێکی تر ئیدیالێژیا وەك ئاین و خاوەندەکانیان کە داهێنانی ئەوان بوون وەکی خودا چاویان لێکرا, ئەگەرچی ئاین تاکو ئێستاش وەکی خۆی ماوەتەوە وکاری خۆی دەکات, بەڵام فکر توانیویەتی جێ پێ بەسەلەفیەت لەق بکات" (17)

هەر ئەوەی کە سۆسیالیستە ئایدیالیەکان دەرکیان پێنەکردبوو, چینێکی باڵادەستی بۆرژوازی کەکی لێوەردەگرت و لەهەوڵی ئەوەدابوو بەدڵگمایی بمێنێتەوە, یان ئەو بونیادە میتافیزکیانەی کە روانینی بۆ فەلسەفە هەبوو, دیسان لەهەوڵی ئەوەدابوو سروشتێکی کۆمەڵایەتی بە کێنخوازی ببەخشێت کە روانینێکی مەسیحیانە بوو, بۆیە لەبەرامبەر ئەو تەقەللایەی مارکس هەیبوو لەکۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستیدا دەریخست و ئاوگێڕە ریشەییەکانی دەبەستەوە بەبونیادی ئابووری کە دواجار بەسەر سەرخانی کۆمەڵگەوە ڕەگی دەدایەوە, هەر ئەمەش بوو کە دونیابینی مارکس وەکو تەمەتێکی یۆتۆپیایی چاو لێدەکرا, مارکس لە شوێنکدا بەراشکاوی باسی لە وەهمی ڕەخنەگرتن کردووە بەناوی واقیعبینانەوە قسەیان دەکرد و دەڵێ " ئەو ڕەخنەیەی مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا دەکات، خەباتێکی ڕووبەڕووە و لە خەباتێکی ئاوادا هیچ گرینگ نییە نەیارەکە کەسێکی ئەریستۆکرات، کەسێکی خانەدان یان نەیارێکی سەرناکۆش بێت، گرینگ لێدانێکی تونەڵی، گرینگە ڕێگا بە ئاڵمانەکان نەدەین تەنانەت بۆ ساتێکیش خۆیان فریوو بدەن، یان تەسلیم بن، دەبێت ستەمی ڕاستەقینە بە ئاگادارکردنەوەیان لەو ستەمە ، ستەمگەرانەتر بکەین و عەیب بە ئاشکرا کردنی عەیبدارت بکەین، دەبێت هەر هەرەمێك و قەڵەمڕەوێکی کۆمەڵگای ئاڵمانی وەك نیشانەی شەرم و عەیبی دەر بخەین". (20)

سەرچاوە و پەراوێزەکان

1: عالم المعرفه. نوسینی. د. دینیس لوید. وەرگێڕانی بۆ عەرەبی. سلیم الصویص.
2: کارل مارکس. حول المساله الیهودی. ترجمه. د.نائله الصالحی. منشورات دار الجمل. سنه 2002 المانیا. ل8
3: بۆس الفلسفه. کارل مارکس. رد علی البرودون. ت. حنا عبود . دار

الدمشق
ل 102,103,104
4: ماركس و انجلس .مختارات دار التقدم. موسكو
5: هەمان سەرچاوەی پێشوو
6: الانتروبولوجيا السياسيه. جورج بالانديه. ترجمه على المصرى. المووسسه الجامعيه للدراسات والنشر والتوزيع ل34
7: ئیدیۆلۆژیای ئەڵمانی. کارل ماركس. فریدریك ئەنگلس. وەرگێڕانی بۆ كوردی. سەلام مارف
8: الپامن عشر من برومير لويس بونابارت. ماركس. ترجمه دار التقدم موسكو
9: منگق ماركس. يندريش زلنى. ترجمه پامر الصفار
10: جزو مفقود من راس المال (كوندريسا) ترجمه. فالح عبدالجبار ل 198 197, 60,61,95
11: ویکیپیدیای ئاینەکان و زەردەشتیەت لە سایتی ئینتەرنێتەوە.
12: ئاین وشیکردنەوەی دەرونی. ئەریك فرۆم . وەرگێڕانی بۆ كوردی. ئاوات محەمەد
13: اگياف ماركس. جاك دريدا. ترجمه. د.منزر عياش
14: كارێ ماركس. بەشداریکردن لە رەخنەی فەلسەفەی هەق هیگڵ. وەرگێڕانی پێشەو محەمەد. بڵاوکراوەکانی ناوەندی توێژینەوە و هزری شەهید ئارام. سلێمانی 2016. ل43
15: ماركسيه ام كانگيه قرائه نقديه لمقاله صادق جلال العچم, نايف سلوم. مجلةالنهج العدد 17 سنه 1999 ل171,186
16: مرۆڤ لەروانگەی ماركسەوە. ئەریك فرۆم. وەرگیرانی هەنگاو. چاپی یەكەم. ساڵی 1999
17: ما لماركسيه. سلامه المغربى. مجله النهج . العدد 16 سنه 1998 ل 125_140
18: الماركسيه والماركسيه المسفيته. عنان عويا. مجله النهج. العدد 29 سنه 2002 ل196_208
19: گرینی دەسەڵات و پەیوەندیە شەخسیەکان بەدەسەڵاتە مادییەکانەوە كە بەهۆی دابەشبونی كارەوە هاتوونەتەدی ناتوانێت بەدەرکردنی ئەو فکرە گشتیانە لە مێشکی ئینساندا بکرێت, بەکو لەناوبردنی ئەوە تەنیا لەلایەن ئەو كەسانەی كەدووبارە ئەم دەسەڵاتەمادییان کردۆتە ملکەچی خۆیان و دابەشبونی کار هەلدەوەشێننەوەمومکینە ئەمە بەبێ کەمەبوون ناکرێ تەنیا لەناوخۆی کەمەبووندایە كە هەرکەسە هۆکاری پێگەیاندنی ئامادەییەکانی خۆی لەهەموو لایەکەوە هەیە, کەواتە ئازادی تاکەکەس تەنیا لەناو خۆی کەمەدا مومکینە, لەجێگرەوەکانی تائستای کەمەێ , واتە لەدەوەت

و هتد
ئازادی تاکه کەس تەنیا بۆ کەسانێك که لەژێر هەلو مەرجی چینی فەرمانەوادا پێدەگەن وەتەنیا تائەو شوێنەی کەئەوانە کەسانی تیادابوون بوونی هەبووە, کۆبونەوەیەکی وەهمیە کە تائێستا کەسەکانی تیادا رێکخراون, هەمیشە لەپەیوەند بەوانەوە بونکی سەربەخۆ دەگرێتە خۆی ولەبەر ئەوەی پێکهاتەیەك بووە لەچینێك دژی چینێکی تر.

20: کار مارکس. بەشداریکردن لە رەخنەی فەلسەفەی هەقی هیگڵ. وەرگێڕانی بۆ کوردی. پێشەو محەمەد. بڵاوکراوەکانی ناوەندی توێژ و هزری شەهید ئارام. سلێمانی 2016. ل50

ئارکێلۆژیای زمانی مارکس لەئەدەبەوە بۆگوتاری سیاسی … سمکۆ محەمەد

کەرتی چوارەم …

گەشەسەندنی زمان وەك بەشێکی گرنگ لەپێداویستیەکانی رۆژانە و پێناسەکردنی شتەکانی دەوروبەر و خۆجیاکردنەوەی مرۆڤ لەکائینەکانی تر، هەروەها لەنێو ئینسانیش زمان وەکو کارێکتەرێك لەبەرامبەر ئەویدیکە، لەنێو گوتاری سیاسی و فەرهەنگی دەورێکی کاریگەر دەبینێت، وەختێك زمان هەم بکەرێکی تێ ئاسایە و ناکرێ رەسای بۆ دابنرێت، هەروەها پرسیارکەرێکە لەشتەکان، کەواتە نهێنی ئەم بکەرە لەدونیایەکەوە بۆ دونیایەکی تر جیاوازی هەیە، چونکە بیروڕایەك هەیە کەگوایە زمان خۆی توانایەکی ناوەکی نییە و بگرە ئەوە ئینسانە دەیکات بەبکەرێك لەدەرەوەی خۆی، لەشوێنکی تردا ژیل دێلۆز پێیوایە کەزمان تەنها دال دەخوڕێنێ لەتەکستدا، ئەوە روەکەی تری زمانە کە کردەی زمانە و مەدلول بۆ شتەکان دیاری دەکات، هەموو ئەو موناقەشانەی کەلەبارەی زمانەوە کراوە تائێستا، جگە لەبونیادگەراکان، ئەوەمان پێدەڵێن کەزمان مرۆڤ دروست ناکات، بەڵکو ئەوە زەرورەتە بەزمان لەنێو ئاخاوتندا ناو و هێما لەشتەکان

دەنێت و دەیبەخشێت و مرۆڤ لەمرۆڤێکی دیکەی رەش پێست و سپی پێست و سوور پێست و هتد جودادەکاتەوە، بەنێو فەرهەنگ و سیاسەتیشدا ئەوە چینەکانن زمان دەخەنە نێو گێژاوانە کێمەڵایەتیەکانەوە، دەنا زمان هەر ئەو بکەرەیە کەبێ زەرورەت کاری ئینسان مەیسەر دەکات.

ئێمە لێرەدا نامانەوی تەنها باس لەزمان بکەین ئەوەکو ئەوەی بونیادگەر و پاش بونیادگەرەکان قسەی لێدەکەن تەنها بێ ئەدەب کەڵك وەربگرین، بەڵکو دەمەوی قسە لەسەر ئەوە بکەم کەزمان لەلای مارکس بۆچی بەهایەکی جیاوازی هەیە بێ گەیاندن، هەڵبەت ئەو گەیاندنەی کەلەڕگەی گوتارەوە خۆی نمایش دەکات و دواتر لەبەرامبەر دژەکەی کەناوی ناوە سەرمایەداری، دەچێتە سەر زاری خەڵك و هۆشیار دەبنەوە و دەچێتە سەر زاری کرێکار کەئەو چینەیە لەپەراوێزی فەلسەفە نمایندەی عەدالەتی کێمەڵایەتی دەکات، ئەم موناقەشەیە بێ ئەوە دەکرێ تاکو چیتر دوگمایانە و ئیدیاڵیژیانەی وشك تەماشای میتۆدی مارکسی نەکرێت بێ ژیان، یان بێ زمان تەنانەت لەنێو ئەدەبیشدا.

بۆئەوەی پێشەکیەك بدەین بەدەستەوە دەبێ باس لەهۆکارەکانی پشت زمان واتە میتازمان بکەین، بەلەبەر چاوگرتنی روداو و کارەساتە سروشتی و مرۆیەکان کەلەمێژوودا هەزارەها چیرۆکی لێ بەرهەمهاتووە, زمان وەزیفەیەکی تری وەرگرت, ئەویش بەدیکەمێنت کردنی شتەکانە, هەر ئەوکاتیش بۆتە بەشێك لەبەئاگا هێنانەوەی مرۆڤ لەجۆرەکانی ترس, لەتەك ئەمانەشدا جیاکردنەوەی هێز و نەتەوەکان و سنوور دانان بێ تایبەتمەندی کولتورەکان, ئەم داتایانە کارێکی وەهای کردووە کەمرۆڤ لەڕگای زمانەوە بێ ڕکخستنی کێمەگە, خۆی لەکائینەکانی تر جیا بکاتەوەو هونەری ئاخاوتنی کردووە بەیەکێك لەئەولەویەتەکانی کاری خۆی، ئەم هۆکارانە مانایەکی دیکەی بەو زمانەدا کەپێشتر بەیەك فۆرشم کاری پێکراو بەیەك شێوە خۆی بەرهەمدەهێنایەوە لەنێو هەموو کایەکانی ژیانی کێمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی و تەنانەت ئابوریش.

بەرلەوەی گوتاری سیاسی هارمۆنیا و ئیلهام لەدەقە ئاینیەکانەوە وەربگرێ, ئاین وەکو تێکست خۆی جیاکردۆتەوە ڕکخراوە کێمەڵایەتیەی کەجیهانێکیتر بێ خەیاڵ خوڵقاندووە کەبەشێکی کرداری توندوتیژییە و جاری وەهاش هەیە لەڕگەی زمانەوە ئەو توندوتیژییەی بەرهەمهاتووە کەئەمە رووبەرووی کێمەناسانەیە بێ زمان، ئەگەر لەمەش بترازێین و لەڕگەی زمانەوە جوانیناسی وەربگرین کەلایەنێکی تری زمانە و دژ بەتوندوتیژییە، پێشتر ئیستاتیکا لەئەدەبدا زمانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەبوو, هەرلەوکایەیەشەوە تەعبیر

لەشتەکان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەکرا, ئەوەی کەلەزمانی نادیاری هونەریەوە دەڵازێنرێتەوە, میتافۆی زمانی ئەدەبە کەماشینێکە بۆبەرهەمهێنان و ئاشکراکردنی دیاردە سروشتیەکانی کۆمەڵگە و دەسەڵات, ئەوەیە کەلەدواین ئامانجی گوتاری نادیاردا, گوتارێك لەناواخنی زانستێك بۆ لێکۆڵینەوە و لێژیك بەرهەمدێنێ, ئەمەش وەکو ئەوە وایە دکتۆرێك لەژێر پشتەوە وەزیفەی خانەکانی خوێنمان بۆ ئاشکرا بکات.

هەبەت سیمای میتافۆرە زمانەوانیەکان, گریمانەی پێش دیاری کردنی دال و مەدلولە کەلەفەلسەفەی ئیدیالیزمیدا کەلێنێك دەدۆزێتەوە, کەلێنێك کەپەیوەندی لەنێوان چەمکەکاندا دروست دەکات, ئەو پرسیارانەش وەڵام دەداتەوە کەلەزمانی ناراستەوخۆدا شەرمن دێنە بەرچاو.
زمانێك بۆ گشت .. زمانێك بۆ دەستە
زمانی ئەدەب هاوارێکی ئەفسانەییە, زمانی سیاسیش گوتارێکی واقیعیە, هونەر لەم رستەیەدا لەوەدایە کەئەوەی لەزمانی ئەدەبیاتدا دەبینرێت, زمانی هێماکانە و زمانێکی سانسۆر کراوە, سانسۆرێك کەمڵا لەگەی هونەرەوە مەترسی خستۆتە هەناوی دەقەوە, ئەمەش هەندێ جار مرۆڤ بەخواستی خۆی پێکیدێنێ, هەندێ جاریش دەسەڵاتە دیار و نادیارەکان کاری لەسەر دەکەن, شتێك کەلەناوەوە هەیە لێ و ناڵشنە, ئەوەش کەلەزمانی ئاخاوتنی گوتاردا هەیە, ڕۆشنتر و راستەوخۆتر دەبینرێت, بەومانایەی کەزمانی ئەدەب, زمانی دەگمەنە و حەتمی نیە, زمانێکی بێ هێزە بەرانبەر ئەودیاردانەی کەیارمەتی هیچ دەرەتانێك نادەن بەکراوەیی, بەڵام زمانی سیاسەت زمانێکی حەتمی و بەهێزە و داواکاریەکان ڕۆشنتر دەخاتە ڕوو, هەر ئەوەی لەگوتەی پێ لەحیکمەتی کارمەندانی دەوڵەت, گوتاری کاتی هەبژاردن, گوتاری نێو پەرلەمان و کارێکتارەە سیاسیەکان و بازرگانەکان و هتد, زۆرێکی تری لەم بابەتەدا هەیە, دەشێ کاریگەری راستەوخۆ و ئاشکرایان هەبووبێت, ئەگەر ناوەڕۆکێکی فکری دیاریکراو و هەمەلایەنەیان نەبێت, ناچنە خانەی بنەمای باسی مۆژووی کردەی سیاسیەوە کەزمان دەورو نەقشی تێدا هەیە.

بۆئەوەی بەراوردێك لەنێوان زمانی ئەدەبیات و زمانێك بۆ گوتاری سیاسی بکەین, بۆچوونی مۆریس بلانشێ وەردەگرین بەسیفەتی ئەوەی هەم کاریگەری ئیستاتیکای لەنێو کاریگەری گوتاری سیاسیدا دۆزیوەتەوە و هەمیش لەنێو گوتاری هونەریدا "مۆریس بلانشێ پێی وایە زمانی نوسین بەندە بەگۆڕینەوە, تەنانەت بیرمەندە موحافیزکارەکانیش کەئەرکیان

لەبەرگریکردن لەسیستمی سەقامگرتوو و شێوە باوەکانی ژیان و کار دەزانن, نیازیان وایە لەرێی توێژینەوە و نوسینەوە بۆچوونی کەسانی تر بەلای خۆیاندا رابکێشن" 1 هەر بۆ ئەوەش کەدووفاقیەتی زمان لەفرە مانایيدا دەربخەین, دەوتوانین نمونەیەك وەربگرین, ئەوەی کەئەگەر لەئەدەبیاتدا سۆو, یان سندوقێك لەسیاقی رستەیەکدا زیاتر لەمانایەکمان پێبدات, ئەوا لەگوتاری سیاسیدا یەك مانای راستەوخۆی هەیە, چونکە سۆو تاکو نەخورێ نازانین تامی چیە, سندوقیش تاکو سەری هەڵنەدەینەوە نازانین بەتاڵە یان چ شتێکی تێدایە, ئەم نمونەیە پشتگیری لەزمانی بۆ شەرم و راستەخۆ دەکاتەوە, بەرامبەر بەزمانی شەرمن و ناراستەوخۆ کەلەئەدەبیاتدا مەوجوودە و سیفەتێکی دیکەی زمانە لەنۆو ئیستاتیکادا.

لەراستیدا زمانی گشت لەگەڵ زمانی دەستە، تەنها لەشێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانەوەی نییە، بەکو لەشێوەی ئاراستەکردنیشتی لەکایەکانی فەرهەنگ و سیاسەتدا، بۆ نمونە دەستە کەمامەڵە لەگەڵ زماندا دەکات، واتە مامەڵە لەگەڵ گشت دەکات، بەڵام لەفەرهەنگدا ئەمە مەدلولیکی تری هەیە، ئەویش خۆبەرهەمهێنانەوەیەتی لەنۆو تێکست و هیچی تر، بەوپێیەی کەفەرهەنگ و کردیەکی تاکیە و لەجیاتی گشت بیر ناکاتەوە و مانا بۆ شتەکان دابنێت، بەڵام لەزمانی گشتدا هەر هەمان زمانە کە گشت دەتوانێ جارێکی تر گشت بخاتە بەردەم لێپرسینەوە و خۆ بەرهەمهێنانەوە، ئەویش لەرەنگدانەوەی زمانی ئاراستەکردنداية، مەبەستم لەئاراستەکردن ئەوەیە کەسیاسەت شێوەیەکی دیکەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیە، وەکو سیسیلێژیەکان دەڵێن، هەر ئەمەیە جیاوازی نێوان گشت و دەستە کە زەرجار جیاوازی دەخاتە نێو گوتاریشەوە. ئەندێشەی مارکس و تێروانینەکانی ئەو سەبارەت بەگەشسەندنی کۆمەڵەکان و بەتایبەت رەخنەکانی لەسەرمایەداری کاریگەری لەسەر دیدیگای بەشێکی زۆر لەسەر ئەندێشەی دوای خۆی دانا لەرۆژئاوا و دواتریش گەیشتنی فکرەکە بە رۆژهەڵا_ هەمان کاریگەری زیاتریشی هەبوو، چونکە چەوساندنەوە چینایەتیەکە لەلایەك و نەبوونی زمانێك بۆ دەربڕین بەرامبەر بەچەمکە سیاسیەکان کەبازاڕیان پێوەدەکرا تەکانێکی گەورەی دا، گەورەترین کەسێك کەدامەزرێنەری رەوتی فکری مارکس بوو، ئانتۆنیۆ گرامشی بوو کەدوو دەیەی تەمەنی خۆی لەزیندان مۆسۆلینیدا بردەسەر، ئەو لەنۆو کایەی رۆشنبیری رۆژئاوا و هەوێستی رۆشنبیر بوو، لەنۆو ئەدەب و هونەریشدا (جۆرج لۆکاچ) بوو، ئیدی چۆنیەتی گۆڕانکاریيە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئەدەبیەکان، بەری ئەو گوتارەگرت کەپشتبەستوو بوو بەدیموکراسیەتی

بەرژوازی و قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئەوکات، ئیدی دەوڵەت هەموو هەوڵی ئەوەبوو کەلەنێو ئەندێشەدا قەڵەمڕەوی زیاتر بکات، لەوچوارچێوەیەدا داموودەزگاکانی بەئیدیۆلۆژیاکرد، بۆیە هەریەك لەگرامشی و جۆرج لوکاچ بۆوایان وابوو کەکاریگەری ئەو زمانەی مارکس هێشتا دەتوانرێت بەرهەمبهێنرێتەوە و لەرێگەی کۆمەڵی مەدەنی جیاجیاوە کەلەهەمووی گرینگتر توخمەکانی ژیانی رۆژانەیە بگۆڕدرێت و رێگە نەدرێت دەوڵەت کۆنترۆڵی بکات، تەنانەت کاریگەری لەسەر میتۆدی خوێندنی زانکۆکانیش دانا، ئیدی پێشبڕکێ لەم میانەیەوە دەستپێکرد و هەرکەسێکیش ئەو پێشبڕکێیەی بردەوە، ئەوا لانیکەم سەرشەمقی کۆمەڵی دیکەی پێدەکرێ و ئاراستە جێکەوتەکەی دەوڵەت لەنێو داموودەزگاکانی وەخێ نامێنێ.

سیاسەت لەزمانی تاکەوە بۆ زمانی کۆ

تائێستا ئینتڕپۆلۆژیای زمانەوانی و خودی ئینتڕپۆلۆژیستەکانیش, نەیانتوانیوە نەتەوەیەك یان گروپێکی کۆمەڵایەتی ساباڵ لەهەر شوێنکی ئەم دونیایە بێت بەنمونە وەربگرن و بیسەلمێنن یەکەمین داهێنەری زمان بوونە و ئەسڵی زمان جێگاو رێگایەکی دیاری کراوی هەبێت, بەشێك لەپەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان, ئاوگۆڕی کۆمەڵایەتی و دەرکەوتەکانیەتی لەتەکنیك و شێوە فراماسیۆنی کۆمەڵایەتیدایە کەتان و پێی ستڕکتۆرەکان رووبەڕووی دەکەنەوە, ئەو بەشە مەعنەویەش لەبەشەکانی تری سەرخانی کۆمەڵگەدا رووبەڕکی فراوان داگیر دەکات. ئەوەش کەلەزماندا ئامادەیە بەرمەبنای کۆبەرکی چینەکان و گروپە کۆمەڵایەتیەکان بووە لەمێژوودا, یەکەمین هەکاریش بۆجیاوازی زمانەکان, ئەوەبووە کەمرۆڤ لەدوای جێهێشتنی شوێنك بۆ شوێنکی تر گەشەی بەخێیەوە بینیوە, هەر ئەوکات گروپك یان بنەماڵەیەك رێکەوتوون لەسەر شێوەیەك لەئاخاوتن و پێناسەیەك بۆشتەکان کەلەهۆتی کارکردندا کەکیان لێوەرگرتوون بۆیار و ئاکامەکانی. بەمەش بیرکردنەوە ماهیەتی شتەکانی بەرهەمهێناوە, دەشێ مێژووی بیری سیاسی وەك مێژووی بیر تەماشا بکرێت, بەڵام لەچوارچێوەیەکی تایبەتدا لەبارەی دەوڵەت و تاکەکەس, رەوایی و دەستور, ئازادی و یەکسانی, کەپەیوەندیەکی پتەویان بەبیروڕای گشتی و بۆچونی ئاینی و گەشەکردنی فەلسەفی و زانستیانەوە هەیە.

سروشتی دەوڵەت پەیوەندیەکی گرنگی لەگەڵ بیری سیاسیدا هەیە, لەسەدەی حەڤدەهەم ئەم پەیوەندیە بەشێوەیەکی سروشتی گەیشتە لوتکە, بەرلەوکاتە ئەم بیرانە لەگەڵ جیهانبینی دینەکی گشتیدا

گونجێندرابوون, ئەڵبڕەوە تێدەگەین کەزمان لەنێو بیری سیاسی و گەشەی فەلسەفەدا چ شتێکی جێهێشتووە, لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە زانایانی بیری لاهوتی, لەکەشوهەوایەکی وەهادا زمانی ئەدەبیان بەسەر تەواوی کایەکانی تردا زاڵ کردبوو, دواتر لەگەڵ هاتنی ڕێنیسانسدا ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە مشت و ماڵ کرا و فەلسەفەی عەقلانی هاتە ئاراوە, ئەمەش تائەو جێگایە بۆی دەکرد کەئەدەب و هونەر تەنها دەربڕین بووە, بەڵام نەیدەتوانی گوتارێك بێت بۆرزگارکردنی ئینسان لەملکەچ بوون بۆهۆکارە ئابوری و کولتوریە جۆکەوتەکان, جگە لەو چاکسازییە کۆمەڵایەتیەی کەتەنها بۆ بەرگرتن بوو لەهەر جۆرە شێوشێکی کۆمەڵایەتی و شکستپێهێنانی سیستمی سەرمایەداری.

ئەگەرچی پێشتریش هونەر بۆ هونەر دەوری هەبووە, بەڵام موناقەشەی بیرمەندانی پێش مارکس ئەو ڕگەیەیان خۆش کرد کەلەمیتۆدی هونەر بۆهونەرەوە بگۆڕێت بۆهونەر بۆ وێژدان و هارمۆنی کردنی پێداویستی و هەوەست, ئەوەی کەزیاتر کاریگەری خستە سەر زهنیەتی مارکس و ئەنگڵس, بایەخدان بوو بەئەدەب و نوسینەکانی باڵزاك, هەروەك بەئاشکرا ئەنگڵس دەڵێ " ئەوەندەی شت لەباڵزاکەوە فێربووم, بەتایبەتی مامەڵەکردنی لەکەڵ پاڵەوانی ڕمانەکانی, ئەوەندە لەمێژووی ئابوری و خەڵکی پسپۆرەوە فێر نەبووم" 2 مارکس بەنیاز بوو لەدوای تەواوکردنی دەقی سەرمایە, خوێندنەوە بۆ نوسینەکانی باڵزاك بکات, چونکە ئەوانەی کەلەپەنا باڵزاك خەریکی ئەدەب بوون, بەشان شەوکەتی دەسەڵاتدا هەیان دەدا و بەئەنقەست دەسەڵاتی پاڵەوانی نێو ڕمانەکانیان ڕادەست دەکرد, نەك وەکو هونەرکاریەکەی باڵزاك فرەدەنگی و واقیعیەت و توانای پاڵەوان بکاتە وێنەیەك بۆ ژیانی ئاسایی, بۆیە بەهاتنی بالزاك ئەم تەرزە لەنوسین شەرم گرتی و پاشکۆیەتی پێ بەخشرا, تەواوی چیرۆکەکانی پەنجە بۆ ئەو هەقیقەتانە ڕادەکێشن کەبایەخیان بەسەرمایە دەدا و پەردەیان لەسەر هەڵدەماڵی, ئیتر ڕمانی ساختە و لاوەکی مۆدێلی بەسەرچوو, زمان لەنێو ئەدەبدا بوو بەجێگای داخوازیەکانی مرۆڤ و یەکێك لەئامرازەکانی گەیاندن و گوتاری سیاسی لەلایەك, هەروەها چۆڵك بۆ پێچەوانە کردنەوەی ژیان و دەرچوون لەواقیعی تاڵ.

"گوتاری سیاسی نیازی بەجۆرێك لەپێشخستن هەیە کەلەسەر بنەمایەکی زانستی بێت, وەك چۆن سیستمی دەوڵەت نیازی بەژێرخان هەیە, بەڵام ئەمانە نابنە وەڵامێکی ڕاستەوخۆ تاکو بپرسین ئایا ئەم ڕووداوانەی کەلەبەردەستاندان و چیرۆکێکن بگۆڕانەوە, تێبینی لێکراوە,

پەسەندە یان نا؟ بەکو دەبێت ژێرخان زانیاری لەگەڵدا نرخێنرابێت و هاوکاری گوتاری سیاسی بکات." 3(ڕاگوزەری بیری سیاسی, ستیڤن ئێرك لیدمان. وەرگێڕانی لەسویدیەوە, ئاسۆس کەمال1997 ل 12
نوسینە سەرەتاییەکانی مارکس بابەتی ڕۆژنامەوانی بوون, بەشێك لەو نوسینانە, ناوەزایەتی بوو لەیاسا چاودێرەکان, هەروەك دەڵێ" چاودێری کردن وەکو کێلەیەتی وایە و هیچ پاکانەیەکی ناوێ" .
دواتر قەناعەتێکی بەدروست بوو کەبەرهەمهێنانی مەعریفە هاوکارێکی کاریگەرە لەئاوگێری جهاندا, بەڵام ئەم ئاوگێرە چۆن مومکین دەبێت, وەختێك ئیدیۆلۆژیەتی فەلسەفەی ئایدیایی کەواقیعی کەمەایەتی دادەپۆشێ, پێویستی بەئاشکرا کردن و ڕەخنەکردن هەیە, وەکاری ئەمە ئەوەیە ئینسان لەو ئیدیۆلۆژیا دەگما و وەهمیانە ڕزگار بکەین, وەختێك دەبینین ترادیسیۆن ڕەگوێشەی لەفەلسەفەدایە, وەختێك دەبینین ئایین بە مانەوەی خۆی دەبێت بەئیدیۆلۆژیایەك کەمرۆڤ ناچار بکات ببێتە کارکتەرێك و بەرگری لەو وەهمە بکات کەلەتێکستەوە بێتە بەشێك لەژیان، لەزمانی ئیلاهیەوە بێتە زمانی مرۆڤ و هتد، هەروەها ریگەش نەدراوە ئەو کەسانەی واقیعبینن و تەواو تێگەیشتوون لەئیدیۆلۆژیاو شێوەی بەرهەمهێنانەوەی لەماناکانی دیکەی ژیاندا، هەروەها ڕێگەنەدراوە بەئازادی و بەراستەوخۆ موناقەشەی ئەو بابەتە بکرێ، بۆئەوەی تەواوی کێمەگە لەو تێگەیشتنە وەهمیە بگەن و ئەلتەرناتیڤی ژیان بەهەند وەربگرن، بۆیە زۆرجار لەبەر هەلومەرجی نالەباری سیاسی, مارکس ناچار بووە بەزمانێکی ڕەمزی و تەنز ئامێز بنوسێ, تاکو سەرچاوەی زانیاریەکان بپارێزێ، هەروەك چۆن کەسێکی وەکو سوکراتیش لەسەر وەختی خۆیدا بەزمانێکی تەنزی قسەی دەکرد و وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە.

مانیفێستێك بۆحیزب.. زمانێك بۆ سیاسەت

تارمایەك لەئەوروپا دێت و دەچێ تارمایی کۆمۆنیزم, هەموو هێزەکانی ئەوروپای کۆن پاپا و تزارا رادیکاڵە فەرەنسیەکان پۆلیسی نهێنی ئەڵەمان بۆ دوورخستنەوەی ئەم تارمایە لەپەیمانێکی موقەددەسدا پێکهاتوون " مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست. ئەمە ڕستەی یەکەمی مانیفێستی پارتی کۆمۆنیزمە کەمارکس و ئەنگلس دایانێشت, بەرلەوەی پرس لەتارمایی مارکس بکەینەوە سەبارەت بەبانگەوازێك بۆ کۆمۆنیزم و ترسی دەسەڵات لەو بانگەوازە, باسێکی کورت دەربارەی بیروبۆچونی هەندێك بیرمەندی ئەم سەدەیە وەردەگرین, دوای تێپەبوونی 150 ساڵ بەسەر دەرچوونی ئەم بانگەوازە ئەمە لەبەردەم دوو بۆچوونی دژ بەیەکین، یەکێکیان باس لەمانی بەهای ئەو

بانگەوازە دەکات کەسەرەنجام بەمەرگی سیستمی سەرمایەداری تەواو دەبێ و پێی وایە کەمادام دوو چین لەوێدا بەیان کراوە و هەر ئەم دوو چینە لەملانێدان و دژیەکن کەلەنێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانە و دواجار حیسابێك بێ چینەکەی مام ناوەند نەکراوە کەهەر ئەوان بەشێکن لەجوڵەی ژیان بەڵام ناچنە نێو مژووەوە، بەچونەکەی تریش کەبەرگری لێدەکات، پێی وایە مارکس سنووڕکی بێ پاوانخوازی سەرمادارى دانا کەچاکسازی لەسیستمی ژیان و سعات کار و مافی کرێکار و زەمانەت و نەمانی باب مەزنی و کویلایەتی هەموویان بەرهەمی مانیفێستن.

ئێمە سەرەتا بەچوونە دژەکە وەردەگرین، ریمێن ئارون بەچوون کەسێك وەردەگرێت بەناوی ئەکسلێس و پێیی وایە مارکس فەیلەسوف نیە و تەنها کۆمەڵناسێکی شارەزایە و بەپێچەوانەوە فەیلەسوفی نامێبون نییە و هیچی تر، بەڵام پاشان لەبارەی مانیسفێستەوە ئارێن دەڵێ" مانیفێستی کۆمۆنیزم دەقێکی نازانستییە و نوسراوێکی ریکلامیە بەڵام ئەنگێس و مارکس فکرە زانستیەکانی خۆیان لەو مانیفێستە دەخەنە ڕوو، هەروەها فکری سەلمێنراوی مارکس تەنها دروستکردنی دووبەری جەنگە لەنێوان سەرمایەدار و کرێکار، وەختێك باس لەئێمە و ئەوان دەکات ئێمە وەکو مرۆڤایەتی لەناودەبات هێشتا پێناسەی ئەوان نادیارە، ئەم خەسەتەی تێدایە لەلایەنێکەوە دوژمناکاری چەوسێنەران و چەوساوەکان و لەلایەنی دیکەشەوە ئینتیما بێ دروستکردنی تەنها دوو مەیدانی شەڕ لەدوو جەمسەری دژیەکدا هەیە" هەروەها وەکو ریمون ئارێن باسدەکات، دوو شێوە لەدژبەری دەستنیشانکاری سەرمایەداری لەنوسراوە زانستیەکانی مارکس و لەکتێبی مانیفێستی کۆمۆنیستدا دەبینرێن، شێوازی یەکەم ناکۆکی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنانە لەگەڵ پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانەدا، بەرژوازی بەردەوام ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی بەرهەزتر دروستدەکات، بەڵام پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان واتە پەیوەندی خاوەندارێتی و شێوەی دابەشکردنی داهات بەهەمئاهەنگی هێزەکانی بەرهەمهێنان ناگۆڕن، سیستمی سەرمایەداری دەتوانێ زەرتر لەپێشوو ڕێژەی بەرهەمهێنان بەرزبکاتەوە، بەڵام لەگەڵ زەربوونی سامانیش هەژاری توشی بەشێکی گەورەی کۆمەڵگا دەبێتەوە، کەواتە ئەم دژیەکە لەئاکامدا قەیرانی شێشی لێدەکەوێتەوە کەموچەوەرگرەکانن، ئەوانەن کەمارکس وەکو چینی ناوەندی حیسابی بێ نەکردوون لەو مژووە حەتمیەی دیاری کردووە کەمەرگی سەرمایەداریە". قناغە بنەماییەکانی هزر لەکۆمەناسیدا.

بەرگی یەکەم. ریمۆن ئارۆن. وەرگێڕانی بۆ کوردی. عەبدوڵا رەسوڵی. ل 240. بۆچوونەکەی تر کە جۆن کاسیدیە بەرگری لەمارکس دەکات پێی وایە فەلسەفیە و ئەوەی کەئێستا هەیە سەرمایەدارەکەی سەردەمی مارکس نییە و خۆشگوزەرانیەکی هێناوە کەبەرهەمی ئەو ترسەیە لەمانیفێستدا هەیە. (جۆن کاسیدی) کەبیرمەندێکی شارەزایە لەسیستمی سەرمایەداری و یەکێك لەتوێژەرەوەکانی سۆسیالیزمە و لەزانکۆی (وێ ستریت) و بەرپرسی دانانی ستراتیژیەکانی سەرمایەگوزاریە, سەبارەت بەپرسی ئەوەی ئایا مانیفێست ئەرزشێکی سیاسی ماوە و قابیلی خوێندنەوەیە یان نا؟ دەڵێت" قەناعەت بەقسەکانی مارکس دەکەم کەراستی گوتووە" لەشوێنێکی تردا دەڵێت" یەکێك لەوانە گرنگەکانی مارکس ئەوەیە کەرەوتی سەرمایە بەرەو لای پاوانخوازی دەچێت, ئەمەش دەبێتە هۆی هاتنەدی رژسایەکی سیستماتیکی دژوار, ئەم مەسەلەیەش دواتر بەبۆچوونێکی ریفۆرمخوازانە لەلایەن کەسانی وەك (تیۆدۆر رۆزڤلفت و فرانکلین رۆزڤلرت) سەلمێنران" لەشوێنێکی تردا قسە لەسەر زمانی سیاسیانەی مارکس دەکات وەك پێناسەیەك بۆ شیرکەت و ماشینێك کەلەسەردەمێکی تردا بەرچاو دەکەون دەڵێت" شەپۆلی گەورەی گارخانە و داروسازی و پیشەسازی و ئەسلەحە سازی, پەیوەندی جۆراو جۆریان پێکەوە هەیە کەلەکۆمەڵگەکانیشدا رەنگدانەوەی هەلومەرجی مادی ئەو سەردەمە مۆژوویەی دەبێت کەپێشبینیەکانی وەدی هات" سەبارەت بەوەی کەبەشێك لەبیرمەندانی ئێستا هەمان زمانی مارکس بەکاردێنن بەڵام وشکترەو پێیان ئەغزە ناوی مارکس بێنن دەڵێت" بەجیهانی بوونی سەرمایە لەوئاوازانەیە کەوێردی سەر زمانی هەموو کەسێکە, بەڵام ناوهێنانی مارکس بۆکەسێکی وەکی (دانی رودێك) کەئوستادی زانکۆکانی ئامریکایە بۆداهاتووی پیشەکەی قازانجی نیە" لەکۆتاییدا جۆن کاسیدی دەڵێت " هەتا سیستمی سەرمایەدار بمێنێت مارکس هەر بەزیندووی دەمێنێتەوە", کەوابوو مارکس زیندووە بەپێی ئەم بۆچوونەی جۆن کاسیدی.
ئیستا دەمەسەر ئەوەی کەبایەخدان بەزمانی مارکس لەدیدی بیرمەندی گەورەی هەژموونگەرایی چ گرنگیەکی هەبووە و بۆچی بەرواوردی دەکات لەگەڵ زمانێك کە شکسپیر لەئەدەبدا بەکاریدەهێنێت.

موناقەشەکردنی پرسی ئەو زمانەی کەمارکس بۆ فەلسەفەو بیرکردنەوە بەکاری هێناوە, پرسێکە لەلای ژاك دریدا لەمیانەی تەماهی کردنی زمانی فکر و ئەدەبەوە هاوسەنگیەك دروست دەکات, ئەو هەوڵدەدات تارمایی دەقی هاملێتی شکسپیر لەگەڵ تارمایی مارکس بەراورد بکات و بڕوای بەزمانی راستەوخۆ نیە, تا دەگاتە هەڵگرتنی سنووری نێوان بیرکردنەوەو فەلسەفە و ئەدەب, دریدا لەتێزەکەیدا

کەبەهەوەشانەوەی دەق موناقشەی دەکات, پاشان پەیوەندی لەنێوان حیکایەتی تارمایی هاملەت و تارمایی بزوتنەوەیەکی سیاسی گرێدەدات, ئەو یەکەمین پرسیاری لەوبارەوە دەستپێدەکات و دەڵێ" بۆچی تارمایی لەلای مارکس بە(کۆ) هاتووە؟ ئایا لەکەسێك زیاتر ئامادەیە؟ ئایا ئەو تارماییە لەگەڵکەوە هاتووە"5. دواتر موناقەشەی زمانی سیاسی دەکات بەبەراورد لەگەڵ زمانێك کەتەنها بۆ ئەدەبە و کەشکسپیر لەهاملێتدا وەکی سیمبۆل بەکاری هێناوە, لێرە تارمایی وەکو باوکێکی رزکارکەر هاتووە, بەهەمان شێوەش تارماییەکەی مارکس بانگەواز کردنە بۆبزوتنەوەیەکی رزگارکەری مرۆڤ لەدەستی چەوساندنەوە و جیاوازیە چینایەتیەکان, لەمبارەیەوە فلادیمیر ئیلیچ لینین دەڵێ" هەر وشەیەك بۆخۆی گشتی کردنەکە کەبەیارمەتی زمان و فەرهەنگ کۆکراوەتەوە, ئیتر نەسل بە نەسل کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی هەموان و بیرکردنەوە و لێژیکی دابین کردووە".

لەچاوپێکەوتنێکیدا درێدا کەلەکتێبی هەڵوەستەکاندا لەساڵی 1981 ئەنجامدراوە و موناقەشەی پێداویستی سیاسی و پەیوەندی نێوان مارکسیزم و پێکهاتە شکێنی دەخاتە روو, دەڵێ" دەبێ کەسێك لەزمانی مارکس وەربگرین, تاکو بەباشی کەڵەکەبوونی میتافیزیکی بناسین کەلەمڕووداو لەسەر یەك هەڵچنراون" لەکتێبی تارماییەکانی مارکسیشدا دەڵێ"دەبێ بەتەواوینێکی فەلسەفیەوە تەماشای فکری مارکس بکەین" بەبۆای ئەو ئینتەرناسیونالی نوێ, نەخاوەن ئۆرگانی سیاسیە و نەخاوەن حیزبە, بەکو پێسەیەکی ئەدەبیە لەنێو ئازارو مەینەتیەکانی خەڵکدا لەدایك بووە, بۆئەمەش وەڵامی ئەرکە گرینگەکانی کاری ئێمەی ڕشنبیرە لەنێو ئەو فەلسەیەدا, مارکسی رەسەن و مارکسی ناڕەسەن لەیەکتر جیا بکەینەوە و کامیان لەمڕووداو بهێنەوە و کامیان بخەینە نێو زبڵدانەوە, لەسەرووی هەموشیەوە پێویستمان بەو وشانەیە کەلەزمان و ئەندێشەکانی مارکسدا دژ بەنایەکسانی و ستەمە" ئەم گشتی کردنی فەرهەنگ و زمانە لەتەواینی فەیلەسوف و بیرمەندانی پاش مارکس, هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لەو لێژیکەی مارکس کەلەخەیاڵی ئینساندا هەیە بۆلەناوبردنی ئەو دەسەڵاتە سیاسیەی جێگیربووە.

زمان لەسروشتەوە بۆ مەبەست

بەگشتی مرۆڤ جگەلەزمانی دەرووبی, خاوەنی دوو جۆر لەزمانە, (زمانی سروشتی و زمانی دەستکرد). زمانی سروشتی ئەو زمانەیە کەلەرێگایەوە رێژانە دیالێگ دەکەین و لەیەکتر تێدەگەین, زمانی دەستکردیش ئەو زمانەیە کەلەچەند کۆدەکە و نیشانەیەکدا و بەمەبەستێکی تایبەت

دروستمان کردوون و گەشەی کردووە, بۆنمونە (زمانی سیمبول) واتە سیمۆلۆژیا (ئاماژە) کەلەماتماتیکدا نازناوی (شیمی) یان (کۆدی) لێنراوە و لەهوونەری شانۆییشدا کاری پێدەکرێت, ئەو زمانە ناڕاستەوخۆیە کەبەشێوەیەکی تر ئاراستە دەکرێت, لێرەوە تێدەگەین کەزمان لەنێو سیستمدا کردارێکە لەبەرئەنجامی خوێندنەوەگەریە و پشت بەبایەخی خودی هۆشیار دەبەستێت, بەرای سۆسێر (پراکتیك) لەزماندا واتە کۆنتێکستی ژینگەیە و جێگرەوەکەشی ئەو شتانەیە کەئاماژەی بۆدەکرێت, لەلایەکی ترەوە پێی وایە سیمۆلۆژیا بەشێکە لەکۆمەناسی و درێداش دواتر ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ" پەیوەندی بەهوشیاریەوە هەیە" (6)
دیالیکتیکێك کەمارکس لەزمانی سیاسەتدا کەکی لێوەرگرتووە, فەلسەفەیەکە لەگەڵ هەموو کولتورەکاندا تەماهی دەکات, بەومانایەی کەگوتاری یەکگرتنی کرێکاران لەهەموو دونیا, گوتارێکە بەبێ لەبەرچاوگرتنی مەزهەب و ئیتنیك و تراديشنەکان دەگاتە بیری هەرکەسێکی ئەم سەرزەمینە, چونکی ئەو سیستمەی کەکەوتە بەر رەخنەی مارکس, بەئاشکرا چینەکانی لەبەرامبەر یەکتردا راگرتبوو, بەئاشکرا چینەکان لەبەرامبەر کۆبەرکێدان, هەبەت تاکۆتایی هاتن بەو سیستمەش جیاوازی چینەکان هەردەمێنێت, کەوابوو زمانێك کەمارکس لەرووی سیاسیەوە پشکەشی کردووە, لەواقیعی ژیانی رۆژانەی کرێکاردا تێگەیشتنی ئاسانترە لەوەی کەبەزمانی فەلسەفە توێژینەوە, لەسەر گۆڕینی ژیانێکی باشتر بکرێت و کۆمەڵگە ئۆرگانیزە بکرێت, بەپراکتیك کردنی گوتاری یەکگرتن, نەهێشتنی جەهەنم و هێنانە ئارای بەهەشتێکە کەئینسان لەرگەی قودرەتی خۆیەوە دەتوانێت ژیانی تێدا بکات, هەر شێوشێك لەمێژووی کۆمەڵگەی بەشەریدا بووە, زمان بەشێك بووە لەئیشکالیاتەکانی, نەگەیشتنی فەلسەفەی لاهووتی لەرگەی ئاینەکانەوە, بەشێوەیەك لەشێوەکان نەگەیشتنی زمانی دەقەکان بووە.

رۆژنامە… تریبۆنێك بۆگەیاندنی گوتار

بەرلەوەی مارکس دەست بۆ کاری رۆژنامەوانی بەرێت, خەریکی نوسینەوەی کتێبی (خانەوادەی پیرۆز) بوو, پاشان بوو بەکارێکی هاوبەش لەگەڵ ئەنگڵس دا کەوەڵامی هێگڵیە لاوەکان بوو, دواجار کەبیر لەوە دەکاتەوە لەرگای رۆژنامەوە وەکو کایەکی گرنگ بۆ بڕاو کردنەوە و گەیاندنی گوتاری سیاسی و فەرهەنگی و موناقەشە فەلسەفیەکان و ئاشنا کردنی کریکار بەبزووتنەوەیەکی چالاك و دژ بەسیستمی سەرمایەداری, دواتر لەرگای رۆژنامەی (پشکەوتنی) فەرەنسیەوە کەلەپاریس دەردەچوو بۆچوونەکانی بڕاودەکردەوە,

ئەوەبوو پۆلیسی ئەو وڵاتە ڕگەیان لەبڵاکردنەوەی نوسینەکانی گرت و ناچار کرا بەرەو بڕکسل سەرهەبگر, لەوێش بەهەمان شێوە لەلایەن پۆلیسەوە ڕگەی لێدەگیرێ نوسینە سیاسیەکانی بڵاوبکاتەوە, دواجار ناچار دەبن لەگەڵ ئەنگەسدا, بەیانێك بەناوی مانیفێست دەربکەن, وەك یەکەمین بەیان بۆدانانی حیزبی کۆمۆنیست هەروەك پێشتر باسمان لێوە کرد.

ئەگەرچی مارکس بەردەوام لەژێر چاودێری پۆلیسدا بوو, دواجار ناچار دەبێ ڕۆژنامەی (new rainsh ziytong) دەربکات و ببێتە سەرنووسەری ڕۆژنامەکە, لەبەر ئەوەی لەورۆژنامەیەدا بیربۆای سیاسی دژ بەدەوڵەت بڵاودەکرایەوە, لەساڵی 1849 بەبیانووی ئەوەی کە کرێکاران هاندەدات و ڕۆژنامەیەکی تەحریزیە ڕۆژنامەکە دادەخرێت, دواتر وەکو گۆڤارێکی مانگانەی سیاسی ئابووری دەریدەکرد, هەبەت مارکس ڕۆژنامەی تەنها بێ بڵاوکردنەوەی بیرو بۆچوونی سیاسی و بەتایبەتی کۆمۆنیستی نەبوو, بەکو بەشێکی کارەکەیان بڵاوکردنەوەی ئەو دیکۆمێنتە نهێنیانە بوو کەلەدادگای پۆلیسەکاندا هەبوو, ئەوەبوو حکومەت ناچار بوو نامیلکەیەك بەناوی نهێنی دادگایی کردنی کۆمۆنیستەکان لەشاری کۆڵن بڵاوبکاتەوە, پاشان لەساڵی 1855بەناچار لەڕۆژنامەی (new odrzaytong) نوسینەکانی بڵاو دەکردەوە, لەساڵی 1859 لەگەڵ ئەنگەسدا ڕۆژنامەی (گەل) یان دەردەکرد, لەساڵی 1862 لەڕۆژنامەی (پرۆس) دەینووسی کەڕۆژنامەیەکی زیاتر هوونەری بوو, لەساڵی 1865 لەڕۆژنامەی (سۆسیالیستی دیموکراتی) بۆچوونەکانی دەنووسی.

هەبەت ناوهێنانی ئەو ڕۆژنامانەی کەمارکس کاری تێدا کردوون و نوسینی بڵاوکردۆتەوە, ئەوەندە گرنگ نین, بەقەد ئەوەی گرنگیەکەی لەوەدایە کەئەو ڕۆژنامەی وەك تریبۆنێك بەکاردەهێنا بێ گوتاری سیاسی و کۆبەرکێی حکومەتی پۆوسیا و سیستمی سەرمایەداری, بەمەش توانی کاریگەری راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەسەر خوێنەر و چینی کرێکارانەوە هەبێ و پشتگیری لەقسەکانی بکەن.

_____

سەرچاوەکان

1: گۆڤاری سەردەم ژمارە 14 فایلێك لەسەر مارکس

2: دەسنووسە فەلسەیەکانی مارکس . لەسایتی مارکسیزم وەرگیراوە

3: (ڕۆگوزەری بیری سیاسی, ستیڤن ئێرك لیدمان. وەرگێڕانی لەسویدیەوە, ئاسۆس کەمال1997 ل 12

4: ڕۆژنامەی ڕگای کوردستان ژمارە (712) 11/11/2006 .

5: کتێبی (اگیاف ماركس) جاك دریدا ترجمه نز عیاشی. ل23
6: علم اللغه. دی سۆسێر

لەبارەی ریفراندومەوە … سمکۆ محەمەد

. کائینێکی بەراویزخراو لە سیاسەت روشنبیر …

دوای ئەوەی سەرکی هەریم لەگەڵ بەشیك لە حیزبەکان کەبووەو لەسەر راگەیاندنی دەوڵەت، ئەمەش مقەمقەی زۆری لیدەپەیدا بووو کە کەمەگەی کوردستانی دابەشی سەر دوو بەرەی دژ بەیەك کردووە، یەکێك پشتگیری ریفراندەم دەکات و ئەویتر دژیەتی و هەردوولاش یەکتر تەخوین دەکەن، سەرباری ئەوەی کە تویژیك هەیە کاریگەری هەیە لەسەر بابەتە هەستیارەکان، کەچی سەرکی هەریم تائستا ئەو کائینە بانگ ناکات کە رۆشنبیرە و زیاتر تەدگەن لە چارنووسی نەتەوەیەك و بڕپرسن لە تیگەیشتن لەو پرسی کە هەندەی پێوەندی بە فەزای گشتییەوە یە، نیو ئەوەندە پێوەندی بەفەزای تایبەتی سیاسی و حیزبە کوردیەکانەوە نییە، بەتایبەتی ئەو دەخی کە کاریگەرییەکی لەسەر هەموو تاکەکی کوردی کردووە کە تەنها گوێ لە حیزبەکان و میدیاکانیان بگرێت و رۆشنبیر پشتگوێ بخرێت کە لەراستیدا ئەوانیش بەشەك لەو فەزا سیاسیە، بەڵام خوقاندنی وەها دەخەك زەمینەی بە رۆشنبیر خۆش کردووە کە وەکو کائینەکی دەست و پێ سپی شانی خۆی لەو پرسە گرینگانە خاڵی بکاتەوە.

ئەگەر رۆشنبیربوون پێوەرەك بێت بە گەانەوە و بڕگریکردن لەبەهاکانی کەمەگە و تەوانینەکی ستوونی جیهانبینی بێت کە رۆشنبیر وەکو کائینەکی بەئاگا لەکایە جیاجیاکان، گوایە کاری خۆی لەدەرەوەی چالاکیە کەمەایەتیەکان ئەنجامدەدات. دەبێت چیتر لە رۆشنبیری دەسەڵات نەپرسین، بەڵکو لەدەسەڵاتی رۆشنبیر بپرسین کە بەدەسەڵاتی مەعریفی ناسراوە، بۆچی چارنووسی ئەو کەمەگەیە بەبێ پرسی ئەوان دیاری دەکرێت و ئەمانیش تەنها بینەرن، چونکە ئەگەر دەسەڵات و رۆشنبیر لەو پرسانەدا وەکو دوو دیوی دراوەك نەبن، واتە

مەعریفەخوازی جۆرە هەوەسکی دیکەیە لەلایەن کارەکتەرە چالاکەکانەوە بە گەیشتن بەجۆرەک لەدەستەواتخوازی، کەواتە ململانێ لەسەر چارەنووسی سیاسی و ژیان هەیە، چونکە ڕەشنبیر نییە لەزەینی خەیدا هەڵگری جۆرە غەریزەیەک نیبەت بەگەیشتن بەدەستەبات، بەوپەیەی کە دەستەبات بەخۆی جۆرە غەریزەیەکە لەمەشکی هەموو تاکەکدایە، سابا ئەو دەستەواتە سیاسی، یان فکری یان ئاینی بێت، لەڕووەیە ڕەشنبیری سیاسی و سیاسەتی ڕەشنبیر دەردەکەوێت، مەبەستم ئەوەیە کە ئەگەر ڕەشنبیر سیاسی بوو، پێنجە بە ئامانجەکان دریژ دەکات، ئەوەش کەسیاسەتی ڕەشنبیرە، ئەوەیە کە لەپێناو سیاسەتەکدا دەست لەسەر ئامانجێکی دیاریکراو دادەنێ و سیاسەتێکی دیکە دەکاتە ئامانج، یان ئەوەیە کە هەوڵی ناموکین دەدات هەروەک عەلی حەرب دەڵێ (مەبەستمان لەوزیفەی ڕەشنبیر ئەوانیە کە ئیدیالیزم، ناچار بەماتریالیزم بکات، بەپێچەوانەشەوە ماتریالیزم ناچار بەئیدیالیزم بکات. بەکو وزیفەی ڕەشنبیر ئەوەیە بەرهەمی فکری هەبێت)، ئەم وانەیە بە ئەوەیە کە بەشەک لە ڕەشنبیران بەو کۆشەیەوە خەیان سەرقاڵ کردووە، ئایا دەتوانن لەڕگەی ماتریالیزمەوە کە فیزیکی و فکری دیالیکتیکیە دەبە ململانێی ئیدیالیزم بکات و گەمەکەش بباتەوە و بەخەکی بفرەشتەوە، لەحاەکدا ئەمە نەکاری ڕەشنبیرە و نە بە فکریش چارەسەر دەکرێ، بەقەد ئەوەی بە سیاسەت یەکلایی دەکرێتەوە ئاین و تونەدەوی و سیاسەت و دەستەبات و دەوڵەت لەیەکتر جودادەکاتەوە، بەیەش باس کەدێتە سەر دەوڵەتی عیلمانیەت، باس لە جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت دەکرێت.

شەوەیەکی دیکەی تەوانین هەیە کە پێی وایە دەستەباتی مەعریفی جۆرە دەستەباتێکی دیکەی نادیارە، کە (ئیدوارد سەعید) بەپێی جیهانبینی خۆی پێی وایە وەاتانی دواکەوتوو شوێنپێی ئەژئاوایەیکانیان هەڵگرتووە، بەمانایەکی دیکە بەئەژئاوایی کردنی جیهان لەووی کولتوریەوە مەرجی خەبەستنەوەی زاڵ کردووە بەسەر بیر و بەچوون و کولتوری ئەژهەبات. لەڕووە ئاماژە بەوە دەکات کە تیۆرێی مەدەرنیتە وەک شتەک درێژە پەدەری قوتابخانەی ئەژهەباتناسیە. ئەم خەستەتە لەڕەشنبیری کورددا نابینرێت، وەختەک دەبینین لەپێناو سیاسەتەکدا فکری ڕەژئاوایی بەسەر کوردستاندا زاڵ دەکات و خەشی دەخاتە دەڕوەی بەرپرسیارێتی و تەنها تیۆرەکە پەشاندەدات و لەدەخەکی سیاسی وەکو ریفراندەم کە ئێستا گرینگترین پرسی کوردیە، خۆی یەکلایی ناکاتەوە، چونکە دەست و پێ سپیە.

إ

لەبارەی فێمینزمی کوردیەوە … سمکۆ محەمەد

مەسەلەی ژن .. مەسەلەی کۆمەڵگەیە ……

فێمینیزم چییە؟ ……

فیمینزم رەوتێکی فکری رادیکاڵی ژنانە دژ بەسیستمی باوکسالاری لەکۆمەڵگەدا، ئەم رەوتە لەئەنجامی تووندوژی بەرامبەر بەژنان هاتۆتە ئاراوە، تەنانەت ئەوکاتەی کە ژنان تاڕادەیەك ئازادبوون لەنێو حیزبە سیاسیەکان، ژنان لەچاوی پیاوانەوە بە پلە دوو هاتوون، دواتر ئەم رەوتە فێمی گۆڕا بۆ رەوتێکی تووندڕەو بەرامبەر بەپیاو لەرژئاوا، بەتایبەتیش سیستمی قەشەسازی و پاپا و کڵێسا تەماشای بوونی ژنانیان دەکرد، ئیدی چەمکەکە لەپزیشکیەوە بوو بەرەوتی فکری سیاسی ژنان و درێژەی کێشا تائەو رادەیەی رژهەڵاتیشی گرتەوە. هەبەت "بۆیەکەمجار زاراوەی فیمینیزم (feminzme) سەرەتا بەشێوەی نیمچە بابەتێکی پزیشکی بەزمانی فەرانسەیی بۆ گەشەی ئەندامەکان و تایبەتمەندی رەگەزی نەخۆشەکانی ژنانو دواتر بەتایبەتی بۆ پیاوێك کە پزیشکەکان وای بۆدەچوون پزیشکەکان کە هەندێکجار پیاوان جەستەیان لەژن نزیکە و (tenssexwal) یان ئەو پیاوانەی بەجەستەی خۆیانەوە ئازاریان دەکێشا، پاشان ئەلکسەندەر دیری نوسەرێکی ناسراوی فەرانسەیی بوو، ئەو زاراوەیەی لەنامیلکەیەدا بۆ ئەو ژنانە بەکارهێنا کە مێردیان هەیە و بەرواڵەت وەکو پیاو هەڵسوکەوت دەکەن" .. (1)
بۆچونێکی دیکە هەیە کە فیمینزم چەمك و دەستەواژەیەکی یاسایی نییە و لەساڵی 1873 هاتۆتە نێو کولتوورەی فەرانسەییەوە و دواتر تایبەتمەندی وەرگرتووە و هەڵگری پێناسە و پێکهێنەری رێبازێکی تایبەتی وەرگرتووە و پاشان پاشگری ئیزمی بۆ زیاد کراوە، چونکە بووە بە ئایدیایەك لە ئایدیاکانی یەکسانیخوازی ژن و پیاو لەژیاندا، ئەو رەوتە پێشتر تووندڕەو نەبوون، چونکە ئیلهامیان لەو تێگەیشتنەی مارکس وەرگرتبوو کە دەیگوت " لەسیستمی سەرمایەداریدا ژنان کۆیلەن لەژێر دەستی پیاو و هەتا یەکسانی بەدەست نەیات، ژنان بەکۆیلەیەتی دەمێننەوە". دواتر کەسانی وەکو (ڕۆژە کاوز و سیمین

دی بۆقارا) و دەیان ژن دەرکەوتن پشتەوانیان کرد و بوون بە تیوریستینی ئەو رەوتەو و تونديەوی تکەوت.

(میری دیلی) وەکو کۆمەناسك لەراپۆرتکدا لەبارەی ژنانەوە کە لەژێر کۆنترۆڵی پیاوان و سەرکوتیان دەکەن ئەنجامیداوە و دەڵێ " وەختك پیاوان بانگەشەی خاوەندارێتی کەرەستەی ژیانی بەکارهێناوە و دابینی کردووە، هەروەها وەکو خاوەن جەستەیەکی بەهێزی جومگە، هێزی کاری دابینکردووە، ئیتر هاوسەرەکانیان دەکردن بە بەخۆوکەری منداڵ و دەیانخستنە ژێر کۆنترۆڵی خێزانەوە و پەراوێزیان دەخستن". هەروەها دەڵێ پیاوان کەکیان لەزەبر و زەنگ بەرامبەر بە ژنان وەرگرتووە، ئەم رەوتە لەسەدەی 19 زیاتر سەریهەڵداو بوو بەباو لەنێو ژنان و بەتایبەتیش لە رۆژئاوا، دواتر گەشەی کردوو و رەوتەکە گەیشتە رۆژهەڵات و بەتایبەتیش ئەو کۆمەڵگەیانەی کە بەکۆمەڵگەی ئیسلام ناسراون، (قاسم ئەمین) نوسەرێکی بەرەگەز عەرەبە و لەکتێبی (المراه الجديده) دەڵێ پێشتر هەوڵك لەنێو دونیای عەرەبی ئیسلامیش هەبوو ژنان لەدژی پیاوان بێنەدەنگ نەبن و داوای مافی خۆیان بکەن، بەڵام شەریعەت ئەوەی بە ژنی دانابوو دەبوو پەیڕەوی بکات و ئاینیش بەچوونی کۆنکریتە و نەدەبوو بگۆڕێت، بەڵام بە ئەوەی ژنانی ئیسلامیش کەمێك لەزەبر و زەنگ و کوشتن و پەراوێزخستن دوور بکەونەوە، لەوێوە دەستیان پێکرد سەرەتا لەگرینگیدا بەنەخشی ژنان و بردنیان بە نەخشخانە و چارەسەریان لەو سەروەختەدا و دواتر چوونیان بە بەرخوێندن و پاشان مافە کۆمەڵایەتیەکان و شوکردن بەئارەزووی خۆیان و هتد، بەڵام ئەمە تەنها لەنێو ئەشراف و بنەماڵە ناوداڕەکان بوون، چونکە ژنەکانیان بەناز بوون لەلایەن پیاوانەوە، بۆیە نەبوو بەعادەت بە ژنانی وەکو بنەماڵە ئاساییەکان، (د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام لەو کتێبەی وەریگێراوە بەناوی (ئەفڕاتێن و ژن) باس لەوە دەکات کە بەشێك لەو هۆکارانەی کە ژنانی خستۆتە ژێر رکێفی پیاوانەوە، پەیوەندیان بەفەلسەفەوە هەبووە و فەلسەفە کاریگەری زۆری هەبووە، مەسەلەی هۆکاری لاوازی جەستەی ژنان کە لەرگەی فەلسەفەی کلاسیکیەوە هاتۆتە بەرباس، ئەو تگەیشتنەی بە کۆمەڵگەکان دروستکردووە و سەپاندوویەتی و بەتایبەتی لەسەردەمی یۆنانی کۆندا هاتووە، کە ژنان ناتوانن سەرکردایەتی بکەن، مەگەر دەگمەن ژنێك هەبکەوێ لەکۆمەڵگەیەك سەرکردایەتی پیاو وەکو مێژوو باسی دەکات، تاقمێکی تر لەفەیلەسوفان باس لەوە دەکەن تازە بوونی ژن بە بەرهەمهێنانی منداڵ و بەخێوکردن و خێ ئامادەکردن بۆ بەتاکردنەوەی سێکسی پیاوان، وەکو حاڵەتکی سرووشتی لێهاتووە و بووە بەنەریت و عادات

و تەقالید و بەشکی زۆریش لەیاسا، کەواتە هەوڵەکان بۆ ڕزگارکردنی ژن تەنها لەپێدانی هەندێ مافی ئینسانی و شارستانی و کارکردن دەبێت، نەك بە سیاسەت و کاری قورس کە نەجەستەی ژن ڕێگەی پێدەدات و نە بواریشی هەیە بتوانێ لەیەك کاتدا هەموو ئەو کارە سرووشتیانە و کاری دیکەی سەرکردایەتی و کارگێڕی و شەڕ و هتد بکات، هەندێك لەو ژنانەی کە وەکو فیمینیست خۆیان نیشاندەدەن، نەك هەر لەبواری فەلسەفە و فکرەوە وەڵامی ئەم باسەیان پێنیە، بەکو ناتوانن ئەو فکرەیەی کە هەیە بەخودی ژنانیشی بگەنن، چونکە هێشتا بەچاوی سۆز و بەزەییەوە تەماشای کێشەی کێمەگە دەکەن و بەمەسەلەی ژنان پێناسەی دەکەن، لەحاڵێکدا مەسەلەی ژن مەسەلەی کێمەگەیە، ئەگەرنا ژنێك لەهەر کونجێکی دونیا کێشەی هەبێت بەبێ پیاو یان برا یان باوك و کەسوکار کێشەی نییە، بۆچی دەبێ پیاو دژی ژن بێت، بەڵام سیستمی سیاسی لەبەرچاو نەگیرێ، ئەمە لەکاتێکدا سیستمی سیاسی ژنی کردووە بە پلە دووی کێمەگە بەدرێژایی مێژوو، نەك پیاو .

گێشەگێری ژنان

ئەگەرچی هیچ شەرع و یاسایەك و نەریتێك ڕێگەنادات ژن گێشەگیر بێت، بەڵام ئەم حاڵەتە لەهەموو کونجێکی دونیادا بە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشەوە بوونی هەیە، بێ نموونە لەوڵاتانی ئەسکەندەنافیا بەهۆی کەشوهەوا و نەبوونی پەیوەندیەکی پتەوی کێمەایەتی و بەهۆی تاك گەرایی و ئازادی لەرادەبەدەری تاکەوە، هەروەها بەهۆی ئەو ئازادیەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە بەدەستوور و یاسا ڕێکخراوە و فەزڵیان بەسەر پیاوانەوە هەیە، گێشەگیر بوون و زۆرجاریش ئەو گێشەگیرییە دەبێتە هۆی خۆکوشتن، لەوڵاتانی ئەفریقا نەریتێك هەیە کە ژن دەتوانێ بەتەنها بژی و پێویستی بەپیاو نەبێ، ئەم نەریتە بەقسەی کێمەناسەکان گورزێکی کوشندەی لەژیانی سروشتی و خێزانداری و سێکسی ئاسایی داوە و چارەسەریشی ئەستەمە، چونکە بووە بەنەریت و ئاسان نییە بگۆڕێت، لەکوردەواریشدا ئەمە بەشێوەیەکی تر‌ە کە گێشەگیری مەرج نییە ژن بەتەنها بژی تاکو دوچاری ئەو حاڵەتە ببێتەوە کە گێشەگیر بێت، بەکو زۆرجار بەناچار لەنێو خەڵك و کێمەگەشە، بەڵام هەمیشە هەست بەتەنهایی دەکەن، یان ئەوەتا بەهۆی جەستەیانەوە کە زۆرجار یان توشی شۆکی پیاو و خێزان بوونە وینەی ناشیرین و ئەزموونی ناحەزیان بینیوە و بیستووە لەگێرانەوەی چیرۆکە خەمناکەکانی کێمەگە کە چۆن ژنان بوون بەقوربانی سیکس و خێزان و هتد، ئیتر ئەمە بێتە هۆی گێشەگیر بوون، یان ئەوەتا بەهۆی هارمۆنی تێکەڵاوەوە لەجەستەیان کە هەندێکجار

ئەندامی زایەندیان نەرە و بۆخۆیان بەجەستە و بەرواڵەت ژنن، ئیدی ناتوانن وەکو پێویست وەکو ئینسانی ئاسایی هەڵسوکەوت بکەن لەنێو خەڵکدا، بۆیە بەناچار دەبێ گۆشەگیر بن و نە شوو بکەن و نەتکەڵاوبن، نەك تووشی تەشیر و سوکایەتی ببن، بەڵام لەگەڵ تەنها بوونەوەیان بەهۆی نەمانی کەسوکار لەدەوروپشتیان یان مردنی ئەوانیدیکەی کەسوکار، کەسەکە بەتەنها دەبێتە کەرەستەی ئەوانی تر بۆ گاڵتەجاڕی و سوکایەتیپێکردن، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە هیچ یاسایەك نییە بەرگری لەژیانی ئەم جۆرە کەسانە بکات، یان بەرگری لەمافیان بکات و مومارەسەی ژیان بکەن وەکو ئەوانی تر، بۆیە زۆرجار خۆیان دەکوژن یان بزردەبن لەکۆمەڵگە و تووشی حاڵەتە ناسروشتی دەرونی دەبن و کۆشە بێ کۆمەڵگە و دەوڵەتیش دروست دەکەن، ئەم حاڵەتە لەرۆژئاوا ئاساییەوە دەوڵەت یانەی شەوان و دکتۆری تایبەت و سەندیکای تایبەت و ژیانی تایبەتیان هەیە بەهۆی کولتووری رۆژئاوا، بۆیە بەشێك لەکۆشەکانیان چارەسەر کراوە، بەڵام لەکوردستان وەك ئەو هەموو رێکخراوانەی دەربارەی ژنان کار دەکەن، باسی ئەم کۆشەیە ناکەن و بەدوایدا ناچن کە لەکۆشەی ژن کوشتن مەترسیدارترە و کۆشەی گەورەی هەنوکە و داهاتووی کۆمەڵگەیە.

جۆرێکی تری گۆشەگیری ژنان لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە بەهۆی حاڵەتی نائاسایی و شێ و ماوڕانی و نەبوونی ئەمنیەت و جێگیربوونی کۆمەڵگە، رۆژەی هاوسەرگیری کەمدەبێتەوە، بۆیە قەیرە کچی رۆژەکەی بەرەو هەڵکشان دەچێت و دەبێتە هۆی گۆشەگیرییان، بەپێی راپۆرتێکی یەکێك لەرۆژنامەکانی کوردستان ساڵی 2009 ئامارێکی چنگ کەوتبوو، دەڵێ لەکوردستان تەنها ئەوەی بەدەستی دەزگا تەندروستی کۆمەڵایەتیەکانی حکومەت گەیشتووە، ژمارەی قەیرەکچ، نزیکەی 700 قەیرەیە لەکوردستان و زۆربەشیان ئامار دەستی پێانەگەیشتووە.
ئەم حاڵەتە بەپێچەوانەوە بێ ئەو پیاوانەش کە بەجەستە پیاون بەئەندامی زایەندنیان ژنن یان هەر نیانە، بەهەمان شێوەیە کەکۆشەی ئازادی و هەبژاردنی شێوەی ژیانیان هەیە، ئەمان بەهۆی ئەوەی لەدەرەوەن وەکو ژنان نین بشاردرێنەوە، هەم بێ کاتی هاوسەگیری زۆر و فشاریان بۆدێت، هەم سوکایەتیان پێدەکرێ کە پیاو نیین و مەرجی پیاوەتیان نییە و سوکایەتیان پێدەکرێ، بێ نموونە لەرابردوودا چەند دیمەنێکی وەها لەلایەن پۆلیسی عێراقیەوە لەیوتوب بڵاوکراوەتەوە، ئەو کوانەی بەرواڵەت پیاون و بەجەستە سینگیان و ئەندامی زایندیان مێینەیە، بەزۆر رووتیان دەکەنەوە و سوکایەتیان پێدەکرێ، لەبەرامبەر ئەمەشدا نە یاسا هەیە کە ئەو کەسانە سزا بدات یاسا پێشێل دەکەن و خۆشیان پیاوی بەناو یاسان، نە لەرووی

نەریت و شەرعەوە بەرگریان لێدەکرێ، بۆیە دەبێ بەناچار گۆشەگیر بن لەدیوی ماڵەوە، یان ئەوەتا خۆیان بکوژن.

فێمینستەکان لەهەموو بوارەکان زەحمەتکێکی زۆر بۆ کێمەگە دەخوڵقێنن، لەوانەش مەسەلەی ڕەگری لەزیادکردنی ئینسان وەکو منداڵ بوون لەلایەن ژنانەوە، ئەمە دەڵێم مەبەستمە باس لەو تێگەیشتنە بکەم کە لەزۆر شوین هەیە و تاڕادەیەکیش لەنێو کێمەگەی ڕۆژهەڵاتیش بوونی هەیە، بێ نموونە ئەو تێگەیشتنەی کە فیمینستەکان بێ ژنانیان پەخشکردووە، ئەوەیە کە ستەمی سەر ژنان و کێلە بوونیان لەمۆوودا، دروست و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پیاوانەوە هەیە و بێ خۆشبەختی پیاو بووە و هیچی تر، تاکو بێ موڵك و ماڵ پاراستن کەڵك لەو کۆو کچانە وەربگرن کە لەبەرهەمی ژنەکانیانە، بۆیە ژنەکان ڕەگەیان نەدەدا منداڵیان لەپیاوەکان ببڕێت، لەبەر ئەوەی تێگەیشتنە وەها کەوتبێوە کە ئەگەر ژنان منداڵیان ببڕێت دەبێ دوور بکەونەوە لەهەر چالاکیەك کەوەکو پیاو بیکەن، هەر دەبێ خەریکی منداڵ هێنان بن و منداڵ بەخۆو بکەون و ببن بەکارێکتەری ماڵەوە و نەیەنە دەرەوە وەکو پیاو، لەبارێکی تردا بەو هۆیەوە بوو کە فێمینستەکان ژنانیان وەها تێگەیاندبوو کە نابێ ژن ئەوەندە خۆیان بەکەم بزانن و لەکاتی سێکس کردندا تەنها بێ بەتاکردنەوەی غەریزەی سێکسی پیاو بن و دواتر سکیان پڕبێت و منداڵ بێ پیاو بهێنن، ئەمە دەبووە هۆی ئەوەی کە نابێ ژن خۆی لەو کاتەدا ببینێ کە سوك دەبێ لەبەرچاوی پیاو و سکی پڕدەبێت، ئەمە بوو بەنەریتێك بێ ژنان کە دوور بکەونەوە لەپێکهێنانی خێزان لەلایەن ژنانەوە، سەرەتاکەشی لەو مۆووەوە وەرگیرابوو وەکو نەریت کە لەئوسترالیا و گینەی نوێ و ئەفەریقا و مایکرۆنێزیا ئاسام ویرمانی خواروی ئامریکا و چەند شوێنکی تر، ئەم نموونەیە لەباکوری پاپوا هەبووە و خراپتریش، بێ نموونە هیچ ژن و پیاوێك بۆیان نەبووە لەیەکتر نزیك ببنەوە لەشوێنە گشتیەکاندا، ئەگەرچی ژن و پیاوی یەکتریش بن یان دایکی منداڵی پیاویش بێت، بۆیە خێزان هیچ مانایەکی نەمابوو لەئەنجامدا هاورەگەزی دروست بوو، بەومانایەی پیاو لەگەڵ پیاودا سێکسیان دەکرد و ئێستا بەشێوەیەکی دیکە لەهەمودونیادا بووەتە باو، هاوڕەگەزی بەیاسا ناسراوە و دیسان یانەی تایبەت و شوێنی تایبەتیان هەیە وپارێزراون لەلایەن دەوڵەتەوە، فێمینیستی کوردی ئەگەر هەبێ وەکو ڕەوتێك یان دیاردەیەکی ڕۆکخراوەی ژنان، کەمو زۆر بەلای ئەم کێشانەدا ناچێت، جگە لەوەی باس لەدروستکردنی شەتەر بکات بۆ پاراستنی ئەو ژنانەی کێشەی خێزانیان هەیە، یان لەنەریتی کەمەگە لایانداوە، بەڵام چارەسەری ئەو ڕۆکخراوانەش لەچوارچێوەی

سێز و بەزەیی بۆ ژنان دەرنەچووە، یان ئەوەندەی خۆیان بەو ژنانەوە خەریك کردووە کە لەسەنتەرەکانن و بازرگانیان پێوەدەکەن بەشێك لەرێکخراوەکان، ئەوەندە باسی هۆشیاری ناکەن کە ژنان چۆن بتوانن ببن بەخاوەنی ئیرادەی خۆیان، یان چۆن نزیك ببنەوە لەدروستکردنی بۆیار لەسەر چارەنووسی کۆمەڵگە..

بەکاڵاکردنی ژن لەبازاڕ

نزار قەبانی دەڵێ " لەهەموو شتێك سەیرتر ئەوەیە ببینم، ژنان خۆیان ستەم لەخۆیان دەکەن".
لەپەراوێزی ئەم دێڕەی شاعیری ناسراوی عەرەب نزار قەببانی دەمەوێ ئەوە بڵێم کە کێشەی ژنان کێشەی رەگەزێکی دیاریکراو نییە، یان باشتر بڵێم کە ژنان خۆیان بەشێکی گەورەن لەخوێقاندنی ستەم لەسەر خۆیان، خۆ بەکاڵاکردن تەنها لەیانەی شەوان و سێکس فرۆشتن و مەلهاکان نییە، بەقەد ئەوەی خۆ بەکەمزانین و خۆفرۆشتنە بە پیاو لەلایەن ژنەوە بەرامبەر بەوەی سەرەتا دەبێت کوڕ داوای کچ بکات وەکو کاڵایەك لەماڵی باوکی ژن، دواتر خەرجیەکان بەشەهامەتەوە بخاتە سەر شانی، وەکو ئەوەی لەخوارەوە باسی دەکەم.
هەبەت لەخۆڕایی نییە کە مەوقیعی کۆمەڵایەتی و ئابووری ژنان کەوتۆتە چێشتخانە و ئەکرێ پەروەردەکردنی منداڵ و هتد، بەکو لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە لەسەرەتای شوکردنی کچ بەکوڕ و سەپاندنی بەرپرسیارێتی لەسەرەتای هاوسەرگیرییەوە سەرهەڵدەدات، مارەیی و پێشەکی و کۆینی ماڵ و پێداویستی و کەرەستە و تێچوونی ئاهەنگی هاوسەرگیری و کۆینی خشڵ و زێڕ و کەرەستەکانی تر و گرتنی خانوو و هتد، لەلایەن ماڵی کچەوە بەسەر ماڵی کوڕ، یەکێك لەکێشە هەرە گەورەکانی کۆمەڵگەی کوردیە، لێرەوە بەکاڵاکردنی ژن بۆ موکداریتی پیاو دەستپێدەکات، فەمینیستەکان ئەم باسەیان شینەکردۆتەوە بۆ کچان و بنەماڵە و نەریتی کۆمەڵگە و نەهێشتنی لەرووی یاساییەوە لەرێگەی میدیا و هۆکارەکانی دیکەوی گەیاندنی ئەم تێگەیشتنە سوننەتیی و پێ لەکێشەیە، کەچی باس لەمافی ئافرەت دەکەن کە لەراستیدا سەرتای مافی ئافرەت لەکۆمەڵگەی نەریتخواز و کۆنەپەرست و دواکەوتوو و پیاوسالار و هتد، لەم بەکاڵاکردنەی کچانەوە دەستپێدەکات کە پیاوان بەخاوەنی ژنان بزانن و رێگەنەدەن ژنان وەکو پێویست بچنە دەرەوە و ئیرادەیان هەبێت لەهەموو بوارەکاندا.

ئەمە بەشێکی بەبازاڕکردن و بەکاڵاکردنی ژنانە، بەشەکەی دیکەی ئەوەیە کە لەبازاڕی سیاسەتدا ژنان وەکو کەرەستەی ریکلام بەکاردێن

بۆ هەموو پێداویستیەکی ژیانەی ئینسان، ئیدی هەر لە شامپۆ وە بگرە تاکو ماشین و کەرەستەی نێو ماڵ، ئەم بەکاڵاکردنە تەنها بۆ ستەمگەری لەسەر ژنان نییە لەلایەن پیاوانەوە، بگرە لەوێوەیە کە سیاسەت ڕێگریی یەکەمی ئەم باسەیە کە دواجار بازاڕی پێگەرم دەکات و هاوکێشەی سیاسی لەبیر خەڵك دەباتەوە، خێشگوزەران کردنی خەڵك بەشێکی لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە دەوڵەت و سیستم، بۆ ئەوەی یاخیگەرێتی لەسیستم و شەرع و یاسا و هتد ڕوونەدات، هەرچی زیاتر مەسەلەی ژنان دەکات بەدوو بەشەوە، هەم هێشتنەوەی ژن لەژێر دەستی پیاو بەیاسا، هەم دروستکردنی فەزایەك بۆ ئازادی ژن تاکو ئازادبوونی خۆیان لەوێدا ببینن کە پێشاك و خۆ ڕازاندنەوە و موکداری و وەگرتنی وەزیفەی ئاسان و سەفەرکردن و هتد، بۆیە باڵانسکردنی یەکسانی بەم شێوەیە لەنێو ژن پیاودا لەسیستمی جێگری ئێستادا بەیان کراوە و بووەتە تێگەیشتن.

مەسەلەی ئەخلاق و پاراستنی نەریت و هێشتنەوەی ئەو دەسەاتەی کە لەئەسڵدا بەدەست سیستمی سیاسیەوەیە، دواجار ڕادەستی پیاو کراوە بۆئەوەی هاوکێشەکە بەهەواسراوی بمێنێتەوە، ژنان ئەمەیان پشتگوێ َخستووە و بەتایبەتیش ئەو ژنانەی ڕکخراویان هەیە و ئەوانەش کە خۆیان بەفەمینیست دەزانن، لەحاڵێکدا بەشێکی زۆری کێشەی ژنان لەکەمەگەی سوننەتی و دواکەوتوویی و نەبوونی دەستوور و یاسایی پێشکەوتنخوازی و شارستانی، لەوڵدایە کە ئەخلاق جێگەی بۆ یاسا نەهێشتەوە و بووە بەبەشێکی گەورە لەفەزای کەمەایەتی و دەسەاتی کەمەگە. فەمیسنتەکان دەبێت ئەم تێگەیشتنانە بخەنە بەرباس و موناقەشە و هێشیارکردنەوەی ژنان، نەك کێشەی لاوەکی و دوورخستنەوەی ژن لەکێشە ئەسڵیەکەیان کەکێشەی کەمەگەیە.

_____

سەرچاوەکان

1: کتێبی فیمینزم. وەرگێڕانی بۆ کوردی ، شنۆ میهر پەروەر، دەزگای وەرگێڕان. ساڵی 2011
2: د. ئیمام عەبدلفەتاح ئیمام. ئەفلاتۆن و ژن. وەرگێڕانی بۆ کوردی. هاوار محەمەد. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
3: قاسم امین. المراو الجیده. دار النشر. بیروت. 2010

سەرکوتکردن و ئازادی سیکسی ... سمکۆ محەمەد

ئاسانترین شت تیکشکانە. بەڵام قورسترین شت دروستکردنەوەیەتی ...

خراپ تێگەیشتن لەجۆرەکانی ئازادی و رەهەندە جیاوازەکانی لەکولتووری داخراودا. لەهەموو بارێکدا پەیوەستە بەگوتاری زاڵی دەسەڵاتەوە، مەبەست لەگوتاری زاڵ ئەوەیە کە لەناوەندە ئاینییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە و پیاوانی ئاینیش قورستری دەکەن و بووە بەکلتوور و یاسا و دەستوور بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەرك و ماف بێ گشت، ئەوەی کە لەرابردوودا لەئەورپا بینراو بیرمەندەکانیش قسەی زۆریان لەسەر کرد وەکو کێشەیەکی زەقی کۆمەڵگە. مەترسی بەرهەمهینانی ئەو ئازادییە بوو کە ئینسانی ساردو سڕ و ژێر دەستەی دەسەڵات و کۆیلەی گوتارەکەی بوون کە دواجار بوو بەهۆزێکی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەوان هەم سەردەمەکە لەخزمەتیاندا بوو مانای شۆشی کۆمەڵایەتی بەهایەکی هەبوو، هەم خۆیان خزمەتی ویستە گشتیەکانیان کرد و خەڵکیش پشوازی لێکرد، بۆیە توانیان ریفۆرم بکەن و گوتاری زاڵ نەهێڵن وەکو سەبەر بەسەر دەستوورەوە، چونکە دەستوور بێ گشت کۆمەڵگەیە و کۆمەڵگەش فرەییە لە ئاین و کولتوور و نەتەوە و هتد، بەڵام رۆژهەڵات و بەتایبەتیش کوردستان کە لەژێر کاریگەری فشاری ئاینی زاڵدایە، قورسە بتوانێ لەرێگەی نەهێشتنی سەرکوتکردنی سێکسیەوە چارەسەری ئیشکالیاتەکانی دیکەی بکات کە مانای سەرکوتکردنە و کەسێکیش سەرکوت کرا و کەسایەتی روخێنرا، ئیدی جارێکی دیکە دروست نابێتەوە.

ئازادی بو سیکس لە کومەڵگەی داخراودا، توندوتیژی بەرهەمدێنێ کە ئەمە ویستێکی تاراددەیەك نادیارە لەلای رەگەزی مێینە، سەرکوتکردنیشی جۆرێکی تری پەرچەکردار بەرهەمدێنیتەوە کە مێینە لەبەرامبەر نۆرینە دەیکات، ئەوکاتەی کە سێکس ئازاد دەکرێ، ئەوکاتە هەست بەگوتارێك دەکەین کە نۆرینە بەدژی خۆی دەزانێ و دەسەڵاتیش لەچنگی نۆردایە، بەمەش کۆمەڵگە توشی شەژان و تێکچوون دێت و دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازە، بەتایبەتی شیرازەی خێزان کە لەکوردستان ئەلتەرناتیڤی هەموو ئازادییە غەریزیەکانە، ئەو سیستمە رێکخراوەش کە دەسەڵات و بەتایبەتیش دەسەڵاتی سیستمی سەرمایەداری بەرهەمیهێناوە، ئەویش خێزانە کەیەکەیەك و دەزگایەکی چالاکی ئەو

سیستمەیە، وەختێکیش کە سەرکوت دەکرێت، دیسان دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی فەزایەکی داخراو کەبیری نائینسانی یە و ململانیی لەبارەوە کردووە و توڕی هەداوە، بەڵام تەکتیکەکە لەهەردوو بارەکەدا یەك شتن، چ ئەوەی ئازادییەکی بەسنوور بەرهەمبێت، چ ئەوەی ئینسان سەرکوت بکرێت و جەستەی بکرێت بە کاڵا.

شێوشی سێکسی لەهەناویدا هەم ئیمتیاز و هەم سزای هەیە، بۆ نمونە وەکو شێوشی چینایەتی و نەتەوایەتی و هتد، کەسێك ئەگەر خیانەتی کردبێت دەبێ لەدوای سەرکەوتنی شێوش سزا بدرێت و بکوژرێت، ئاوهاش لە شێوشی سێکسیدا خۆ فرۆشی خیانەتە و سزاکەی ئەوەیە کە دەبێ لەدەرەوەی کۆمەڵگە و لەبازاڕدا خۆی وەکو کاڵایەك نمایش بکات، سینەما و کۆمپانیاکان بەشێکن لە بەرهەمهێنانی ئەو وەهمەی کە ئازادی بەرهەمهێناوە و بەشێوشکی سێکسی نادیار ناسراوە، بۆ نمونە تراديسیۆنێك کە بارگاوییە بە ئاین، بە عەرف سزای ئەو خۆفرۆشانە دەدات کە جەستەیان وەکو موڵکێکی سەربەخۆی خۆیان بەکارهێنن، بەڵام تراديسیۆن ئەمە قبوڵ ناکات و سزاکەی حازرە و کوشتنە بە ڕەزامەندی تەواوی کۆمەڵگە.

بزووتنەوەی یاخیگەرێتی لەدەسەڵات، تەنها لەرووی سیاسی پەتیدا نابینرێت، بەڵکو لەیاخیگەرێتی تراديسیوندا باشتر هەستی بێدەکرێ. وەختێك دەبینین ئەو تاقە تاکە ئافاوە وەکو ئەوەی ئێستا هەیە لەکۆمەڵگەی ڕۆژهەاتیدا، دەسەڵات خۆڕا لەڕگەی یەکە جیاوازەکانیەوە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدا، ئیدی سێکس لە پیداویستی ژیانەوە ماناکەی دەگۆڕێ بو بزووتنەوەی دژە کولتوور و نەریت و عەقیدە ئاینییە کونکریتیەکان کە ڕگرن لەبەردەم ئازادی راستەقینە نەك ئەوەی دروستکراوە و بەشکە لە سەرکوەتکردنی ئازادی، بەڵام لەشوێنکی تردا ئەم دەسەاتە زیان دەکات، وەختێك سیکس تابۆ دەکرێت بەئازادیەکی وەهمی، بەڵام ئەوکات مەترسی بۆ سەر دەسەات و سیستمەکە زیاتر دەبێتە، نمونەش ئەوەیە کە پێکهێنانی خێزان، یان بەگۆ نەکردنی کولتور.

یان دروستکردنی ئەو یەکەیە بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانەیە و دواترین حاڵەتیش جیابونەوەی هەردوو ڕەگەزەکەی لێدەکەوێتەوە وەکو جۆرێکی نوێ لە مومارەسەی ئازادی ژیان دەبینرێ، ئیدی ئەم یاخی گەرێتییەیە کە دەسەات ترسی لێنیشتووە. مەترسی تێکچوونی ئەو یەکەیەیەتی کە خێزانە و خێزانیش بریتیە لە پەیوەست بوون بە حومکەکانی دەوڵەتەوە، ئەگەریش بەپێچەوانەوە ئازادی کرد بەشێوەیەك لەشێوەکان وەکو ئێستا هەستی پێدەکرێ. دیسان گوتارەکە و ناوەڕکی

گوتاری دەسەڵات دووچاری ئیشکالیات دەبێتەوە. لەحاڵێکدا هەردوو هەڵبژاردنەکە بۆ هەردوو بەرەکە، مەترسی بوونی تاك و بوونی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە کە ئەمجارەیان دەکەوێتە ژیر هەژموونی کومەڵگە و نەریتێکی تردوە، نەریتێك کەدواجار هەم تاك و هەم کومەڵگەش پەشیمانن لێی.

بۆیە ئازادکردن و سەرکوتکردنی سیکس، ئەگەر بەخوێندنەوەیەکی واقیعیانە مامەڵەیان لەتەکدا بکرێ، هەردوو حاڵەتەکە یەکسانن بەیەك، چونکە کۆمەڵگە تاکو لە بەهای ئازادی و ویستە گشتیەکان تێنەگات و حەزو ئارەزووەکانیشی وەکو پێویستیەکی دەرەوەی غەریزە و وەکو بەشێك لە عەقڵ نەزانێ، مەترسی هیچیان لەوەی تر کەمتر نییە، هەروەك ئەوەی بینیمان چۆن مامەڵە لەتەك ئازادیدا دەکرێت و کێشەی ئەو فەوزایە ناکری کە خوڵقاوە، فەزایەك کە تەنها لەسەر خاکی نیشتیمان سەپێنراوە بەسەر خەڵکەوە، بەپێچەوانەوە لەدرەوەی کوردستان، ئەو کولتوورە سەپێنراوە نابینرێت و کاری پێناکرێت، چونکە لەوێ کۆمەڵگەیەکی تەقینکراو و دژەق نییە حوکم بەسەر ئازادیخوازێکدا بپسەپێچنێ کە بەئازادی جەستەی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ دامرکاندنەوەی غەریزەکانی، هەبەتە پێچەوانەکەشی لەکاتێکدا راستە کە ئینسانی سەرکوتکراو نازانی موماڕەسەی ئازادییەك بکات کە لەمنداڵییەوە تابۆ بووە و لەگەورەیشدا نامۆ دەبێت پێی، بۆیە سەرکوتکردن و خراپ بەکارهێنانی ئازادی یەکسانن بەیەکتر.

دەوڵەت لە ویستی گشتیدا نەتەوە وەکو ستەملێکراوێکی چینایەتی … سمکۆ محەمەد

(ویستی گشتی) ئەو داوایەیە کە هەموو کۆمەڵگە لەسەر بابەتێك کۆك دەبێت، بەمانایەکی هاوچەرختر (فەزای گشتی یە) ئەم چەمکە بۆ قەوارەی سیاسی لەبنەڕەتدا بۆ قازانجە، ئەمە تیۆرەکەی (ژان ژاك ڕۆسۆ) یە کە مانای قازانجی گشتییە، لەراستیدا ویستی گشتی کە ئەویش سوودی گشتییە و بچوك کردنەوەیەتی لەپێوەری ئەخلاقیدا بۆ

دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی گشتی یە، ئەمە پێشتر کاری بۆکراوە و دواتر لە یاسا و دەستووری دەوڵەتدا ڕەنگیداوەتەوە، ڕەخساندنی زەمینە بۆ موکیەتی شەخسی و گشتگیرکردنی سوودەکانی خۆشی ژیان لەسایەی ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پاراستنی کۆمەڵایەتی و سوودگەرایی یە لەبواڕە جیاجیاکاندا، هەروەها پاراستنی فەرهەنگی گشتی و سنووردارکردنی مەسەلەی ئاین و لەبەرچاوگرتنی ئاینی زۆرینە و هتد، بەشێکن لەو کۆمەك و ویستە کۆمەڵایەتیەی کە دەبێتە بنەما بۆ دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی کە دواجار سیاسەت دەیکات بە بەرژەوەندی تایبەتی. ئەم ویستە کە قازانجێکە هەم بۆ هاوڵاتی کە گرێبەست لەگەڵ حکومەت و دەوڵەت دەکات، تاکو لەڕگەی دەستوورەوە کە دیاریکردنی ئەرك و مافە، ئەویش گۆڕینەوەی سووە لەڕگەی کار و خزمەتکردنی دەزگاکانی دەوڵەتەوە، هەبەت ئەم گرێبەستە سیاسیەی نێوان دەوڵەت لەڕگەی دەزگاکانیەوە و هاوڵاتی وەکو هێزی کاری خۆی و فکری بۆ خزمەتکردنی دەزگاکان، ستایلێك بوو کە تاهاتنی پێست مۆدێرنە بەردەوام بوو و لەنێو دەستووریشدا ڕەنگیدابەوە، بەڵام ئێستا دەوڵەت بەوپێیەی کە هەموو سیاسەتی کارگێڕی خۆی ڕادەستی کۆمپانیاکان کردووە لەسەراسەری دونیادا، ئیدی گرێبەستەکە لەجیاتی ئەوەی لەنێوان دەوڵەت و هاوڵاتی بمێنێتەوە، بووە بەگرێبەست لەنێوان کۆمپانیا و کرێکاریان فەرمانبەر و خاوەن فکرەکان، ئەمەش هەم بۆ گۆڕینی ستایلی حوکمڕانی یە و خۆدزینەوەیە لەخزمەتگوزاری بەناوی ئازادی بازرگانیکردن و بازاڕ، هەم بۆ خۆ دوورخستنەوەی دەوڵەتە لەمەترسی خۆپیشاندان و گروپە سیاسیەکان، لەهەردوو بارەکەشدا گروپە سیاسییە دەستەبژێرەکان دەستی خۆیان وەشاند لە هاوڵاتی و گۆڕینی ویستی گشتی بۆ دەوڵەت لەڕگەی ئەو تەکنیکە سیاسیەوە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ئەم تیرە تەنها بۆ ئەو کۆمەڵگەیانەیە کە دەوڵەتیان هەیە، نەك کۆمەڵگەیەکی وەکو کوردستانی کە هێشتا لەسەروو بەندی چارەسەر کردنی ئەو گرێ دەروونییەیە کە ئەویش سەربەخێیی قەوارەی دەوڵەتە و کەچی لە ئاستی نۆخێیدا خراپتر مامەڵە لەگەڵ ریفراندۆم بۆ چارەنووسی خۆی دەکرێت،، وەکو ئەوەی لە ئاستی دەرەوە کە بەشکیان نەیارەکانین و بەشکیشیان دۆستەکانی.

بەپێی قسەی لینین. بۆت کە دەڵێ" دەوڵەت بەر لەقۆناغی کۆیلایەتی نەبووە و کۆمەڵگەش دابەشی سەر هەردوو چینی کۆیلە و خاوەن کۆیلە دابەش نەبوو بوو، وەهیچ دەزگایەکی تایبەتیش نەبوو کە دەزگای دەوڵەتە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی بەشێوەیەکی سیستماتیك تاکو خەڵك ملکەچ بێت، بەڵام دوای ئەوەی چەند ساڵێك کۆمەڵگەی بەشەری

دوورکەوتەوە لەو حاڵەتە وەحشیگەرییە، بۆیە لەو وەختەدا هیچ دیاردەیەکی سەلمێنەری دەوڵەتمان لەبەردەستدا نییە، تەنها گەورەیی و ئەو نەریتەی کە شێخەکان بەرکاریان دەهێنا، تەنانەت ژنان لەوکاتەدا، مەزڵوم و ژێردەستەی پیاو نەبوون، هەروەها هیچ توژێکیش نەبووە دابڕاوبێت لەکێی خەڵك و حوکمی خەڵك بکات و دەزگای تووندوتیژی و دەزگایەکیان هەبووبێت بۆ کێشکی سەرڵك هەروەك ئەوەی ئێستا هەیە، یان ئەوەی سوپای سەرکوتکەر و زیندانیان هەبووبێت وەکی ئەوەی دەوڵەت پێویستی پێیەتی". فلادیمیر ئیلیچ لینین. الدولە. محاچرات القیت فی جامعە سفیردلوف. تموز 1919 . دار التقدم موسکو. ل10. بەڵام کە قۆناغەکانی بەشەرییەت گەشەی کردو دەوڵەت بوو بەوێستێکی گشتی هەم بۆ نەتەوە ژێردەستەکان وەکو لینین خۆی باسی دەکات لە هەردوو کتێبی دیاری کردنی چارەنووس و دەوڵەتی لینین، ئیدی دەوڵەت بوو بەمافی هەر نەتەوەیەك کە خەباتی بۆ دەکات.

کەواتە بەپێی ئەو تێگەیشتنە بێت کە لینین باسی دەکات، دەوڵەت وەك بیرکەیەکی فەلسەفی و دامەزراوەیی بەنیسبەت مڕۆوو دیاردەیەکی نوێیە و نموونەی دەسەاتێکی نامۆیە ئەگەر نەبێتە خڕوبڕ بۆ نەتەوەکان، لەسەرەتای سەرهەدانی مۆدێرنەوە کە مەترسیەکانی دەسەاتی دەوڵەت هاتنە ئاراوە، فەیلەسوفەکان بەبۆ ئەوەی ئاگایان لەبۆچوونی یەکتر هەبێت رەخنەیان لەو ژیانە سیاسەتە گرت و بەشێوەیەکی تری ژیان و یاسای ئاژەڵی بەڵام بەعەقڵی مرۆڤ خەماند، نیچە دەڵێ "دەوڵەتی ستەمکار گروپێك ئاژەڵی سرکی دڕندە و بۆ توك و سپی پێستن، گروپێك لەشکری بەڕەزن، بەهەموو سیستمە جەنگی و هێزە ڕێکخراوەکەیانەوە، بەچنگە ترسناکەکانیانەوە شاڵاو دەبەنە سەر خەڵکێکی زۆر کە رەنگە لەرووی ژمارەوە زۆر لەخۆیان زۆرتر بن، بەڵام هێشتا سیستمێکیان بۆخۆیان دانەشتووە کە بارودۆخی خۆیان پێ دیاری بکەن، ئەمە بنەچەی دەوڵەتە، (لیستەر ڕرد) یش دەڵێت (دەوڵەت وەك شتێکی جیاواز لە سیستمی هێزگەرایی ئەو کاتە دەستپێدەکات کە رەگەزێکی مرۆیی پەلاماری رەگەزێکی دیکە دەدەن)، هەروەها (هۆنهایمەر) دەڵێت (چاو بەهەر لایەکدا بگێرێت دەبینیت هێزێکی جەنگاوەر پەلاماری سنووورەکانی هێزێکی تر دەدەن، کە هێندەی ئەوان خۆیان بۆ جەنگ تەیار نەکردبێت، دواییش لە خاکی ئەو هێزە نائامادەیەدا خۆیان وەك گروپی چاودێر جگیر دەکەن و دەوڵەتی تێدا دامەزرێنن). (تانیهۆفەر) یش دەڵێت (تووندوتیژی ئەو ئامرازەیە کە دەوڵەتی خوڵقاندووە). (گامپلۆ ویز) دەڵێ (چینێکی فەرمانەوا لەسەرکەوتووەکان بەسەر سەری دەڵاوەکانەوەن) سیمنەریش دەڵێت

(دەوڵەت ئاکامی هێزە و هەمیشە پاڵپشتی هێزێك دەمنێنێتەوە)". وێ دیورانت. مێژووی شارستانێتی. بەرگی یەکەم. وەرگێڕانی بەکوردی. ئازاد بەرزنجی . نەبەز کەمال نوری. دانا ئەحمەد مستەفا. دەزگای سەردەم. ل67. ئەم حاڵەتە ئێستا بەسەر ژیانی سیاسی و ئابوری کورددا پراکتیك دەکرێت، هەروەك ئەوەی کە دروستکردنی دەوڵەت بە کورد بە جەستەیەکی نامۆ دەبینین لە جەستەی سیاسی خۆیاندا.

بەپێی تیۆری چەپگەرایی بۆت دەوڵەت لەویستی گشتیدا، بریتیە لەنوێنەرایەتی خەڵك لەرێگەی هەڵبژاردنەوە بۆ دامەزراندنی شورایەك کە لەرێگەی کۆنگرەی نیشتیمانیەوە ساز دەکرێت وەکو کارتێکی فشار بەسەر دەوڵەتەوە لەلایەن خەڵکەوە کەبەشێك بوونە لەدامەزراندنی دەوڵەت و سیستمەکەی، سەرەتا ئەم هەوڵە بۆ گفتۆگۆ بووە لەنێوان خەڵك و دەسەڵاتداران، هۆکارەکەشی مافی هاونیشتیمانی بووە بەسەر سیستمی دەوڵەتەوە، لەرووبەکی دیکەوە فشاری خەڵك بۆ ئەو جۆرە رێکەوتنانە بووە کە لەنێوان دەوڵەت و ئەوانی تر بووە، بەتایبەتی رێکەوتنی نێودەوڵەتی کە بریتی بووە لە (دیاریکردن و لێبوردبوونەوە) لەرێکەوتنەکان، مەبەست لەو لێوردبونەوە و رێکەوتنە لەو وڵاتانە بووە کە خاوەنی هێزی سەربازی و سیاسی و ئابوورییەکی بەهێزیان هەبووە، لەم کاتەدا خەڵك دەوڵەتیان لەمەترسیەکانی ئەو رێکەوتنانە ئاگادار دەکردەوە، هەروەها شێوشی زانستی و تەکنەلۆژیا یەکێك بووە لەو مەترسیانەی کە خەڵك و چەپەکان هەستیان پێکردووە لەوەی نەکەونە ژێر کۆنترۆڵی زلهێزەکانی دونیا، لایەنێکی دیکەش بەشداری و ویستی خەڵك بۆ ئەوەبووە کە دەوڵەت بەشدار بۆت لە پێکەوەژیانی ئاشتیانە کە جۆرێك لە قەناعەت پێهێنانی دەوڵەتی بەهێز بووە لەپێناو مانەوە و فراوان بوونی ئیمپریالیزمی جهانی، بەتایبەتی ئەوکات سەردەمی جەنگی دووەمی جهانی کۆتایی پێهاتبوو و جەنگی سارد دەستیپێکردبوو، بۆیە بۆ خەڵکی بەشداربوو ئەو جۆرە داواکارییە رەوایەتی بەخشی بوو لەرووی دەستوورییەوە" *

* پەراوێز… بەشداری کردنی خەڵك لەو کۆنگرانە لەرێگەی هەڵبژاردنی نوێنەراکانیان و هەڵبژێردراوەکانیان بووە لەپارێزگا و شارە بچوکەکانەوە بووە، تاکو بکرێت بە فشارێك بەسەر دەوڵەت و سیستمەکەی وەکو بەشداربووەیەکی دامەزراندنی دەوڵەت و شێوشی کەبەشێك بووە لە گۆڕینی سیستمی دەوڵەت، ئەم نەریتە لەدەیەی حەفتاکانی سەدەی رابردوو لە زۆربەی وڵاتانی رۆژئاواو و ئەروپای رۆژهەڵاتی و وڵاتانی عەرەبی هەبووە بەتایبەتیش لە میسر و یەمەن.

لەبارەی ئەوەی کە پرسیار دەکرا چۆن گەلانی هەموو دونیا بەشداریان کرد لە دیارکردنی چارەنووسی خۆیان، وەڵامەکە ئەوەیە کە دوای ئەوەی زیاتر لە 70 دەوڵەت خۆیان لە داگیرکاری ئیمپریالیزم رزگار کرد، دوو لایەنی چۆنایەتی و چەندایەتی هەبوو، لەرووی چەندایەتیەوە مەسەلەی رزگارکردنی جوگرافیابوو کە پەیوەندی بە رزگارکردنی رووبەری خاك بوو، لایەنێکی تر ئەوەبوو کە چۆنایەتی بوو، مەسەلەی پەیوەندی دەوڵەت بوو بەسیاسەتی نێودەوڵەتی و بزووتنەوەی گەلان و هاندانی گەلانی تر بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئیمپریالیزم و سنووردانان بۆ جەنگ و هەماهەنگی دەوڵەت لەپێناو یەکسانی و مەنفەعەتی گشتی، هەروەها نەهێشتنی رەفتاری خراپ کەك وەرگرتن لەخەك لەلایەن ئیمپریالیزمەوە و پەیوەندی گرتنی هەموو دەوڵەتان کەپەیوەندی نێوان گەلان". ودیع امین. حرکه التحرر الوگنی و اسهامها فی الانفراج الدولی الراهن. مجله الگلیعه. السنه التاسعه 1973 ئێستا ئەو ستایلە لە ئیمپرایالیزم نەماوە، بەڵام هێزی ستەمکاری لێکاڵی جێگەی گرتۆتەوە و ئەم ویستەی وەکو کودەتا لەسەر دەوڵەتی ناوەندی پێناسە دەکات بۆ جەماوەر و هێزە یارەکانی خۆی.

ئەگەرچی دەوڵەت بۆخۆی چەمکێکی سەربەخۆیە و پێناسەکەمان لەسەرەوە کرد، بەڵام سەرباری ئەوەی کە ویستی گشتییە، مانایەکی دیکەی وەرگرتووە کە بریتیە لەبەرژەوەندی پاراستنی چینێك کە بەرژوازیە و هەر بۆئەوانیش ژیان فەراهەم بووە " بەپێی چەمکە هیگڵیەکە بۆت سەبارەت بەدەوڵەت پەیوەندی بەسەردەمانکەوە هەیە کە گەشەکردن و پەرەسەندنی بەرژوازی بەشێوەیەکی نادیاریکراو دەردەکەوت و لەئەنجامدا، لافلێدانی چییەتی ئاکاری و جیهانگرەوە بۆ دەوڵەتی بەرژوازی لەژێر ئەم بەیداخەدا فەراهەمدەبێت، لەکۆتاییشدا رژێك هەموو جهان دەبێتە بەرژوازی، بەڵام لەراستیدا تەنها چینێك دەتوانێت دەوڵەتکی ئاکاری بخوڤنێت کە لەناوبردنی خۆی و دەوڵەتی وەك ئامانج بۆ خۆی لەبەرچاوگرتبێت، بەکورتی تەنها چینکی وەها دەتوانێت دەوڵەتکی وەها بخوڤنێت، بەمەش کۆتایی بەدووبەرەکی نێو هەژاران بهێنێت و ئەرگانیزمکی کۆمەایەتی وا پکبهێنێت کە لەیەکێتی تەکنیکی ئاکاری بەهرەمەند بێت". ئانتۆنیۆ گرامشی. دەوڵەت و کۆمەگەی مەدەنی. وەرگێڕانی. مامەند رژە. بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان لەوەزارەتی رۆشنبیری حکزموتی هەرێمی کوردستان. ساڵی 2011. ل117.

بەڵام بەپێی چەمکە مارکسیەکەی کە هەم مارکس پێش مردنی لەکتێبی (حول الماساله القومیه) باسی دەوڵەتی کردووە و لەوێ باسی کێشەی

چارەسەر نەکراوی مەجەستان دەکات و دواتریش ئەنگەس لە کتێبی (اصل العائله والملکیه خاصه والدوله) بنەچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت، باس لەو ژیانە سیاسیە دەکات کەچێن دەوڵەت وەکو ئامرازێك وایە بەدەستی کەمەڵك سیاسیەوە بێ بەردەوامیدان بە ژیانی چینایەتی و ئامرازێکیشە بێ سەرکوتکردن لەرێگەی سوپا و ئەمنیەت و ئابوری، بێیە سەرخانەکەشی هەمان رەنگدانەوەی ئەو ستایلە سیاسییە دەبێت و بەدەست چینێکەوە بێ سەرکوتکردنی چینێکی تر، لەوەش واوەتر گروصێکی سیاسی بەسەر گروپێکی سیاسیەوە کە پێناسەیەکیان نییە بێ قەوارەی نەتەوەیی خێیان.

دوابەدوای ئەو ستایلە سیاسیەی کە شۆش سیمای دەوڵەتی گۆی، تاکو کۆتایی سەدەی 19 و سەرەتای سەدەی سەدەی بیستەم، ساڵی 1917 شۆشی ئوکتوبەر بەرابەرایەتی لینین، دەوڵەتی قەیسەریان روخاند و دەوڵەتی سۆڤێتات بوو کەدواتر بەدەوڵەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ناوی دەرکرد، ئەمە هەوڵێکی دیکە بوو بێ دامەزراندنی دەوڵەتێك لەرێگەی هێزی جەماوەرەوە، ئەرکێکی دیکەی وەرگرت، ئەویش دەربڕو نوێنەری بەرژەوەندیە گشتییە مەدەنییەکانە، هەروەها وەك رێکخەرێکی گشتی، هێشتا رەنگ و رووی کۆنی پێوە ماوە، تەنها لەم 10 ساڵی دواییەدا نەبێت کە ستایلی سیاسی گۆانکاری بەسەر هات، بەڵام دەوڵەت وەکی ئەنجامێکی دژایەتی و نەیارێکی ناکۆکیە چینایەتیەکان، وەك رشتێك بێ ترس و کارو کردەی بەتاڵ دەبێتەوە بەسەر دەچێ، ئێستا خەریکە چینەکان نامێنن و سنووورەکان دەسڕێنەوە و لەبەین دەچن، بەڵام دەوڵەت وەك شێوەیەك لەشێوەکانی رێکخستنی گەل و هاوڵاتیانی سەر گۆی زەوی لە ئایندەدا، هەر دەمێنێ، هەروەها رۆی دەوڵەت وەك ئامانجێکی گەشەکردنی دێزو و کێشە جهانیەکان، یان گەردوونیەکان و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی، لەبن نەهاتنی بەروبووم و داهاتە زەمینیەکان، کەمبوونی وزە پاراستنی دارستانەکان و زەویە چێنراوەکان، پیسبوونی گۆی زەوی و ئاو هەواو، زرانبازی لەگەڵ کارەساتە سروشتیەکان و هتد. بەبەردەوامی لەگەشەسەندا دەبێت. بێیە ستەملێکراوەکان وەکو نەتەوە و کەمەگە دواکەوتووەکان، مافی خێیانە ئەم ویستە گشتییە پراکتیك بکەن ببن بە دەوڵەتێك بەمەرجێك پێکەوە ژیان و لێبوردەیی تیابێت.

لینین لەسیمینارێکدا سەبارەت بەدەوڵەت گوتویەتی "مارکس هەموو هەوڵەکانی بێ پەروەردەکردنی چینی کرێکار ئەوەبوو سەبارەت بەدەوڵەت و مەسەلەی شۆشی سۆسیالیستی تەنها بێ ئەوەیە کە دانبنرێت بە بوونی پرۆلیتاریای و دیکتاتۆریەتی سیاسی، چونکە ئەو

دەسەڵاتە هیچ دابەشکارییەکی تێدانییە تەنها پشت بەهێزی جەماوەری چەکدار دەبەستێت، بۆرژوازیەتیش ناتوانێ ڕێگەیەکی دیکە دیاریبکات کە پرۆلیتاریا دەگەڕێت بۆ چینێکی جێکەوتە کە دەتوانێ بۆرژوازیەت سەرکوت بکات، ئەم حەتمیەتەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە جەماوەری خەڵك و پرۆلیتاریا بۆ بەرگریکردن لەخۆیان و سیستمێکی ئابووری نوێیە، دواتر ئەو تێبینیەش هەیە کەئەگەر پرۆلیتاریا دەوڵەتی وەکو نەهێشتنی سەرکوتکردن و ڕێکخستنەوەی ژیانی بۆ چینەکان مامەڵە بکات، ئایا پڕۆلیتاریا ئەو دەوڵەتەی بۆچییە کە بۆرژوازی دایمەزراندووە؟ ئەمەیە کە مارکس لەکاتی خۆیدا ساڵ 1848_ 1851 مونافەشەی کردووە". لینین. الدولە والپورە. دار التقدم. سنە 1976. مەبەستی لینین ئەوەبووە کە مادام جەماوەری ڕەشوروت بەمەبەستی ویستێك کە گشت هەیانە بۆ دەوڵەت دروست کردن، ئیدی مافی خۆیانە کە دوای دروستبوونی ئەو قەوارەیە خۆشگوزەرانی بەرقەرار بێت، نەك جارێکی دیکە ژیان بریتی بێت لە دوو فەزای چینایەتی لەرووی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە، بەو مانایەی کە لەتەواوی شۆشەکان شاهیدی بووینە و دوای شۆش و دەوڵەت دونیا بەتەواوی بەرەو خراپی گۆاوە.

هەبەت رووبەکەی دیکەی سەرمایەداری هاوچەرخ کە لەدوای گۆبالیزەشنەوە هاتووە واتە دوای ڕوخانی سۆڤیەتی کۆن، لەنەمانی دەوڵەت وەکو حاڵەتێکی مەترسیدار، ئەوەیە کە ئەم سیستمە لەوە دەترسێ هەتا لەنێوخۆیدا بمێنێتەوە لەرووی سەرمایەگوزاریەوە کە بۆبە پشتی دەوڵەتە، ئیدی قەوارەکە لەبەین دەچێ، بەحوکمی ئەوەی کەژیانی ئینسان بەهۆکاری هەر سیستمێکەوە بێت، هەمیشە لەئاوگۆدا دەبێت. بۆیە بەشێك لەوڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ پاراستنی هەیبەت و موڵکیەت بۆ بنەماڵە و ماڵی پاشا بۆ داهاتووی دەوڵەت، کایەی سیاسیان سەربەخۆ کردووە و لەپەنا سیستمی پاشایەتی، سیستمی پارلەمانیان داناوە و هەرچی سیاسەتی قەوارەی دەوڵەتەکەیە سەپێردراوە بەو دەزگا تەشریعیەی گوایە بەدەنگی خەڵك هەبژێردراوە، هەروەها هەر ئەو سیستمە پاشایەتیە سەرمایەگوزاریان بەگشتی لەدەستی دەوڵەت دەرهێناوە و خستویانەتە دەستی کەرتی تایبەت و چێتە دەرەوەی قەوارەی دەوڵەت، بۆ ئەوەی هەم دەوڵەت پیرۆزیەکەی بمێنێ و هەم سەرمایەداری وەکی سیستم لەناونەچێ بەدەستی چینی خوارەوە و کرێکاری یەخە سپی کە چینی مامناوەندە ئێستا لەڕۆژاوا، بۆیە تەنانەت لەئاستی فەرهەنگی و کولتووریشدا هەمان ستایل هەیە بۆ مانەوەی قەوارەکە وەکی دەوڵەت و وەکی سیستمی جهانی، هەروەك ئەوەی لەزانکۆکان دەوڵەت جگە لەکۆمەڵە دەزگایەك بۆ

خزمەتکردنی ئینسان زیاتر هیچی تر نییە، لەرووی فەلسەفیشەوە وانەیەکە بۆ مانەوەی قەوارەکە کە خاوەن رەگەزەکان و نەتەوە ژێر دەستەکان قەناعەتیان پێی هەیە و لەدیموکراسیدا زیاتر دەردەکەوێ، وەختێك هەبژاردن دەکرێت و خاوەن ناسنامەی دیکەش بۆیان هەیە خۆیان بپاڵێون بۆ پارلەمان، ویست لێرەدا مانا فەلسەفەییەکەی دەردەکەوێت کە هەموو کۆمەڵگە و قەوارەی نەتەوەکە هۆشیار بن بەرامبەر ویستەکەی خۆیان، ئەم ویستە لەوشوێنەدا لە چینی ستەملێکراو هەستپێدەکرێت، وەختێك دەبینین کە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی، چینە ستەمکارەکە بەجەستەیەکی نامۆ دەیبینێ.

داهێنان و بارهێنان دەق لەنێوان داهێنان و نوێخوازیدا … سمکۆ محەمەد

بەرلەوەی موناقەشەی ئەو تێوانینە هەڵەیە بکەم کە بەشی زۆری ئەدیبی کورد، دەقی نوێ بە داهێنان پێناسە دەکەن، لەم سەنگەیەوە هەوڵدەدەم قسەیەك لەسەر چەمکی داهێنان بکەم، هەبەت داهێنان لەتازەترین مانایدا بەرهەمهێنانی چەمکێکە کە لەنوێ لەدایك دەبێت، وەکو فەیلەسوفەکانی یۆنان و دوای ئەوانەش هیگڵ و مارکس و لەباری ئەدەبدا کەسانی وەکو دانتی و لۆرکا و ئیلیێت و فانکوخ و مایکڵ ئەنجیلۆ و کاندنیسکی و هتد، ئەمە (جیۆدۆز) لە کتێبی (ماهی الفلسفە) دا زۆر بەوردی باسی دەکات و رەخنەش لەو پێناسە کلاسیکیانە دەگرێت کە لەرابردوودا تیۆریزەی ئەم چەمکەیان کردووە و لەنێوان نوێبوونەوە و داهێناندا جیاوازییان نەکردووە، چونکە لەدوای ئەو رێنیسانسە فکرییە ئیدیاڵیزمییە پراکتیکراوەی کە تەکنەلۆژیا لەژێر عینوانی جهانگەراییدا بەرهەمیهێنا، ئیدی شتێك نەما بەدەقی زۆر جوان و جددی و سیحراویشەوە, ئەو چەمکەی بەسەردا تیۆریزە بکەین, بەڵکو لەرووی ئیستاتیکییەوە قسەی لەسەر دەکرێت, چونکی ئیستاتیکا دۆزینەوەی شتی شاراوەی ناکۆکە لەدژی یەکتر و لەنێو ئەو کەرەستانەی کە خۆیان هەن و دەقی پێ دەخوڵقێنرێ, هەروەك چۆن هونەری کۆلاژ زیاتر ئەم وەزیفەیەی وەرگرتووە، بەڵام داهێنان

ئەو شتەیە کە هێشتا نەهاتۆتە وجوود.

ئەگەرچی تازەگەری لەکن کورد, تەنها بەزاراوە و بەقسە دزەی کردۆتە نێو ئەدەبی کوردی, بەڵام داهێنان بەپێی خوێندنەوەی ئیدیالیستی, لەبەرامبەر خوێندنەوەی مەتریالی جۆرێکی تر مامەڵە لەتەك ئەم چەمکەدا دەکات, مەبەستم لە هێنانە وجوودێکە کە لە نەبوونەوە سەرهەڵبدات، هەڵبەت بێ نوسینی دەقی ئەدەبی, شوێن و کات گرنگی لەدیاریکردنی بەهاکەیەتی, ئەو شیعرانەی کە سۆفکلیس لەسەردەمی یۆنانیەکان نوسیویەتی و ئەوەی هۆمیرۆس نوسیویەتی و کاریگەری خستۆتە سەر عەرەبی کێن کە بنچینەی ئەدەب و کەلەپووری عەرەبین، ئەوەش کە داوود پێغەمبەر بەتەمبورێکەوە دەگەڵا و شیعری دەگوت و ئێستا وەکو دەقێکی نەمر تەماشا دەکرێ, چ شتێکی کەمتر نییە لەشیعری نوێ, چونکی رزگاربوون لەکێش و سەروا و کارکردن بەوێنە و زمان, پێشتر کاری بۆکراوە و جێگەیەکی بێ دەڵاوکێ نەهێشتۆتەوە لەم جۆرە موناقەشانەدا کە پێموایە عەزیز گەردی باشترین کەسە قسەی لەسەر کێش و سەروا کردووە و هەندێك شتی ساغ کردۆتەوە, بەڵام ئەگەر بڵێین پێوەرەکان زیاتر بوون لەو میکانیزمانەی کە پێشتر پێشمەرجێك بوون بێ داهێنانی دەقی ئەدەبی، ئەمەیان تۆوانینێکی راستە, چونکی وردەکاری واقیعی ژیانی رۆژانە لەم سەدەیەدا کە تەواوی کەمەگەکان لەیەك کاتدا ئاگایان لەیەکترە, یان کەمەگەکان تێکەڵ بەیەکتر بوون و خەریکە لەناو یەکتردا دەتوێنەوە, بەشێکە لەو بەهانەیەی کە بوارێکی نەهێشتۆتەوە بێ جێگیرکردنی ئەو زاراوەیەی کە ئێمە پێشتر خۆمان پێوەی خەریك کردبوو.

لەگەڵ هاتنی دەرکەوتە فکری و ئەدەبییەکانی ئەم سەدەیە, رووبەرێك لەو رووبەرانەی کێن هەبوون بێ پەیدابوون و سەرهەڵدانی فەیلەسووف و خاوەن توانا, هەرچی زیاتر تەسك تر بۆتەوە و چیتر مۆژوو فەیلەسوف بەرهەمناهێنێ تاکو داهێنان بەرپا بکات, قوتابخانەی هەوەشانەوەگەرایی لەباری ئەدەب بەتایبەتی لای رۆمان بارت و لەکێی هەموو کایەکانیشدا لەلای ژاك دریدا بەر لەمردنی, شتێکیان نەهێشتەوە لەژێر رەحمەتی ئەو فکرەدا رزگاری بێت, بەو پێیەی کە جیاوازیەکی جەوهەری هەیە لەنێوان تێگەیشتنی نوێ و دروستکردن, بیر تیژی و دەربڕین لەنوسین و لەهەر شتێکی تر, مانای ئەو توانایە نییە کە ئێمە بەچەمکی داهێنان شرۆڤەی دەکەین, زۆربەی ئەو چەمکانەی وەکو چەپ گەرایی و ریالیزم و بونگەرایی کە شیعر یان دەقی ئەدەبیان لەچوارچێوەی مانیفێستێیەکدا قەتیس کردبوو, وجوودیەتی سارتەر و کامۆ و کێن وێسن و قوتابخانەکانی تری نوسین

و بەتایبەتی شیعر, لەکاتی خۆیدا بەجۆرێك لەسیحری داهێنان تەماشا دەکرا و مۆدێلێکی نوسینی پەیدا کردو کاریگەری زۆری کردە سەرمان و هاتە نێو دونیای ئەدەبی کورد, کەچی لەئێستادا نەك هەر کاری پێناکرێ، بگرە بۆتە شتێکی کلاسیکیش.

ئەگەرچی ئەدەبی بەراوردکاری مۆدێلێکی فکری بەسەرچووە, لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر نیازمان بوو بەراوردکاری بکەین, ئەدەبی کوردیش وەکو هەر ئەدەبێکی تر کاریگەرییەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەدەبی دەوروپشتی پێوە دیارە و ناکرێ ئەم کایەیە فەرامۆش بکەین کە رەنگە ئەو کاریگەرییانە بە داهێنان پێناسە کرابێت, چونکی توانیویەتی مۆرکی تایبەتی پێبدرێ و بەخۆماڵی بکرێ, هەروەك چۆن ئەگەر بەراوردێك لەنێوان دەقێکی ئەمریکی لەشێوەی دەقەکانی (تیسی ئیلیێت) وەکو وێرانە خاك کە ناودارترین دەقە، یان دەقەکانی عەزرا پاوەن و لۆرکای ئەوروپی و مارکیزی ئامریکی بکەین, رەنگە هەمان شت و هەمان کارتێکردن لەسەر دوو جۆر دەقدا بدۆزینەوە, ئەمەش جگە لەنوێکردنەوەی دەق بەداهێنان ناچێت, رەنگە سیحربازێك لە لەحزەیەکدا بتوانێ لەژێر کاوەکەیدا کۆترێك هەڵفڕێنێ, ئەمەش جارە داهێنانێکە بەنام ئەم کردەیە زوو دەمرێت, هەرچی دەقێکی ئەدەبیە مانەوەی لەنەمریەکەیدایە، لەراستیدا دەقنووس واتە دانەر وەکو میشێل فۆکۆ باسی دەکات، بە نەمری و رزگاربوونی خۆی لەدەست مەرگ دەنووسێت, چاکتر وایە لەوە تێبگەین کە هەموومان و لەهەموو کایەکاندا خەریکی نەمرین, هەروەك چۆن نەمری کرێکارێك لەدووڕست کردنی دیوارێك یان درووست کردنی کەرەستەیەکدایە, ئاوهاش نەمری ئەدیب لەدەقەکەیدایە.

بە پشت راستکردنەوەی ئەو بۆچوونەی پێشترمان و بوونی دانەر دەکەینە مەبەست کە (میشیل فۆکۆ) بیرو بۆچوونی جیاوازی هەیە، بەپێی (فۆکۆ) بۆت ناوی دانەر، ناوی شوناسە، چونکە بیرکەی دانەر بریتییە لەساتە بەهێزەکانی تاك لەبیرکردنەوە، (ئەدەب، زانست، مۆژوو، فەلسەفە)، هەبەت ئەو بیرکەیەش کۆتایی پێهات کە پێی وابوو دانەر کارکتەرێکە لەرێگەی بەرهەمەکانیەوە هەوڵەدات بۆ نەمری، بەکو دەرکەوتووە کە دانەر ئەو کارەکتەرەیە کە بەرهەمی هەیە تاکو خۆی بوونی هەیە، هەروەها هیچ ساتێکی بەهێزیشی نییە لەمیتۆدا، چونکە بەپێی قسەی فۆکۆ بۆت، هێشتا دۆنیانین هەموو دانراوێك کەکی هەیە بۆ هەمووان، واتە گرینگی هەبۆت بۆ گوێگر یان وەرگر، ئەمە ئەو پرسیارەمان بۆ بەرهەمدەهێنێ کە ئایا دەکرێ هەرکەسێك کە بەزمانە کلاسیکیەکە دانەربێت و هەموو دەقەکانیشی ماڵی

ئەوەبێت هەبگیرێت، تاکو پاڵەوانەکانی رەنگبداتەوە لەرەفتار و سایکۆلۆژیای تاك، ئەگەر وابێت دەبێ هەموو دانراوەکانی (نیچە) کەڵکی هەبێت، یان دەبێ چەمکی (نیهلیزم) کە نیچە گرینگی پێدەدا، یەکەم وەکو دابڕانێك لەمارکسیزم، دووەم وەکو (ئەنتیتێزی مارکسیزم)، بەڵام هەرچی ئەوەی کە فرێید وای کردووە نیهلیزم گرێبدات بەنەستی تاکەوە، وەکو دەرخەری جۆرێك لەبونیاتی سێبژێکتە، هەروەها ئەوەی کە چەمکی حەتمیەتی مارکسیزم لەلای مارکس هەستی پێدەکرێت وەکو رەخنەگرێك لەو سیستمەی کە مرۆڤی کردووە بەبابەتێکی کەمەایەتی و گەشەسەندنی هەستەکانی لەئاست ئەدەب و هونەردا، بەوپێیەی مارکس بۆوای وابوو کە هونەر بەرهەمی کاری فکری و هەستەکییە، مەبەستیش لەکار ئەو ئیشەیە کە سروشتێکی تایبەتی هەبێ و داهێنەربێ، داهێنەریش بەشێوەیەکی نائاسایی تێیدا چرکەیەکی مارکسیزمی بەرجەستە بکات، لەبەرئەوە ناشێ مرۆڤ ملکەچی ئەو بارودوخە بێت کە ژیانی کرێکاری بەرهەمهێنەری کۆنتڕۆڵکردووە، مەبەستی مارکس لەباری لەئابوری سەرمایەداری و ئەو حەتمیەتە مارکسیزمییەی کە باسی دەکات، هونەرمەند کرێکارێکە لەو کرێکارانەی بەرهەمی فکری هەیە بێیە دەبێ واقیعی بێت و ریالیستی بێت.

سەبارەت بە دۆزینەوەی لاسایکردنی ئەدەبی دەروەی خۆمانی، سەرەتا دەبێ ئەوە وەبیرخۆمان بهێنینەوە کە ئەدەب سرووشتێکی گشتگیری هەیە و تەنها مەبەستی ناسیونالیستی نییە، چونکە بەزمانێکی دیاریکراو دەنووسرێت, بەبیانووی ئەوەی کە ئەم کایەیە بەر لەهەر شتێك, سەرەکیترین خەسڵەتی هیومانیستی بوونیەتی لەگەیاندنی گوتار کە لە ئەزەلەوە وا هاتووە, مەبەستمە بڵێم ئەدەب جگە لەپەیامێکی ناڕاستەوخۆی شەرمن بەرامبەر حاڵەتەکان و بەتایبەتی سیاسەت و دەسەڵات، لەلایەکی دیکەوە هونەرێکی دیکەی فکرییە کە جێگەی نائامادەبوونی فەلسەفە ناگرێتەوە, شتێکی تر نییە و جگە لەوەی چۆنکە بێ ئینسان و هیچی تر, بەڵام ئەوەی کە زمانی ئەدەبێك لەزمانی ئەدەبێکی دیکە جیادەکاتەوە, تەنها مەسەلەی نوێکردنەوەی شێوازی زمان نییە, بەڵکو مەسەلەی ستایلیشە لەرەنگ رژکرن و ئاخنینی مارك کە لەجیاوازی کولتورەکاندا دەناسرێتەوە, شتێك کە بەبێ ئاگاهانە نوسرابێت لاسایی کردنەوە ناگەنێت, چونکە جیایە لەوەی بەئاگاهانە نوسرابێتەوە یان وەرگیرابێت, بێ نموونە دەقەکانی مەحوی و مەولەوی و خانی, نزیکایەتییەکی زۆریان لەتەك دەق و بیرکردنەوەکانی حافزی شیرازی فارس و ئەبو نەواسی عەرەب و ئەوانی تر هەیە.
هەموو ئەو فکرانەی کە بوونەتە زەخیرەی ئینسان و کاری پێدەکرێ,

جگە لە کەلەپووری گەلان، لە لایەکی دیکەوە لەئەنجامی بیرکردنەوەیەکی بەکۆمەڵ و کۆمابوونی کولتوور و مەعریفەی گەلانە لەرابردوودا، وەك زەرووەتێك بۆ درێژەدان بەژیان و موکایەتی قەبوو ناکات, بەڵام ئەدیبێك چەکوش کاری تێدا دەکات بەپێی لۆژیکی ئستا یان بەپێچەوانەوە لەلۆژیك دەریدەکات، هەروەك لەدێنکیشێت و فاوستی گۆتەدا دەبینرێت, ئەمەیە کاردانەوەیەکی تر بەرهەمدێنێ.

مەسەلەی تەکنیکی دەقی ئەدەبیش کە گرێدراوی داهێنان و لاسایکردنەوەیە، هەمان ئیشکالیاتە کە تائستا لەنێو عەرەبیشدا چارەسەر نەکراوە، بۆ نموونە ئەگەر ئەدیبی کورد بەبیانووی سیاسەتەوە پشتر ئابوقەدراوی تەکنیکی کلاسیکی بوو, ئەگەر پشتر زمان یەکێك بووە لەرگرەکانی گەیاندن و ناساندنی بەدەرەوەی خێ, ئەگەر ئەدرەسی نەتەوەیی کورد نەگەیشتبووە گەلان, ئستا ئیتر ئەو دەقانەی کە بۆ زمانەکانی تر وەردەگێدرێن, خەریکە هاوشانی ئەدەبی گەلان دەستاودەست دەکەن, جائەمە چ سیاسەت بیکات یاخود سیستمی بازاڕ, بەبۆ ئەوەی کورد بەخێی بزانێ خەریکە دەچێتە ئاستە بەرزەکانەوە, بەڵام تەنها لەرووی ساسیەوە نەك ئەدەبی، ئەمە پیاهەڵدان نییە, بفەرموو تەماشای ئەو کاراکتەرە کوردانە بکە کە پست وەردەگرن لەپەرلەمانەکانی دونیا, تەماشای تیپی تێپێن بکە چۆن دەگاتە شوێنکی تر, تەماشای شارەزا لەبارەکانی فەرهەنگی و زانستییەکاندا بکە لەئاستی دونیا کە کوردن و هیچیان کەمتر نییە لەبیانی, ئەمانە هەموویان سەلمێنەری ئەوەن کە ئەدەبیش لەهەوڵی جددیدایە، بەڵام تەنها بە زمانە دایکە مردووە نەناسراوەکەی خێ نەك زمانەکانی تر, کۆشەیەکی تر ئەوەیە کە ئێمە لکێینەوەمان نییە لە تکست بۆیە ئاگرەکەمان بە خەڵەمێشی ماوەتەوە و تینی نەماوە بگەشێتەوە، وەکو نەزار قەبانی لەبارەی شیعرەوە قسەدەکات و دەڵێت (لکێینەوە دەربارەی شیعر لکێینەوەیە دەربارەی ئەو خەڵەمێشەی کە ئاگر لەپاش خێ جێی دەهێڵێ) چونکی شیعر بەر لەوەی تەنها نووسین بێت, ئاگرێکە لەپاش دامرکانەوەی شوێنەوار جێدەهێڵێ, ئەدەبی کوردیش ئاگری لەو جۆرەی دروست نەکردووە, بەڵام کە دەنگوباسەکەی و گەرمایەکەی نەگەیشتێتە دەورو پشتی, ئەمەیان نەزمێکی سیاسی خوقاندوویەتی, ئەو دەرفەتەی ئستا لەبەردەستدایە, ئەگەر چەند ساڵێك لەمەوبەر هەبوایە, شانسکی ترمان دەبوو, ئەمەش تەنها بۆ ئێمە نەبووە, بەکو زۆر لەگەلانی تر بەم قۆناغەدا تێپەیون، نموونەش گەلی عەرەبی یە کە جگە لە کاریگەری کولتوور و زمانی عەرەبی بەسەر رۆژئاواوە، بە پێچەوانەشەوە کاریگەری رۆژئاوای بەسەرەوەیە، بۆیە کەوتە بەردیدەی رۆژئاواییەکان،

بەرهەحاڵ ئەدەبی کوردی وەکو هەر ئەدەبێکی تری جهانیه بەڵام بەزمانی کوردی، وەکو چۆن ئەدەبی سویدی و ئەدەبی هیندی و هتد هەیه، تەنها زمانەکەی جیاوازه، بەڵام رەنگه جیاوازییەکی دیکه هەبێت ئەویش دزینی دەق و لاسایکردنەوه بەمانای بەرهەمهێنان نا، بەڵکو بەمانای غیابی خەیاڵ و ئەندێشه بێت، بەڵام بەهۆکاری ترس لە رەخنه و ئازادی، ئەم چەمکه موناقەشەی فکری لەبارەوه نەکراوه.

بۆچی بیر لە دەوڵەت دەکرێتەوه .. ؟ … سمکۆ محەمەد

دەوڵەت لەوانگەی تۆماس هۆبزەوه ….

بیری سیاسی کۆن بەو ئاڕاستەیه لەچەمکی دەوڵەت تێگەیشتبوو کە کارێکی سرووشتیه یان ویستێکه خوداوەندەکان گەرەکیانه و لەوێشەوه بەرەو دەسەڵات، بیرۆکەی دەوڵەتی خستە زەینی ئەو قەوارانەی کە هێشتا جوگرافیایەکیان نەبوو بۆ پاراستنی شوناس، دواجار ئەم بیرۆکەیه لەرێگەی تیۆری سیاسیەوه بەرجەستە بوو و پاشان بوو بە مۆدێلی پاراستنی بەرژەوەندی کۆمپانیا زەبەلاحەکان، لەمبارەیەوه بیرۆایەکی تۆماس هۆبز (1588_ 1679 ز) هەیه کە بەهادانانی ویست و حەز و ئارەزوو باسی لە دەوڵەت کردووه، ئەو دەڵێ دەوڵەت لەسەر بنەمای (شەڕی گشتە لەدژی گشت) کە پێشتر قسەمان لەبارەیەوه کرد، ئەو لەبارەی زەروورەتی بوونی دەوڵەتەوه، باس لەوه دەکات کە دەوڵەت لەسەر شەڕی هەموان دژ بەهەموو دادەمەزرێت کە توانای تاکێك بەتوانای عەقڵی ئەو تاکەوه پێدەبەستەوه، لەلایەکی ترەوه هۆبز مافی سرووشتی مرۆڤ، بۆ ئەوه پاڵ پێوەدەنێ کە باری سرووشتی جێبهێڵێ و بچێتەوه ژێر دەسەڵاتی هاوبەش، یاخود یەك دەسەڵاتی حوکمڕان و بەناچار پەیمان ببەستێت و لەئەنجامیشدا ئەو تاکە کە لەکۆمەڵگایەکی سیاسیدا ژیان بەسەر دەبات، لەوێشەوه بۆ پاراستنی شوناسی قەوارەکەی، هەر بۆیە لەسەریەتی لە ئەرکدا تائەو جێگەیه کە دەسەڵات فەرمانەوایی دەکات، پەیەوی لە سیستم بکات، بەڵام ئایا دەکرێ ئەوەی کە پەیمانی داوە بەدەسەڵات، ملکەچی ئەو سیستمە بێت

وەکو جۆرە گواستنەوەیەکی ماف بەگرۆبەستی سیاسیەوە، لە ئاستی دەستەبژێری سیاسیشدا بەجۆگەیاندنی ئەو مەبەستە سیاسیەی کە خەباتی بۆ کراوە، بەتایبەتی ئەو نەتوانەی کە تاکو سەدەی 20 یش خاوەنی شوناسی دەوڵەتی نەبوونە.

سەرەنجام کە ئەمە تیۆرەکەی تۆماس هۆبزمان وەرگرتووە لە تیۆرەکەی خۆیدا باس لەسۆ هۆکاری بنچینەیی دەکات بۆ دروستکردنی دەوڵەت، ئەویش بریتیە لە (شەڕی ململانێ و مان و خۆ بەگەورە زانین).
1: ململانێ: تۆماس هۆبز پێی وایە کە مرۆڤ لەژێر ئەو کاریگەرییە نەرێنییە والێدەکات هەمیشە شەڕانگێز بێت، تاکو هەرچی زیاتر دەستکەوتێکی تەنها بۆخۆی هەبێت، ئەوانی دیکەش پاشکۆی ئەو گروپەبن کە دەسەڵات بەدەستەگرن، لەحاڵێکدا ململانێ ئەگەر لەرابردوودا بۆ سۆینەوە بووبێت لەسەر خاك یان سۆینەوەی نەتەوە وەکو شوناس، ململانێکان ئێستا شێوازێکی دیکەن کە لە رۆگەی ئابوری و سیاسیدایە و بۆ نەهێشتنی هەژموونی سیاسیە بەسەر ئەوانی دیکەدا، ململانێی ئامریکا و روسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەسەر نەهێشتنی هەژموون و پێگەی سیاسی و ئابوری بوو لەوڵاتانی عەرەبی کە پێشتر سەر بە وڵاتانی بەناو یەکێتی سۆڤیەت بوو، بەردەوامبوونی سیناریۆ سیاسیەکان و شەڕی بازاڕی نەوت و چەك فرۆشتن و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و شەڕی نوێکردنەوەی بەرەی کێن لەدژی یەکتر، جۆرێکی دیکەی ململانێی سیاسیە لەسەر گۆڕەپانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم ململانییە کە وردەکرێتەوە بۆ نەتەوە و تایەفە مەزهەبییەکان، باشتر بیرۆکەی دەوڵەتی تێدا دەبینرێ، چونکە توندوتیژی فکری مەزهەبی رۆگە نادات نەتەوەیەك یان گروپێکی دیکەی بۆ قەوارە شوناسی تایبەتی خۆی هەبێت، باشترین نموونەش عێراق و پێکهاتە سیاسی و مەزهەبییەکانە بەرامبەر بە کورد.

2: گومان: نەبوونی متمانە لەنێوان ئینسانەکاندا کاریگەری نەرێنی دەبێت بۆ ئەوەی هەمیشە لەوەهمێکدا بێت کە تاکەکانی دیکە نەتوانن هەرشی بکەنە سەر و هەمیشە ئەم تاکە هەرش بەربێت تاکو تخوبی خۆی بپارێزێ و هەیبەتی بمێنێ و ببێتە خاوەن ناوبانگێکی دیار، ئەمەش بەدەوڵەت نەبێت ناکرێ، ئەم گومانە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێشتر قەوارە کۆمەڵایەتیەکان کە بریتی بوون لە خێڵ و بنەماڵە و قەوارەی ئاینی کە تێکەڵەیەك بوون لەهێزی جەماوەری و کولتووری جیاواز، ترسەکە بەو شێوەیە بوو کە ئەگەر سنوورێك بۆ هەریەك لەو هێزانە دانەنرێت حەرەمی یەکتر دەبەزێنن و دەبێتە هۆکارێك بۆ ئاژاوە و شەڕ و داگیرکاری و بەتاڵانبردنی سەروماڵی یەکتر، ئەمەش

یەکەمجار لە سەرهەدانی گرێبەستی کۆمەڵایەتیەوە سەریهەدا وەکو دەستوورێك و دانانی هێزێك بۆ پیادەکردنی یاسا بۆ ناوەوە و بۆ دەرەوەی قەوارەکان، ئیدی بیرکەی دەوڵەت لەرەوە گەشەی کرد، تاکو بوو بەتموحێك بۆ نەتەوە و ئایینەکان و بەیاسای نێودەوڵەتی رێکخرا، کورد لێردا گومانەکەی تێختر دەبێتەوە بەرامبەر بە ئەوانی تر کە خاوەنی دەوڵەت و شوناسی دەوڵەتین، بۆیە بیر لەوە دەکاتەوە ببێت بە دەوڵەت و زامنی سەربەخۆیی هەبێت.

3: خۆ بەگەورەزانین: ئەم هۆکارە وادەکات کە هەمیشە تاك تونددوتیژبێت لەپێناو ئەوەی هەموو هەوڵێك پوچەڵ بکاتەوە کەلەناوبانگی ئەو کەم نەبێتەوە و گەورەیی خۆی بپارێزێ لەبەرامبەر ئەوانی دیکە، لەئاستی کۆمەڵگەش هەر بەو شێوەیەیە کە کۆمەڵگەی رەسەن بە زاراوەی کۆمەڵناسی ئەوانەی کە بنەچەیان هەیە و مێژوویان بۆخۆیان دروستکردووە، خۆیان بەگەورەتر دەزانن لەئەوانی تر، بۆ نموونە کۆمەڵگەی هیندی و چینی و روسی و فەرانسە و ئەنگڵستان و میسری وەکو دەوڵەتی رەسەن، خۆیان لە نەتەوە و کۆمەڵگەکانی تر بەگەورەتر دەزانن، لەئاستی دەوڵەتیشدا ئەم بیرکردنەوەیە هەیە، بەڵام دوای دروستبوونی هەیمەنەی سیاسی و سەربازی و ئابوری و دوای کۆتایی هاتن بە سەردەمی ئیمبراتۆریەتەکان و پاشانیش شەڕی جهانی یەکەم و دووهەم، ئیدی بیرکەی خۆبەگەورە زانین مانایەکی دیکەی وەرگرت، بەڵام هێشتا لەشوێنکدا بەهای ماوە، بۆ نموونە یەکێتی سۆڤیەت نەماوە، بەڵام روسیا ئێستاش ئەو لوتبەرزیەی هەر ماوە و یەکێك لەو هێزە دەوڵەتیانەی کە دەتوانێت هاوکێشە بگۆڕێت و لەبەرامبەر ئەوانی تر خۆی بەگەورە بزانێ، بۆ نمونە لەدوای بارگرژی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتیش لە سوریا کە هێزی سەربازی روسیا ئێستاش لە لازقیەیە، چوونی نوێنەری قەتەر بۆ روسیا کە نێردراوی ئامریکا بوون بەمەبەستی چاکسازی و تەنازول بۆ ئامریکیەکان، روسیەکان لەوەڵامدا گوتوبیان ئێوە کێن هاتوون بۆ نوانگۆی و گەیاندنی پەیام، ئێمە لەگەڵ ئاغاکانتانا بەو شێوەیە قسە ناکەین، ئارەزوومان لێبێت لە سەر نەخشەی دونیا دەتانسڕینەوە و بچن بە ئاغاکانتان بڵێن نوێنەرایەتی بۆ ئەو مەرجە مایەپووچە. ئەم لوتبەرزی و خۆ بەگەورە زانینە لەپاشخانەوە هاتووە کەبۆوای بەخۆیەتی و بۆوای بەهێسەنایەتی خۆی هەیە و دەتوانێ هاوکێشە بگۆڕێت، کورد بۆیە ئەم جۆرە لوتبەرزییە لاسایی دەکاتەوە، چونکە دەزانێ لە ئاستێکی بچووکدا تەماشا دەکرێت.

بیرکردنەوەی تاکی رۆشنبیر یان تاکی سەرکردە لەزۆربەی لایەنەکانی

ژیان، یان گروپی دەستەبژێری سیاسی، یان هاندانی دەرەکیی بووە بۆ بەرژەوەندی هێزێکی نێودەوڵەتی یان هەرێمایەتی، یان وەکو نەتەوە ژێردەستەکانی سەدەی رابردووە کە خەونەکانیان وەدینەهاتووە، بەڵام دواجار دەوڵەت وەکو پێناسەیەکی نوێ کە جگە لەوەی شوناسی کۆمەڵگەیەکە، لەلایەکی ترەوە کۆکردنەوەی کیانە نەتەوەیی و کولتوری و مەزهەبی و ئاینەکانە کە پێکەوە لەجوگرافیایەك دەژین، زەرورەتی دروستبوون و بونیاتنانیشی یان پەیوەندی بە وەڵامدانەوەی گەل هەیە یان وەڵامدانەوەی مێژوو هەیە بۆ کۆمەڵگەیەك، ئیدیالێکی تر هەیە کە بریتیە لە کۆمەڵە دەزگایەکی سەرکوتکەر و سنووری دەستکرد و بەرژەوەندی گروپێك و هیچی تر بۆ نەتەوەی ژێر دەست کە ئەمە لە عێراق و تورکیا و ئێرانیش هەمان ستایلی ژیانی سیاسیە.

"پێشتر دەوڵەت بۆ نەتەوەکان بوو، بۆیە شوناسی نەتەوە مەرجی یەکەم و سەرەکی بونیاتنانی دەوڵەت بوو، بەومانایەی قەوارەی نەتەوەیەکی دیاریکراو بوو، لێرەدا دەبێت باسەکە ببەینە سەر بوونی گەلی خاوەن شوناس لەمێژوودا وەکو عرقیەت، واتە نەتەوەی کۆن، نموونەش بۆ نەتەوە کۆنەکان کە پەرشوبڵاو بوونەتەوە بەسەر دەوڵەتانی دیکە بەهۆی نەبوونی قەوارەی دەوڵەتی، یان کێشەی یەکنەبوونی ئەو نەتەوە و عرقە، وەکو کۆچەرەکانی ئیسپانیا بۆ ئامریکا، عرقەکانی دیکە بۆ ئەوروپا دوای دروستبوون و سەرهەدانی شاری مۆدێرن، یان کۆچەرەکانی ئەفەریقا بۆ وڵاتانی سەنعەتی و هۆکاری نەبوونی کار و کێشەی وشکەساڵی و سەرکەوتکردنیان لەلایەن بەریتانیا و ئامریکا و هتد، یان کۆریە کۆچەریەکان بەرەو ژاپۆن و ئەندۆنوسیا و چین کەخەریك بوو شوناسی خۆیان لەدەست بدەن و لەنێو رەگەزی ژاپۆن و چین بتوێنەوە، بەڵام دواجار بوونەوە بە قەوارەی سەربەخۆ، ئێستا کوردیش بەو دۆخەدا دەواتە کەخەریك بوو بتوێتەوە لەنێو فارس و عەرەب و تورك، بەڵام هەم خۆاگری خۆی و هەم لەباربوونی کێشەکەی و هەم ئاوگێی سیستمی دیکتاتۆری لەلایەن ئامریکا و وڵاتانی سەنعەتی و زلهێز، هەروەها سەرهەدانی ئەو تێگەیشتنە بۆ نەتەوە ژێردەست و عەریق و ستەمدیدەکان بەرەو دەوڵەت و گێانی هەلومەرجی سیاسی بە ئاقارێکی دیکەدا کە زیندووکردنەوەی نەتەوەکان بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆ، بەهای سیاسی و بەرژەوەندی زلهێزەکان باشتر دەپارێزێت، ئیدی ئەم تێگەیشتنە کارێکی کرد کەکێشە و گرێی دەروونی کوردی بەرەو دەوڵەت کەمتر ببێتەوە کەماوەی چەندین سەدەیە خەیاڵ و خەونێکی نەتەوەیە کە لەسەرانسەر دونیا تاك و کۆمەڵی جیاجیای شێوەزار و کۆمەڵی دیکەی هەیە و خەریکە کۆدەبنەوە بەرەو دروستکردنی دەوڵەت، ئەوەی کەنەتەوەی وەکو کورد و فەلەستین و

تامیلەکانی سریلانکا وەکو نەتەوەی لێکاڵی تەماشاکرابوون لەلایەن دەسەڵاتەکانیانەوە، بۆوایەك هەبوو کەگوایە چیتر کاتی نەما ببن بەدەوڵەت، بەڵام بەوشێوەیە دەرنەچوو". جاك دونرو دوفابر. الدوله. ترجمه. الدکتور سموحی فوق العاده. مکتبه الفکر الجامعی. بیروت. ل10.

هەبەت زۆر بابەت و پێشبینی بۆ مەسەلەی نەتەوە و بوون و بە دەوڵەتبوون و لەناوچوون لەلایەن بیرمەند و فەیلەسوفەکانەوە هاتووە، بەڵام ئەوەی کە سەروەختێك دێت نەتەوە لەجیاتی رزگاربون لە نەهامەتیەکانی و ژێر دەستی، نامێ دەبێت لە بەرامبەر نەتەوەکانی دیکە، هەروەها بەپێچەوانەشەوە نەتەوەی دیکە سەرهەڵدەدەن کە نەتەوەکانی دیکە پێین نامێیە وەکو بوون و مێژوو، چونکە لەدەرەوەی مێژووە، بەڵام حەتمیەتی سیاسی کە خزمەتی سەرمایەی نادیار و بازرگانی بۆ کۆمپانیا نادیارەکان دەکات، لە پێکدا وەکو قارچك نەتەوەی نوێمان پێدەناسێنێ و نەتەوەی رەسەنیش دەستەوە لەسەر زەوی و هاوکاری ناکات.
ئەو حاڵەتەی سەرەوە کە نموونەمان بۆ هێنایەوە، بەهۆی گرێی دەروونی و نەبوونی دەوڵەتەوە کە نەتەوەکان بزووتنەوەی شۆڕشگێیان بەرپاکردووە هاتە کایەوە، ئەمە حاڵەتێکی شازبوو لەدونیا و لەدوای مەجەستانی پێش سەدەی بیستەم و ئێرلاندا و سکۆتلاندای سەر بە بەریتانیا بەرپابوو، تائەو رادەیەی کەشەی داگیرکاریان کرد، هەروەك لەنیشتیمانی بەناو عەرەبی و ئەو وڵاتانەی لەژێر داگیرکاری فەرانسە و بەرتانیا و ئیتاڵیا بوون لەدوای جەنگی دووهەمی جهانی بوو، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنیە کە دەوڵەتی نەتەوەیی بنچینەکەی لەو عرقەوە واتە کۆنەوە، سەرچاوەی گرتبێت و کارێکی سیاسی باش بێت، بۆیە سەرکێشی تێداکراوە و شۆڕشی تێدا بەردەوام بووە و داواکارییەش تاکو دروستبوونی دەوڵەتە، بەپێچەوانەوە تەنها فۆرمەکە بەوشێوەیە خۆی نیشانداوە، بەکو نموونەیەکی دیکەی سیستمی دونیای سەرمایەداریە بەرەو پەرشو بڵاوکردنی گەلانە کەپێکەوەژیاون تائێستا و کردنیانە بەدەوڵەت وەکی جوگرافیای سیاسی و ئابوری و شێوەیەکی دیکەی داگیرکاری و دەوڵەتی بەرسڤبەر کە لەرابردوودا هەریەك لەبەریتانیا و فەرانسە خاوەندارێتی ئەم ستایلەیان لە ئوسترالیا و کەنەدا و هێنگ و پاکستان و هیندستان و رۆژهەڵات و بەشێك لەئاسیا کردبوو، کەچی ئێستا خەریکن ستایلێکی دیکە لەداگیرکاری پێست مۆدێرن دەخوڵقێنن و تارادەیەك ئارەزووی نەتەوە و کۆمەڵگەکانیشی تێدایە بەبێ کۆشە و بەناوی روخانی سیستمە کۆنەکان و دامەزراندنی سیستمی نوێ، رەنگە ئەم پێشبینیە بێ

دەرکەوتنی سیمای دەوڵەتی نوێ لە داهاتوودا، ئەم بۆچوونە پێشبینی کراوە بسەلمێنێ، لەولاشەوە پشت لەو نەتەوە رەسەنانە دەکەن کە ویستی دەوڵەتیان هەیە.

لەئاستی لێکاێیش بریتیە لە یەکلایی کردنەوە و دابڕانی کۆمەڵگە لەرابردوو و سازکردنی تاك و کۆی کۆمەڵگە بۆ رووبەڕووبونەوەی هەر دژوارییەك و زەمینەسازی بۆ جێگیربوونی ئەمنیەت و ئاسایشی نوێخ و پاراستنی ئەمنی نوێخیی کە بریتیە لەبەرگریکردن لەهێرش و دزەکردن و تێکدانی تەندروستی و پەروەردەی تاك و پاراستنی کولتور و لانیکەم دامەزراندنی سیستمێکی ئابوری کۆمەڵایەتی لەبار بۆ هەموو هاوڵاتیان کە چوونیەك بێت. وەختێك ئەمانە لەبار نەبوون، کەواتە ئاسان نییە گەیشتن بەستراتیژێك کە دەوڵەتە، هەبەت سەبارەت بەو دەستەبژێرەی کە پێشەوایەتی نەتەوەی ژێردەست دەکەن پەیمانی کۆمەڵایەتی و ئەرکداری نەپارێز، یان ئەو ویستە عەقلانیە لەدەست بدات بۆ بەرژەوەندی خێیان، یان ئاراستەیەکی دژ بەگشت کە دەتوانێ جارێکی تر شەڕی گشت بکات.

گرێبەستی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەنێوان تاك کۆی کۆمەڵگە و سیستمی دەوڵەت بۆ بەردەوامبوونی ژیانی ئاسایی کۆمەڵگە، گرێبەستێکە کە بەبێ باڵانس لەنێوان وابەستەبونی تاك و وابەستەبوونی سیستمی حوکمڕانی کە دادوەرییە، نەك هەر ناکرێت، بەڵکو بۆ بەها دەمێنێتەوەو سەرناگرێ، لەوەش گەمژانەتر بە بۆای سپێنۆزا ئەوەیە " ناکرێ تاکێك لەگەڵ گشت یان کەسێك بۆ هەمیشە داوا لەکەسێك بکات خۆی گرێبدات بە گرێبەستێکەوە، بەبێ ئەوەی لەکاتێکی دیکەدا تەماشا بکات ئایا ئەو گرێبەستە زیانی زیاترە یان نەفع، ئەمە ئەو خاڵە گرینگەیە کەبۆ دامەزراندنی دەوڵەت گرینگی هەیە، کەواتە ئەگەر خەڵك بەگشتی رەخنەیان لەو عەقڵە گرت و تێگەیشتوون کە دەوڵەتی ستەمکار سوودێکی زۆری هەیە، کەواتە پێویستە بۆ بەرزترین سنوور کە هەر کەسێك رازی بوو بەبۆ هەڵخەڵەتاندن، ئیدی دەبۆ هەمووان بەوردی ئەو گرێبەستە بپارێزن، چونکە ئەوە داوای خێیانە بەوشێوەیە بمێننەوە، ئەویش ئەوەیە کە پارێزگاری لەو دەوڵەتە بکەن، بەڵام بەپێچەوانەوە بینرا تاك یان هەر کەسێك کە گرێبەستێکی قەبوڵ کردووە، بەڵام وەکو پێویست نییە خزمەتکردنەکەی، ئەوا ئیدی ئەو کەسە بۆی هەیە بەبارتاقای پاداشتەکەی پارێزگاری بکات". سبینوزا. رسالە فی اللاهوت و السیاسە. ت. وتقدیم. د. حسن حنفی. مراجعە. د. فؤاد زکریا. دار الگلیعە. بیروت. ل381.

لێرەدا سپێنوزا قسەلەسەر شێوازی گرێبەست دەکات وەکو پەیمانی

کۆمەڵایەتی بۆ دامەزراندن و بەردەوامبوونی دەوڵەت و ئیلتیزامی هەمیشەیی تاك، بەڵام خاڵی هەرە گرینگ ئەوەیە کە تائێستا دەوڵەت تەنها بۆ پاراستنی کیان و دەسەڵات داوای لەتاك و کۆی کۆمەڵگە کردووە کیانەکە و قەوارە سیاسیەکە بپارێزن بەپێی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و لەبەرامبەریشدا هەر ئەو ئیمتیازاتەی بە تاکداوە کەلەگەڵ زەمەنی پێش پەیمانەکە جیاوازی هەیە لەنەفع و شێوەی ماف و ئەرك، لێرەوەیە دەوڵەت دەچێتە بەردەم پرسیاری سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە، یان ئەو پرسیارەی کە ئایا ئەگەر عەقڵ و عەقلانیەت سیستمی دەوڵەتی دامەزراندووە و خەڵکی ناچارکردووە ئەخلاقی و یاسایی کە کیانەکە بپارێزێ و لەبەرامبەریشدا کەڵك وەربگرێت.

دەوڵەت جگە لەو بونیادەی کە لەرووی ئابوری و جیۆسیاسی و ستراتیژەوە کە دەبێ هەیبەت، ئامادەسازی دەوڵ لەرووی بەشەریەوە کە ئایا ئامادەی ئەو ئاستەنگانەیە کە دێنە بەردەم قۆناغە سیاسیەکەی، ئایا دەتوانێ لەگەڵ گروپی سیاسی کە ژیانیان لەگەڵ خەڵکی عەوام جیاوازە قبوڵ بکرێ؟، ئایا ئەو هێزە کۆمەڵایەتیە هۆشیارە ئامادەیە کە پێشوازی لەو قۆناغە بکات؟. ئەم پرسیارگەلە بۆ ئەو قەوارە سیاسیانە دەکرێ کەدەوڵەت نین و وەکو دیفاکتۆیەك مامەڵەیان لەتەك دەکرێ، لەوانەش قوبرس و فەلەستین و کەتەلۆنیا و سکۆتلەندا و هەرێمی کوردستان، هەڵبەت ئەم دیفاکتۆیانە تەنها نەتەوەیەکیان تێدانیە، بەڵام ناسنامەکەیان بەناوی نەتەوەیەکی دیاریکراوەوە لەرووی سیاسیەوە ناوبانگی رێشتووە و هەر ئەمەشە ئێستا بیر لە دەوڵەتی سەربەخۆی دەکرێتەوە.

هەموو ئەو دیفاکتۆیانەی دیکە کەناومان هێنان یەك پارچەن و یەك دەسەڵات بەسەریانەوەیە و کێشەیان لەگەڵ یەك سیاسەت و یەك دەوڵەتی داگیرکەر هەیە بۆیە کێشەکەیان ئاسانتر رێشتووە وەکو ناسنامە و مەسەلەی یەکلایی بونەوەی ئەو وڵاتانەش کەبەچەك ئاگر و ئاسن ئەو کێشانە چارەسەر نابن و بەرگەی دەستوور مافی دەنگدانیان هەیە لەریفراندۆمکدا سەربەخۆیی وەرگرن یان بمێننەوە، هەروەك ئەوەی لە سکۆتلەندا بینیمان، بۆیە لەهەمویان جیاوازتر نەتەوەی کوردە کەتەنها پارچەیەکی دیاریکراوی نییە بەدەست دەسەڵاتێکی سەرکەوتکەر و نەتەوەیەکی دیکەی غەیرە خۆیەوە هەبێت و کۆمەگەیەکی دابەشبوبێت لێی لەروی جوگرافی و کۆمەڵایەتی و کولتوری و هتد. بەکو زیاتر لەپارچەیەك و زیاتر لەدەوڵەت و هێز و گروپێکی کۆمەڵایەتی رووبەڕوی دەبێتەوە و کێشەکەی کردووە بە گرێکوێرە، ئەمە جگەلەوەی نائامادەگی خەڵکی کورد و ئەوانەی لەگەڵ کورد دەژین بۆ ئەو

گیروگازه سیاسی و ئابوریەی چاوەڕێی دەکات، ساز نەکراوە. چونکە لەروی جێستراتیژیەوە یەکلایی نەبۆتەوە چۆن و بەچ میکانیزمێك مامەڵە لەگەڵ گروپە کۆمەڵایەتیەکان و کولتورە جیاوازەکان و سنووری جیاوازەکان و دەوڵەتەکان بکات.